# پرشەدارێکی زمانەوانی (٢)

# پرشەدارێکی زمانەوانی (٢)

**Piršadārēkī Zimānawānī (٢)**

**(وشەناسی)**


## سابیر ژاکاو

| | | |
|---|---|---|
| **شماره کتابشناسی ملی** | : | ۷۲۶۵۹۶۸ |
| **عنوان و نام پدیدآور** | : | پرشەدارێکی زمانەوانی۲<br>سابیر ژاکاو |
| **مشخصات نشر** | : | بوکان : زانکو، ۱۳۹۹. |
| **مشخصات ظاهری** | : | ۲۵۹ ص. ؛ ۲۱/۵×۱۴/۵ سم. |
| **شابک** | : | ۹۷۸-٦۰۰-۹۹۳-۳۵۸-۷ |
| **یادداشت** | : | کوردی. |
| **موضوع** | : | کردی — راهنمای آموزشی Kurdish language — Study and teaching |
| **موضوع** | : | الفبای کردی — راهنمای آموزشی Kurdish language — Alphabet — Study and teaching |
| **رده بندی دیویی** | : | ۴ فا ۹ک |
| **رده بندی کنگره** | : | ۳۲۵۶PIR |
| **وضعیت فهرست نویسی** | : | فیپا |

**پرشەدارێکی زمانەوانی (۲)**

| | | |
|---|---|---|
| **نوسەر** | : | سابیر ژاکاو |
| **پێداچونەوە** | : | سابیر ژاکاو |
| **پەڕبەندی** | : | محەمەدئەمین شاسەنەم |
| **ڕوبەرگ** | : | ژینا حەسەنزادە |
| **چاپ** | : | یەکەم، ۱۳۹۹ |
| **بڵاوکەرەوە** | : | زانکۆ، بوکان ۱۳۹۹ |
| **هەژمار** | : | ۱۰۰۰ دانە |
| **نرخ** | : | ٤۰۰۰۰ تمەن |



**سرنج:** بۆ دابینکردنی ئەم پەرتوکە و هەروەها گۆڤارو پەرتوکەکانی دیکەمان:

**kurdibook.ir - ۰۹۱٤۱۸۰٥٤۹٥**

تەواوی مافی بڵاوکردنەوە و چاپی ئەم کتێبە، بۆ نوسەر پارێزراوە

## نێوەڕۆک:


وتەیەکی کورت ............................................................................. 15
ڕۆدانێکی زمانەوانی: ..................................................................... 18
ڕێزمان: .................................................................................... 20
**ناو ....................................................................................... 23**
ـ ناو لە باری ڕێزمانیەوە ................................................................ 23
ـ ناو لەژێر باری ڕۆنان و پێکهاتەی ساختمانیەوە ........................................ 23
ـ ناوی سادە (Simple noun) ........................................................ 23
ـ ناوی ناسادە .............................................................................. 24
ـ ناوی لێکدراو (Compound Nouns) .............................................. 24
ـ ناوی داڕێژراو (Derivational nouns). ......................................... 26
ـ ناو لە بەشی ژمارەوە: .................................................................. 26
ـ ناوی تاک: .............................................................................. 26
ـ ناوی کۆ: ................................................................................ 27
ـ ناوی کۆمەڵ ............................................................................. 29
ـ ناوی ناسراو ـ دیاریکردن: ............................................................. 29
ـ ناوی نەناسراو ـ تاکێتی: ................................................................ 34
ـ ناوی مادی ـ بەرجەستە (Material Noun): ....................................... 38
ـ ڕەگەز ـ زایەند، جنس (Sex) ........................................................ 39
ـ ناوی مێ: ............................................................................... 40
ـ ناوی مێ بۆ مرۆڤ، ڕەگەزی مێ ....................................................... 40
ـ ناوی تایبەت بۆ ئاژەڵانی مێ ........................................................... 40
ـ ناوی تایبەتی دەستنیشانکراوی مێ بۆ ژنان ............................................ 40
ـ ناوی تایبەتی پیشەی مێ ................................................................ 40
ـ ناوی نێر: ............................................................................... 40
ـ ناوی نێر بۆ مرۆڤ، ڕەگەزی نێر ....................................................... 40
ـ ناوی تایبەت و دەستنیشانکراوی نێر بۆ پیاوان ....................................... 41

ـ ناوی تایبەت بۆ ئاژەڵانی نێر ........................................................ 41
ـ ناوی تایبەتی نیشاندەری پیشەی نێر ................................................. 41
ناوی پیشەیی بۆ نێر و مێ: ................................................................ 43
ـ ناوەدەنگیەکان ............................................................................ 44
ـ هاوەڵناو (Adjective) ..................................................................... 47
١: هاوەڵناو لەڕوی پێکهاتەوە: ............................................................. 48
ـ هاوەڵناوی ناسادە .......................................................................... 48
ـ هاوەڵناوی داڕێژراو: ........................................................................ 48
ـ هاوەڵناوی لێکدراو: ......................................................................... 48
ـ هاوەڵناو لەڕوی ڕەواڵە ت و واتاوە: ..................................................... 48
ـ هاوڵناوی ڕەواڵەت: ......................................................................... 49
ـ هاوەڵناوی ڕەگەزی: ......................................................................... 50
ـ هاوەڵناوی چێژ: .............................................................................. 50
ـ هاوەڵناوی خێرایی و چۆنیەتی: ............................................................ 50
ـ هاوەڵناوی هۆشەکی: ........................................................................ 50
ـ هاوەڵناوی خزمایەتی: ....................................................................... 50
ـ هاوەڵناوی پلەیی گەرما و ساردی: ........................................................ 51
ـ هاوەڵناوی پلەی بەراوەرد: ................................................................. 51
پلەی باڵا: ........................................................................................ 51
ـ هاوەڵناو + تر + ترین: ...................................................................... 51
ـ هاوەڵناوی نادیار: ............................................................................ 52
**ـ جێناو (Pronoun)** ......................................................................... **55**
ـ جێناوی کەسی ............................................................................... 55
ـ جێناوی کەسی لکاو .......................................................................... 56
ـ جێناوی کەسی سەربەخۆ .................................................................... 56
ـ مۆرفیمەکانی کەسی جێناو لە زوانی کوردی، لەسەر هاستەکانی ڕستە و کات: ......... 56
ـ جێناوی کەسی سەربەخۆ: .................................................................. 57
ـ جێناوی سەربەخۆ: ........................................................................... 59

ـ نوسەكی جێناوی و نوسەكی ڕێكەوتن: ........................................60
ـ چۆینەتی دەركەوتنی جێناوی كەسی سێیەمی تاك: ....................................67
ـ جێناوی نیشانە ........................................................68
ـ جێناوی خۆیی ........................................................71
ـ جێناوی دیار ........................................................72
ـ جێناوی پرس ........................................................72
ـ كێ /كی /كێها /كێهە: ................................................73
ـ چی /چ /چیت /چت: ................................................73
ـ كام/ كامە/ كامەیان /كامیان /كامین: ......................................73
ـ كوێ: ........................................................73
ـ كوا /كوانێ /كا /كو /كانێ: ............................................73
ـ كەی /كەنگێ /كەنگین /كەینێ: ............................................73
ـ چۆن/ چلۆن/ چەوا: ................................................73
ـ جێناوی چەندیەتی ................................................74
ـ جێناوی نەرێنی ................................................74
ـ جێناوی هاوبەش ................................................75
**ـ چاوگ (Infitinive) ........................................................77**
ـ نیشانەكانی چاوگ ................................................77
ـ چاوگی سادە سەربەخۆ ................................................77
ـ چاوگی ناسادە ................................................78
ـ چاوگی ناسادەی داڕێژراو ................................................78
ـ چاوگی بنەڕەتی و چالاک ................................................78
ـ ڕەگی چاوگ ................................................79
ـ چاوگی تێنەپەڕ ................................................80
ـ دۆزینەوەی چاوگ ................................................80
ـ دۆزینەوەی ڕیشەی كارەكان ................................................81
ـ دۆزینەوەی ڕەگی چاوگی (وو) ................................................81
ـ تێپەڕ و تێنەپەڕی چاوگەكان ................................................82
**ـ هاوەڵكردار (Adverb) ........................................................85**

ـ هاوەڵکرداری چەندێتی: ........................................................ 85
ـ هاوەڵکرداری ناسادە: ........................................................ 85
ـ وشەسازی ـ وشەناسی (Morphology,)(lekiskology ). ........................................................ 85
ـ وشە (Word): ........................................................ 87
ـ مۆرف (Morph): ........................................................ 88
ـ مۆرفیم (Morpheme): ........................................................ 88
ـ ئەلۆمۆرف، شێوەمۆرف (Allomorphe) ........................................................ 89
گیرەک (Affixes): ........................................................ 89
ـ نوسەک ـ وشەبەست (Clitic): ........................................................ 90
ـ ڕەگ ـ ڕیشە (Root): ........................................................ 90
ـ قەد (Stem): ........................................................ 91
ـ بنج ـ بناغە (Base): ........................................................ 91
**وشە ........................................................ 93**
ـ وشەی سادە (Simple Word) ........................................................ 93
ـ وشەی ناسادە ........................................................ 94
ـ وشەی لێکدراو (Compound Word). ........................................................ 94
ـ وشەی داڕێژراو(Derivational Word) ........................................................ 94
ـ وشەی لێکدراوی ئاسایی ........................................................ 95
ـ وشەی لێکدراوی دیاریکەری ........................................................ 95
ـ وشەی لێکدراوی داڕێژراو. ........................................................ 97
**پێشگر (Prefix) ........................................................ 99**
ـ هاوەڵناوی داڕێژراو: ........................................................ 99
ـ کرداری داڕێژراو: ........................................................ 100
ـ پێشگری (هەڵ، ئەڵ) ........................................................ 100
پێشگری (دا) ........................................................ 101
پێشگری (ڕا) ........................................................ 102
پێشگری (ڕۆ) ........................................................ 102
**نێوبەند (Interfix) ........................................................ 105**
ـ مۆرفیمی نێوبەند و ئینتەرفیکسی /ە/: ........................................................ 105
ـ مۆرفیمی نێوبەندی (و): ........................................................ 109

ـ وشەی لێکدراوی دژواتایی: ........ 110
ـ مۆرفیمی نێوبەندی (بە): ........ 112
ـ مۆرفیمی نێوبەندی (ەو): ........ 112
ـ مۆرفیمی نێوبەندی (ان)، (نا)، (نە)، (تا) ........ 113
ـ دولاگر ـ دەوربەند، دولابەند (Circumposition). ........ 114
**ـ پاشگر ـ دواگر ـ پشتگر (Suffix) ........ 119**
ـ گیرەکی بەندی (گە) و (گا) ........ 119
ـ گیرەکی (وار ـ ەوار) ........ 120
ـ گیرەکی (ستان) ........ 120
ـ گیرەکی (خانە) ........ 121
ـ گیرەکی (دان) ........ 122
ـ گیرەکی (ەڵان) ........ 123
ـ گیرەکی (جار) ........ 123
ـ گیرەکی (اوا) ........ 123
ـ گیرەکی (ان) ........ 124
ـ گیرەکی (ەن) ........ 124
ـ گیرەکی (ایی) ........ 124
ـ گیرەکی (ایەتی) ........ 125
ـ گیرەکی (و) ........ 127
ـ گیرەکی (گەر) ........ 128
ـ گیرەکی (کار) ........ 129
ـ گیرەکی (ساز) ........ 129
ـ وشەی سادە + ساز + ی: ........ 130
ـ گیرەکی (چی) ........ 130
ـ گیرەکی (ەوان) ........ 130
ـ گیرەکی (بەند) ........ 131
ـ گیرەکی (باز) ........ 131
ـ گیرەکی (دار) ........ 132
ـ گیرەکی (مەند) ........ 133
ـ گیرەکی (ی) ........ 133

ـ گیرەکی یار ........................................................................ 135
ـ گیرەکی (ەر) ........................................................................ 135
ـ گیرەکی (راو) ........................................................................ 136
ـ گیرەکی (نگ)، (ەگ)، (ینگ)، (ە)، (لە)، (ێر)، (اڵ): ........................................ 136
ـ گیرەکی (ن) ........................................................................ 136
ـ گیرەکی (اک) و ئەلۆمۆرفی (ناک) ........................................................ 137
ـ گیرەکی (ش) ........................................................................ 137
ـ گیرەکی (ەمەنی) ........................................................................ 137
ـ گیرەکی (کە) ........................................................................ 138
ـ گیرەکی (ۆکە) ........................................................................ 139
ـ گیرەکی (ەکە، ک، ەک، وک، ۆک، و، ۆ)، ........................................ 139
ـ گیرەکی (ۆڵ) ........................................................................ 140
ـ گیرەکی (ۆڵە) ........................................................................ 140
ـ گیرەکی (لە، ەلە، ڵە، ەڵە، ەڵ، ولە، یلە) ........................................ 140
ـ گیرەکی (چە) ........................................................................ 141
ـ گیرەکی (چکە) ........................................................................ 141
ـ گیرەکی (یلکە) ........................................................................ 142
ـ گیرەکی (کەلە) ........................................................................ 142
ـ گیرەکی (ە) ........................................................................ 142
**وشەی دوپاتەیی ـ جوتەوشە (Reduplication)** ........................................ **147**
١: دوپاتەیی ناتەواو: ........................................................................ 147
٢: دوپاتەیی تەواو: ........................................................................ 147
**ـ بانگکردن لەنێو زوانی کوردی** ........................................................ **153**
ـ شێوازی بانگکردن. ........................................................................ 153
ـ تایبەتمەندیەکانی بانگکردن: ........................................................ 154
ـ (هەی): ........................................................................ 155
ـ (ێ): ........................................................................ 155
ـ (ە، ۆ): ........................................................................ 155
ـ (ینە): ........................................................................ 155
ـ (هۆ): ........................................................................ 155

- (ئەی): ........ 156
- (یا): ........ 156
**- ژمارە (Number) ........ 157**
- ژمارەی ڕیزکراو و ڕیزبەندی. ........ 157
- ژمارەی بنجی - ڕیشەیی: ........ 158
- ژمارەی لێکرداو: ........ 158
- ژمارەی لێکدراو: ........ 158
- ژمارەی سەر گرێ: ........ 159
- ژمارەی دابەشی: ........ 159
- ژمارەی کەرتی: ........ 159
- ژمارەکان لەسەر هاستی فۆنەتیکی زوانی کوردی، ........ 160
- مێژوی ژمارەکان: ........ 161
**- بەسەریەکنوسین (Incorporation) ........ 165**
**- پریپۆزیشن (Preposition) ........ 169**
**- هامرازەکان ........ 171**
- هامرازی (خۆزگە) ........ 171
- هامرازی (جگە) ........ 171
- هامرازی (ئاگادارکردنەوە) ........ 172
- هامرازی (ئادەی) ........ 172
- هامرازی (مەرج) ........ 173
- هامرازی (تەئکید) ........ 173
- هامرازی (گومان) ........ 173
- هامرازی (وێکچواندن) ........ 174
- هامرازی (بانگکردن) ........ 174
- هامرازی (سەرسووڕمان) ........ 174
- تایبەتمەندیەکانی هامرازی سەرسووڕمان ........ 175
- جۆرەکانی هامرازی سەرسووڕمان ........ 175
- هامرازی (نەرێ) ........ 175
- هامرازی نەرێنی (مە) ........ 176
- هامرازی (نی) ........ 176

ـ هامرازی (بە) ........................................................................................ 177
ـ هامرازی (بە) ........................................................................................ 177
ـ هامرازی (لە) ........................................................................................ 178
ـ هامرازی (لە) ........................................................................................ 178
ـ هامرازی (تا) ........................................................................................ 178
ـ هامرازی (تا) ........................................................................................ 178
ـ هامرازی (بۆ) ........................................................................................ 179
ـ هامرازەکانی (تێ، لێ، پێ، بێ) ........................................................................ 180
ـ هامرازی (پێ) ........................................................................................ 180
ـ هامرازانی (پێ، لێ، تێ) .............................................................................. 180
هامرازی (لێ) ......................................................................................... 182
ـ هامرازی (دا) ........................................................................................ 182
ـ هامرازی (و) واو پەیوەندی. ............................................................................ 184
ـ هامرازی (چ) ......................................................................................... 185
ـ هامرازی (دە). ....................................................................................... 186
ـ هامرازی (ە) ......................................................................................... 187
هامرازی (ی) .......................................................................................... 188
(نییە، نیە) (چییە، چیە). .............................................................................. 192
**دیفتۆنگ Diphthong،جوتەبزوێن** ................................................................ **195**
ـ بزوێنی تێکەڵی (وا): ................................................................................. 196
ـ دو دەنگی (ی) ....................................................................................... 197
**فەرهەنگۆک** ......................................................................................... **199**

﴿پەرتوک و زانستی چی، نەدبێت گڵاوی...﴾

★سپاس بۆ دڵسۆزترین کەسایەتی ژیانم، هاوژین و هەڤاڵی خۆشەویستیم، کە ساتبەسات و چرکەبەچرکە لە نوسینی ئەم پەرتوکە، بەردەوام لەگەڵم ماندویی و شەونەخونی دەکێشا و هاوڕێ و هەڤاڵی ئەم کاروانەم بوە★

**وتەیەکی کورت**

بەناوی زانست و گیانلەبەران.

لە بەشی یەکەمی ئەم پەرتوکە، ئەلفوبێی زوانەکەمان ناسی و لەم بەشەی ئەم کتێبە، کە بەشی دوەمی ئەم چوارچێوەیە و بارێکی ڕێزمانی هەیە، بەتیشکخستنەسەر هاستێک لە هاستەکانی زمانەوانی و بازنەی فۆنۆلۆژی و چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیکی زوانی کوردی، بەشێک لە سوچی ڕێزمانمان گرتوتەبەر. من وەکو بەرەی ڕابردوی زمانەوانی کورد کە تەنیا کاریان لەسەر بەشەئاخاڤتنەکانی زوان کردبو، کارم لەسەر هاستێکی پراگماتیکی و سیمەنتیکی و مۆرفۆلۆژی، بەدەستەودامانی فۆنۆلۆژی کردوە. تێکۆشین و کەتی من لەم دو بەرگە، بارێکی زانستی ـ لۆژیکی هاستەکانی زوانی کوردی بوە. زوانێک کە زۆر کەس هەر بەدڵ و هەر بەحەز و مەیل، بۆ کاریزماسازی و بیزینێسمەندی و بەرژەوەندی خۆی، ئاخێوەرانی بەشێوەی هەڵەخەڵەتاندنی ناسیۆنالیستی، بەکاریانهێناوە.

سوڕی هەردو بەشی ئەم پەرتوکە، هەڵەگرتن و دروستگەیاندن نیە! کە ئەمە هەڵەیە و ئەوە دروستە، ئەمە دروستە و ئەوە هەڵەیە! لە بەشبەبەشی ئەم پەرتوکە، نەمویستوە هیچ هەڵە بناسێنم مەگەر ئەمەی کە سەداسەد هەڵە ببێت! چون هیچ هەڵەیەک لە جیهانی بوونەوە، بوونی نیە، بەڵکو ئەمە ئێمەن کە هەڵەکان ساز دەکەین، هیچ بێژەرێک لە گۆڕەپانی ئاخاڤتنی زوانی خۆی هەڵەی نیە، یان لە ڕوانگەی خۆیەوە دروستە یان ناوچە یان زوانەکەی ئەم ڕێگەیەی پێداوە کە بەم شێوازە باخڤێت. بەڵام هەندێک ڕێسا هەنە بۆ لەپاڵیەکگرتنەوەی بارێکی نازانستی بۆ بارێکی زانستی، واتە لە بارێکی زانستی زمانەوانی هیچ بابەتێک بەناو هەڵەمان نیە، بەڵکو پێوەر و بابەتانی لۆژیکی و زانستی وەکو بازنەیەکی لۆژیکی و نالۆژیکی دەورەی دەگرن، ئەمەی کە ئێمە بێین و بڵەین ئەمە لەنێو زوان و ئاخاڤتن هەڵەیە، بابەتێکی نازانستیە، چون لەنێو بەشی زمانەوانی و هەربەشێکی لۆژیکاڵی و زانستی، شتێک و بابەتێکمان بەناو "هەڵەی سەداسەد" نیە و ناشبێت.

زوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هاستێکی پەیوەندی نێوان گیانلەبەرانە، بێهیچ جیاوازیەکی ناسیۆنالیستی و فناتیکی دڕندەیانە. واتە بابەتێکی ئەنکۆدینگیە، داتاسازی مێشک و هێنانەسەر دەنگ و دەربڕین، بێهیج جیاوازیەکی داتاکانی مێشکی و گیانلەبەری، ئەمەی دیکە هاستێکی دەستهەڵاتداری و کاریزمایەتی و داگیرکاریە. لە بەشی زوان پرۆسەی جۆراوجۆر بەڕێوەچووە و

دەچێت، هەم لە دژەگیانلەبەران و هەم لەنێوخۆیی ئەمانەوە. پەیڕەوکردنی هاستێکی زانستی لە هەر سوچ و بازنەیەکی هزری و ڕوانگەیەکی بەربڵاوی زانینەوە، لەلایان داگیرکەرانی ئەم مێشک و هزرە، وەکو پێوەرێکی سەرەکی و بنەڕەتی دیاری ناکرێت، بەڵکو زانستێکی تێچوو و تاخێندراوی ئەم هزر و مێشکەیە کە گەڕانەوە بۆ خۆیەتی، خۆیە. زوانیش پرۆسەیەکی هاوتای ئەم بابەتەیە.

زانستی زوانی، کارگەی کۆیلەسازی جگە لە سەرلێشواوی ئەم زوانە هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نیە، جگە لە کاریزماسازی و بیزینێسمەندی زوان لە پرۆسەیەکی تایبەت و هاستێکی دیاریکراوی تەمەنەوە و کۆیلەکردنی تاکی کۆمەڵگەی بەربڵاوی جیهانی بەبەڵگەوە، خۆناگرێت، تاکو هەمو داتا و فرێکانس و پرژاندنەکانی یەک بێت، هەیە منداڵ هەتاهەتایی زوان ناگرێت و ئەم منداڵە لەم پرۆسەیە هیچ نەک دوانەکەوتوە، بەڵکو لەم کەسانەی کە توانایی فۆنسازی و مکانیزمی دەنگسازیان لە ئەندامانی فیزیۆلۆژیکی و ئاناتۆمی کە لەنێو مکانیزم و ئۆرگانیزمێکی تایبەت بۆ مەبەستی دیکەی ئەندامی لەش سازکراون، بەکار دێنن، گەشەکردوترە. چون ئەو بەتەما و خەریکی دۆزینەوەی فۆنسازیە نەک بەکەڵکوەرگرتن لە هاستێکی ناسروشتی و ناخۆزایی ئەم ئەندامانە دەنگسازی بکات. پرۆسەی زوانیش بەم شێوەیە، هاستێکی دوڕگەیی لۆژیکی دەگرێتەوە، نەک هاستێکی دیاریکراوی لۆژیکی.

ئەم پرۆسەیە، وەکو پرۆژەیەکی دیاریکراو بەناو زوانی دایکی و زوانی زگماکی بەساڵانێکی زۆرە وا خەریکی کارکردن و بەئامانجگەیاندنە. لەم سوڕەپرۆژەیە چەمکی (زگماک، زگمانگ، سکماک) واتە (مادرزادی) و زمانی زگماکی، پرۆسەیەکی گشتگر و تایبەتتر لە ئەم باسەیە، کاتێک باس لە زوان دەکردرێت، کۆمەڵە ڕێسا و لقی جیا دەکاتەوە و بەربڵاو دەبێت، لەم پرۆسەیە، کاریگەرترین داتاکانی زوان لەڕێگەی سروشت و ناوچەوە کاریگەری لەسەر مرۆڤ و منداڵ دادەنێت و دەگوازرێنەوە، نەک هەستێکی ناسیۆنالیستی و فناتیکی هەڵەی تایبەت و جیاوازی دور لە زوان، کە زوان ببێتە بت و نیشیتمان و ئەمەی بەم زوانە کە پتر بارێکی کاریزماسازی و بازەرگانی و ئۆپۆزیسیۆنی ناسیۆنالیستی هەیە تاکو هاستێکی زانستی و لۆژیکی ئەم بەشە، بەشێوەیەک کە زوان وەکو هەر بابەتێکی بایۆلۆژیکی خۆزا ناگەیەندرێتە منداڵ کە پرۆسەیەکی "زگماکی، زگمانگی" بێت، لەم پرۆسەیە تەنیا شتانێکی ژنۆمیکی و ئاناتۆمی دەدرێتە منداڵ، کەچی لەسەر هاستی ئینتۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی گەل و ناوچەی "زایینی" ئەم منداڵە و گەلەکەی، شێوەیەکی جیاواز و جیای لە هەمبەر "دایک"ەکەی هەیە، کە بەشێوەیەکی کۆیلەیی دەگرێتە سەر منداڵ، کە ئەم باسە تەنیا چوارچێوەی پراگماتیکی گرتوتەبەرخۆی و لەسەر هاستی

سیمەنتیکیەوە؛ (مادە + مرۆڤ + دایک + زوان + گەل + ناسیۆنالیست + فاشیست + توندڕۆیی + داگیرکاری + دڕین + کوشتن) دەگرێتەوە، واتا کاتێک هەرشتێک پەیوەندی بەبابەتانی "زگماکی"یەوە هەبێت، کە تەنیا لەڕێگەی دایکەوە بگەیەندرێتە منداڵ، لە بارێکی فیزیکی و فیزیۆلۆژیکی دەبێتە هاستێکی زگماکی، کەچی خۆی "زبان" زگماکی بەشێوەی ئاناتۆمی هەمو مرۆڤ و زۆرینەی گیانلەبەران هەیانە، بەڵام "زوان" گرێدراو بەگەل و ئاخێوەری مرۆڤانە. ئەم بەشەی کە هاستی پەیوەندیسازی پتەو دەکات، واتا (زبان، زمان) ئەم پارچەگۆشتە بەشێوەی زگماکی هەمو گیانلەبەرێک خاوەنێتی، بەڵام داتاکان و ئەندامی ئاناتۆمی و فیزیۆلۆژیکی کە ئەرکی فۆنسازی مرۆڤیان گرتوتە ئەستۆ، تەنیا لەڕێگەی "زوان" دەدرکێن و دەردەبڕدرێن. هاستی ئەم زوانەش لەڕێگەی ناوچە و سروشت و شێوەی داتاسازی و فۆنسازی دەکات و دەبێتە هۆی زوانکردنەوەی منداڵ. لەسەر ئەم بابەتە، زوانی دواندن و قسەکردن تەنیا گرێدانی بەدایک کە دایک لەڕێگەی زگماکی دەیگەیەنێت بەمنداڵ، زانستی نیە، چون لەم پڕۆسەیە تەنیا دایک نیە کە ئەم کردوەیە دەکات و لەسەر هاستی بایۆلۆژی و سێکسۆلۆژیکی و چوارچێوەی تۆرەمەخستن و جەندەریەوە، ئەم کردەوەیە تەنیا دایک ناگرێتەوە، بەشێوەیەک دایک تەنیا خۆزا نیە کە خۆی لە خۆیەوە تۆرەمە بخات! دەبێت بکەرێک هەبێت لەم کردەوەیە، کە تەواوکەری ئەم پڕۆسەیە بێت، لەسەر ئەم بنەمایەش، باوک + دایک = منداڵ، لەدوای ئەم پڕۆسەیە ئەمەی دەمێنێتەوە و کاریگەرە، ناوچە و سروشتە کە پڕۆسەی داتاسازی و فۆنسازی و فەرهەنگ و چاندسازی دەدات بەمنداڵ. لەم پڕۆسەیە دایک تەنیا ئەرکی بارهەڵگری و سازکەری پڕۆسەی گیانگرتنی منداڵ دەگرێتە هەستۆ، وەکو گشت بابەتێکی ئۆنتۆلۆژیی و بوون و هەستیەوە. لە پڕۆسەی زوانگرتنی، سروشت و فۆنەگەلی ناوچەیە تەواو کاریگەر و کاران لەسەر زوانی ئەم منداڵە. دەبیندرێت کە دایک پڕۆسەی سێکس و منداڵگرتن لە ناوچەیەکی زۆر دورتر لە دەڤەر و نزدیکی زوانەکەی خۆی کە لەی لەدایکبوە و هاستی زگماکی خۆی بەجێهێناوە؛ بەجێ دێنێت، کەچی ئەم منداڵە فێری زوانی ئەم ناوچە و دەڤەرە دەبێت کە دایکی لە دورترین خاڵ و ناوچە لە زوانی خۆی سێکسی کردوە و منداڵی سازکردوە و لەم بەشەیە (چەمکی زوانی دایکی) هیچ واتایەکی نامێنێت. ئەمە چوارچێوەی زوانگرتنی منداڵە، بۆیە چەمکی زوانی زگماکی، زوانی دایکی لەبری "زوان"ی کە ئەرکی دواندن و قسەکردن دەگرێتە هەستۆ بەکارهێندراوە و چون ئەم بەشەدایتا و فۆنانە لە دایکەوە وەکو باری ژێنێتیکی و ئەندامی ئاناتۆمی ناگەیەندرێتە منداڵ، لەم پڕۆسەیە دەبوایە وترابا: (زوانی باوکی، زوانی دایکی) یان (زوانی دایکی و باوکی) بەڵام ئەمەی ڕاستی بێت، ئەم چەمکە و کردەوەیە پتر ڕەنگی نالۆژیکی لینگۆستیکی و لۆژیکی

و بیۆلۆژیکی و ئاکۆلۆژیکی دەگرێت و دێتە هاستی هەستی فێمێنیزمی چەپ و ڕەش و بەرەو هاستەکانی دیکەی نالۆژیک و ناسیۆنالیست و خاکپەرەستیەوە دەچێت، بۆیە کاردانەوەی نالۆژیکی دەگرێتەوە بەرخۆی. هاستی بەکارهێنانی (زوانی دایکی) وەرگیراوی دەقاودەقی (زبان مادری) فارسیە، وەکو بەکارهێنانی چەمکی زمانی زگماکی کە لە پڕۆژەکە، جێی خۆی ناتوانێت بکاتەوە، هەروەک چۆن (کاژێر، بەروار، تێچوو، ڤاریز...تاد) نەیانتوانیوە لەم پڕۆژەیە چالاک بکردرێن.

ئەم پڕۆسەی زوانکردنەوەی منداڵ، تەنیا لە دایکەوە ناگەیەندرێتە منداڵ، بەڵکو هاستێکی فیزیۆلۆژیکی و بیۆلۆژیکی دەگرێتەوە، لەسەر هاستی پراگماتیکەوە، دیارە لە کۆنەوە ئەم باسە هەڵگری "زوانی دایکی" بوە، کە دایک کاریگەر و چالاک بو لە پەروەردەکردنی منداڵ و باوک پتر لە دەرەوە بوە، بەڵام هێستا ئەمە بوە ژیانێکی هاوبەش و دایکیش بەرانبەر باوک لە دەرەوەیە و بگرە هێستا منداڵ پتر باوکی دەبینێت تاکو دایک، ئەگەر وەکو پێناسە بڕوانین زوانی سروشتی منداڵ، ئەمە دایک بەهۆی پەروەردە و بارهێنان و دواندنی منداڵ دەتوانێت زوان فێری منداڵ بکات، بۆیە زڕدایکیش دەتوانێت دایک بێت، بەڵام دایکی زگماکی ئەم منداڵە نیە! زوانی دایک هێزی ئەمەی نیە، هەروەک چۆن زوانی باوک ئەم هێزەی نیە. "زوان" توانایی ئەمەی هەیە کە بۆ پێناسەی فۆنسازی لەڕێگەی زبان ـ زمان بگەیەنێت، وەکو زوانی سەرەکی و شیری.

**ڕۆدانێکی زمانەوانی:**

زمانەوانی بەپانتایەکی بەرین و مەرزێکی نەبڕاوە لەنێوان ڕێساکانی زوان دەخولێتەوە، ڕێسا و ڕێوشوێنی زانست و لۆژیک، فەلسەفەی فامکردنی زوان لە بازنەیەکی نەپساوەی هێڵی و سووڕانەوەی هەرمانی بازنەی هێڵداری خول بەسوڕی لۆژیک و زانستی مێشکی مرۆڤ و ئەندام و کەرەستانی بیرکردنەوە و درکاندن لەڕێگەی زارەوەیە، ئەم ڕێسایانە لە چوارچێوە و شیپانێکی ڕیزبەندیکراو و بەربڵاو بەزۆر لە ٤٠ بەشەوە بەهێز و چالاک کار دەکەن و دەخولێتەوە:

Phonetics دەنگناسی

Phonology واچناسی

Morphology وشەناسی، وشەسازی

Grammar(Syntax) ڕەستەناسی، ڕستەسازی

Semantics واتاناسی

Pragmatics مەبەستناسی

Discourse Analysis شیکردنەوەی وتار

Applied Linguistics زمانناسی پێکگرتن

Cognitive Linguistics زمانناسی هۆشەکی

Computational Linguistics زمانناسی کەمپیوتەری

Corpus Linguistics زمانناسی پەیکەرەیی

Dialectology زارناسی

Etymology ڕیشەناسی، ڕەچەڵەکناسی

Folk Linguistics زمانناسی گشتی

Forensic Linguistics زمانناسی ڕێسایی

Graphology خەتناسی

Historical Linguistics زمانناسی مێژویی

Lexicolography فەرهەنگنوسی

Linguistic Anthropology مرۆڤناسی زوان

Linguistic Ecology ژینگەناسی زوان

Linguistic Typology جۆرناسی زوان

Neurolinguistics دەمارناسی زوان

Psycholinguistics دەروناسی زوان

Sociolinguistics زمانناسی کۆمەڵایەتی

Stylistics شێوازناسی

Textology دەقناسی

Translation Studies تاوتوێکردنی وەرگێڕان

Mathematical linguistics زمانناسی بیرکاریانە، زمانناسی ماتماتیکی

literary linguistics زمانناسی ئەدەبی

Linguistic philosophy فەلسەفەی زمان

Semiology/Semiotics نیشانەناسی.

- بەشی:

واچناسی، فۆنۆلۆژی (phonology)

دەنگناسی، فۆنەتیک (phonetics)

وشەناسی، مۆرفۆلۆژی ((morphologh

وشەسازی، لێکیسکۆلۆژی (lekiskology)

ڕستەسازی، سینتەکس، گرامەر (syntax, grammar)

ماناسازی، واتاناسی، سیمەنتیکس (semantics)

مەبەستناسی، پراگماتیک (pragmatics)

ڕەچەڵەکناسی، ڕیشەناسی، ئتیمۆلۆژی (etymology)

زاراوەناسی، زارناسی، دیالێکتۆلۆژی (Dialectology)

لەسەر هاستی ڕێزمان، خۆ ڕێکدەخەن و وەدەردەکەن. ئەمانە ڕێسایانێکی سەرەتایی هەر زوانێکن. گۆڕەپانی کاری ئێمەش لەم بەشە، ڕستەسازی یان ڕێزمان لە بازنەیەکی وشەسازی بۆ دروستنوسین و بەسەریەکەوە نوسینی هەندێک کێشەی نێو زوانی کوردیە.

**ڕێزمان:**

ڕێزمان (grammar)، واتە شێوەی چۆینەتی بەکارهێنانی زانستی زوان، یان بەواتای کۆنی ڕەچەڵەکی یۆنانی خۆی (هونەری نوسین)، ڕێگایەکی زوان لە چوارچێوەیەکی تایبەت و هاستی فامکردن و نوسینی ڕێکوپێک. زۆر کەس ڕێزمان وەکو ڕێسایەک ناو دەبەن، کەچی هیچ زوانێک ڕێسای تایبەتی نیە، کە سەداسەد هەڵە و هیچکاتی، تێدا بێت! هیچ ڕێسایەک، زوانانی ئەم جیهانەی نەدۆزیەتەوە و سازی نەکردون، بەڵکو ئەمە مرۆڤان بونە، بەپێی دەربڕینی فۆن دەنگ و زنجیرەبەستنی ئەم فۆنانە لەپاڵ یەکتر، بەشێوەیەکی ڕێسادار و لۆژیکی ڕێکی خستوە. هیچ زوانێک لەم گۆی زەویە نادۆزرێتەوە کە هەرمان بێت و نەفەوتابێت یان توشی دیاردەکانی گۆڕین و جێگۆڕککردن و لێکچوون و تواندنەوە نەبوبێت و بەپێی کات لە چاخەکانی مێژوە گۆڕاون و لەنێوچوونە و یان بەگۆڕانکاریەکی کەم، ماونەتەوە. ئەمەی کە ئێمە ناوی ڕێزمانی لەسەر دادەنێین، سروشتەن پرشنگی زوان لە کاتێکی دیاریکراوە. ڕێزمان وەکو نوێنەر ناوتوانێت جێگری زوان بێت. بەکۆمەڵ، گەل و ئاخێوەر لەم جیهانەن و هیچ لە لینگۆستیک فام ناکەن، نازانن؛ (ڕێزمان، ڕێنوس، وشەسازی، وشەناسی، ڕستەسازی، ماناسازی، مەبەستناسی...تاد) چیە، بەڵام شارەزاتر لە هەر زمانەوانێک توانایی و شارەزایی بەکارهێنانی زوانیان هەیە. ئەمانەی

نەخوێندەوارن زۆر کەمتر لەچاو کەسانێکی خوێندەوار، زوانەکەیان تواوەتەوە ـ ئاسمیلەبوە، کەمتر بۆ خۆنواندن بەرەوپیلی ئاسیمیلاسیۆن ڕۆیشتون. هەر زوانەی شێوەیەکی تایبەت بەخۆی لە بازنەیەکی ڕێسادارانە هەیە، وەکو زنجیرەبەستنی فۆنەکان بۆ سازکردن و قەتارەبەستنی وشەکانی بەپێی ڕێسای تایبەتی زوانکەی. (ڕێسای پرسیارکردن و ڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوە، نەرێنی و ئەرێنی کردن، دیاریکردنی ڕابردو و داهاتوی، وەکو بەشەگری بۆ داهاتویەکەی). هاوشێوەی سومێری و عیلامیان، کە نزدیک شەش هەزار ساڵ لەمەپێش بۆ ئێمەیان بەجێهێشتوە. هەر زوانەی ڕێزمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ڕێساکانی زوانی خۆی تێدا داڕژتوە و لە هەر زوانێکی گەردونەوە ڕێسایەکی تایبەت بەنێوەرۆک و پێکهاتەکانی زوانەکەی هەیە. ئیمەش باس لە پێکهاتەکانی زوانی کوردی دەکەین، هەربۆیە واباشترە کە لەسەر هاستێکی لۆژیکی جیهانی، هەنگاو بۆ ئەم زوانە هەڵێنینەوە.

ئەم بەشە بەشێوەی زانستی لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی زوانی کوردیەوە، بەشێوەی: مۆرفیم ـ وشە ـ فرێز دەخولێتەوە.

**ڕێزمان، بریتیە لە:**

١: ناو ((Noun، هاوەڵناو (Adjective)

٢: جێناو، ڕاناو (Pronouns)

٣: کار، کردار، فرمان (Verb)

٤: هاوەڵکار، هاوەڵکردار، چاوگ (Adverb)،(lnfinitive)

٥: گیرەک (Affix)

٦: پریپۆزیشن (Preposition)

٧: هامرازەکان (Conjunction),(lnterjection)، (Exclamation)

٨: ژمارەکان (Numbers)

٩: پارتیکل (Particles)

بەپێی هاستی ڕێزمانی ئەم بەشانە وەکو ڕێگەیەکی زوان و بەشی پێکهاتەی سەرەکی زوان ڕیزبەندی دەکرێن.

**تێبینی**: بەشێوەیەکی کورت و لۆژیکی تیشکی زانستمان خستوتە سەر ڕێزمان و لە هاستێکی ناسین و شارەزایی ئەم بەشە لەم پەرتوکە، پێنوسمان خستوتە ژێر سێبەری ئەم بەشەزانستیەی زوانە و بەشی مۆرفۆلۆژی.

# ناو

**ناو**

ناو، قەتارەی فۆنگەلێکی واتادار و واجین کە دەکەوێتە بەرتیشکی وشە و سازێنەری بەش و بنەمای ساختومانی بڕگە و وشە. ئەم وشانە لەبری (مرۆڤ، ئاژەڵ، تاک، کەرەستە، هامراز...تاد)، بەشێوەی سەربەخۆ لەبواری واتاییەوە جێگر دەبن، هاوشێوەی نێوکی وشە و هاوڵناو و بەرکار. کاکڵی ناو دەکەوێتە بەر دو شەپۆلی ڕێزمانیەوە و بەشێکی هەرەچالاک و ئەکتیڤی ڕێزمان و وشەناسی و وشەسازیەوە. ناو دەتوانێت بەزۆرکردنی مۆرفیم و ئەلەمۆرف و گیرەک و نوسەک بەدواوەی، پێناسە و ناسراو و نەناسراو و لە تاک بۆ کۆ جێگۆڕک بکردرێت و بەوەرگرتنی گیرەک داڕێژراو و بەلێکدانی لێکدراو ساز بکات.

**.ناو لە باری ڕێزمانیەوە**

**دو بەشە:**

١: لەژێر باری ڕۆنان و پێکهاتنەوە.

٢: لەژێر باری واتاوە.

**.ناو لەژێر باری ڕۆنان و پێکهاتەی ساختمانیەوە**

**دو بەشە:**

١: سادە

٢: ناسادە { لێکدراو / داڕێژراو }

**ـ ناوی سادە (Simple noun)**

ئەم بەشە لە زنجیرەبەستنی چەند فۆن بۆ واتایەکی تایبەت و سەربەخۆ ساز دەبێت و تەنیا لە یەک وشە یان مۆرفیم و بەشێک پێک دێت. ئەم ناوەیە کە نە لەت دەکرێت و نە دابەش

دەکرێت و هیچ مۆرفیمێک و ئەلۆمۆرف و هیچ بەشێکی زۆرکراوی تێدا نیە، بچوک ناکرێتەوە و واتادار و یەکپارچە و سەربەخۆن. هاوشێوەی (ناوی مرۆڤ، ئاژەڵ، زیندەوەر، بونەوەر، گیانلەبەر، وڵات، شوێن، هامراز و کەرەستان...تاد). هەر ناوێک لە چوارچێوەی ئەم بەشەیەوە بێت، وەبەرشەپۆلی ناوی سادە دەکەوێت و دەبێتە ناوی سادە، بۆ وێنە ئەم ناوانە:

(دایک، باوک، خوشک، برا، دار، شاخ، کێو، میوە، پێنوس، لێنوس...تاد).

**ـ ناوی ناسادە**

ئەم بەشە پتر لە یەک وشە و مۆرفیمێک پێکهاتوە، لەت دەکرێت و دابەش دەبێت. بچوک دەکرێتەوە و توانایی پشکنینیان تێدایە و لە یەک وشە و هامرازێک پتر پێکدێن، ئەم بەشە لەسەر هاستی ڕێزمانیەوە، لە دو بەش پێکهاتەوە:

لێکدراو

دارێژراو.

**ـ ناوی لێکدراو (Compound Nouns)**

لە دو یان پتر لە دو ناوی واتادار و مۆرفیم بۆ سازکردنی واتایەکی نوێ پێکدێن. پێکهاتە و تێکەڵکردن و لێکدانی دو یان چەند وشەی سەربەخۆ و تایبەت بۆ سازکردنی واتایەکی نوێ و جیاواز، واتە هەڵکەوتنی هاوەڵناو و هاوەڵکردار و ناو و هەندێکجار بەیارمەتی نێوبەند و مۆرفیمی بەندی نێوبەند ساز دەبێت، بۆ وێنە:

**ـ ناو + ناو = ناو**

(قوڕاو، خالۆژن، وشەنامە، دەستنوێژ، پەرتوکخانە، خەستەخانە، کتێبخانە، دەواخانە، دەستبەند، باسکبەند، ئاودەنگ، ئاوڕەنگ، ئاوڕێش، بارنامە، دۆتمام، گەڵامێو، سەگباب، ژنخوشک، گەڵاچەوەندەر، داربەڕو، ئامۆژن، دارگێلاس، ماستاو، هێوەرژن).

**ـ ناو + هاوەڵناو ـ دیاریخەری ناو:**

(ڕۆحگەش، چاوجوان، چاوشین، باڵابەرز، زماندرێژ، چاوسور، لێواڵ، قژلول، ڕۆحسوک، قژزەرد، سەرکەچەڵ، خوێنتاڵ، ماڵوێران، ماڵکاول، دەستکورت، پەیتەخت).

**ـ هاوەڵناو + ناو:**

(زڕدایک، زڕخوشک، زڕباب، زڕبرا، زڕمام، زڕخاڵ...تاد).

ـ ناو، بەلێکدان و هەڵکەوتنی ئەم بەشانەی سەرەوە لێکدەدرێن و واتایەکی نوێ ساز دەکەن، دەرکەوتنی مۆرفیمی نێوبەند و لێکدەری (ە) لە سازکردنی ناوی لێکدراو بەشدار دەبێت، وکو:

**ـ هاوەڵناو + ە + ناو:**

(شۆڕەسوار، شۆڕەکچ، شۆڕەژن، دێڵەکەر، شۆڕەلاو، گۆڵەکەر، قەیرەکچ، پیرەمێرد، کورتەباڵا، زەردەلیمۆ، خاسەکەو).

**ناو + ە + ناو:**

(تاتەبەرد، دەستەخوشک، خوشکەمێرد، بەردەنوێژ، سەلکەتەشی).

**ناو + (و) مۆرفیمی لێکدەری سینتەکسی + ناو:**

(دایک و باوک، خوشک و برا، ژن و پیاو، شار و گوند، کۆڵان و شەقام، من و تۆ، دۆست و دژمن).

**تێبینی:** ناو بەشێکی ئەکتیڤی گۆڕەپانی وشەیە، ناو دەتوانێت هاوەڵناو و وشە بێت، کەچی هەر وشەیەک ناتوانێت ناو بێت، چون ناو بەشێک لە پێکهاتە و ساختومانی وشەیە. وشە کۆمەڵەفۆنێکی ئازادن کە لە هەڵکەوتن لەلای یەک و زنجیرەبەستنیانەوە، وشانێکی بێوێنە ساز دەکەن. ناو تەنیا بۆ نیشاندان و فاماندن و سازکردنی ڕەواڵەت و ڕوخساری ئەم وشەیە کە ئەرکی ناوی گرتوتە هەستۆ و نیشاندەری ڕەواڵەت و چۆینەتی و شێوازی ئەم وشەیە لە چوارچێوەی ناو و پێناسەی کەرەستە و گیانلەبەرێک و هاستی دیاریخەر و دیاریکەری لە ڕستەوە بەکار دێت. بەپێی ڕێسای بەشی تایبەتی وشەی لێکدراو و داڕێژراو لە بەشی وشەناسیەوە تاوتۆیان دەکەین.

**ـ ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکردار لە زوانی کوردی بەهامرازی (ی) و (ە، ـە) بزوێن و نەبزوێن، پێناسە و وەسف دەکرێن، وەکو:**

| | |
|---|---|
| ـ یاریزان + ی: یاریزانی بەتوانا | ـ مامۆستا + ی: مامۆستای شارەزا |
| ـ ئاسک + ی: ئاسکی ناسک | ـ دایک + ی: دایکی بوێر |
| ـ کاکە + ی: کاکەی شیرینم | ـ تاڵ + ی: تاڵی و سوێر |

ـ شیرین + ی: شیرینی زۆر — ژێر + ی: ژێری بگرە
ـ خان + ە: خانە گەنجێکی ژیرە — ـ سەر + ی: سەری بڕتێنە
ـ لان + ە: لانە ماڵی باڵندەکانە — ـ جوانکار + ی: جوانکاری خانمان
ـ جوان + ە: جوانە ناسناوی شاعیرە

**ـ ناوی داڕێژراو (Derivational nouns).**

لە وشەیەکی سەربەخۆ یان مۆرفیمێکی ئازاد و بەند و مۆرفیمێکی بەندی و گیرەک پێکدێن، ئەم بەندانەش بریتین لە (پێشگر، نێوبەند و پاشگر، هەندێکجاریش هەردوک دەچنە سەر ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکردار و وشەی نوێی داڕێژراو ساز دەکەن)، لە بەشی وشەناسی باسی وشەی داڕێژراو دەکەم. ناو بەوەدرکەوتنی گیرەک دەچێتە گۆڕەپانی داڕێژراوی:

**ـ ناو + پاشگر:**

| | | |
|---|---|---|
| خوشک + ۆڵە: خوشکۆڵە | خوشک + ۆڵێ: خوشکۆڵێ | کوڕ + ینە: کوڕینە |
| کچ + ینە: کچینە | دایک + ە: دایکە | شار + ۆچکە: شارۆچکە |
| کورد + ستان: کوردستان | بەرخ + ۆڵە: بەرخۆڵە | کیژ + ۆڵە: کیژۆڵە |
| برا + لە: برالە | پیاو + ەتی: پیاوەتی | کورد + ایەتی: کوردایەتی |
| بوک + ێنی: بوکێنی | کوڕ + ێنی: کوڕێنی | چاو + یلکە: چاویلکە |
| میوان + خانە: میوانخانە | خێر + ۆ: خێرۆ | ژن + انە: ژنانە |

**.ناو لە بەشی ژمارەوە:**

ژمارە لە زوانی کوردی، دەورێکی تایبەتی هەیە و فۆرمێکی گشتی و بڵاو دەگرێتەبەر. ئەم فۆرمە هەم بۆ تاک دەور دەگێرێت و هەم بۆ کۆ و ئەمە بوە هۆکار کە هامرازێکی تایبەت بەشێوەی مۆرف و ئەلۆمۆرف و نوسەک و گیرەک، بکەوێتە پاش ناوی تاک و کۆ و هەروەتر دیاریکەر و نادیاریخەری بکات. لە زوانی کوردی، ئەلۆمۆرف و مۆرفیمەکان دەچنە پاش ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکردار و ناسیار و کۆیان دەکەن، وەکو، ناو لەباری ژمارەوە، بەسەر تاک و کۆ دابەش دەکرێت و لە تاک بۆ کۆتایی گیانلەبەر و ژمارە بڵاو دەبێتەوە و دو بەشە:

١: ناوی تاک (Singular Nouns) — ٢: ناوی کۆ (lrregular Nouns)

**ـ ناوی تاک:**

ئەم ناوانەن کە تەنیا لەبری گیاندار و بێگیان و کەرەستە و هامرازەکان بەکار دێن و جێگیر دەبن، ئەم بەشە لەگەڵ ناوی سادە، هاوشێوەیە و جیاوازی نیە. (بگەڕێوە ناوی سادە)

**ـ ناوی کۆ:**

ئەم بەشە، ناوێکە کە ناوی تاک دێنێتە گۆڕەپانی فرێز و ڕستە و بەوەرگرتنی گیرەک لە باری تاکیەوە دێتەدەر و دەچێتە باری کۆکردن و زۆرینەی، واتە پتر لە تاک و گیانلەبەر و کەرەستەیەک نیشان دەدات. ئەم هامرازانەی کە دەبنە ئەلۆمۆرف و ناو لە مەرزی تاکی بۆ کۆ لە زوانی کوردی دەگوازنەوە، بریتین لە (ان، گەل، و، ێل، ەیل، ێن، ها)

(ماڵ، دار، یار، خورت، هەڤاڵ، هاوڕێ، دایک، خەنە، دوێت، باوک، کاک، بار، سەد، هەزار، کچ، ژن، چەقۆ، کوڕ، گا، مێ، پیا، شانە، گوڵ، پەرتوک...تاد)، ئەم وشانە بەوەرگرتنی ئەم ئەلۆمۆرفانەی سەرەوە لە باری تاکیەوە دەچن بۆ باری کۆ و لە یەک بەش زۆرتر دەبن، بۆ وێنە:

هەڤاڵ + ان: هەڤاڵان، ماڵ + ان: ماڵان، یار + ان: یاران...تاد.

کوڕ + گەل: کۆڕگەل، مێ + گەل: مێگەل، کچ + گەل: کچگەل...تاد.

کوڕ + و: کوڕو، کچ + و: کچو، یاران + و: یارانو...تاد.

دوێت + ێل: دوێتێل، کوڕ + ێل: کوڕێل، ژن + ێل: ژنێل...تاد.

ژن + ەیل: ژنەیل، کوڕ + ەیل: کوڕەیل، کچ + ەیل: کچەیەل...تاد.

هەڤاڵ + ێن: هەڤاڵێن، دایک + ێن: دایکێن، خورت + ێن: خورتێن...تاد.

کوڕ + ا: کوڕا، کچ + ا: کچا، تات + ا: تاتا....تاد.

کوڕ + ەکا: کوڕەکا، کچ + ەکا: کچەکا، تات + ەکا: تاتەکا...تاد.

هەزار + ها: هەزارها، بار + ها: بارها، سەد + ها: سەدها...تاد.

ـ بەپێی هاستی فۆنۆلۆژی زوانی کوردی، کاتێک فۆنی کۆتایی وشەیەک بزوێن بو، ئەمە کەڵک لە پیتی یارمەتیدەدەر نەبزوێن وەردەگرین. لە زوانی کوردی پیتی (ی، و) نیمەبزوێن، ئەرکی مۆرفیمی یارمەتیدەدەر لەپاش بزوێنی (ۆ، و، ۊ، وٓ، ا، ێ، ی، ئ، ـە) دەگرنە ئەستۆ. ئەلەمۆرفەکانی کۆی ناوی لەپاش پیتی بزوێن لە زوانی کوردی (یەیل، یل، یان، وان، یێن، ڵ، و)ن، وەکو:

هاوڕێ + ی + ان: هاوڕێیان، برا + ی + ان: برایان، خەنە + ی + ان: خەنەیان...تاد.

برا + یێن: برایێن، ڕیڤی + یێن: ڕیڤییێن، دا + یێن: دایێن...تاد.

تەزو + وان: تەزووان، جوانو + وان: جوانووان، خانو + وان: خانووان...تاد.

کتاو + ڵ: کتاوڵ، پیا + ڵ: پیاڵ، برا + ڵ: براڵ...تاد.

برا + یل: برایل، پیا + یل: پیایل، هاوڕێ + یل: هاوڕێیل...تاد.
برا + و: براو، چەقۆ + و: چەقۆو، شانە + و: شانەو...تاد.
پیا + یەیل: پیایەیل، هاوڕێ + یەیل: هاوڕێیەل، برا + یەیل: برایەیل...تاد.

**تێبینی:** پاشگر (ان) پاشگرێکی چالاک و ئەکتیڤی زوانی کوردیە، کە ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکار و جێناو و ژماران، بەشێوەیەکی چالاک دەگرێتەوە و کۆیان دەکات، ئەمەش بوتە هۆکار کە بەشێوەیەکی بەربڵاو و گشتی بۆ ئەرکی کۆکردنی وشەی کوردی خۆ دەربخات و بەکار بهێندرێت. پاش هامرازی کۆی (ان)، ئەلۆمۆرفی (گەل) چالاکترین پاشگری کۆکردنی زوانی کوردیە کە پتر لە ناوچەی ئەردەلان بۆ هامرازی کۆی ناو لەنێو زوانی کوردی کارایە، هەربۆیە پاشگرەکانی وەکو (ێن، یل، یەیل، ها) کەمتر وەبەرتیشکی ڕێزمان و پاراستنی زوانی کوردی کەوتون و لۆمەیان دەکرێت و ئەلۆمۆرفیمی (ان) و (گەل) هەڵسوکەوتی ستاندارد و یەکگرتوی لەگەڵ دەکرێت، هەروەتر گیرەکی کۆی (و) کە لە دەڤەری موکریان چالاکە و لەبری (ان) و لەپاش پیتی بزوێن، بەشێوەی نەبزوێنی (و) بەکار دێت و ئەلۆمۆرفی ئەم گیرەکەیە. پاشگری (ەها)، ڕاستەوخۆ لە پاشگری (ها)یەوە وەرگیراوە و بەشێوەیەکی کورت بۆ دەوری کۆکردنی ژمارە خۆ دەردەخات و زۆر هێزی لەنێو زوانی کوردی نەماوە و بەهۆی هاوبەشی لەگەڵ زوانی فارسی، ئەلۆمۆرفێکی فارسی دەناسێندرێت. پاشگری (جات، ات) وەکو پاشگری کۆکردن لەنێو زوانی کوردی بەکارهێندراوە، کەچی گیرەکێکی کوردی نین و پاشگری (ات) لە عەرەبی وەرگیراوە، پاشگری (جات) بۆ میوە و تەڕان، بەکار دێت کە لە ئەلۆمۆرفی (ات)ـەوە داتاشراوە، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ماڵ + ات: ماڵات | میوە + جات: میوەجات | سەوزە + جات: سەوزەجات |
| حیوان + ات: حیوانات | خەیاڵ + ات: خەیاڵات | باغ + ات: باغات |
| خێڵ + ات: خێڵات | هۆز + ات: هۆزات | دێ + هات: دێهات |
| دەرمان + ات: دەرمانات | | |

ـ هەروەتر لە زوانی کوردی، گیرەکی کۆی (ان) بەزۆر دەچێتە سەر هاوەڵناو و هەرچی هاوەڵناوە لەنێو زوانی کوردی، توانایی وەرگرتنی گیرەکی چالاک و بەهێزی (ان)یان هەیە، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| مامۆستا + ی + ان: مامۆستایان | پاک + ان: پاکان | جوان + ان: جوانان |

| | | |
|---|---|---|
| پیاو + ان: پیاوان | ژن + ان: ژنان | کچ + ان: کچان |
| کوڕ + ان: کوڕان | تاڵ + ان: تاڵان | پیس + ان: پیسان. |

**ـ ناوی کۆمەڵ**

ـ لە دۆخێکی دیکەی بازنەی ناوی، لە دۆخی نێوەڕۆکەوە ئەرکی کۆی هەیە، هەرچەند بەشێوە و ڕەواڵەتی ڕێنوسەوە، تاکە، بەڵام لەڕاستی ناوی کۆمەڵە و لە تاک و شتێک پتر پێکدێن کە بەناوی کۆمەڵ (Collective Noun) ناسراوە. مۆرفیمی ناو لە زوانی کوردی بەشێوەیەکی ساختومانی و بەشێکی وشەیی و ناو خۆ دەردەخەن و بەڕەواڵەت یەک ناو و وشەن، کەچی لە نێوەڕۆک و بازنەی سیمەنتیکیەوە، ناوێکی گشتین و ناوی کۆمەڵ ساز دەکەن، وەکو:

(وڵات، شار، مێگەل، هۆز، خێڵ، بنەماڵە، خێزان، کۆڕ، کۆم، ناوچە، دەڤەر، هێز، کاروان، یانە، گوند، دێهات، ئاوایی، جەڵەب، مەلۆ، باقە، تەونە، بڕکە، گەڕەک، مەڵبەند، نیشتیمان، دەستە، پۆل، هێشو، بۆڵ، تیرە، ڕەوە، چین، ڕەهەڤان، تەواو، تێکڕا، بەتەواوی، سەمەر، گشتی، هەمو، ئاپۆرە، کۆمەڵ، هەندێک، گەل، گاڕان، باغ، دارستان، باغچە، گوڵزار، فرە، هەمی، چەپک، چەند، برێ، برێک، کۆڵان، زنجیرە، نەختێک، زۆر، تاقم، پێکەوە، خزم، ژمارەکان، گۆئەستێرە، ڕێن، سەر، کەشکەڵان).

**ـ ناوی کۆمەڵ، وەکو ناوی دوپاتەیی و جوتەوشەیی دەوری ناوی دوپاتەکردنەوەی کۆمەڵ دەگرێت، وەکو:**

(پۆلپۆل، تاقمتاقم، فرەفرە، زۆرزۆر، خێڵخێڵ، هۆزهۆز، گاڕانگاڕان، مێگەلمێگەل، کۆڵانکۆڵان، هێشوهێشو، کۆمەڵکۆمەڵ، کۆڕکۆڕ، ناوچەناوچە، دەڤەردەڤەر، چینچین، گوندگوند، چەندچەند، دەستەدەستە، گەلەگەلە).

ـ لە باری ڕێزمانی و ڕستەیی و دواندنی ئاخێوەرانی زوانی کوردی، ئەم ناوانە بەسەر دودەستە دابەش دەکرێن بۆ ئەمەی دەور و سووری ناساندن و ناسیاوی بگرن و لە ون و نامۆیی بێنەدەر و بۆ خوێنەر ناسراو بن، لە دەوری سووڕانەوەی ئەم ناسیارکردنەوەی ناو لەڕوی ناسینەوە، دەبێتە:

**١: ناوی ناسراو (Definite Article)**

**٢: نای نەناسراو(Indefinite Article)**

**ـ ناوی ناسراو ـ دیاریکردن:**

ئەم بەشە مۆرفیمێکە کە لە پێکهاتەی فۆنانێکی تایبەت بۆ سازکردنی واتایەکی سەربەخۆ و

واتادار پێکدێت. ئەم وشەیە بۆ خوێنەر ناسراوە و پێویست ناکات لە وشە و ڕستەوە ناسراو بکردرێت. خوێنەر هەرکات ئەم وشەی دیت، بێهیچ کێشەیەک بەسانایی ناو و وشەکە دەناسێت و بۆی ناسراو دەبێت. ئەم بەشە لەگەڵ ناو و وشەی سادە و ناوی تاک و هاوەڵناو و هاوڵکردار هاوبەشە و بەوەرگرتنی مۆرفیمی سینتەکس و مۆرفۆلۆژیکی، مۆرفیمی بەندی (ەکە، کە، یەکە، ۆکە، وکە، ەگە، گە، ە، ی) لەپاش پیتی بزوێن و نەبزوێن وەردەگرێت و نیشانی دەدەن. ئەم گیرەکانە، بەتایبەت مۆرفیمی بەندی (ەکە) مۆرفیمێکی چالاک و ئەکتیڤ و بوتە مۆرفیمێکی چالاکی مۆرفۆلۆژی بۆ سازکردنی وشەی نوێی زوانی کوردی، کە ئەرکی مۆرفیمی ڕێزمانی و مۆرفیمی وشەداڕێژ و گیرەک و ئەلۆمۆرفی بەستۆوە گرتوە، ساز دەکرێن، بۆ وێنە:

| | | |
|---|---|---|
| گەنج + ەکە: گەنجەکە | جوان + ەکە: جوانەکە | زیرەک + ەکە: زیرەکەکە |
| بوێر + ەکە: بوێرەکە | شانە + کە: شانەکە | برا + کە: براکە |
| وشە + کە: وشەکە | چەقۆ + کە: چەقۆکە | جوانو + ۆکە: جوانۆکە |
| مردو + ۆکە:مردۆکە | جوان + ەگە: جوانەگە | کوڕ + ەگە: کوڕەگە |
| دار + ەگە: دارەگە | وشە + گە: وشەگە | برا + گە: براگە |
| هەسپ + ێ: هەسپێ | پسمام + ێ: پسمامێ | کچ + ێ: کچێ |
| دۆتمام + ا: دۆتماما | ژین + ا: ژینا | دایک + ا: دایکا |

**تێبینی:** لە زاری موکریانی، سلێمانی، باڵەکایەتی و هەندێک بەشی دیکەی کوردستان، مۆرفیمی بەندی (ە) لەبری هاوەڵناوی ئاماژە کارایی هەیە و کاتێک ئەم مۆرفیمە کە دەوری ئاماژە و ناساندنی هەیە بکەوێتە پاش ناو، هاوەڵناوی ئاماژە ساز دەکات، وەکو:

کچ + ە: ئەم کچە  کوڕ + ە: ئەم کوڕە  ژن + ە: ئەم ژنە  پیاو + ە: ئەم پیاوە

ـ لە گۆڕەپانی مۆرفۆلۆژی و پشکنینەوە، بەپێی سووڕی جێناوی و ناسیارکردن و تاکێتی جێناو، دەرکەوتنی ئەم هامرازە بەم شێوەیە:

(کچە، ئەم کچە، ئەم کچەکە، ئەمە کچێکە، ئەو کچە)

(کوڕە، ئەم کوڕە، ئەم کوڕەکە، ئەمە کوڕێکە، ئەو کوڕە)

ـ لەم وشانەی کە هامرازی ناساندنی (ە) دەکەونە سەر ناو و هاوەڵناو ساز دەکات. ئەم مۆرفیمە کورتکراوەی مۆرفیمی سینتەکس و تایبەت بەناوە و لەگەڵ (ێک) و (ان) دەبنە ئارتیکڵ و دەچنە سەر فرێزی ناو و دەوری دیارکەر دەبینن.

**ئەم مۆرفیمە، گیرەکی (ەکە)یە کە کراوە بە (ە)، وەکو:**

ژن + ەکە: ژنەکە پەرتوک + ەکە: پەرتوکەکە دار + ەکە: دارەکە
کۆتر + ەکە: کۆترەکە کێو + ەکە: کێوەکە

ـ تەنیا سواندن و کورتکردنەوە بوتە هۆکاری ئەم سواندنە، ئەمەش دیاردەیەکی ناوازەی هەر زوانێکە، بۆ ئەمەی ڕونتر تێبگەین، سەیرێکی ئەم لێکدانەوە بکەن:

ـ ژنە بەبۆڵەبۆڵ هات و دارەی ئاو دا.

ـ پەرتوکەکە دانێ و لە پەرتوکخانەکە، پەرتوکە زمانەوانیە بێنەدەر.

کوڕە دەچێت بۆ کتێبخانە، لەوێش خوشکە چاوەڕوانە.

کۆترە لەسەر کێوە هەڵنیشتوە و گەنم دەخوات.

لە ڕستەی یەکەم وشەی (ژنە، دارە) لە ڕستەی دوەم (پەرتوکە، زمانەوانیە) لە ڕستەی سێیەم (کوڕە، کتێبخانە، خوشکە) لە ڕستەی چوارەم (کۆترە، کێوە) بەڕونی دەردەکەوێت وشەی (ژنە، دارە، پەرتوکە، زمانەوانیە، کوڕە، کتێبخانە، خوشکە، کۆترە، کێوە) مۆرفیمی بەندی (ە) تەواو کورتکراوەی گیرەکی (ەکە، یەکە، کە)یە کە لەپاش پیتی بزوێن و نەبزوێن دەرکەوتوە، وەکو:

(ژن + ەکە، دار + ەکە، پەرتوک + ەکە، زمانەوان + یەکە، سەرکەوتن + ەکە، کوڕ + ەکە، کتێبخان + ەکە، خوشک + ەکە، کۆتر + ەکە، کێو + ەکە).

دەردەکەوێت کە سواندن و کورتکردنەوەی (ەکە، کە)یە، دەرکەوتنی جێناوی ئاماژە لەگەڵ ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکردار لە زوانی کوردی چالاکە. ئەم هامرازانەی (ئەم و ئەو و ئەمانە و ئەوانە) دەکەونە پێش ناوی تاکی ناسراو و نەناسراو و ناوی کۆ و ناوی کۆی ناسراو و نەناسراو لەم چوارچێوەیە دەور دەگێرن، وەکو:

**ـ جێناوی کەسی سێیەمی تاک + ان:**

ئەم + ان: ئەمان ئەو + ان: ئەوان

**ـ هامرازی ناساندنی (ەکە):**

ماڵەکان، خانوەکان،کتێبخانەکان، دارەکان...تاد.

**ـ هامرازی نیشانە:**

ئەمە ـ ئەمانە ئەوە ـ ئەوانە

**ـ هامرازی گەیاندن:**

ئەوەی ئەوبەری بو، ئەوانەی ئەوبەری بون.

ئەمەی دوێنێ شەوێ کوتی، ئەمانەی دوێنێ شەوی وتیان.

**ـ هاوەڵناو:**

ڕەش + ان: ڕەشان، پیس + ان: پیسان، سور + ان: سوران، سوورڕ + ان: سووڕان، خول + ان:

خولان...تاد.

**ـ هاوەڵکردار:**

جوانکار + ان: جوانکاران، یاریزان + ان: یاریزانان، کارگەر + ان: کارگەران، ئوستاد + ان: ئوستادان...تاد.

**ـ چاوگ:**

ڕۆیشتن + ەکە + ان: ڕۆیشتنەکان، بوون + ەکە + ان: بوونەکان، هاتن + ەکە + ان: هاتنەکان، سەرکەوتن + ەکە + ان: سەرکەوتنەکان...تاد.

**ـ لە پرۆسەی وشەداڕشتن و ڕێزمانی کوردی، پاشگری چالاکی (انە) دەورێکی سەرەکی و گشتی بۆ داڕشتنی وشەی نوێ لە هاستی چوارچێوەی سیمەنتیکیەکان هەیە، وەکو:**

**ناو + ان + مۆرفیمی ناساندنی (ە):**

ژن + ان + ە: ژنانە — کچ + ان + ە: کچانە

کوڕ + ان + ە: کچانە — پیاو + ان + ە: پیاوانە

شەو + ان + ە : شەوانە — مانگ + ان + ە : مانگانە

ساڵ + ان + ە : ساڵانە — سات + ان + ە : ساتانە

نداڵ + ان + ە: منداڵانە — گەورە + ان + ە: گەورانە = سوانی کورتەبزوێنی (ە)

ڕۆژ + ان + ە : ڕۆژانە — هەفتە + ان + ە : هەفتانە = سوانی کورتەبزوێنی (ە)

کات + ان + ە : کاتانە

لەم بەشەیە، تەنیا ناوی کۆی ناسراومان هەیە کە ئەلۆمۆرفی (ان)یان وەرگرتوە و پێناسەکراون. واتە جێناوی ئاماژەی (ئەم و ئەو "این و آن") فرێزی ناوی دەردەکەوێت:

ئەم ـ ئەو ژنانە — ئەم ـ ئەو کچانە — ئەم ـ ئەو کوڕانە — ئەم ـ ئەو پیاوانە

ئەم ـ ئەو منداڵاتە — ئەم ـ ئەو گەورانە — ئەم ـ ئەو ڕۆژانە — ئەم ـ ئەو شەوانە

ئەم ـ ئەو ساڵانە — ئەم ـ ئەو مانگانە — ئەم ـ ئەو هەفتانە — ئەم ـ ئەو کاتانە

ئەم ـ ئەو ساتانە

**لەپاش دەرکەوتنی بزوێنی (ۆ، ا، ی، ێ)، پیتی یارمەتیدەدەری (ی) دەبێتە یارمەتیدەدەر، وەکو:**

ترێ + ی + ان + ە: ترێیانە — چەقۆ + ی + ان + ە: چەقۆیانە

درۆ + ی + ان + ە: درۆیانە — ڕێوی + ی + ان + ە: ڕێویانە

برۆ + ی + ان + ە: برۆیانە — برا + ی + ان + ە: برایانە

وەستا + ی + ان + ە: وەستایانە — مامۆستا + ی + ان + ە: مامۆستایانە

ـ کاتێک فۆنی کۆتایی وشەکە کورتەبزوێن بێت، دەکەوێتە بەرتیشکی تواندنەوە و لەنێوچوون و پێویست ناکات لە پیتی یارمەتیدەدەر کەڵک وەربگرین و پیتێکی بزوێن دەسوێت و پیتی (و) لەپاش کورتەبزوێنی (و) ئەرکی نەبزوێن بەجێ دێنێت و پێویست ناکات کە دو یان سێ واو بەدوای یەکەوە ڕێز بکەین، وەکو:

هێلکە + ان + ە: هێلکانە هێلانە + ان + ە: هێلانانە خەنە + ان + ە: خەنانە

شانە + ان + ە: شانانە هەڵوچە + ان + ە: هەڵوچانە خانو + ان + ە: خانوانە

جوانو + ان + ە: جوانوانە تەزو + ان + ە: تەزوانە. ئەم + ان + ە

ئەو + ان + ە

هامرازی (انە) لەم بەشەیە ئەلۆمۆرف و گیرەک نیە و پاشگری (انە) داڕشتنێکی مۆرفۆلۆژی و چوارچێوەی سیمەنتیکیانەیە و لە وشەگەلی سەرەوە، (انە) مۆرفیمی لێکدراو لە مۆرفیم و فۆرمێکی سەربەخۆی (ان) و (ە) و فرێزی ناوین، بەڵام مۆرفیمی پاشگری (انە) مۆرفیمێکی میتۆنیمیانە و داڕێژراوی سیمەنتیکیە، کە باس لە چۆنەتی و ناسین و پێناسەی هاوەڵناوی دەکات، وەکو:

**ـ ناو + پاشگری (انە):**

ژن + انە: ژنانە کچ + انە: کچانە کوڕ + انە: کوڕانە پیاو + انە: پیاوانە

منداڵ + انە: منداڵانە ڕۆژ + انە: ڕۆژانە شەو + انە: شەوانەساڵ + انە: ساڵانە

مانگ + انە: مانگانە کات + انە: کاتانە سات + انە: ساتانە کارگەر + انە: کارگەرانە

ـ بەپێی فۆنەتیکی زوانی کوردی و دەرکەوتنی دو بزوێن بەدوای یەکەوە، پیتی یارمەتیدەدەری (ی) نەبزوێن دێتە نێوان ئەم وشانەی کە فۆنی دواوەی بزوێن (ا، ۆ، ا، ی، ێ)یە، وەکو:

مامۆستا + ی + انە: مامۆستایانە برا + ی + انە: برایانە هەڵۆ + ی + انە: هەڵۆیانە

جوانکاری + ی + انە: جوانکاریانە هاوڕێ + ی + انە: هاوڕێیانە

وەستا + ی + انە: وەستایانە شارەزا + ی + انە: شارەزیانە

**لەم هاستەیە پیتی بزوێنی (و) و (ە) توشی دیاردەی تواندنەوە و لەنێوچوون دەبن، وەکو:**

جندۆکە + انە: جندۆکانە داپیرە + انە: داپیرانە باپیرە + انە: باپیرانە

خەسو + انە: خەسوانە هەفتە + انە: هەفتانە گەورە + انە: گەورانە

پاشگری (انە) دەچێتە سەر ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکرداری لێکدراوی سازکردوە. لە وشەی (ژنانە، کچانە، پیاوانە، منداڵانە، کوڕانە، گەورانە، داپیرانە، باپیرانە، خەسوانە، ڕۆژانە، وەستایانە،

مامۆستایانه، کارگەرانه) شێوەی چۆینەتی و ناساندن دراوە پاڵ ناو، وەکو:

پیشەی منداڵانە — ئەمە قسەی ژنانە و پیاوانە — ئەمە کاری پیاوانە و ژنانە
جلی گەورانە و منداڵانە — کتێبخانەی کچانە و کوڕانە — قسەی پیاوانە و ژنانە
کاری پیاوانە و ژنانە — وتەی داپیرانە و باپیرانە — ماڵە خەسوانە
پیشەی کارگەرانە — ڕوخساری جندۆکانە

ڕۆژانە و شەوانە هەر دێت و دەچێت.

کردەوەی وەستایانە و مامۆستایانە و شارەزایانە.

هەفتانە و مانگانە و ساڵانە لەم کاتانە و ساتانە دێتەوە.

هەروەتر هامرازی پاشگری (وان) وەبەر ئەم تیشکە دەکەوێت.

**ـ ناوی نەناسراو ـ تاکێتی:**

ناوی نەناسراو، کۆمەڵەوشە و مۆرفیمێکن کە بۆ خوێنەر و گوێگر نەناسراو و نامۆ و نائاشکران. مۆرفیمی ناسراو و ناساندنی ناو و وشە لە زوانی کوردی بەپێی فۆنەتیکی ئەم زوانە، بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەش دەبن. ئەم مۆرفیمانە لە دەرکەوتن لەپاش فۆنی بزوێن، لە پیتی یارمەتیدەدەر بۆ ناسیارکردنی وشە و ناو کەڵک وەردەگرن. ئەلۆمۆرف و گیرەکی ناسیارکردنی ناو و وشە لە زوانی کوردی، (ێ، ێک، ەک، ی، یگ) بۆ نەبزوێن و (یەک، ییێک) تاکیێتی بۆ بزوێنە. ئەلۆمۆرفی (ەک) ڕاستاوڕاست لە (ێک) وەرگیراوە و لێکچوونی فۆنەتیکیە کە پتر لە زاری کورمانجی دەردەکەوێت، بۆ وێنە:

کوڕ + ێ: کوڕێ — کچ + ێ: کچێ
کوڕ + ێک: کوڕێک — کچ + ێک: کچێک
کەو + ێک: کەوێک — هەسپ + ەک: هەسپەک — کەو + ەک: کەوەک
کچ + ەک: کچەک — ژن + ەک: ژنەک
وەراز + ی: وەرازی — وەفر + ی: وەفری
دوێت + یگ: دوێتیگ — ژن + یگ: ژنیگ — قەیسی + یەک: قەیسییەک
برا + یەک: برایەک — شانە + یەک: شانەیەک
برا + یگ: برایگ — هەڵوچە + یەک: هەڵوچەیەک

**تێبینی:** مۆرفیمی (ێ) کورتکراوەی ئەلۆمۆرفی (ێک)ـە، کە لە ناوچەی موکریان و باڵەکایەتی و هەندێک ناوچەی، پیتی نەبزوێنی (ک) دەقرتێنن و هامرازی (ێ) بۆ ئەلۆمۆرفی (ێک) بەکار

دێنن، وەکو:

پەرتوکێ ـ پەرتوکێک کەسێ ـ کەسێک دەقێ ـ دەقێک خولەکێ ـ خولەکێک

جارێ ـ جارێک بارێ ـ بارێک

ـ لەسەر هاستی مۆرفۆلۆژی، هاتەمەیدانی جێناو و وەرگرتنی نوسەکی (ێک) ئامادەی وەرگرتن دەبێت و ئازادانە دەوردەگێرێت، کەچی گیرەکی (ەکە) ئەم توانایەی نیە کە وەکو بنەڕەت خۆ دەربخات، ئەمەش دیاردەی ناوازەی زوانە کە نوسەک ئەم توانایەی هەیە کە ئازادانە بکەوێتە باری مۆرفۆلۆژیایی و ئازادتر لە گیرەک بخولێتەوە، وەکو:

(منێک، تۆیێک، ئەوێک، ئێمەیەک، ئێوەیەک، ئەوانێک).

ـ بەپێی هاستی فۆنەتیکی زوانی کوردی، بەهۆی خۆپاراستن لە بەدوایەکداهاتنی بزوێن، ئەمە نوسەکی (ێک) لە باری فۆنەتیکەوە بۆ ئازادانە سووڕانەوەی خۆی، نوسەکی (یەک) دێتە مەیدان و لەپاش بزوێن دەوردەگێرێت.

**ـ ناوی کۆی ناسراو و نەناسراو لە زوانی کوردی:**

ئەم ئەلۆمۆرفانەی کە ناوی تاک ناسراو و نەناسراو دەگوازنەوە بۆ ناوێکی دیاریکراو و ناسراویان دەکەن، دەکەونە سەر ناوی کۆ و ئەم ئەلۆمۆرفانە ناسراو و نەناسراویان دەکەن، لە هەردو کاتی دەرکەوتنی بزوێن و نەبزوێن، وەکو:

**ناو + هامرازی ناساندن + هامرازی کۆ:**

پەرتوک + ەکە + ان: پەرتوکەکان — ماڵ + ەکە + ان: ماڵەکان

ساڵ + ەکە + ان: ساڵەکان — دار + ەکە + ان: دارەکان

برا + کە + ان: براکان — چەقۆ + کە + ان: چەقۆکان

ڕنۆ + کە + ان: ڕنۆکان — درۆ + کە + ان: درۆکان

دڕۆ + کە + ان: دڕۆکان

کوڕ + ەگە + ان: کوڕەگان — دوێت + ەگە + ان: دوێتەگان

تەزو + ۆکە + ان: تەزۆکان — جوانو + ۆکە + ان: جوانۆکان

خانو + ۆکە + ان: خانۆکان.

**ناو + هامرازی کۆ + هامرازی تاکێتی:**

دار + ان + ێک: دارانێک — پەرتوک + ان + ێک: پەرتوکانێک

سەگ + ان + ێک: سەگانێک — دەور + ان + ێک: دەورانێک

ساڵ + ان + ێک: ساڵانێک          ماڵ+ ان + ێک: ماڵانێک

کچ + ان + ێک: کچانێک

ـ بەپێی ڕێسای فۆنەتیکی زوانی کوردی ئەم بەشە پەیڕەوی ڕێسای دەرنەکەوتنی دو بزوێن بەدوای یەکەوە دەکات و کەڵک لە مۆرفیمی یارمەتیدەدەری (ی، و) نەبزوێن لەپاش بزوێنی (ۆ، ی، ێ، ا) وەردەگیرێت، وەکو:

**ناو + هامرازی یارمەتیدەدەر + هامرازی کۆ + هامرازی تاکێتی:**

مامۆستا + ی + ان + ێک: مامۆستایانێک          برا + ی + ان + ێک: برایانێک

چەقۆ + ی + ان + ێک: چەقۆیانێک          هاوڕێ + ی + ان + ێک: هاوڕێیانێک

ڕێوی + ی + ان + ێک: ڕێوییانێک          پەری + ی + ان + ێک: پەرییانێک

خانو+ ی + ان + ێک: خانویانێک          تەزو + ی + ان + ێک: تەزویانێک

دڕو + ی + ان + ێک: دڕویانێک

**ـ بەشی ناوی کۆ و ناوی ناسراو و نەناسراو، لەسەر هاستی فۆنۆلۆژیکی و بەپێی فۆنەتیکی زوانی کوردی، دو بزوێن بەدوای یەک دەرناکەون، بەم شێوە:**

برا + ەکە: براەکە          گەڵا + ەکە: گەڵاەکە          چەقۆ + ەکە: چەقۆەکە

ترێ + ەکە: ترێەکە          شانە + ەکە: شانەەکە

ئەم ڕێسایە نافۆنەتیکیە و بابەتێکی ناڕێزمانی زوانیە و لەسەر ئەم ڕێسایە ئەگەر دو بزوێن بەدوای یەکەوە هاتن، یان دەبێت یەکدانە لە بزوێنەکان لەنێو بچێت و بتوێتەوە یان وەکو ئەم وێنانەی سەرەوە دەبێت بەشێوەی نالۆژیکی بەکاریان بێنین. بۆ ئەم مەبەستە لە زوانی کوردی فۆنەکان سەرەڕای ئەمەی کە تەنیا فۆن و پیتن، ئەرکی مۆرفیم و هامراز دەگرنە ئەستۆ و دەورێکی تایبەت بەجێدێنن. هامرازی یارمەتیدەدەری (ی، و) نەبزوێن وەکو نیمەبزوێنێک لە زوانی کوردی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت، وەکو:

گەڵا + ی + ەکە: گەڵایەکە          برا + ی + ەکە: برایەکە

چەقۆ + ی + ەکە: چەقۆیەکە          برۆ + ی + ەکە: برۆیەکە

ئەم ڕێسای دو بزوێنە و لەنێوچوونی بزوێنێک یان هاتنی نیمەبزوێنێک، وەبەرتیشکی ڕێسای فۆنۆلۆژی دەکەوێت و تایبەتمەندی و ئەرکی خۆیان لەم بەشە وەدەردەخەن. بەهۆی مەرزی وشەکان و مۆرفیمی گیرەک و نوسەک، کە جۆرێک پیوەندیدار بە مۆرفۆفۆنیمە و دەبێتە هۆی دروستبونی ئەلۆمۆرف، لە زوانی کوردی لە مۆرفی (ەکە) ئەلۆمۆرفی (ۆکە، یەکە، کە، ە) ساز

دەبن، وەکو: (خانۆکە، هەڵوچەیەکە، براکە، کوڕە) لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆژی ئەمانە شێوەی جۆراوجۆری مۆرفیمی (ەکە) و ئەلۆمۆرفی دیاریکەرن کە لە هەر دۆخێک بێت، ئەرکی ناساندن دەگرنە ئەستۆ. بەپێی هاستی فۆنۆلۆژی دەکەونە بەرڕێسای دەنگسازی، وەکو باسەکەی سەرەوە کە چۆن دو بزوێن دەتوێنەوە و لەنێو دەچن. بەپێی ڕێسای فۆنۆلۆژیکی زوانی کوردی، ئەلۆمۆرفەکانی کوردی توشی دیاردەی گۆڕان بونە و خزیوەتەوە هاستی مۆرفۆلۆژیکیەوە، ئەم گۆڕانکاریەش لە زوانی کوردی چالاکە، لە بەشی ناوی کۆ ـ ناسراو ـ نەناسراو بەپێی فۆنەتیکی زوانی کوردی و دەرنەکەوتنی دو بزوێن بەدوای یەکتر، ئێمە کەڵک لە نیمەبزوێنی (و، ی) وەردەگرین، تاکو ئەلۆمۆرفەکان بەشێوەی ڕێزمانی لە جێگەی خۆیان ڕاوەستاو بن. بەپێی فۆنەتیکی زوانی کوردی، ئەلۆمۆرفەکانی کۆ و ناسیارکردن و نەناسراوکردنی زوانی کوردی بەپێی دەرکەوتنی فۆنی نەبزوێن و بزوێن دەور دەگێرن. لە وێنەی (کان) کورتکراوەی (ەکان، ەگان)ـە، چون کاتێک ئەم ئەلۆمۆرفە لەپاش پیتی بزوێنی (ە) کە مۆرفیمی ناساندن دەگرێتە ئەستۆ دەردەکەوێت، ئەمە شێوەی (کان، گان) دەگرێت. بۆ وێنە وشەی (پێنوس) لەم وشە پیتی کۆتایی وشەکە نەبزوێنە و بۆ کۆکردن و ناساندنی دەبێتە (پێنوسەکان، پێنوسەگان)، کاتێک پیتی دواوە بۆ خۆی بزوێن بو، بەتایبەت کورتەبزوێنی (ە) لە مۆرفیمی دێتەدەر و خۆی یارمەتی دەرکەوتنی ئەلەمۆرفی (کان، گان) دەدات. بۆ وێنە (شانە، شانەکان، شانەگان) ئەلۆمۆرفی (ۆکە، گان، کان) ڕاستاوڕاست لە مۆرفیمی چالاکی (ان) وەرگیراوە، کە بۆ پاراستنی دەرنەکەوتنی دو بزوێن بەدوای یەکتر و هۆکاری فۆنۆلۆژی توشی گۆڕان دەبن، وەکو لە وشەی (ساڵ + ەکە + ان) لەم هاستە هەردو کورتەبزوێنی (ە) دەتوێتەوە و لەنێو دەچێت و ئەلۆمۆرفی (کان، گان) ساز دەبێت کە دەوری ئاوابونی ئەلۆمۆرفی (ک)ش دەکاتەوە، وەکو وشەی (مامۆستا + ک + ان)، لێرە بزوێن هاتوە و دو بزوێن ناتوانن بکەونە لای یەک، دەرفەتی سازبونی ئەلۆمۆرفی (ک) دێتە مەیدان، کە ڕاستاوڕاست لە ئەلۆمۆرفی (کان) وەرگیراوە، خودی ئەم ئەلۆمۆرفە لە لەنێوچوونی کورتەبزوێنی (ە) لە ئەلۆمۆرفی (کە) وەرگیراوە. لە وشەی (برا + کە + ان: براکان)، بەهۆی دەرکەوتنی دو بزوێن بەدوای یەک، ئەمە کورتەبزوێنی (ە) تواوەتەوە و لەنێو دەچێت و ئەلۆمۆرفی (کان) ساز دەبێت، کە ڕاستاوڕاست لە مۆرفیمی کۆی (ان) وەرگیراوە. لە وشەی (مامۆستا + کە + ان: مامۆستاکان) کە ئەگەر فۆنی دواوەی وشەی "مامۆستا" نەبزوێن بایە، مۆرفیمی (ان) ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنا. ئەلۆمۆرفی (ۆکە) لە گیرەکی (ەکە)وە وەرگیراوە و کاتی دەرکەوتنی کورتەبزوێنی (و) لە دواوەی وشە، وەکو وشەی (خانو) کە بەلەبەرچاوگرتنی فۆنۆلۆژی کورتەبزوێن (و) بەهۆی ئەمەی کە لە دواوی وشە توانایی واجی نیە، گیرەکی (ەکە)

لەپاش پیتی بزوێنی (و) بۆ ئەلۆمۆرفی (ۆکە) دەگۆڕدرێت، هاوشێوەی: (جوانو + ەکە: جوانوەکە، کە نارێزمانیە و بۆ کاتی ناسیارکردنی کەڵک لە (ۆکە) وەردەگرین و دەبێت بە (جوانو + ۆکە: جوانۆکە)، هەروەتر ئەلۆمۆرفی (یەکە)ش ڕاستاوڕاست لە گیرەکی (ەکە)وە داتاشراوە، بەوەرگرتنی پیتی یارمەتیدەدەری (ی) نەبزوێن بۆ پاراستنی ڕێسای نەهاتنی دو بزوێن بەدوای یەک دەرکەوتوە. ڕێسای پاراستن و تواندنەوە و هاستی ئەکۆنۆمیکی و چوارچێوەی کەموکوشی بۆ جوانوسی ڕێسای قرتاندن بەکار دێنین، لە وشەی (جوانو + و + ان: جوانوان)، بەهۆی ئەمەی کە دو بزوێن بەدوای یەک دەرناکەون، لە پیتی یارمەتیدەدەری (و) نەبزوێن کەڵک وەردەگرین. پیتی (و) نەبزوێن بەهۆی سروشتی نیمەبزوێنی خۆی، هێزی خۆی ناخاتە سەر جوت واوی درێژ و بزوێنی (وو) و وشەکە دەبێت بە (جوانووان)، لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی زوان، سڕینەوەی (و) ڕێساییە و وشەکە بەشێوەی (جوانوان) توانایی فۆنەتیکی هەیە. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، ئەلۆمۆرفەکانی (ەک، کە، گە، ک، یەکە، یەگە، ێکە، ێک، وەکە، وەک، ۆکە، ۆک) و ئەلۆمۆرفی کۆی (کان، گان، یان، ەکان، ەگان، یەکان، یەگان، وان) و (ەل، یەل، ێل، یل، یەیل) لە گیرەکی (ەکە) و (ان) و (گەل)ـەوە وەرگیراوە، چالاکی و مۆرفەسەرەکی و گرنگیان نیشان دەدات و مۆرفیمی ئەم گیرەکانەی داڕشتراو لە مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) و (ان) لەسەر هاستی ژینگەی فۆنۆلۆژی مۆرفیمی تێکەوتوە و ئەلۆمۆرفی گیرەکی ناسراو ساز دەکەن، ئەمانەش لە دۆخێکی دروستەی فرێزی پەیدا دەبن، کە دەکەونە بەرڕێسای فۆنۆلۆژیەوە.

**ـ ناو بەرەو باری ڕێزمانیەوە ئەرکی خۆی دەگوازێتەوە بۆ باری هەبوون و بوون و سەربەخۆبونەوە، ئەم بەشە دەبێتە دو بازنەی واتایی، مادی، کە لە بازنەی یەکەم:**

**.ناوی مادی.بەرجەستە (Material Noun):**

ناوێکی ڕێزمانی و چەمکێک و ئیدیۆمیکیەکی لینگۆستیکیە. ئەم بەشە لە کۆمەڵەناو و وشەیەک پێکدێن کە ئەم ناو و وشەگەلە لەڕوی ڕەواڵەت و هەبونەوە، لەڕوی فتۆمۆرفۆلۆژی و سیمەنتیکیەوە دەکەونە بەر ٥ هەستەکەی مرۆڤ، (دیتن، بیستن، هەستکردن، چێشتن و دەست پێداخشاندن)، وەکو:

(سروشت، مرۆڤان، ئاژەڵان، تەڕایی، ویشکایی، چێشتن، هامرازان، کەرەستان، ڕەنگان، میوەکان، خواردەمەنیان، کەشکەڵان، ئاسمان، دەریاکان، کانزایان)، گشتی ئەم شتانەی کە وەبەر پێنج هەستی مرۆڤ دەکەوێت، دێتە ژێرڕکێفی ئەم بازنەیە.

لەم بازنەیە بێتەدەر و پێچەوانەکەی بێت، دەبێتە ناوی واتایی (Abstract Noun) واتا

بەپێچەوانەی  بەشی مادی، ئەم بەشە پتر لەنێو خەیاڵ و ڕۆیا و وەهمەوە ساز دەبن و لە چوارچێوەی ڕاستی و دروستی و سەربەخۆی دەرناکەون و بوونیان نیە و بەبێ باری سروشتی ساز دەبن، کە لە دو بەشی بنجینەیی و نابنجینەیی دروست دەکرێن. بەشی بنجینەیی ئەم بازنەیە بریتیە لە ئەم بەشە تەواو هەستپێنەکراو و جیاوازە، تەنیا لەنێو مێشک و هزر و دەروندایە و توانایی وەبەرکەوتنی هیچکام لە هەستەسەرەکیەکانی مرۆڤی نیە، بەڵام شتێکی تایبەت و سەربەخۆ دەتواندرێت بەشێوەی ڕەواڵەت و ڕاستەوخۆ و چۆینەتی و تایبەتمەندیەکەی پەیوەندی ساز بکردرێت، لەیەک جیاکردنەوەی ئەم دو بەشە بابەتێکی پێچراو و قوڵە، بۆیە تەنیا بەشێوەی کورت، ناسینێکی کورتمان لەسەر ئەم باسە دەبێت، بۆ وێنە:

(تورەیی، دڵەڕاوکەیی، دڵەخورپەیی، بێهیوایی، بێهومێدی، نائومیدی، ترس، شپرێوی، شڵەژاوی، شێواوی، دودڵی، گێژی، حۆلی، تێکەڵی، بێهۆشی، بەدبەختی، عاشقی، خۆشەویستی، بوێری، دلێری، شێرکۆیی، چاوتنۆکی، چتۆنی، دادپەروەری، ئازادی، سەربەستی، نیشتیمانپەروەری) ئەمانە دەکەونە بەرتیشکی ناوی هەستپێنەکراو و ناوی واتایی، هەرچەند کۆمەڵێک چوارچێوە و ناو لە خۆی دەگرێتەوە و بازنەی دوەمی ئەم بەشە ناوی واتایی نابنجی، بەوەرگرتنی پاشگر ساز دەکرێن.

**.ڕەگەز.زایەند، جنس (Sex)**

بەشی چالاک و ئەکتیڤی ناو لە گۆڕەپانی ڕێزمانی و بەشی تایبەت و گرنگی ڕەگەزیە. بەپێی هاستی بایۆلۆژی دو توخمی نێر و مێ، لەسەر بنەمای سیمەنتیکی دەبنە دو بەشی سەرەکی بۆ دارشتنی زوانی هەر مرۆڤێک لەڕێگەی بەکارهێنانی زوان لە هاستی کۆمەڵایەتی و هەر مرۆڤێکەوە، ئەرکدار دەکرێت بەقسەکردن بەم زوانەی کە ئەم دو توخمە لەڕێگەی سروشتی تێکەڵاویان سازی دەکەن. ئەم بەشە لە دو نیشانە ساز دەبێت، یەک کۆی ئەم نیشانانەیە کە ئاماژە بۆ نێر و مێ دەکەن و دوەم ئەم هێمایانەی تاکی تایبەت بۆ نێر و مێ دەستنیشان کراون، ئەم بەشە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە زوان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، بەهۆی باری سایکۆلۆژی و پسکۆلۆژیکیەوە، کاتێک ناوێک دەکەوێتە گۆڕەپانی سیمەنتیکی، ئەمە ڕوی نێر و مێی خۆی دەردەخات. لە زوانی کوردی لە زاری هەورامی و کورمانجی، مۆرفیمی نێر و مێ وەکو هامراز دەردەکەوێت، بەشێوەی چالاک کاراییان هەیە، کە ئەم مۆرفیمە لە زاری دەڤەری سۆرانی وردەوردە ناچالاک بوە و خەریکی پوچەڵبونەوەیە. ناوی ڕەگەز لە زوانی کوردی دەچێتە چوار ساختومانی جیاواز لە ڕستە و هاستی مۆرفۆلۆژی دەبێتە: (ناوی نێر، ناوی مێ، ناوی دولایەن،

ناوی بێلایەن).

**ـناوی مێ:**

**ـناوی مێ بۆ مرۆڤ، ڕەگەزی مێ**

**وەکو:**

(دایک، داک، ئەدّا، خوشک، بوک، خەسو، کچ، کیژ، پور، خاڵۆژن، مامۆژن، ئامۆژن، کچەپور، دۆت، دۆختەر، دۆتمام، دۆتخاڵ، داپیر، داڵگ، داکەڵێن، دایەگەورە، نەنک، نەنە، ماما، مامان، باوەژن، ژنباب، ژن، زن، ئافرەت، مەتی، کەیوان، کەیبانو، کناچێ، بورا، زورار، ژنبرا، دش، دوێت، کەچ، کەنیشک، کینا، کچەخوشک، وارکەنیا، تۆڕە، کیژان، میمک، کانچۆمامۆی، خوشەکەمێرد، ئاوجا، خوچ، خیشک، خویشک، دادە، والە، باجی، زڕخوشک، زڕدایک، زڕکچ، هەوێ، خاتو، خاتون، خانم، هاوجا...تاد).

**ـناوی تایبەت بۆ ئاژەڵانی مێ**

**وەکو:**

(مێ، دێڵ، مریشک، ماین، ماهینە، ئارۆڵە، چێڵ، مانگا، دەڕ، دەڵا، مەڕ، مێشنا، مێک، ئاسک، ئاسێ، کەژاڵ، کەژەڵ، مامز، ماسک، مامراوی، گاموش، مانگ، مەدەک، داڵگانە، مرچکە، مریچکە، سپاکۆ، مەهو...تاد).

**ـناوی تایبەتی دەستنیشانکراوی مێ بۆ ژنان**

**وەکو:**

(هانی، گوڵاڵە، ستارە، ئەڤین، سۆزانە، فەرزانە، سۆژین، ناسکە، پەری، ڕۆژان، ڕۆژین، ژینۆ، بێری، باوان، بارین، کانی، باغان، هاوژین، باران، بەهار، هەنار، ئاڵا، هەتاو، هۆژین، سکاڵا، فرمێسک، سارێژ، سەیران، نیشتیمان، گەلاوێژ، نەمام، گێلاس...تاد).

**ـ ناوی تایبەتی پیشەی مێ**

**وەکو:**

(بەرگدرو، کەیوان، کابان، کولفەت، بەربوک، خوریشۆر، جلشۆر، نانکەر، قاپشۆر، ماما، جوانکار، ماڵدار، ئاشپەز، فەڕشچن، هۆنینەوە، تەشێڕەس، دورمان، مەشکەژەن، بێریڤان، شیردۆش...تاد).

**.ناوی نێر:**

**ـناوی نێر بۆ مرۆڤ، ڕەگەزی نێر**

**وەکو:**

(باوک، باپیر، پێدەر، بابەگەورە، کاکە، کا، باب، برا، مام، مامۆ، هاپۆ، ئاپۆ، خاڵ، خاڵۆ، لالو،

کوڕەخاڵ، کوڕەپور، کوڕەمام، پسمام، ئاوازاوا، زاوا، خەزور، کوڕەخوشک، پیاو، پیا، پیاگ، مەرد، کوڕ، ئاغا، مێرد، شو، زڕباوک، زڕبرا، زڕمام، زڕخاڵ، هێوەر، ئاپ، زەما، زاڤا، تاتە، تات، کال، خورت، زڕکوڕ، کوڕمەتک، لاو...تاد).

**ـ ناوی تایبەت و دەستنیشانکراوی نێر بۆ پیاوان**

**وەکو:**

(سابیر، دیاکۆ، ئاکۆ، هەژار، وریا، هێمن، سەردار، سمکۆ، بێستون، شێرکۆ، فەرازد، فەرهاد، چیا، ئاوات، هیوا، یادگار، بەختیار، ئاسۆ، ئەرسەلان، چالاک، ئامانج، ئاکام، ڕێبین، نەوزاد، فەرزین، هاوار، هاوارە، دلێر، فریا، کەیخەسرەو، خەسرەو، ئومید، سامان، ئاکام...تاد).

**ـ ناوی تایبەت بۆ ئاژەڵانی نێر**

**وەکو:**

(نێر، گۆڵ، هەسپ، کەڵەشێر، کەڵەباب، هێستر، بەران، کەڵ، ئەکانە، بڕەک، یەکانە، لۆک، بەرنیر، کەڵەگا، گا، جوانەگا، بەنەری، نێری، وەران، وەرەن، کەڵاس، کلاسک، گاکێوی، سۆنە، وەردەک، کەڵەگامێش، باوانە، گەپە، گەماڵ، کەڵەشین، نێرگز، زەریم...تاد).

**ـ ناوی تایبەتی نیشاندەری پیشەی نێر**

**وەکو:**

(جۆشکار، سپیکار، ئاسنگەر، ناڵبەند، زەڕەنگەر، چاپچی، فیتەر، پینەچی، کارەباچی، نانەوا، سافکار، بەردکار، دارتاش، مجێور، مەلا، ئارماتۆربەند، کاشیکار، چەرچی، وڕکەنانفرۆش، دوکاندار، پەیکەرتاش، نۆکەر، چاپەز، مردوشۆر، بەردفرۆش، بەیتاڵ، ئاشەوان، مەرزوان، لێخور، ماتۆرساز، تراشکار، پاڵەوان، زۆرەوانی، سەرتاشکەر، جۆلایی...تاد).

**تێبینی:** لە زوان و کۆمەڵگەی کوردی و کەوتەنە ژێرهەژمونی چاندی داگیرکەران و ئاینپەرەستان، بەهۆی سەروەری نێرسالاری، زۆرێک لە ناوانی تاکی کورد، لەژێر کاریگەری ئەم هزرە پوچەڵە، توانەتەوە و لەنێوچوونە. لەم بازنەیە هەر ناوێک لە هاستی فتۆمۆرفۆلۆژی و سیمەنتیکی و پراگماتیکی بەهێز و بوێر و بەتوانا بێت، بۆ ڕەگەزی نێر و بەپێچەوانەکەشی ئەوە ناو و کەرەستە و بابەتانەی کە ناسک و لاواز و بێهێزن، کە زۆرجار وەکو بێڕێزی بەکار دەهێندرێن، بۆ ڕەگەزی مێ بەکارهێندراوە، وەکو ناوی (گوڵ، سروشت، کانیاو، ڕوبار، جوانی، نەرمی، ڕەنگ، دار، گیا، پێکهاتەسروشتیەکان، ناوەناسکەکان، ناوی ئەستێرکان، ناوی کانزایەکان) وەکو ناو و هاوەڵناو دیاریخەر بۆ ڕەگەزی مێ و ناوی کچانە.

ناوی (شاخ و کێو و ناوی ئاژەڵان و دڕدانە و بەهێز) بۆ ڕەگەزی نێر و ناوی کوڕان هەڵبژێردراوە. لەم بەشە بەوەرگرتنی مۆرفیمی (ۆ، ە، ێ، ا) لە زوانی کوردی دەچنە بەشی

بانگکردن، وەکو: (شێرۆ، جەنگۆ، خێرۆ، دینۆ، گەلۆ، شاهۆ، خاڵۆ، لالۆ، مامۆ، کارۆ، کاکۆ، ئاپۆ، باڤۆ، کاکە، دادە، مامە، خاڵە، دایە، بابە، باپیرە، داپیرە، دڵە، ڕۆڵە، سوارە، کوڕە، کاڵێ، نازێ، پورێ، کچێ، ژنێ، خوشکێ، خودا، بابا، کاکا، دایکا، خوشکا).

کاتێک ئەم ناوانە لە دۆخی بانگکردن دەور بگێڕن (ێنە، نۆ، ینە) دێنە گۆڕەپانی زوان و کۆیان دەکەن، وەکو: (کوڕینە، کچینە، منداڵینە، گەلینە(خەڵکینە) کچنۆ، کوڕنۆ، هەڤاڵنۆ، هەڤاڵێن، جەماوەرینە، هەڤاڵینە، هاوڕێینە، باوکینە، دایکینە)

لەم بازنەیە ناوای سروشتی و ڕەسەنی کوردی، جگە لە ناوەنامۆ و ناکوردیەکان کە لە زوانەئێرانیان و کوردی کۆن و عەرەب و فارس و تورک و عیبری و گرێکی، هاتونەتە نێو زوانی کوردی، ڕەگەزیان ئاشکرایە و کاتێک ناوەکە دەرکەوت و لەسەر هاستی پراگماتیک خێرا دەزانن ناوەکە کوڕ ـ پیاوە یان کچ ـ ژنە، وەکو:

ناوەعیبریەکان: ئیبراهیم، ئیسمائیل، سلێمان، داود، ئەسحاق، هارون، سارا...تاد.

ناوەعەرەبیەکان: عوسمان، عەلی، موحەمەد، مەهدی، عایشە، خەدیج، زارا، فاتمە...تاد.

ناوەئێرانی و کوردی کۆنەکان: خەسرەو، کەیخەسرەو، بەهمەن، ئاڕەش، ڕۆستەم، سیامەند، سیامەک، سیاوەش، فەردین، فرەیدون...تاد.

ناوەتورکیەکان: حیکمەت، ڕافعەت، عیزەت، هیدایەت، بێهجەت، ڕەجەب...تاد.

ئەم ناوانە ناوی تایبەتی ڕەگەزین کە پێویست ناکات بۆ هەردو ڕەگەز بەکار بهێندرێن. کەچی ناوەسەرەکی و سروشتیەکانی زوانی کوردی بەڕەچەڵەک دولایانن و هەردو ناوەکان هەم بۆ کوڕ و هەم بۆ کچ لە ناوچانی جیاجیای کوردستان بەکار دێن، وەکو: (هیوا، یادگار، ئارام، چیا، ئاوات، هێدی، شەپۆل، ئاڤان، سکالا، سامران، سۆران، ئاسۆ، شاهۆ، ئاکۆ، ئامانج...تاد).

ـ هەندێک ناو، وەکو ناوی نێر بۆ مرۆڤ لە بەشی فرێز و سینتەکسیەوە نیشانە و دیاری دەکرێن، واتا خاوەن هێمایەکی تایبەتی ناسینەوەی ڕەگەزین، وەکو (ئەکانە، ماڵۆس، ئارۆڵە، لۆک، مەڕ، بەران، مریشک، کەڵەشێر، هەسپ، ماین، گەماڵ، دێڵ) لە زوانی کوردی بۆ جیاکردنەوە و لەیەک جیاوازیدانانی نێر و مێ بەکاریان دێنین و کێشەمان نیە بۆ ناسینەوەیان. بەڵام وشەی وەکو (پور) کە نیشانەی ڕەگەزی پێوە دیارە، ئەم نیشانە لە هاستی کۆمەڵایەتیەوە ئاشکرا و دیارە بەڵام لە هاستی زوان، لە بەشی سینتەکسەوە بەشێوەی (خوشکی دایک، خوشکی باوک) دەردەکەوێت. لێرەش ئاشکرا دەردەکەوێت کە کاتێک دێینە سەر بەشی ئەکتیڤی زاڵبونی زوانەنامۆیەکان بەسەر زوانی کوردی، ئەم هەستە لە زوانیش دەردەکەوێت. وەکو وشەی (خاڵ) و (مام) کە بێهیچ کێشەیەک دەردەکەوێت کە باس لە کێ کراوە، بەپێچەوانەی وشەی (پور)

کەچی لە بەشی ئاژەڵەکان مۆرفیمی (دێڵ، گۆڵ، نێر، مێ، ما) وەکو گیرەک دەچنە پێش ناو و نیشانەی ڕەگەزیەکەی دیاری دەکەن. بەزۆر بۆ ئاژەڵان بەکار دێت، وەکو:

(ماکەر، ماکەو، نێرەکەر، نێرەکەو، دێڵەسەگ، گۆڵەسەگ، دێڵەکەر، نێرەکەر، نێرەسە، نێرەمەڕ، شەکەنێر، گیسکەنێر، گۆڵەکەر، دێڵەورج، نێرەورج، وشترمێ، وشتری نێر).

هەر لەم گۆڕەپانە ناوی نێر و مێ، لە بەشی نیشانەکانی خزمایەتی و نیشاندان و ناساندنی پەیوەندی بنەماڵەیی گیرەکی (زا) دەچێتە سەر ناوانی بەشی نێر بۆ مرۆڤان، وەکو:

(خوشکازا، پورزا، خاڵۆزا، ئامۆزا، مامۆزا، برازا، خوارزا، تاتزا، تاتەزا، هاپۆزا، هاڵۆزا، لالۆزا، خاڵۆزاگ، میمکەزا، تیتکزا، میمگەزا، هالەزا، خارزا، وارزا، واڵەزا، برازێ، برازاگ، برازا، کچەزا، کوڕەزا، زازا)، ئەمانە وەکو ناوی خزمایەتی دەور دەگێرن، کەچی دەچنە ژێرناوی نێری مرۆڤ و هەردو بەشی نێر و مێ.

**ناوی پیشەیی بۆنێرو مێ:**

وەکو پیشەی نوێ و مۆدێرن و هەروەتر پیشەی کۆنیش، بەڵام هێستا بەشێوەی نوێ و گەشەکردوی جیهانی، وەکو پیشەی دولایەنی لێهاتوە و هەردو ڕەگەز بەکاری دێنن، وەکو:

(ڕۆژنامەوانی، هەواڵنێری، مامۆستایەتی، بەرگدرویی، چێشتلێنان، جوانکاری، دکتۆری، ئەندازیاری، دادوەری، ئوستادی، دوکانداری، جلفرۆشی، دەستفرۆشی، نوسینگەداری، پۆلیس، فەرمانبەری، مۆسیقارژەنی، نیگارکێشی، پەیکەرتاشی، لێخۆری، نامەگری، فەڕشچنی)، ئەم ناوانە وەکو ناوی دیاریکەری ڕەگەزی پیشەیی ناوی نیشانکراوەیان نیە و دەبێت لە هاستی سینتەکس دەربکەون، وەکو: (مامۆستای ژن، بەرگدوی ژن، فەرمانبەری پیاو، دکتۆری ژن، لێخۆری پیاو)، هەندێک ناوی دیکەش وەکو هاوڵکرداری دیاریخەری ڕەگەزی بۆ ڕەگەزی مێن، وەکو: (منداڵبون،هاوسبون، دوگیانبون، شیردان، گەسک لێدان، زگپڕبون، جلشوتن، ماڵشوتن، چێشتلێنان، مێردکردن، شوکردن، نانکردن، ماڵ خاوێنکردنەوە، مەڕدۆشین، مەشکەژەنی، تەشیرێسی، قاپشوتن، فەڕشکردن، چادردوری، بێری).

بۆ نێر: (ژنهێنان، شەڕکردن، گۆڕهەڵکەندن، کاسپکردن، نان پەیداکردن، ئاوسکردن، خستنەبەر، هاویشتنەبەر، بارلێدان، بارخاڵیکردن، خانودانان، وەستایەتی)، ئەم ناوانە بۆ وەرگرتنی مۆرفیمی جێناوی ئاماژەیی پێویست بەوەرگرتنی مۆرفیمی ناساندنی نێر و مێی ناکەن و بەوەرگرتنی "ئەم و ئەو" لە فرێز و ڕستەوە، مەبەست و مژارەکە دەردەخەن. هەڵبەت بەگەشەکردنی تەکنۆلۆژیا، هێستا ئەم ناو و پیشانە زۆریان نەماون و کەم بونەتەوە، وەکو: (چێشتلێنان، گسکلێدان، جلشوتن، نانکردن، قاپشتن، فەڕششوتن، تەشیرێسی، مەشکەژنی،

فەڕشکردن)

| | | |
|---|---|---|
| ئەو چێشتی لێ نا. | ئەو منداڵی بو. | ئەمە گسکی لێ دا. |
| ئەمە دوگیان بو. | ئەمە گۆڕی هەڵکەند. | ئەمە باری هێناوە. |

**ـ ناوی پلەوپایە و بەرپرسیارەتی و پلەی کۆمەڵگەیی و زاری ئاخێوەرانی ئەم کۆمەڵگەیە لەنێوان ڕەگەز مێ و نێر، بەم شێوەیە دەردەکەوێت، وەکو:**

**ـ هاوەڵناوی کەسایەتی و پلەوپایە و بەرپرسیارەتی، مێ:**

(کابان، کەیوان، شاژن، مەلەکە، بێوەژن، سەرەژن، گەورەژن، شۆڕەژن، پیرەژن، خوشکەژن، ژنخوشک، وەستاژن، مەلاژن، حاجیژن، کەیخوداژن،ماڵەوە، خێزان، قەڕەواش)، لە بەرانبەر بە پیاو لە پێکهاتەی کۆمەڵگەیی و ژیان بەکارهێندراوە.

**.ناوەدەنگیەکان**

هەر زوانەی بەپێی فۆنەتیک و ڕێسای فۆنۆلۆژی خۆی، شێوەی دەنگی سروشتی بۆ ئاژەڵ و سروشت و کەرەستان هەڵدەبژێرێت و بەکاریان دەهێنێت، ئەم ناوانە وەکو شێوەی دەنگسازی سروشتی خۆی دێنە نێو زوانی هەر گەلێک. زوانی کوردی وەکو زوانێکی فۆنەتیکی و سروشتی بۆ هەرکام لە بەشەکانی تایبەت و سروشتی ژیان و سروشت، بۆ ناوەکانی ئەم بەشانە، لەسەر هاستی ژیانی جوتیاری و ماڵاتداری، دەنگی ناوی هەڵبژاردوە و بەکاریان دێنێت، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| باڕەی بزن | باعەی مەڕ | بۆڕەی مانگا |
| بۆڵەی ورچ | بڵقەی ئاو | پرخەی کەروێشک |
| تەپپەی ڕوخان | تەققەی تفەنگ | ترپەی پێ |
| تریقەی پێکەنین | چریوەی مەل | چرپەی قسە |
| چزەی سوتان | چققەی شکان | جوکەی چۆڵەکە |
| جیکەی چۆڵەکە | جیڕەی دان | حەپەی سەگ |
| وەڕینی سەی | حیلکەی ماین | خشەی مار |
| فیکەی مار | فیشکەی مار | خزمەی کوشتن |
| خڕڕەی گوێز | خڕڕەی قەڕەپوڵ | خڕڕەی بازنەی |
| خڕڕەی گوارەی | خورەی ئاو | ڕمبەی کەوتن |
| زرمەی تەڤینەوە | زریکەی پڵینگ | زیکەی مشک |
| شەپپەی ئاو | شڵپەی ئاو | شەققەی باڵ |

| | | |
|---|---|---|
| شەققەی تفەنگ | شەققەی شەپ | شەققەی دەست |
| فنی لوت | ڤنگەی با | فیقەی زوڕنا |
| قاسپەی کەو | قاقای پێکەنین | قرتەقرتی مریشک |
| قرچەی سوتان | قرمژنی شەستیر | قوقەی کەڵەشێر |
| قیڕەی قاز | قیژەی کچ | شیڕەی پیرێژن |
| کورکەی ماین | گارەی مریشک | گرمەی هەور |
| تریشقەی هەور | گڕەی ئاگر | گڤەی با |
| گۆڕەی تەندور | گڵپەی ئاگر | گمەی کۆتر |
| گیزی زەردەواڵە | لرفەی ئاگر | میاوەی پشیلە |
| لورەی گور و چەقەڵ و سەگ | مرخەی کەروێشک | مرقەی بەراز |
| ناڵەی مرۆڤ | نەڕەی شێر | نرکەی ژن |
| نقەی مرۆڤ | نوزەی نەخۆش | هاڕژنی موشەک |
| هاڕەی دەستاڕ | هاژەی شەپۆل | هۆنەی با |
| مڵچەی دم | واقەی ڕێوی | واقەی کەمتیار |
| ورتەی پیرەژن | ورشەی دارستان | وزەی زەردەواڵە |
| وەڕەی سەگ | ویزەی هەنگ | هاژەی با |
| بۆڵەی مرۆڤ | پرتەی ئاگر | پرژەی ئاو |
| پرشەی ئاو | پڵتەی مرۆڤ | تەپەی لاق |
| تەقەی بەرد | جرنگەی مرۆڤ | جریکەی مەل |
| جیرەی دار | چۆرەی ئاو | شۆڕەی ئاو |
| چریکەی مەل | خرپەی لاق | خرچەی کاڵەک |
| خرنگەی بازنەی | خرەی قەرەپوڵ | درنگەی ـ زرنگەی جەڕە |
| ڕەپەی هەویر | زڕەی ئاسن | زریکەی ژان |
| زیڕەی منداڵ | زیقەی منداڵ | شیڕەی ئەسپ |
| شڵقەی شوڕباو | فیکەی مرۆڤ | فینگەی مرۆڤ |
| شریخە ـ شریقەی هەور | قوڵتەی ئاو | قیژەی مرۆڤ |
| گڤەی بەرد | کۆکەی ـ کۆخەی مرۆڤ | گرمەی بەرد |
| گیزەی کتری | لرخەی مانگا | لوشەی چای |

میزەی منداڵ        نرکەی منداڵ        هۆنەی گریان

هنەی ـ هینکەی سینگ

ـ لە دۆخی وشەسازی و ئەرکی وشەی لێکدراوی دەرخەری، بەدەرکەوتنی مۆرفیمی نێوبەندی (ە)، ئەم ناوانە وەکو وشەی لێکدراو لە زوانی کوردی دەوری وشەی دوپاتەیی دەگێرن، (بۆ زانیاری لەم بەشە، بڕوانە بەشی وشەی لێکدراوی ئەم کتێبە):

قیژەقیژ        مرخەمرخ        فینکەفینک        زیقەزیق        لورەلور

قۆڕەقۆڕ        میزەمیز        جریکەجریک        بۆڵەبۆڵ

**ـ ناوی پێکهاتەی سروشتی بۆ بەشەجیاجیانی سروشت و پێکهاتەکانی لەنێو زوانی کوردی، وەکو:**

ئاشێف: دەوردانەوەی دار.

ئاوسەر: زەویەک کە ئاو، باش دانادات.

ئادان: زەوییەک کە پیت و دانی زۆرە.

باراو، بواراو، بەهاراو، بێلۆ، کانیەدرۆزنە، کانیەبەهارە، کوێرەکانی: کانیەک کە بەهاران ئاوی پێدا دێت و لە هاویندا ویشک دەبێت.

بافڵ: تاڤگە.

باهێر: بایەر، بەیار، بایر، کۆدە، بور، بورە، زەوی نەکێڵدراو.

بوش، بویش: شوێن و دەڤەر و ناوچەی ویشک و بێاو.

بەڕ: بور، بورە، بەیار، بایەر: زەوی ویشک و نەکێڵدرا بێت.

بەروار: قەدی کێو.

بەرکاو: بەرکێو، دامێن ـ داوێنی شاخ.

بەژ، بەش: ویشک ـ وشک ـ ئیشک.

پاڵدامێن ـ پاڵداوێن: تەشکی دامێن.

پاناو، پانتانو: تەختایی سەرچیا.

خۆڕاو: ئاوی توندڕۆ.

پادەشت: پێدەشت، دەشتێک کە بکەوێتە داوێنی بەرزایی شاخ.

شافر: وشکایی، بیابان.

شاوان، شەهوان: زەوین ـ زەمینی بەردەڵان.

شاخ: زرت، زەرت، زەرد، سیت.

شێپ، شیو، شێڤ: دەرە و دۆڵی باریک.

شەکار: چیمەن و گیاجاڕ.

شکارتە: زەوی داچێندراو بۆ خێر و بەخشین.

شەهو: ڕێگەی دژوار ـ دشوار و بەرداوی.

شاخوڕ: تەپۆڵکەی بەردی.

شەهـ، شەت: ڕوباری گەورە.

سفتیک: دەشتی نیوان شاخ و چیا.

سەف: ڕیزبونی کۆمەڵەشتێک پێکەوە.

سیپان: کێوێک کە هیچکات بەفری لێ نەبڕێت.

سەفتە: لەسەر دانانی کۆمەڵەشتێک پێکەوە.

سەفان، سەفین: چەند چیایەکی گرێداوی یەک، زنجیرەچیا.

ساکۆ: چیای ڕوتەن.

کەندولەند: زەوی بەرز و نزم.

کەند، چاڵڵەند: بڵەند، بڵند، بەرزی.

کاو: کێو.

قات: خاک، ئاخ، زەوی.

قاتەلێوە، خاکەلێوە.

دۆڵ: دەڵ، دەر، دەرە، بۆڵ، بۆهڵ.

دەرقەل: زەوی بچوک ـ چوکە، باریکەزەوی.

دمی ئەشکەوت: زار.

زاخە، زاخ: ڕەهۆڵ، ئەشکەوتی داتاشڕاو لە شاخ.

زەنەک، ئاوپەڕێن، ئاوزێ: زەویەک کە ئاوخۆر و ئاودادەرە.

زینو، زینی، زیندو، زینە: ملەی کێو.

زەنوێر: شوێنی بڵند و سەرکەش و خۆش.

زەنگوڵ: ترۆپکی کێو.

زاندۆر: ئەشکەوتی سەهۆڵخانە.

ژاوە: ئاوی ڕون.

ژاوەڕۆ: چەم ـ چۆمی ڕون و سازگار.

ماتاڤ: ئاوێک کە ئارام و مات و مەندە.

ماز، ڕزد: زنجیرەکێو، زنجیرەشاخ.

مەڕ، مەڕە: ئەشکەوت.

نشیڤ: باشور، ژێرو، ڕاژێر، باژێر لای خوارەوە.

نشێڤ: سەربەرەوژێر، نزمایی و ڕوبەخوار.

قۆپ: قوپک، قۆپی، لوتکەی شاخ و چیا.

قەدپاڵ: نێوقەدی شاڵی شاخ، قەدی تیرەشان، گردەشان.

هێنی، هانی، هانە، هەنی: کانی.

لاوچ: کەنداو، وش، ویشک، وشک، ئیشک.

هەکۆکە: کوێرەکان.

هەڵدێر: شوێنک کە هەڵدێرە، پەرتگە.

**.هاوەڵناو (Adjective)**

وەکی ئاشکرایە زوانی کوردی، زوانێکی هاوەڵناوی نیە و هاوەڵناو بەشێکی چالاک و بەهێزی ناوە کە باس لە شێوەی چۆینەتی و تایبەتمەندی شێوە و جۆر و چەشن نیشان دەدات و دەکات، واتا وشە یان کۆمەڵەوشەیەکن کە لەبوارەی ناو و وشە زانیاری و ڕونکردنەوە دەدەن و یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ناو و وشە، وەکو: (شێوە، دۆخ، نیشانە، تایبەتمەندی، قەبارە و ژمارە)، ڕون دەکەنەوە، هەروەتر چۆینەتی زەقی و واتایی ناو و جێگری ناو نیشان دەدەن و دیاری دەکەن و ئەرکی دیاریخەری و بەواتایەکی دیکە وەسفی ناو و جێناو دەکەن و ناو و وشە پێناسە دەکەن. زۆرجار دەبێتە جێگری ناو و دەوری تەواوکەری ناو و جێناو بەستۆوە دەگرێت و گرێ پێکدێنێت، گرنگی ئەم بەشە لە بازنەیەکی زمانەوانی، لە سێ سوچەوە پێکدێت:

ـ ١: هاستی وشەسازی ٢: هاستی واتاسازی ٣: هاستی تەواوکەری ناو لە ڕستەسازی.

لە بازنەی ڕێزمانی "هاوڵناو" هاڵۆزیەکی زۆر هەیە و ئەمەش بوتە هۆکاری ئەمەی کە لە زۆر

کات و شوێن، بەسانایی لەیەک جیا نەکرێتەوە و لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئاخاڤتن، تێکەڵ ببێت.

**١: هاوەڵناو لەڕوی پێکهاتەوە:**

**دەبێتە دوجۆر؛ (سادە و نادەسا).**

جۆری سادە، ئەم هاوەڵناوەسادانە دەگرێتەوە کە تەنیا لە مۆرفیمێکی ئازاد یان وشەیەکی سەربەخۆ پێکهاتون، وەکو: (کورت، درێژ، ڕەش، ڕەق، نەرم، تاریک، ڕوناک، ورد، دریشت، گەرم، سارد، سوێر، تاڵ، تیژ، تفت، شیرین، توند، شل، نیان، ناسک، قورس، ئەستور، بەرز، قوڵە).

**ـ هاوەڵناوی نادەسا**

**ـ هاوەڵناوی نادەسا دەبێتە دو بەش:**

هاوەڵناوی داڕێژراو و هاوەڵناوی لێکدراو.

**ـ هاوەڵناوی داڕێژراو:**

**لە مۆرفیمێکی ئازاد و گیرەک ساز دەبن، هەندێکجار ئەم گیرەکانە دەچنە سەر ناو و کاری سادە و دەیانگۆڕن بۆ هاوەڵناوی داڕێژراو، کە بەپێی ڕێساکان، بەم شێوەن:**

**ـ لە دو مۆرفیمی پێشگر کە دەچنە سەر ناو و دەیکەنە هاوەڵناوی داڕێژراو، وەکو:**

**ـ بێ:**

**بێ + ناو = هاوەڵناو:**

بێلایەن ـ بێکەس ـ بێپوڵ ـ بێهێز ـ بێوڵات ـ بێناز ـ بێهۆش ـ بێشەرم.

**ـ بە + ناو = هاوەڵناو:**

بەناز ـ بەڕێز ـ بەهۆش ـ بەجەرگ ـ بەکەڵ ـ بەهێز ـ بەسامان.

**ـ هاو + ناو = هاوەڵناو:**

هاوڕا ـ هاوچەرخ ـ هاوسەر ـ هاوڕێ ـ هاوبیر ـ هاوتەمەن.

**ـ دۆخی نەرێنی (نە) و (نا) + ناو = هاوەڵناو:**

نەخۆش ـ ناڕێک ـ نەگونجاو ـ نازانستی ـ ناشارەزا ـ نەساغ ـ نەترس.

ـ ئەم پاشگرانەی کە هاوەڵناوی داڕێژراو ساز دەکەن، ئەمانەن: (وەر، ناک، انە، انی، ور، دار، مەند، و، باز، ەوەر، ین، ن، ی، گین). (بڕوانە بەشی وشەناسی).

**ـ هاوەڵناوی لێکدراو:**

لە دو مۆرفیمی ئازاد و یان دو مۆرفیمی ئازاد و گیرەک پێکدێن. (بڕوانە بەشی وشەناسی).

**ـ هاوەڵناو لەڕوی ڕەواڵە ت و واتاوە:**

ـ هاوەڵناوی بارستایی و قەبارە، ئەم جۆرە هاوەڵناوانە بەشێوەی جوتجوت دەردەکەون، واتا

هیچکات بەتەنیا نین و هەموکات هاوواتا و دژواتایان و پلەیان هەیە و لەنێو و پرسیاریان بێلایەنن و شێوە و قەبارەی ناو دیاری دەکات، وەکو:

گەورە ـ بچوک        درێژ ـ کورت

**ـ دیاریخەری ڕەنگ: لە کۆمەڵێک ڕەنگ لە چوارچێوەیەکی واتایی کۆ دەبێتەوە و ئەندامەکانیان لەنێو خۆیان جیاوازن، وەکو:**

زەرد    سور    شین    سپی    ڕەش    سەوز    قاوەیی

کەسک    پەمەیی    بۆر    مۆر    خاکی    سورمەیی

**ـ هاوڵناوی ڕەواڵەت:**

**ئەم چەشنە ناوانە، تایبەتی کەس و شتێک دەردەخەن و دیاری دەکەن، هەندێکیان بەشێوەی جوتجوت و دژواتا و هاوواتا و هەندێکیان بەتاک دەردەکەون، وەکو:**

گران ـ هەرزان    چاک ـ خراپ    قورس ـ سوک    بەرز ـ نەوی

دور ـ نزدیک    سەرێ ـ خوارێ    تاڵ ـ شیرین    چاک ـ باش

ڕاست ـ دروست    ئازا    بوێر    وریا

وشیار    دلێر    ژیر

**ـ ئەم ناوانەی کە وەک دیاریخەر، دەردەکەون، توانایی هاوەڵناویشیان لە چوارچێوەی ڕستەوە هەیە، وەکو:**

گەنجێکی بەجەرگ و ئازا بو.        ئوستاد پێنوسێکی سوری پێ دا.

ئەم کچە ژیرانە، وانەی خوێندەوە.

**ـ ڕێژەی هێز و کاریگەری هاوەڵناو پتر دەکات، وەکو: (هەمو، یەکجار، گشت، فرە، زۆر، پتر) هاوەڵناو بەرز دەکاتەوە:**

کوڕێکی جوانی بو.        کوڕێکی یەکجار جوانی بو.        کوڕێکی زۆر جوانی بو.

**ـ هەر وشەیەک کە هاوەڵناو یان بنجێکی هاوەڵناوی تێدا بێت، توانایی سازکردنی ناوی واتایی هەیە، وەکو:**

شارەزا + یی: شارەزایی        زو + یی: زویی        دانیشتو + یی: دانیشتویی

شێنە + یی: شێنەیی        ئاسا + یی: ئاسایی    تەبا + یی: تەبایی

**ـ هاوەڵناوی تەمەن، کە ڕێژە و چەندێتی و چۆنیەتی تەمەن دەردەخات، وەکو:**

منداڵ    بچوک    لاو    هەراش    خاو    گەنج    جوان

پیر    کاڵ    زارۆک    کۆرپە    ساوا    زارۆ    بەنگین

**ـ هاوەڵناوی ئاکاری و فیزیکی، ئەمانە دیاریخەری قەبارە و چەندێتی کەرەستە و وشە و ناون، وەکو:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بچوک | گەورە | زەلاّم | قەڵەو | کەز |
| زۆر | فرە | فەراوان | تەسک | تەنگ |
| بەرین | باریک | بەرز | نزم | دۆڵ |
| تیژ | کورت | درێژ | لێڵ | ڕون |
| تاریک | تنۆک | ساغ | وشک | تەڕ |

**ـ هاوەڵناوی ڕەگەزی:**

نێر، مێ، ژن، پیاو، کچ، کوڕ، پیاو، گۆڵ، دێڵ، مێرد.

**ـ هاوەڵناوی چێژ:**

ئەم هاوەڵناوانەی کە دیاریخەر و چۆینەتی تام و چێژ و خۆشی و ناخۆشی ناو و بابەتێک دیاری دەکەن و هەروەتر لەسەر چوار بەشەسەرەکی تامکردنی ئەندامی زمان پێکدێن، واتە ئەندامی گۆشتی نێو دم و زار، وەکو:

شیرین تاڵ سوێر تفت تیژ ترش مێخۆش خۆش مزر

**ـ هاوەڵناوی خێرایی و چۆنیەتی:**

**ـ ئەم هاوەڵناوانە شێوەی خێرایی و چۆینەتی ئاکاری و کردەوە دیاری دەکەن، وەکو:**

خێرا ئارام هێدی هێمن توند پەلە یەواش

هێور تیژ تەپ شێنەیی هێواش کول بڕ

**ـ هاوەڵناوی هۆشەکی:**

ئەم ناوانە دیاریخەری چۆینەتی و شێوەی هەڵسوکەوت و بڕیاردان و شێوازی ناوین، وەکو:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گێژ | مەڕ | هەژار | دواکەوتو | نەفام | نەزان | حەپۆڵ | گەمژە |
| گەوج | خوێری | زیرەک | وشیار | وریا | بلیمەت | بیرمەند | |
| زانا | زرینگ | وێڵ | سور | گەلۆر | | | |

**ـ هاوەڵناوی خزمایەتی:**

ئەم هاوەڵناوانە شێوەی پەیوەندی و کەسایەتی و نزدیکی ناو و مرۆڤ دیاری دەکەن، وەکو:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| برا | باب | باوک | دایک | خوشک | پور |
| خاڵ | مام | زاوا | ژن | کچ | کوڕ |

نەنک باپیر مێر منداڵ خێزان هاوسێ
خەسو خەزور خوشکەمێرد ژنخوشک مامۆژن

**ـ هاوەڵناوی پلەیی گەرما و ساردی:**

گەرم سارد گەرما سەرما فێنک شنە داغ سور بەسۆز بەتین.

**ـ هاوەڵناوی پلەی بەراوەرد:**

ئەم بەشە چۆینەتی، شێواز و سیفەتی ناو و وشە، لەنێوان هاوچەشنەکانی خۆی نیشان دەدات، کە بەسێ شێوەی:

١: پلەی چەسپاو ـ بێهیمایە.

٢: پلەی بەراوەرد، گیرەکی (تر) دەگرێت.

٣: پلەی باڵا، گیرەکی (ترین) دەگرێت.

**پلەی باڵا:**

**واتا هەرەلەپێش و سەرتر و وەپێشتر دەکەوێت. هەرچەند لە هەر سێ دۆخەوە، مەبەست لە شێوەکانی پلەی هاوەڵناوە و مەبەستیان یەکە. جیاوازی ئەم سێ پلەیە؛ پلەی باڵا و بەراوەرد، لەگەڵ پلەی چەسپاو، ئەمەیە کە پلەی بەراوەرد، باڵا سیما و نیگار و ڕوخساری نیسبیان تێدایە و پلەی بەراوەرد و باڵا و هەرەسەرەوەی ناو و وشە، بابەتێک دیاری دەکەن و دەریدەخەن و گیرەکی وشەگەردانی (تر ـ ترین) دەگرێت، وەکو:**

**ـ هاوەڵناو + تر:**

جوان + تر: جوانتر باش + تر: باشتر ناسک + تر: ناسکتر دروست + تر: دروستتر

نزدیک + تر: نزدیکتر دور + تر: دورتر گەورە + تر: گەورەتر سەر + تر: سەرتر

**ئەم هاوەڵناوانە، پلەی بەراوەردن و کاتێک چوونە دەوری پلەی باڵا و هەرەسەرتر، مۆرفیمی (ترین) دەگرن، وەکو:**

**ـ هاوەڵناو + تر + ترین:**

باشتر ـ باشترین جوانتر + جوانترین ناسکتر ـ ناسکترین دروستر ـ دروسترین

نزدیکتر ـ نزدیکترین دورتر ـ دورترین باشتر ـ باشترین چاکتر ـ چاکترین

سەرتر ـ سەرترین

ـ لە بازنەی ڕستەسازیەوە گیرەکی (هەرە) و (هەمو) دەکەوێتە پێش پلەی بەراوەرد و باڵا و جەخت لەسەر بەراوەرد و باڵابونیان دەکات، وەکو:

هەرەنزدیکتر ـ هەرەنزدیکترین هەرەباشتر ـ هەرەباشترین هەرەسەرتر ـ هەرەسەرترین

هەرەدورتر ـ هەرەدورترین لە هەموی نزدیکر لە هەموی زیرەکتر

له هەموی باشتر          له هەموی دروتر

**ـ هاوەڵناوی نادیار:**

لەنێو زوانی کوردی ئەم مۆرفیمانەی که هاوەڵناوی نادیار نیشان دەدەن، ئەلۆمۆرفیمی (تر، که، دیکه، دن، دی) وەردەگرن، هاوەڵناوی (تر) لەنێو زوانی کوردی سێ مۆرفیمی هاوبێژی هەیه و دەبنه ئەلۆمۆرفی یەکتر، وەکو له ڕێزمان باو بوه، بەم شێوازه ئەم سێ ئەلۆمۆرفیمه دەردەکەوتن:

**ـ (تر)**

مۆرفیمی (تر) بچێته سەر ئەم هاوەڵناوانه واتای بەراوەرد یان (مقایسه)ی سەرتر دەگەیەنێت و بەشێوەی (تر، ترین) دێن، وەکو:

باشتر ـ باشترین          جوانتر ـ جوانترین          خراپتر ـ خراپترین

کەمتر ـ کەمترین          تاڵتر ـ تاڵترین          بەرزتر ـ بەرزترین

**ـ کاتێک چوو سەر ناو، دەوری (دیکه) دەبینێت:**

واتا کەسێک، گیانلەبەرێک، کەرەستەیەک، هامرازێک، ڕۆژێک، ساڵێک = دیکه، جۆر و چەشنێکی دیکه، وەکو:

ـ ڕۆژێکی + تر          ـ کەسێکی + تر          ـ پیاوێکی + تر          ـ ولاتێکی + تر

ـ دەرفەتێکی + تر ـ شوێنێکی + تر          ـ جارێکی + تر          ـ بابەتێکی + تر

**ـ ئەم ئەلۆمۆرفیمانە، له دەڤەر و بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەشێوەی (دی، دن، که) دەردەکەون، وەکو:**

پیاوێکی دی          ڕۆژێکی دی          جارێکی دی          ولاتێکی دی

شوێنێکی دی          دەرفەتێکی دی          ڕۆژێکی دن          کەسێکی دن

ماڵێکی دن          ساڵێکی دن          خانویەکی دن          دەرفەتێکی دن

ڕۆژێکی که          ساڵێکی که          دەرفەتێکی که          ڕۆژێکی که

ـ کاتێک بۆ دۆخی پلەی بەراوەرد و باڵا بێت له گیرەکی وشەگەردانی (تر، ترین) وەکو خۆی بەکار دێت و بەوشه دەلکێت و (تر) که دەوری ئەلۆمۆرفیمی (دی، دیکه، که، ئیدیکه، هیدیکه، هیدی، هیتر، ئیتر، ئیدیکەش، هیتریش، ئیتریش، یەکیتریش، دن) دەگرێت، بەجیا و دور له وشه و هاوەڵناوی خۆی دەنوسرێت و بەجێگەی (تر)، مۆرفیمی (دیکه) توانایی جێگربونی ئەلۆمۆرفیمەکانی دیکەی لەسەر هاستی سیمەنتیکی و پراگماتیکی دەگرێت و هێزی لێکسیکی زۆرتر و چالاکتره، واتا هیتر نوسەر نەگەڕێت بەشوێن ئەمەی که چ کاتێک دەبێت (تر، ترین)

بنوسێت و چ کات (تر) بەجیا دەنوسرێت و کەی دەلکێت و کەی نالکێت. واتا بۆ پلەی بەراوەرد (تر، ترین) و بۆ هاوەڵناوی نادیار (دیکە) دەردەکەوێت، چون لە هەندێک ناوچەی کوردستان وەکو دەڤەری موکریان بە "با" خاڵیکردن و لێبەربونی مرۆڤ دەوترێت: (تڕ) و لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی، مۆرفیمی (تر) لە چوارچێوەی سینتەکس و بەپێ فۆنەتیک لەی بڕوانین توشی لێڵی لێکسیکیمان دەکات و مۆرفیمی (دی) لە چاوگی (دیتن) بۆ سێیەم کەسی تاک لە کاتی ڕانەبردو دەردەکەوێت، وەکو:

"ئەو ئێمەی دی (دیت)، ئەو جوانی دی (دیت)، ئەو شاری دی (دیت)، ئەو وڵاتی دی (دیت)، پەرتوکی دی (دیت)"، هەروەتر مۆرفیمی (کە)ش هاستی سینتەکسی خۆی دەگرێت و دەبێتە هامراز، بۆیە باشترە کە لە مۆرفیمی (دیکە) کەڵک وەربگرین، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| جارێکی دیکە | بابەتێکی دیکە | کەسێکی دیکە | دەرفەتێکی دیکە |
| خولەکێکی دیکە | کاتژمێرێکی دیکە | ماوەیەکی دیکە | ساڵێکی دیکە |

# .جێناو (Pronoun)

باسێکی دیکەی بەشی ئاخاڤتن و چوارچێوەیەکی لۆژیکی لەم بەشە ڕێزمانی و لێکسیکیە. بەشی جێناوە کە هەڵگری باسێکی زۆر و پێچراوەیە. ئەم بەشە، بەشێکی هەرەگرنگ و چالاکی هەر زوانێک بۆ بەشی ئاخاڤتن و نوسینە. جێناو واتا، "جێگری ناو" ئەم مۆرفیم و نوسەک کە لە ڕستە و هاستی سینتەکسی لەبری ناو دادەنیشێت و جێگری دەبێت و دەورێکی ئێرگەتیڤی زمانەوانی دەگرێت. تاکو هێستا چەمکی (ڕاناو، جێناو، جێناڤ، ڕاناڤ) بۆ ئەم بابەتە دیاریکراوە و پێناسەی بۆ کراوە. جێناو لەنێو ڕستە، یارمەتی هاستی سینتەکسی دەدات بۆ ئەمەی کە دو یان چەند ناو بەشێوەی دوپاتەیی لە ڕستەیەک دەرنەکەون و لەبری ئەو (جێناو) جێگری ناو و وشەی نێو ڕستەکە بێت. جێناو و ناو کاتێک لەیەک جیا دەبنەوە کە جێناو بەهیچ شێوە هاوەڵناوی نیشانەی "ئەم" و "ئەو" وەرناگرێت و ژمارەی جێناوەکان مەرزدارن، واتا لە کۆمەڵەی داخراون، کە بەهیچ جۆر ئەندامێکی دیکەیان بۆ زۆر ناکرێت. جێناوەکانی زوانی کوردی بەپێی ڕیزبەندی بەم شێوەیە دەردەکەون:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **جێناوی کەسی** | **جێناوی خۆیی** | **جێناوی نیشانە** | **جێناوی پرسیار** |
| **جێناوی دیار** | **جێناوی نادیار** | **جێناوی ژمارە** | **جێناوی هەیی** |
| **جێناوی هاوبەشی** | **جێناوی نەرێنی** | **جێناوی لێکدەر** | |

**.جێناوی کەسی**

ئەم دەستە جێناوەن کە بۆ نیشاندان و دەستنیشانکردنی کەس یان کەسانی قسەکەر و گوێگر و نائامادە، بەکار دێن، واتا لەم پڕۆسەیە ناوی تاک و کۆی (یەکەم و دوەم و سێیەم) کەس، بەدەرکەوتنی جێناو ئاشکرا و دیار دەکردرێن. تایبەتمەندی ئەم جێناوانە ئەمەیە کە وەکو دەستەیەکی داخراو کار دەکەن و ژمارەیان ڕون و ئاشکرا و مەرزدارە و زۆر ناکرێن و بەم شێوەیە دیاریکراون و لە دێرەوە لەنێو زوانی کوردی ماونەتەوە، بەشێوەی:

**ـ کەس:**

کەسی یەکەم    کەسی دوەم    کەسی سێیەم

**ـ ژمارە:**    تاک    کۆ

**ـ ڕەگەز:**    نێر    مێ

بەم شێوەیە لە هاستی سینتەکس دەردەکەون و بەسەر دوجۆر دابەش دەبن:

ـ جێناوی کەسی لکاو

ـ جێناوی کەسی سەربەخۆ.

**ـ جێناوی کەسی لکاو**

ئەم مۆرفیمەبەندانەی کە بەتەنیا دەرکەوتنیان لەنێو ڕستە هیچ واتایەک نادات و هەردەم لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەی ڕستە، وەکو (ناو، هاوەڵناو، جێناو، کار، پێشبەند، فریێز) دەلێکن و دەردەکەون. ئەم جێناوانە ئەرکی جیاجیا لە ڕستەوە دەبینن، بۆ دەربڕین کەس و پەیوەندی لەنێو ڕستە جێگری کەسی یەکەم (قسەکەر) و کەسی دوەم (گوێگر) و کەسی سێیەم (نائامادە) کە بۆ ئاژەڵ و بونەوەر و گشت گیانلەبەران، کارابیان هەیە، دەبن.

**ـ جێناوی کەسی سەربەخۆ**

ئەم جێناوانەی کە هاوشێوەی مۆرفیمێک بەشێوەی "ئازاد" و "سەربەخۆ" لە چوارچێوەی ڕستەوە دەردەکەون و لەبری کەسی یەکەم (قسەکەر)، کەسی دوەم (گوێگر)، کەسی سێیەمی (نائامادە) بەکار دێن و هاستی پەیوەندیان بە کەسەکانی دیکە ڕون و ئاشکرا دەکەن و لەنێو ڕستە، لەگەڵ ناو و کات و شێوەجۆراوجۆرەکانی کردار بەکار دێن. تایبەتمەندی ئەم جێناوانە ئەمەیە، کە لە چوارچێوەی سینتەکس، لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی ڕستە دەردەکەون، کەچی جێناوەلکاوەکان، ئەم توانایییەیان نیە.

**ـ مۆرفیمەکانی کەسی جێناو لە زوانی کوردی، لەسەر هاستەکانی ڕستە و کات:**

| کەسەکان | ڕابردوی | ڕانەبردوی | ڕانەبردوی | فەرمان |
|---|---|---|---|---|
| **تاک و کۆ** | تێپەڕ | تێپەڕ | تێنەپەڕ | دان |
| **م** | م | م | م | |
| **ت** | یت | یت | یت | ە |
| **ی** | ـ | ێت | ات/ێت | |
| **مان** | ین | ین | ین | |
| **یان** | ن | ن | ن | ن |
| **تان** | ن | ن | ن | |

**ـ جێناوی کەسی سەربەخۆ:**

| یەکەم | دوەم | سێیەم |
|---|---|---|
| قسەکەر | گوێگر | نائامادە |
| من | تۆ | ئەو |
| ئێمە | ئێوە | ئەوان |

**تاک:**

| کەسی | کەس | کەس |
|---|---|---|
| یەکەم | دوەم | سێیەم |
| قسەکەر | گوێگر | نائامادە |
| من | تۆ/تو | ئەو |
| ئەمن | تە | ئاوە |
| مە | ئەتۆ / ئەتو | وی(نێر)، وی(مێ) |
| | تن | |

**ـ کۆ:**

| کەس | کەس | کەس |
|---|---|---|
| یەکەم | دوەم | سێیەم |
| قسەکەر | گوێگر | نائامادە |
| ئێمە | ئێوە | ئەوان |
| مە | وە | ئوان |
| ئەمە | ئەنگۆ | وان |
| | ئەوە ـ ئوە | ئاوان |

**ـ جێناوەکەسی سەربەخۆیەکان، وەک هەر بەشێکی دیکەی ئاخاڤتن، لەنێو ڕستە بەم شێوەیە دەردەکەون، وەکو:**

**ـ بکەر:**

من کارم کرد. من قسەم کرد. من وانەم نوسی.

**ـ بەرکاری ڕاستەوخۆ:**

دەنگی تۆی بیست؟ دیار تۆی بینی؟ ڕاهێنانی تۆی بینی؟

**ـ بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

پەرتوکەکەم بۆ ئێوە نارد. فێرخوازەکەم ناردە لای ئێوە.

**ـ دەرخەر:**

ماڵەکەی ئەوان خۆشە. فێرگەکەی ئەوان زەنگینە.

**ـ دەرخراو:**

ئێوە زانای بنەماڵەن. ئێمە زانستمەندی ئەم گەلەین.

**ـ نیهاد:**

ئەو شارەزا بو. ئەو ئوستاد بو.

**ـ گوزارە:**

ئوستادەشارەزایەکە لای ئەوان بو.

**ـ جێگری بکەر:**

ئەو دیاریکرا. ئەو ناوەزەکرا.

**تێبینی:** بەپێی هاستی سینتەکس و ڕستە، بەهۆی هاستی لێکچوونی کەسی سێیەمی کۆ، بۆ هاستی داڕژتنی کرداری ڕابردوی تێنەپەڕ و ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە چوارچێوەی بازنەی ڕستەیی بەم شێوەیە دەردەکەون:

**ـ ڕابردوی تێپەڕ:**

خەوتن: ئێوە خەوتن ـ ئەوان خەوتن. هاتن: ئێوە هاتن ـ ئەوان هاتن.

ڕۆیشتن: ئێوە ڕۆیشتن ـ ئەوان ڕۆیشتن. مردن: ئێوە مردن ـ ئەوان مردن.

سوتان: ئێوە سوتان ـ ئەوان سوتان.

**ـ ڕانەبردوی تێپەڕ:**

کار دەکەن: ئێوە کار دەکەن ـ ئەوان کار دەکەن.

وانە دەخوێنن: ئێوە وانە دەخوێنن ـ ئەوان وانە دەخوێنن.

نان دەخۆن: ئێوە نان دەخۆن ـ ئەوان نان دەخۆن.

وانە دەڵێن: ئێوە وانە دەڵێن ـ ئەوان وانە دەڵێن.

**ـ ڕابردوی تێنەپەڕ:**

دەچن: ئێوە دەچن ـ ئەوان دەچن دەکەن: ئێوە دەکەن ـ ئەوان دەکەن

دەبەن: ئێوە دەبەن ـ ئەوان دەبەن دەنێرن: ئێوە دەنێرن ـ ئەوان دەنێرن

**ـ جێناوی کەسی دو جۆرە، سەربەخۆ و لکاو:**

**ـ جێناوی سەربەخۆ:**

**وەکو مۆرفیمێکی ئازاد هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، چونکە سەربەخۆ و ئازاد لە هاستی سینتەکس دەردەکەوێت و بەشێوەی نوسەک و گیرەک بەوشە و بنجەکە نالکێت، گرنگتر جێناوی سەربەخۆ توانایی دەرکەوتنی لە سەرەتای ڕستەوە هەیە، کەچی جێناوی لکاو، ئەم توانایەی نیە. جێناوە سەربەخۆیەکان لە زاری ناوەندی یەکدەستەن، وەکو:**

(من، تۆ "ئەوتۆ ـ ئەتو"، ئەو، ئێمە، ئێوە "ئەنگۆ"، ئەوان)

ـ لە زاری ناوەندی و باکور بەشێوەی: (من، تن، ئەو، ئیمە، ئیوە، ئوان ـ ئەوان) دەردەکەون، لە زاری ناوەندی و باکور بەشێوەی دودەستە دەردەکەون، وەکو:

(من، تە، وی/وێ، مە، وە، وان)، لە ئەرکی خاوەنیەتی و بەرکاری دەردەکەون و جێناوەکانی (ئەز، تۆ، ئەو، ئەم، هون، وان) بۆ دۆخی کارا لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕی ڕانەبردو و کاری تێپەڕی ڕابردو دەردەکەون. هەرچەند دەکرێت بوترێت: کە جێناوی سەربەخۆ لە شێوەزاری باکور بەبێ دۆخ دەگۆڕدرێت، واتە؛ ئەم دەستەی بۆ دۆخی ڕاستەوخۆ بەکار دەهێندرێن بەم شێوەیەن:

(ئەز، تۆ، ئەو، ئەم، هون، ئەوان)

کەسی یەکەم: لە هەمو شێوەزارەکان (ئەز) دەگرێت.

کەسی دوەم: لە شێوەزارەکان (تو، تۆ) دەگرێت.

کەسی سێیەم: لە گشت شێوەزارەکان (ئەو) دەگرێت.

لە دۆخی کۆ: کەسی یەکەمی کۆ، (ئەم) دەگرێت.

لە دۆخی کۆ: کەسی دوەمی کۆ، (هون، هونگ، هین) دەگرێت.

لە دۆخی کۆ: کەسی سێیەمی کۆ، (ئەو، ئەوان) دەگرێت.

لە دۆخی ناڕاستەوخۆ، بەم شێوەیە دەردەکەون:

(من، تە، وی/وێ، مە، وە، وان)

جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەم و دوەم لە هەمو شێوەزارەکان (من، تە)، بەڵام لە کەسی سێیەم لە هەندێک ناوچەی دیالێکتی ئەم زوانە، (ئە) دەچێتە پێش جێناو و دەیکاتە (ئەوی ـ نێر)، (ئەوێ ـ مێ).

کەسی یەکەمی کۆ: لە هەمو شێوەزارەکان، جێناوی (مە) دەگرێت.

کەسی دوەمی کۆ: لە هەمو شێوەزارەکان، جێناوی (هونگە، وە، هەوە) دەگرێت.

کەسی سێیەمی کۆ: لە هەندێک دەڤەر، جێناوی (ئە) دەچێتەپێش جێناو و دەبێتە (ئەوان)،

هاوشێوەی زاری ناوەندی و باکوری کوردی.

**ـ جێناوەلکاوەکان: لە هاستی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی، بەشێوەی نیشانەی نوسکەک و گیرەک و بەسێ دەستە و ڕیزبەندی شەشدانەیی دابەش دەبن، وەکو:**

**ـ نوسەکی جێناوی و نوسەکی ڕێکەوتن:**

**لە هاستی مۆرفۆلۆژیکی لەگەڵ ناو و پێشبەند و کردار، هاستێکی ناسەقامگیر دەگرن و بەدوشێوەنیشانە لە هاستی مۆرفۆلۆژیکی و بەرەی سینتەکس بەشێوەی (م، ت، ی، مان، تان، یان)، دەردەکەون.**

**ـ گیرەکی ڕێکەوتن: لە سووڕی کردار دەردەکەوێت و بەدوشێوەی، دۆخی ڕابردو (م، یت، Ø، ین، ن، ن) و دۆخی ڕانەبردوی (م، یت، ێت، ین، ن، ن) بەکار و کردار دەلکێن.**

**ـ نوسەکی ڕێکەوتن: بەپێی دەرکەوتنی فۆنۆلۆژی و چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی بەشێوەگۆڕانی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک لە هاستی کرداری، بەشێوەی (م، یت، ە، ین، ن، ن) دەردەکەون.**

**دەرکەوتنی نوسەک و گیرەکانی جێناو، لە هاستەکانی کات و کار:**

**ـ لە دۆخی ڕانەبردوی گشت کارەکانەوە، ئەم دەستەگیرەکی ڕێکەوتنە دەبن بە بکەر، وەکو:**

| | |
|---|---|
| من دەڕۆم | ئێمە دەڕۆین |
| تۆ دەڕۆیت | ئێوە دەڕۆن |
| ئەو دەڕوات | ئەوان دەڕۆن |

| | |
|---|---|
| من دەچم | ئێمە دەچین |
| تۆ دەچیت | ئێوە دەچن |
| ئەو دەچێت | ئەوان دەچن |

| | |
|---|---|
| من دەخۆم | ئێمە دەخۆین |
| تۆ دەخۆیت | ئێوە دەخۆن |
| ئەو دەخوات | ئەوان دەخۆن |

**ـ دەستەی دووەم:**

لە دەوری ڕانەبردوی کاری (بون) و ڕابردوی تەواو، دەستەی یەکەمی جێناوەکان، یەکێک لە گیرەکان جێگەی خۆی دەدات بە نوسەکی کرداری لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی، بەهۆی ئەمەی کە دو بزوێن بەدوای یەکتر نایەن و لە هەندێک کاتی فۆنەتیکیشەوە، پیتی یارمەتیدەدەری (ی)

و (و)ی کۆنسۆنانت دێتە هالیکاری، وەکو:

| | |
|---|---|
| من ئوستادم | ئێمە ئوستادین |
| تۆ ئوستادیت | ئێوە ئوستادن |
| ئەو ئوستادە | ئەوان ئوستادن |
| من شارەزام | ئێمە شارەزاین |
| تۆ شارەزایت | ئێوە شارەزان |
| ئەو شارەزایە | ئەوان شارەزان |
| | |
| من کوردم | ئێمە کوردین |
| تۆ کوردیت | ئێوە کوردن |
| ئەو کوردە | ئەوان کوردن |

**ـ لە دۆخی ڕابردوی تەواو:**

ئەم دەستەگیرەک و جێگری گیرەکە، نوسەکی کرداری، ئەرکی بکەری کاری تێنەپەڕەکان دەگرێت، وەکو:

| | |
|---|---|
| من ڕۆیشتوم | ئێمە ڕۆیشتوین |
| تۆ ڕۆیشتویت | ئێوە ڕۆیشتون |
| ئەو ڕۆیشتوە | ئەوان ڕۆیشتون |
| | |
| من فێرم | ئێمە فێریین |
| تۆ فێریت | ئێوە فێرن |
| ئەو فێرە | ئەوان فێرن |
| | |
| من هەوم | ئێمە هەوین |
| تۆ هەویت | ئێوە هەون |
| ئەو هەوە | ئەوان هەون |

**ـ لە دۆخی بەرکار:**

له دۆخی کارەتێنەپەڕەکان، لەم هاستەوە جێناوەکان توشی گۆڕانکاری دەبن، له کەسی سێیەمی تاک گیرەکی (ێت) دەگۆڕدرێت بۆ هاستێکی نادیاری هێستایی و نوسەکی کرداری (ە) وەردەگرێت، وەکو:

| | |
|---|---|
| ئەوان بردویانم | ئەوان بردویانین |
| ئەوان بردویانیت | ئەوان بردویانن |
| ئەوان بردویانە | ئەوان بردویانن |

| | |
|---|---|
| ئەوان ناردویانم | ئەوان ناردویانین |
| ئەوان ناردویانیت | ئەوان ناردویانن |
| ئەوان ناردویانە | ئەوان ناردویانن |

ـ هاستی نادیاری دەستەگیرەکەکان له ڕابردوی نزدیک، بەشێوەی (م، یت، ـ، ین، ن، ن) دەردەکەون، ئەم دیاردەیە له سێ جۆری ڕابردو دەردەکەوێت، ڕابردوی نزدیک، ڕابردوی بەردەوام، ڕابردوی دور، وەکو:

**ـ ڕابردوی نزدیک:**

**کاری: (ڕۆیشت)**

| | |
|---|---|
| من ڕۆیشتم | ئێمە ڕۆیشتین |
| تۆ ڕۆیشتیت | ئێوە ڕۆیشتن |
| ئەو ڕۆیشت Ø | ئەوان ڕۆیشتن |

**کاری: (دانیشت)**

| | |
|---|---|
| من دانیشتم | ئێمە دانیشتین |
| تۆ دانیشتیت | ئێوە دانیشتن |
| ئەو دانیشت Ø | ئەوان دانیشتن |

**ـ ڕابردوی بەردەوام:**

**کاری: (دە + ڕۆیشت)**

| | |
|---|---|
| من دەڕۆیشتم | ئێمە دەڕۆیشتین |

| | |
|---|---|
| تۆ دەڕۆیشتیت | ئێوە دەڕۆیشتن |
| ئەو دەڕۆیشت Ø | ئەوان دەڕۆیشتن |

**کاری: (دا + دەنیشت)**

| | |
|---|---|
| من دادەنیشتم | ئێمە دادەنیشتین |
| تۆ دادەنیشتیت | ئێوە دادەنیشتن |
| ئەو دادەنیشت Ø | ئەوان دادەنیشتن |

**ـ ڕابردوی دور:**

کاری (ڕۆیشتبو)

| | |
|---|---|
| من ڕۆیشتبوم | ئێمە ڕۆیشتبوین |
| تۆ ڕۆیشتبویت | ئێوە ڕۆیشتبون |
| ئەو ڕۆیشتبو Ø | ئەوان ڕۆیشتبون |

**کاری (دانیشتبو)**

| | |
|---|---|
| من دانیشتبوم | ئێمە دانیشتبوین |
| تۆ دانیشتبویت | ئێوە دانیشتبون |
| ئەو دانیشتبو Ø | ئەوان دانیشتبون |

**ـ لە دۆخی بەرکار، کارەتێپەڕەکان:**

کاری: (بردیان)

| | |
|---|---|
| ئەوان بردیانم | ئەوان بردیانین |
| ئەوان بردیانیت | ئەوان بردیانن |
| ئەوان بردیان Ø | ئەوان بردیانن |

**کاری: (ویستیان)**

| | |
|---|---|
| ئەوان ویستیانم | ئەوان ویستیانین |
| ئەوان ویستانیت | ئەوان ویستیانن |
| ئەوان ویستیانØ | ئەوان ویستیانن |

**-ڕابردوی بەردەوام:**

کاری: (دە + ناشتیان)

| | |
|---|---|
| ئەوان دەناشتیانم | ئەوان دەناشتیانین |
| ئەوان دەناشتیانیت | ئەوان دەناشتیانن |
| ئەوان دەناشتیانØ | ئەوان دەناشتیانن |

**کاری: (دە + گرتیان)**

| | |
|---|---|
| ئەوان دەگرتیانم | ئەوان دەگرتیانین |
| ئەوان دەگرتیانیت | ئەوان دەگرتیانن |
| ئەوان دەگرتیانØ | ئەوان دەگرتیانن |

**-ڕابردوی دور:**

کاری: (ناشتبویان)

| | |
|---|---|
| ئەوان ناشتبویانم | ئەوان ناشتبویانین |
| ئەوان ناشتبویانیت | ئەوان ناشتبویانن |
| ئەوان ناشتبویانØ | ئەوان ناشتبویانن |

**کاری: (گرتبویان)**

| | |
|---|---|
| ئەوان گرتبویانم | ئەوان گرتبویانین |
| ئەوان گرتبویانیت | ئەوان گرتبویانن |
| ئەوان گرتبویانØ | ئەوان گرتبویانن |

**- کەسی دوەم و سێیەمی کۆ، لە دەستەی جێناوەکان، هەردوک مۆرفیمی کەسی (ن) دەگرن و هاوفۆرمن،**

**وەکو:**

**کەسی:**

ڕابردوی تێنەپەڕ: خەوتن، فرۆشتن، بردن.

دووەمی کۆ: ڕانەبردوی تێنەپەڕ: دەخەون، دەڕۆن.

ڕانەبردوی تێپەڕ: دەکڕن، دەفرۆشن.

**کۆ:**

ڕابردوی تێنەپەڕ: خەوتن، فرۆشتن، بردن.

سێیەم کەس: ڕانەبردوی تێنەپەڕ: دەخەون، دەڕۆن.

ڕانەبردوی تێپەڕ: دەکڕن، دەفرۆشن.

ـ ئەم مۆرفیمەکەسی و گیرەکی ڕێکەوتنانە، لە هاستی سینتەکس وەکو ئەم وێنانەی کە هێناومەتەوە، دەور دەگێرن، لە دو وێنەی شەش دەستەیی، لەم نمونانەی خوارەوە، وەکو بەرانبەر ئاوێنەیەک، ئەم دو دەستە جێناوە لە دۆخی کاری، کەس دوەم و سێیەمان، هاوشێوەی خۆیان دەردەکەون، وەکو:

**کەس دوەمی کۆ، لە دۆخی ڕابردوی تێنەپەڕ:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| خەوتم | خەوتین | فرۆشتن | فرۆشتین |
| خەوتیت | خەوتن | فرۆشتیت | فرۆشتن |
| خەوت Ø | خەوتن | فرۆشت Ø | فرۆشتن |

**ـ ڕانەبردوی تێنەپەڕ:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەخەوم | دەخەوین | دەڕۆم | دەڕۆین |
| دەخەویت | دەخەون | دەڕۆیت | دەڕۆن |
| دەخەوێت | دەخەون | دەڕوات | دەڕۆن |

**ـ ڕانەبردوی تێپەڕ:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەکڕم | دەکڕین | دەفرۆشم | دەفرۆشین |
| دەکڕیت | دەکڕن | دەفرۆشیت | دەفرۆشن |
| دەکڕێت | دەکڕن | دەفرۆشێت | دەفرۆشن |

**ـ کەس سێیەمی کۆ، لە دۆخی ڕابردوی تێنەپەڕ:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| خەوتم | خەوتین | فرۆشتم | فرۆشتین |
| خەوتیت | خەوتن | فرۆشتیت | فرۆشتن |
| خەوت Ø | خەوتن | فرۆشت Ø | فرۆشتن |

**ـ ڕانەبردوی تێنەپەڕ:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەخەوم | دەخەوین | دەڕۆم | دەڕۆین |
| دەخەویت | دەخەون | دەڕۆیت | دەڕۆن |
| دەخەوێت | دەخەون | دەڕوات | دەڕۆن |

**ـ ڕانەبردوی تێپەڕ:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەکڕم | دەکڕین | دەفرۆشم | دەفرۆشین |
| دەکڕیت | دەکڕن | دەفرۆشیت | دەفرۆشن |
| دەکڕێت | دەکڕن | دەفرۆشێت | دەفرۆشن |

**تێبینی:** دەرنەکەوتنی ئەم مۆرفیمی کەسیە، بەواتای نەبونی مۆرفیمەکە نیە، بەڵکو لەسەر هاستی ناو و کارە، کە هەست بەبونی ناکرێت، کەچی فۆرمێکی فیزیکی فۆن و دەنگەکەی نیە، ئەم مۆرفیمانەی کە فۆرمێکی زەق و دیاریکەریان نیە دەگرێتەوە. فۆرمەفیزیکیەکەش بریتیە لەم دەنگ یان پیتانەی کە واتای مۆرفیمەکە هەڵدەگرن، بەم پێیە مۆرفیمە دەرنەکەوتوەکان هیچ دەنگ یان پیتێکیان نیە کە لە ئاخاڤتن و نوسین جێگریان بێت و بەئاشکرا لە هیچ کام لەم بارودۆخانە، دەرناکەون، بەشێوەی خوارەوە:

چووم چووی چووØ هاتم هاتی هاتØ

ـ هەندێکجار پیتی (ت)ی کۆتایی کەسی دوەم (یت) و سێیەم (ات/ێت)ی تاک بەشێوەی حەزی و مەیلانە دەسڕدرێتەوە و دەقرتێت، لەسەر هاستی سینتەکس و ڕستەسازی لابردن و قرتاندنی ئەم پیتە، واتای وشەکە ناگۆڕێت، کەچی ناڕێزمانیە بقرتێندرێن، وەکو:

**ـ کەسی دوەمی تاک:**

| | | |
|---|---|---|
| خەوتیت ـ خەوتی | ناردیت ـ ناردی | مردیت ـ مردی |
| دەکڕیت ـ دەکڕی | دەڕۆیت ـ دەڕۆی | دەخەویت ـ دەخەوی |

بژیت ـ بژی　　　بەخەیربێی ـ بەخەیربێیت

**ـ کەسی سێیەمی تاک:**

دەخەوێت ـ دەخەوێ　　　دەنێرێت ـ دەنێرێ　　　دەکڕێت ـ دەکڕێ

دەمرێت ـ دەمرێ　　　دەڕوات ـ دڕوا　　　دەخوات ـ دەخوا

**ـ چۆینەتی دەرکەوتنی جێناوی کەسی سێیەمی تاک:**

ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە کاتی داهاتو دەردەکەوێت، کە چوار ئەلۆمۆرفی (ێت، ێ، ات، ا) دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتر و بەم شێوەیە دەردەکەون:

**ـ لەسەر هاستی فۆنۆلۆژیکی ئەگەر ڕەگی داهاتوی کارەکە بە (ۆ) و (ـە) کۆتایی هاتبێت، فۆرمی (ۆ) لە دۆخی ڕەگ دەچێتە جێگەی (و) نێوەبزوێن و نەبزوێن و جێناو دەچێتە فۆرمی (ات)، وەکو:**

خواردن: خۆ ـ دەخۆ + و + ات: دەخوات.

ڕۆیشتن: ڕۆ ـ دەڕ + و + ات: دەڕوات.

شوشتن: شۆ ـ دەش + و + ات: دەشوات.

بردن: بە ـ دە + بە + ات: دەبات = سوانی کورتەبزوێنی (ە).

**ـ لە دۆخەکانی دیکەی ڕەگی داهاتو جگە لە فۆنیمی (ۆ) و (ـە)ی کۆتایی کارەکە، جێناو دەچێتە فۆرمی (ێت)، وەکو:**

چوون: دە + چ + ێت: دەچێت.　　　شکاندن: دە + شکێن + ێت: دەشکێنێت.

کێڵان: دە + کێل + ێت: دەکێلێت.　　　شێڵان: دە + شێل + ێت: دەشێلێت.

ڕێژێت: دە + ڕێژ + ێت: دەڕێژێت.　　　کەوێت: دە + کەو + ێت: دەکەوێت.

نوسین: دە + نوس + ێت: دەنوسێت.

**ـ دەرکەوتنی ئەلۆمۆرفی (ا) و (ێ) بەڕێسای لابردنی (ت) دەردەکەون، وەکو:**

دەڕوات ـ دەڕوا　　　دەخوات ـ دەخوا　　　دەکات ـ دەکا　　　دەبات ـ دەبا

دەنوات ـ دەنوا　　　دەچێت ـ دەچێ　　　دەنێژێت ـ دەنێژێ　　　دەمرێت ـ دەمرێ

دەکڕێت ـ دەکڕێ دەنێرێت ـ دەنێرێ

**ـ پیتی (ا)، بەهۆی دیاردەی فۆنۆلۆژی و بەزۆر بەشێوەی (ە) لەگەڵ ڕەگی ئەم هەوت چاوگانە دەردەکەوێت، وەکو:**

| چاوگ | ڕەگی | ی. تاک | د. تاک | س. تاک | ی. کۆ | د. کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | بنەڕەت | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن: | ڕەو | دەڕۆم | دەڕۆی | دەڕوا | دەڕۆین | دەڕۆن |
| بردن: | بە | دەبەم | دەبەی | دەبا | دەبەین | دەبەن |
| کردن: | کە | دەکەم | دەکەی | دەکا | دەکەین | دەکەن |
| خواردن: | خود | دەخۆم | دەخۆی | دەخوا | دەخۆین | دەخۆن |
| دان: | دە | دەدەم | دەدەی | دەدا | دەدەین | دەدەن |
| شوشتن: | شوە | دەشۆم | دەشۆی | دەشوا | دەشۆین | دەشۆن |
| خستن: | خە | دەخەم | دەخەی | دەخا | دەخەین | دەخەن |

**ـ دەستەی مۆرفیمی کەسی لکاوی نوسەکی کرداری تەنیا لەگەڵ کردار کەسی سێیەمی تاک:**

بەشێوەی مۆرفیمی (ە) دەردەکەوێت، ئەمە تەنیا لە دۆخی کرداری فەرماندان، توانایی دەرکەوتنی هەیە. بەپێی فۆنۆلۆژی دەرکەوتنی خۆی نیشان دەدات، واتا کاتێک ڕەگی کردار بەبزوێن کۆتایی هاتبێت، ئەمە توشی سوانی فۆنۆلۆژی دەبێت و فۆنێک دەچێت و کاتێک بەنەبزوێن کۆتایی هاتبێت، بەسانایی مۆرفیمی (ە) دەردەکەوێت، بۆ وێنە، وەکو:

| چاوگ | ڕەگی ڕا | دوادەنگی بزوێن | کرداری فەرمانی کەسی تاک |
|---|---|---|---|
| ژین | ژی | ی | بژی |
| خواردن | خۆ | ۆ | بخۆ |
| کردن | کە | ە | بکە |

**. جێناوی نیشانە**

ئەم مۆرفیمانەی کە بۆ ناوی کەس و شوێن و ئاژەڵ یان هەرشتێک بێت، کە لەپێشتر ئاماژەی پێکراوە یان نزدیک و دور و لەبەر دەستدایە و لە مێشک و ناخ و هزرەوە بێت و باسی نەکرابێت، جێناوی نیشانە وەردەگرێت. هەمو تاکەکانی خۆی لەڕوی نزدیکی و دوری لە قسەکەر و گوێگر بەزۆر هێما و نیشانەیە لەگەڵ دەست و هاوکات دەربڕین و ئەم جێناوانە بۆ پێناسەکردن و هێماکردنی دوری و نزدیکی و بەشداربویی و هەیی، هەیە، وەکو؛ (هاوەڵناوی نیشانە، جێناوی نیشانە، جێناوی دیاریکەر، یان هاوەڵناوی جێناو) بەکار دێت، بەم شێوەیە:

**ـ جێناو:**

| | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| نزدیک: | ئەم ـ ئەیە ـ یە | ئەمان ـ یانە |
| دور: | ئەو | ئەوان |

**ـ هامرازی نیشانە:**

| | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| نزدیک: | ئەمە (این) ـ ئەڤ (نێر)، ڤێ (مێ) | ئەمانە (اینها)ـ ئەیانە ـ یانە |
| دور: | ئەوە (ان) ـ ئاوە ـ ڤان ـ وان | ئەوانە (انها) ـ ئاوانە |

**ـ جاری وایە هامرازی نیشانە، لەگەڵ پێشبەندەکان دەردەکەون، وەکو:**

ـ لێرە = لە (ە) دەقرِتێت + ئێرە (ئـ) دەقرِتێت = لێرە.

ـ لە ئەوێ = لە (ە) دەقرِتێت + ئەوێ (ـە) دەقرِتێت = لەوێ.

ـ لە ئەوان = لە (ە) دەقرِتێت + ئەوان (ئـ) دەقرِتێت = لەوان.

ـ لە ئەمە = لە (ە) دەقرِتێت + ئەمە (ئـ) دەقرِتێت = لەمە.

ـ لە ئەوە = لە (ە) دەقرِتێت + ئەوە (ئـ) دەقرِتێت = لەوە.

ـ بە ئەمە = بە (ە) دەقرِتێت + ئەمە (ئـ) دەقرِتێت = بەمە.

ـ بە ئەوە = بە (ە) دەقرِتێت + ئەوە (ئـ) دەقرِتێت = بەوە.

ـ بە ئەوان = بە (ە) دەقرِتێت + ئەوان (ئـ) دەقرِتێت = بەوان.

**ـ جێناو و هامرازی نیشانە، لەگەڵ یەک جیاوازن، واتە جێناوی نیشانە شێوەی هاوەڵناوی نیشانە دەگرێت، وەکو:**

ئەم ئوستادە زانایە. ئەو ئوستادانە زانان. ئەو پەرتوکە، زانستیە. ئەو فێرخوازانە، لێهاتون.

ئەم زانستە، خۆشە. ئەمانە پسپۆرِێکی شارەزان. ئەوانە کۆمەڵێک خوێندکاری ژیرن.

## ـ لە دۆخی هامرازی دور و نزدیک:

**ـ لە دۆخی نزدیک:**

ئەمساڵ، خۆش بو. ئەمشەو، شەوێکی بێوێنە بو. ئەمانە بێنن.

ئەمانە بخوێنەوە. ئەم کچە، گەلێک ژیرە.

**ـ لە دۆخی دور:**

ـ ئەو ڕۆژە خۆش بو.      ئەو خانویە، زۆر گەورەیە.      ئەو کێوە، زۆر بەرزە.

ئەوانە بێنن.      ئەوانە بخوێنەوە.

**ـ جێناوی هەیی، هاستێکی خاوەنێتی و هەبوون دەگەیەنێت و لە ڕستە، ئەرکی ناو دەگرێت، وەکو:**

ـ ناو: هی سابیرە ـ ئی سابیرە      هی ئارگەشە ـ ئی ئارگەشە

**ـ هی/ئی + جێناوی تاک و کۆ:**

هی من      هی تۆ      هی ئەو

هی ئێمە      هی ئێوە      هی ئەوان

**ـ هی/ئی + خۆیی:**

هی خۆم      هی خۆت      هی ئەو

هی خۆمان      هی خۆتان      هی خۆیان

**ـ هی/ئی + جێناوی نیشانە:**

هی ئەو      هی ئەم

هی ئەوان      هی ئەمان

**ـ هی/ئی + هامرازی نیشانە:**

هی ئەوە      هی ئەمە

هی ئەوانە      هی ئەمانە

**ـ هی/ئی + هاوەڵکردار:**

هی ئەمڕۆ      هی دوێنێ      هی پێرێ

هی سەرێ      هی خوارێ      هی ژێرێ

هی ژورێ      هی بنی      هی تەنیشتی

**ـ هی/ئی + هاوەڵناو:**

هی ژیر　　　هی زانا　　　هی ڕەش　　　هی جوان
هی پیس　　　هی بوێر　　　هی زێڕ　　　هی سور

**ـ هی/ئی + ژمارە:**
هی یەکەم　　　هی دوەم　　　هی سێیەم　　　هی چوارەم

**.جێناوی خۆیی**

لەڕوی واتاوە، بەشێوازێک باس لە دوپاتەکردنەوە و سوربون لەسەر ناو دەکات و داکۆکی و پێداگری ناو یان جێناوێک دەگەیەنێت. مۆرفیمێکی ناسادەن و لە فۆرمی (خۆ) بۆ بنجی هەرشەش دەستەجێناوەکە ساز دەکرێن. ئەم جێناوانە، لە هاستی ڕەگەزیەوە، بێلایانن و هاوەڵناوی ڕەگەز وەرناگرن، کە لەنێو زوانی کوردی، بەم شێوەیەن، وەکو:

| **کەسەکان** | | **تاک** | **کۆ** |
|---|---|---|---|
| **یەکەم** | قسەکەر | خۆم | خۆمان |
| **دوەم** | گوێگر | خۆت | خۆتان |
| **سێیەم** | نائامادە | خۆی | خۆیان |

**تێبینیِ:** هەندێکجار ئەم جێناوەخۆیانە، بەواتەی خۆیەتی و خاوەنێتی دەردەکەون، بەڵام زۆرجار مۆرفیمی (خۆ) بەتەنیا بەواتای (خۆد) دێت، وەکو:
خۆ فڵان کەس نیم.　　　خۆ ئەم کارەم نەکرد.
خۆ نەڕۆیشتوم.　　　خۆ چووم و گەڕامەوە.

ـ هەنندێکجار، ئەم جێناوانە، مۆرفیمی "ش" دەکەوێتە نێوانیان، لەم دۆخە، مۆرفیمی "ش" و "یشـ" ئەرکی جێناو دەگرێت و لە ئەرکی فۆنی وشەسازی لێکسیکی دێتەدەر، واتا لەگەڵ هاوەڵناوی (خۆش) جیاوازە و بونی خۆی دەگەیەنێت. هەڵبەت لە ناوچەی گەرمیان و سلێمانی و موکریان، ئەلۆمۆرفی "یش" وەردەگرێت و توشی لێڵی مۆرفۆلۆژیمان دەکات، وەکو:
خۆشم　　　خۆشت　　　خۆشی
خۆشمان　　　خۆشتان　　　خۆشیان
خۆشیم　　　خۆشیت　　　خۆشی

| | | |
|---|---|---|
| خۆشیمان | خۆشیتان | خۆشیان |
| خۆمیش | خۆتیش | خۆیش |
| خۆمانیش | خۆتانیش | خۆیانیش |

**. جێناوی دیار**

ئەم مۆرفیمانەن کە بۆ کەس، کەرەستە، ژمارە، ئاژەڵی دیار و نادیار، و گیانلەبەران بەکاریان دێنن، کەچی ئاشکرا و ڕون نیە، بۆ کێ بەکار هێندراون و ئاشکرا نیە کە کێیە و چیە. بەم شێوەش بەشێوەی نادیار لە ڕستە دەردەکەون، کە ئەمانەش بریتین لە:

**ـ شێوەکانی نادیار**

**ـ سادەکان:**

(فڵان، فیسار، هەرامە، وانێک، هین، یارو، شت، تشت، یەک، هیچ، کابرا، هەندێ، هیندێ یەکێ، گەلێ، کەس، هن، هەمو، پڕ، کێم، پیچ، گلک، وانەک).

**ـ ناسادەکان:**

(کەسێک، کەسێ، شتێک، شتێ، یەکێک، یەکێ، هەندێک، هەندێ، هیندێک، هیندێ بڕێک، بڕێ، کەمێک، کەمێ، نەختێک، نەختێ، نیسکێک، نیسکێ، قیچێک، قیچێ، تۆزێک، تۆزێ، هینێک، هینێ، هینکە، فڵان کەس، فڵان شت، هەندێک کەس، هەندێک شت، هیچ کەس، هیچی دیکە، هەریەک، هەرتشت، گشک، گشت، هەرکەس، هەرشت، هەر، هەرتشک).

ـ پێویستە ئەمەش بزانین، ئەم مۆرفیمانە کە وەکو جێناوی دیار و نادیار دەرکەوتون، کاتێک دەبنە جێناو کە لە شوێنی ناو یان جێناو بەکاریان بێنین، جگە لەمە، وەکو هامرازی نادیار یان هەندێکیان وەک ڕادە بەکار دێنین.

**. جێناوی پرس**

ئەم جێناوانە بۆ پرسیارکردن و زانیاری وەرگرتن لەبوارەی: (شوێن، ڕوداو، قەبارە، ژمارە، چەندێتی، چۆنەتی)، هەروەتر بۆ جیاکردنەوەی کەس لەنێو کۆمەڵێکەوە، لەگەڵ چەندێتی و چۆنەتی و هۆکاری ڕودانی کار و کردەوەکە بەکاریان دێنین، کە بەشێوەی پرسیارکردن ئەمانەن:

ـ (چی، چۆن، کێ، چ، کامە، کام، کوا، کوانێ، کامیان، کامەیان، کەی، کوێ، چەند، ئایا، ئەرێ، کێها، کێهە، کێهان، کو، کەنگێ، کەنگی، کەنگین، کەینێ، کا، کێندەرێ، چڵۆن، چەوا، کانێ، کیرێ، کوێدەرێ، گو، کی، چە، کامین، چوو، چ جور، چ جۆر)، لە هاستی ڕستەوە، بەم

شێوەیە دەردەکەون:

**- کێ/کی/کێها/کێهە:**

بۆ پرسیارکردن و ڕونکردنەوەی ئەم کەس و کار و کردەوە یان دەیکات یان باسی لێکراوە یان دەدرێتە پاڵی بەکارهێندراو، وەکو:

کێ چوو؟ کێ ڕۆیشت؟ کێ ژیرە؟ کێ بوێرە؟

**- چی/چ/چیت/چت:**

بۆ پرسیارکردن لە بابەتێک و ڕوداوێک بەکار دەهێندرێت، وەکو:

چی/ چیت/چت هێناوە؟ چ/چی بوە؟ چیت/ چت/ چی کردوە؟

**- کام/ کامە/ کامەیان/کامیان/کامین:**

بۆ جیاکردنەوەی بابەت و شتێک بۆ پرسیار بەکاریان دێنن، وەکو:

کام/کامە پەرتوک؟ کامەیان/کامیان/کامین، دێت؟

**- کوێ:**

بۆ پرسیارکردنی شوێن و جێگە و زانیاری وەرگرتن دەردەکەوێت، وەکو:

کوێ خۆشە؟ کوێ بو؟ چوونە کوێ؟

**- کوا/کوانێ/کا/کو/کانێ:**

بۆ پرسیارکردن لە شوێن و جێگە و شت بەکار دێت، وەکو:

پەرتوکەکە، کوا؟ دەفتەرەکە کوانێ؟ کوا وانەکە؟

**- کەی/کەنگێ/کەنگین/کەینێ:**

بۆ مەبەستی کاتی ڕودان و کارێک بەکار دەهێندرێت، وەکو:

کەی بو؟ کەی چوون؟ کەی هاتن؟

**- چۆن/ چلۆن/ چەوا:**

بۆ ڕێژە و چۆینەتی و چەندێتی و شێوازی ڕوداو و کار و پرسیاری شت و بابەتێک

دەردەکەوێت، وەکو:

چۆن هاتی؟ چۆن بو؟ چلۆن بون؟ چۆن دێن؟

**.جێناوی چەندیەتی**

ئەم مۆرفیمانەی کە ڕێژە و چەندیەتی و پەیوەندی کەس و بابەتێک لە ڕستە دیاری دەکەن و ڕایدەگەیەنن. ئەم جێناوانە فۆرمەکەیان بەم شێوەن: (چەند، چەندە، چەندی، ئەوەندە، ئەوەند، ئەوەندی، ئەمەندە، ئەمەند، ئەمەندی، هێند، هیند، هێندە، هیندە، هێندی، هیندی) ئەمانە واتای چەندیەتی دەگەیەنن و هەندێکجاریش فۆرمی نادیاری (هەر) دەکەوێتە پێشیان و زۆرجاریش وشەی (کەس، کەسێک، شت، شتێک)یان لەگەڵ دەردەکەوێت، وەکو:

ئەو، ئەوەندە دڵناسکە. ئەوان، ئەمەندە سەیرن!

هەر ئەوەندەم زانی. هەر ئەمەندە بون.

چەند کەس بون؟ چەند شت بون؟

ـ مۆرفیمی (ێک)ی نەناسیاوی و فۆرمەکانی (دیکە) و ئەلۆمۆرفەکانی (دی، کە، تر)ی هاوەڵناوی نادیاری جیاکەرەوە وەردەگرن و پێکەوە بەکاریان دێنن، لەم دۆخە بەزۆر واتای نادیاری دەدات، وەکو:

چەندێک کەس بون؟ چەندێک هاتم و چووم. هێندێک ڕۆیشتن.

چەندی دیکە ماون؟ هەندێکی دیکە دەخوێنمەوە. چەند شتێک هەن.

چەند کەسێک هاتون.

**ـ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم و مۆرفیمی (ش/یش)، لە ڕستە دەردەکەون، جا هەرکام بەجیا یان هەردوکیان پێکەوە دەردەکەون، وەکو:**

ئەمەندەیان هاتون. ئەوەندەیان شارەزایی هەبو. هیندەش شارەزا بو.

هیندیش نەزان نیە! ئەوەندەشیان نەماوە! ئەمەندەشیان دەرچوونە.

چەند شتێکیشم بۆ، نارد. چەند شتێکیشم ماوە.

**.جێناوی نەرێنی**

ئەم جۆرە جێناوانە، لە هاستی واتایەوە نەرێنی و ناکردنی کەسێک و بابەتێک دەگەیەنن، جێناوی چالاکی زوانی کوردی لەم بەشە (چ، هیچ)ن کە وەکو جێناوی چالاکی نەرێنی چ

بەتەنیا دەرکەون یان لەگەڵ کەرەستەی دیکە وەکو؛ (کەس، کەسێ، کەسێک، شت، شتێ، شتێک، یەک، یەکێ، یەکێک) بەکار بێن، بەزۆر ئەم ڕستە و دەربڕینانەش لە دۆخی "نا" (نەفی) دەردەکەون و زۆرجاریش لەگەڵ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم و مۆرفیمی (ش/یش)یان بەتەنیا یان پێکەوە بخرێتەسەر، وەکو:

هیچم نەوت. هیچیش ناڵێم. هیچیش ناکەم.

هیچکەسیش شلۆقی نەکرد.

هیچیشم نەوتبو. هیچیشم نەکرد. هیچیش ناخۆم.

هیچکەسیش لەگەڵیان نەبو.

**.جێناوی هاوبەش**

ئەم فۆرمانەی کە هاوبەشی و پەیوەندی لەنێوان دو کەس یان زۆرتر دروست دەکەن یان ئەم پەیوەندیە ڕادەگەیەنن، ئەم جێناوانە لە زوانی کوردی لە مۆرفیمی (یەک) و مۆرفیمی (تر) ساز دەکرێت، کە پێکەوە مۆرفیمی (یەکتر) و لە هەندێک ناوچە لە مۆرفیمی (یەک) و (دی) کە دەبێتە (یەکدی) بەکار دێن. گەلێجار مۆرفیمی (یەک) بەتەنیا دەردەکەوێت و توانایی وەرگرتنی جێناوی دەستەی یەکەم و مۆرفیمی (ش/یش) دەگرن، وەکو:

یارمەتی یەکتر ـ یەکتری بدەن. ڕێزی یەکتر ـ یەکتری بگرن. لەگەڵ یەکتر کار بکەن.

پاڵیان وەپاڵی یەک دابو. سەریان لە سەری یەک دابو. یەکتریان دیت.

یەکتریشیان دیت. یەکی دیکەیان نارد. یەکی دیکەشیان نارد

# چاوگ (Infitinive).

بەشێکی گرنگ و تایبەتی هەر زوانێکە. چاوگ لە زوانی کوردی بەڕەگوڕیشە دەناسرێت. ئەم بەشە لە ناو نزدیکترە و بەسەربەخۆیی دەردەکەوێت و زۆربەی تایبەتیەکانی ناو، وەکو: (تاک، کۆ، ناسراو و نەناسراوی وەردەگرێت و ئەرکی جیای ناویش دەردەخات و لە هەمان کات لە دروستکردنی وشەی دیکە بەکار دەهێندرێت). چاوگ لە زوانی کوردی، سادە و ناسادەی هەیە. هەر چاوگێکی سادە، ڕەگێکی تایبەتی هەیە و هەموکات بەمۆرفیمی (ن) کۆتایی دێت و بەپیتەکانی پێش (ن)ش، نیشانەکانی دروست دەبێت و لە هەردو بەشیش؛ تێپەڕ و تێنەپەڕی بۆ پەیدا دەبێت. چاوگ لەڕوی پێکهاتەوە، لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت؛ پێکهاتەی یەکەم، پێکهاتەیەکی نەگۆڕە و ناگۆڕدرێت و بە (ن) چاوگ دەناسرێت و هیچ چاوگێکیش نیە لەنێو زوانی کوردی کە بەمۆرفیمی (ن) کۆتایی نەهاتبێت و لە چوونە هیچ بارێکیشەوە، ناگۆڕدرێت و توشی گۆڕان نایەت، کەچی دو پێکهاتەکەی دیکە بەپێی گەردان و بەکارهێنان و تایبەتمەندی شێوەزارەکەیان، دەگۆڕدرێن، ئەوانیش ڕەگ و نیشانەکانن.

**نیشانەکانی چاوگ.**

پێنج پیت، وەکو نیشانەی چاوگ دەردەکەون و بەنیشانەی چاوگ دەناسرێن و بریتین لە (ا، ت، د، ی، وو)، کە بە چاوگی (ئەلفی، تایی، داڵی، یائی، واوی) ناسراون.

**چاوگی سادە سەربەخۆ.**

ئەم چاوگانە لەسەر ڕەگی تێپەڕ و تێنەپەڕ و بەبێ هیچ پێشگر و پاشگرێکن و بەنیشانەی چاوگی (ن) دەردەکەون، وەکو سەرچاوەی دەرکەوتنی جۆرەکانی چاوگی ناسادە دەبن، وەکو:

(شێلان، هێڵان، کوڵان، بارین، مردن، کەوتن، چوون، بوون، نوستن، خەوتن، کڕین دڕین، بڕین، مردن، دروون، ویستن، پاراستن، هێشتن، کێڵان، ناردن، کڕین، سوتان، خواستن).

**. چاوگی ناساده**

ئەم چاوگانە کە تەنیا بەدەرکەوتنی پێشگر واتای نوێ بە چاوگی سادە دەبەخشن.

**ـ چاوگی نادەی داڕێژراو**

ئەم چاوگانە گیرەکی بێواتا دەچێتە سەر چاوگێکی سادە و واتایەکی نوێ وەردەگرن و دەبنە تێپەڕ و تێنەپەڕ، گیرەکەکان بریتین لە (ڕا، دا، بەر، وەر، هەڵ، وێ، وێک، ڤێ، ڤێک، ژێ، ژێک، لێ، لێک، تێ، تێک، پێ، پێک، جێ)، وەکو:

**. چاوگی بنەڕەتی و چالاک**

ئەم چاوگانە هەرچەند چاوگێکی سادەن، بەڵام بەهۆی چالاکی و بەهێزیان بۆ دروستبونی چاوگی ناسادە، بەدەرکەوتنی گیرەک و مۆرفیمی چالاک، ئامادەیی بۆ چاوگی ناسادە مسۆگەر دەکەن، وەکو:

ـ (کردن): هەڵ + کردن، دا + کردن، ڕا + کردن، ئازاد + کردن، دەر + کردن، ڕۆ + کردن، خۆش + کردن، داوا + کردن، ئاوا + کردن...تاد.

ـ (گرتن): دا + گرتن، پێ + گرتن، هەڵ + گرتن، تێ + گرتن، لێ + گرتن، وەر + گرتن، تێک + گرتن، پێک + گرتن، بەر + گرتن.

ـ (بردن): لێ + بردن، تێ + بردن، دا + بردن، ڕا + بردن، تێک + بردن، لێک + بردن.

ـ (خستن): هەڵ + خستن، دا + خستن، ڕا + خستن، تێ + خستن، لێ + خستن، تێک + خستن، ژێ + خستن.

ـ (بون): ڕا + بون، هەڵ + بون، لێ + بون، لێک + بون، بەر + بون، پێ + بون.

ـ (چوون): هەڵ + چوون، ڕۆ + چوون، دا + چوون، تێ + چوون، لێ + چوون، ڕا + چوون، تێک + چوون، لێک + چوون، وێ + چوون، وێک + چوون، پێ + چوون.

ـ (کەوتن): هەڵ + کەوتن، وێ + کەوتن، وێک + کەوتن، دەر + کەوتن، بەر + کەون، دا + کەوتن، ڕا + کەوتن، تێ + کەوتن، لێ + کەوتن، پێ + کەوتن، جێ + کەوتن.

ـ (هاتن): هەڵ + هاتن، ڕا + هاتن، دا + هاتن، پێک + هاتن، وێک + هاتن، لێ + هاتن، ژێ + هاتن.

ـ (هێنان): هەڵ + هێنان، دا + هێنان، ڕا + هێنان، وێک + هێنان، وێ + هێنان، تێ + هێنان، لێ + هێنان، وەر + هێنان، جێ + هێنان.

ـ (کێشان): هەڵ + کێشان، دا + کێشان، ڕا + کێشان، تێک + کێشان، پێ + کێشان، پێک +

کێشان.

ـ (بڕین): هەڵ + بڕین: هەڵبڕین، پێ + بڕین، دا + بڕین، لێ + بڕین، پێ + بڕین.

ـ (مان): دا + مان، ڕا + مان، هەڵ + مان، پێ + مان، لێ + مان، ژێ + مان، وێ + مان.

ـ (نان): هەڵ + نان، دا + نان، ڕا + نان، پێ + مان، لێ + مان، پێوە + مان.

**.ڕەگی چاوگ**

ڕەگی چاوگ لە یەککگرتنی چەند پیتێک دروست دەبێت کە هەڵگری واتایەکی تایبەتە و بەوەرگرتنی مۆرفیمی (ن)ی چاوگی، چاوگی سادە دروست دەکات. دۆزینەوەی ڕەگی چاوگی ئاسایی بەدوشێوە دەردەکەوێت:

**١: مۆرفیمی چاوگی (ن) لا دەبەین و دەیقرتێنین، ڕەگی چاوگ، دەردەکەوێت، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| بار –ین: بار | فرۆش –تن: فرۆش | نار –دن: نار | کر –دن: کر |
| خوار –دن: خوار | کڕ –ین: کڕ | خوێن –دن: خوێن | ها –تن: ها |
| ناش –تن: ناش | سوت –ان: سوت | شک –ان: شک | |

**ـ لە پرۆسەی گردانکردن، نیشانەی کار و پاشگر لە کاری ڕانەبردو دەقرتێنین و ڕەگ دەردەکەوێت، وەکو:**

| | | |
|---|---|---|
| دە ـ نێر ـ ێت: نێر | دە ـ مر ـ ێت: مر | دە ـ کڕ ـ ێت: کڕ |
| دە ـ گەز ـ ێت: گەز | دە ـ خوێن ـ ێت: خوێن | دە ـ کوژ ـ ێت: کوژ |
| دە ـ بار ـ ێت: بار | دە ـ سووڕ ـ ێت: سووڕ | دە ـ نوس ـ یت: نوس |
| دە ـ شک ـ ێت: شک | دە ـ سوت ـ ێت: سوت | دە ـ فەوت ـ ێت: فەوت |
| دە ـ مژ ـ ێت: مژ | دە ـ کێڵ ـ ێت: کێڵ | دە ـ خوس ـ ێت: خوس |
| دە ـ ڕم ـ ێت: ڕم | دە ـ خواز ـ ێت: خواز | دە ـ ڕێژ ـ ێت: ڕێژ |
| دە ـ چێژ ـ ێت: چێژ | دە ـ نێژ ـ ێت: نێژ | |

ـ بەپێی هاستی فۆنۆلۆژی و بازنەی فۆنەتیکی لەم سووڕان و دۆخە، فۆنی (ز) و (ژ)ی کۆتایی مۆرفیمی چاوگ، توشی لێکچوون لەگەڵ فۆنی (س) و (ش) لە بازنەیەکی چاوگی کە چاوگی تایی و داڵین، دەروست دەبن و لەنێوان ڕەگی چاوگ و ڕەگی کار بەپێی دەمی ڕابردو دەردەکەون، وەکو:

(گەزتن ـ گەستن ـ گەزین). (نێژتن ـ نێشتن ـ نێژین ـ ناشتن).

(خوازتن ـ خواستن ـ خوازین). (ڕێژتن ـ ڕێشتن ـ ڕێژین).

(چێژتن ـ چێشتن ـ چێژین). (مژتن ـ مشتن ـ مژین).
(کوشتن ـ کوژتن ـ کوژین) ـ (گوژتن ـ گوشتن).

**.چاوگی تێنەپەڕ**

نیشانەی مۆرفیمی (ا) دەگرێت، مۆرفیمی (ێ) لەگەڵ ڕەگەکەیان دەردەکەوێت و دەلکێت و جیاوازی لە ڕەگی چاوگ و کار دروست دەبێت، وەکو: (سوتێ ـ سوتان، سووڕێ ـ سووڕان، شکێ ـ شکان، مرێ ـ مران، گەڕێ ـ گەڕان، ڕژێ ـ ڕژان، کرێ ـ کران، خزێ ـ خزان)، جیاوازی دروستبونی ڕەگی چاوگ و ڕەگی کار، وەکو: (مر ـ مرێ، گەڕ ـ گەڕێ، سووڕ ـ سووڕێ، سوت ـ سوتێ، ڕژ ـ ڕژێ، کر ـ کرێ، خز ـ خزێ) لەم هاستەیە، دو ڕەگ بۆ یەک چاوگ دەردەکەوێت، کەچی لەسەر هاستی ڕێزمانی و زمانەوانیەوە بابەتێکی ناڵۆژیکی و نازانستیە و دروستر دەبێت، ڕەگی چاوگ و ڕەگی کار لە یەکتر جیا بکرێنەوە.

**.دۆزینەوەی چاوگ**

**لە چاوگی (ا) و (ی)، بەقرتاندنی نیشانەی مۆرفیمی (ن)، وەکو:**

کێڵ + ان = کێڵان - ان: کێڵ.　　شێل + ان = شێلان - ان: شێل
شک + ان = شکان - ان: شک　　خز + ان = خزان - ان: خز
دڕ + ین = دڕین - ین: دڕین　　بڕ + ین = بڕین - ین: بڕ
کڕ + ین = کڕین - ین: کڕ　　فڕ + ین = فڕین - ین: فڕ

**ـ دۆزینەوەی ڕەگی کار، ڕیشەی کاری ڕابردو لە ڕابردوی نزدیک بۆ سێیەم کەسی تاک دەردەکەوێت، وەکو:**

کێل + ا: کێلا　　کڕ + ی: کڕی　　فڕ + ی: فڕی　　فڕ + ا: فڕا
دڕ + ی: دڕی　　دڕ + ا: دڕا　　بڕ + ی: بڕی

**ـ دۆزینەوەی ڕەگی چاوگ.**

لە چاوگی (ت) و (د)، ئەم دو نیشانە، نیشانەی بنەڕەتی چاوگەکانن، کاتێک بە (ا) یان (ی) بگۆڕدرێن، نیشانەکانی بنەڕەتی چاوگ دەردەکەون، وەکو:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خواس ـ تن | نار ـ دن | کر ـ دن | بر ـ دن | ناش ـ تن | چێش ـ تن |
| کوش ـ تن | چان ـ دن | خوار ـ دن | ها ـ تن | کێش ـ تن | مر ـ دن |
| گەس ـ تن | هاڕ ـ دن | ناش ـ تن | پاراس ـ تن | هێش ـ تن | خوێن ـ دن |

پاڵاو ـ تن

لەم بازنەیە ئەگەر بسوورێنە سەر دەرکەوتنی نیشانەی (ا) و (ی)یی، بەم شێوەیە دەردەکەون: (گەزین ـ چێنین ـ هاڕین ـ خوارین ـ مرین ـ نێژین ـ کوژین ـ پارێزین ـ خوێنین ـ پاڵوین)، لەم هاستەشەوە ئەگەر بێت و نیشانەی چاوگەکان بقرتێنین، ڕەگەکان دەردەکەون، وەکو: (گەزین ـ گەز، چێنین ـ چێن، هاڕین ـ هاڕ، خوارین ـ خوار، مرین ـ مر، کوژین ـ کوژ، پارێزین ـ پارێز، خوێنین ـ خوێن، پاڵوین ـ پاڵو).

**ـ بەقرتاندنی نیشانەی کار و پاشگر لە گەردانی کاری ڕانەبردو، ڕەگەکەی دەردەکەوێت، وەکو:**

کوژتن: دە + کوژ + یت: دەکوژیت. ڕژتن: دە + ڕێژ + یت: دەڕێژیت.

خواردن: دە + خور + یت: دەخوریت. مردن : دە + مر + یت: دەمریت.

ناشتن: دە + نێژ + یت: دەنێژیت. ناردن: دە + نێر + یت: دەنێریت.

مژتن: دە + مژ + یت: دەمژیت. سووڕاندن: دە + سووڕ + یت: دەسووڕیت.

برژاندن: دە + برژ + یت: دەبرژیت. پاراستن: دە + پارێز + یت: دەپارێزیت.

خوێندن: دە + خوێن + یت: دەخوێنیت.

**. دۆزینەوەی ڕیشەی کارەکان**

**ڕیشەی ڕابردوی نزدیک بۆ کەسی سێیەمی تاک، دەردەکەوێت، وەکو:**

(نارد ـ خوارد ـ چاند ـ گەست ـ ناشت ـ کوشت ـ هات ـ پاراست ـ خوێند ـ برژاند ـ سووڕاند).

**بۆ دەرکەوتنی ڕیشەی کاری ڕانەبردو، نیشانەی کار لە سێیەم کەسی تاک، دەسڕینەوە، وەکو:**

(دە ـ نێریت دە ـ چێنیت دە ـ نێژیت دە ـ هاتیت دە ـ خوێنیت
دە ـ خوریت دە ـ گەزیت دە ـ کوژیت دە ـ پارێزیت دە ـ سووڕیت).

**. دۆزینەوەی ڕەگی چاوگی (وو)**

ئەم هاستە، هاستێکی جیاوازی چاوگەکانە، چون بەپێی هاستی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی زوانی کوردی دەردەکەوێت. جیاوازی ئەم چاوگە ئەمەیە کە مۆرفیمی دواوەی ڕەگی چاوگ بۆ دەرکەوتنی کاری ڕابردوی نزدیک، دەوری نیشانە دەگرێت. ئەم چاوگە، بەپێی ڕێسای تایبەتی چاوگەکان، ڕەگی چاوگەکە دەرناکەوێت، وەکو ڕێسای تایبەتی ڕەگی چاوگ، لە چاوگی (چوون، بوون، گروون، دروون، سوون، جوون، فەرموون)، بەسڕینەوەی نیشانەی (وون) دەبن بە (چ، ب، گر، در، س، ج، فەرم) ڕەگەکەیان دەردەکەوێت، کەچی ڕەگی سەرەکی ئەمانە، (چوو، بوو، دروو، گروو، سوو، جوو، فەرموو)یە، بەپێی هاستی دروستکردنیان، لە وشەی (بووان، چوواندن، گرووین، دروین، ساوین، جاوین) دروست بونە.

**.تێپەڕو تێنەپەڕی چاوگەکان**

له بازنەی جێناوی لکاو، کاتێک جێناوی لکاوی (مان، یان، تان) لەگەڵ کاری ڕابردوی نزدیک و قەدی چاوگ و ڕیشەی کاری ڕابردو بلکێندرێن و واتای تەواویان دەرخست، دەبێته تێپەڕ و کاتێک پاشگری (ەر) چوو سەر ڕەگی چاوگ، دەبێته تێنەپەڕ، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| شێلا + مان | شێلا + تان | شێلا + یان |
| خوارد + مان | خوارد + تان | خوارد + یان |
| نارد + مان | نارد + تان | نارد + یان |
| کرد + مان | کرد + تان | کرد + یان |
| برد + مان | برد + تان | برد + یان |
| پارێز + ەر | نوس + ەر | چێن + ەر |

**ـ خشتەیەک لە کار ڕانەبردوی چاوگەتێنەپەڕە ئەلفی و کارەکانی ڕانەبردوی بکەر لە هەمو کەسەکان دەردەکەوێت، وەکو:**

| چاوگی تێپەڕ | تێنەپەڕی بکەر | چاوگی تێنەپەڕی بەرکار |
|---|---|---|
| **ا** | وەستان، چەرخان | چەسپان، قەپان |
| کوتان، پەستان | دامەزران، گوزەران | ڕوتان، سوتان |
| هەڵێنجان، دان | تۆران، پاڕان | فوتان، ترنجان |
| کێشان، پێکان | سووڕان، گەڕان | قنجان، گونجان |
| پێوان، شێوان | لەوەڕان، سازان | ڕوخان، خوران |
| کێڵان، هێڵان | کڕوزان، نوزان | شۆڕان، وێران |
| **ت** | گژان، ئارسان | زڕان، دۆڕان |
| گرتن، گەستن | کاوان، دوان | زان، ترازان |
| بێشتن، پاراستن | خولان، جوڵان | برژان، بۆرژان |
| خواستن، خستن | ژیان، گریان | ڕژان، کوژان |
| پەرستن، ڕستن | ڕامان، بریقان | شڵەژان، هەژان |
| گواستن، بەستن | بزرکان، شکان | تاسان، پسان |
| بیستن، ویستن | لکان، دامرکان | خوسان، نوسان |

| | | |
|---|---|---|
| لێستن، ناشتن | خینکان، تروکان | هایسان، نەخشان |
| ڕشتن، چەشتن | بزوان، شێوان | ترشان، ڕشان |
| هاژۆشتن، شوشتن | گوان، لوان | کشان، داڕوشان |
| کوشان، کرۆشتن | تلان، کولان | قڵێشان، هێشان |
| فرۆشتن، ڕۆیشتن | ڕوخان، کڕان | لەقان، شلەقان |
| هاویشتن، وتن | دڵۆپان | |
| پەنداوتن، ئاخاڤتن | **ت** | |
| ئەنگاوتن، پاڵاوتن | هاتن، نوستن | |
| **د** | گەیشتن، خەوتن | |
| کردن، بوردن | سرەوتن | |
| برژاندن، شاردن | | |
| ژماردن، ناردن | | |
| خواردن، بردن | | |
| ڕیخاندن، چەراندن | | |
| ترکاندن، تەکاندن | | |
| سەنگاندن، لاواندن | | |
| نواندن، خایاندن | | |
| قیژاندن، زیقاندن | | |
| گرماندن، بۆڕاندن | | |
| زیکاندن، قیژاندن | | |
| چیڕاندن، لوراندن | | |
| میاواندن، قیراندن | | |
| حیلاندن، نەڕاندن | | |
| شیڕاندن، فیکاندن | | |
| چریکاندن، جریواندن | | |
| لەنگاندن، چرپاندن | | |
| گماندن، قاسپاندن | | |

| | | |
|---|---|---|
| قوقاندن | | |
| **ی** | **ی** | |
| پاچین، قاچین | زەرین، فڕین | |
| چڕین، بڕین | باڕین، پەڕین | |
| کڕین، گۆڕین | چەقین، جەنگین | |
| مژین، تۆژین | ناڵین، کەنین | |
| پرسین، نوسین | بارین، خزین | |
| کوڵین، زانین | ڕزین، لەرزین | |
| ڕنین، پشکنین | بەزین، تەزین | |
| ژەنین، هۆنین | تۆپین، تۆقین | |
| **و** | تەقین، چلەکین | |
| درون، سون | سڕین، سرین | |
| گرون، فەرمون | دزین، دۆزین | |
| بون، هەبون | ناسین، واسین | |
| | توانین، ڕوانین | |
| | | |

**ـ چاوگ لەگەڵ گیرەکی (اندن) دەورێکی چالاک لە دیاردەی ڕێزمانی کۆزەتیف دەبینێت و دەبێتە کۆزەتیف، وەکو:**

| **چاوگ** | **ڕەگی ڕانەبردو** | **اندن** | **کاری کۆزەتیف** |
|---|---|---|---|
| شکان | شکێ | اندن | شکاندن |
| کوڵان | کوڵێ | اندن | کوڵاندن |
| بەزین | بەز | اندن | بەزاندن |
| کەوتن | کەو | اندن | کەواندن |
| ڕوخان | ڕوخێ | اندن | ڕوخاندن |
| نوستن | نو | اندن | نواندن |

# (Adverb)هاوەڵکردار.

کۆمەڵەوشەیەک کە لەسەر هاستی سینتەکسیەوە دەردەکەوێت، باس لە چۆینەتی و شێوە و کات و شوێنی ڕودان و تەواوبونی کار لە ڕستەوە دەکات. ئەم بەشەش بەشێکی چالاکی ئاخاڤتنی زوانە، هاوەڵکردار لەڕوی واتاوە لە دوجۆری دیاریخەر و بارودۆخ پێکدێت و لەڕوی ڕۆنان لە هاوەڵکرداری سادە و نادسادە ساز دەبێت.

ـ هاوەڵکردار لە بازنەی ڕستەیی و لەڕوی دیاریخەرەوە هاستی چۆینەتی و چەندێتی ڕودان و شێوازەکەی نیشان دەدات.

**.هاوەڵکرداری چەندێتی:**

چەندێتی ڕودان و هێزی و بێهێزی ڕودان و کردەوە و ڕێژە و ڕادەی هێزی کردەوەکە نیشان دەدات.

ـ هاوەڵکردار لە بازنەی ڕۆنانەوە، هاستی سادە و ناسادەی هەیە، بەشی ناسادەش بەسەر داڕێژراو و لێکدراو دابەش دەبێت، هاوەڵکرداری سادە تەنیا لەسەر بنەمایەکی سادە و یەکواتا ساز دەبێت، وەکو:

(ژێر، سەر، سوچ، لێوار، قەراغ، بن، لا، کن، تەنیشت، پاڵ، پاش، پێش، پشت، دواوە، دەر، بەر، چەپ، ڕاست، خوار، هوار، ژور، ناوەند، نێو، نێوەڕاست، دور، نزدیک).

**.هاوەڵکرداری ناسادە:**

لە هاوەڵکرداری داڕێژراو و لێکدراو پێکدێت، هاوەڵکرداری داڕێژراو لە گیرەک و هاوەڵکردارێکی سادە ساز دەبێت و هاوەڵکرداری لێکدراو، لە دو وشەی واتادار پێکدێت.

**.وشەسازی .وشەناسی (Morphology,)(lekiskology ).**

وشەسازی لق و بەشێکی هەرەسەرەکی زوانە. ئەم بەشە دەکەوێتە هاستێکی زمانەوانی ـ لینگۆستیکی و بەشێکی گرنگ و پڕبایەخ لەم پێکهاتە و بابەتەنوێ و گەشەکراوەیە. ئەم بەشە زانستیە لە بەشێکی ئەکتیڤی زوان دەکۆڵێتەوە و دەخولێتەوە. بەشێک کە تێکڕای ئەم بەشە لە

سووڕی ڕیزبەندی و کەوتنەلای یەکی مۆرفیمەکان و جێگربون و دەستنیشانکردن و ئەرکیان، هاوکات ئەم ڕێسا و ڕێچکەیەی کە وشە دروست دەکات، دەکۆڵێتەوە. بەتایبەت ئەم گۆڕانکاریە کە لە ڕیزکردنی فۆنەکان دێتە مەیدان و لەم بەشەلۆژیکیە ـ زانستیە گرنگی بەڕەواڵەت و ڕوخساری مۆرفیم دەدرێت، ئەم بەشە بەڕێسای چوار بەشی:

**شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە.**

ـ بەکەڵکوەرگرتن لە چوارچێوەی ڕێسای بڕگەی وشە.

ـ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە بەکەڵکوەرگرتن لە چوارچێوەی ڕەگ و پێوانە.

ـ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە بەکەڵکوەرگرتن لە قەدی وشە.

شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە بەکەڵکوەرگرتن لە قەد و دەستوری وشەسازی و ڕستەسازیەکانی وشە، لەسەر هاستەکانی سیمەنتیکی و سینتەکس و مۆرفۆلۆژی و پراگماتیک و فۆنۆلۆژی دەردەکەون. ئەم بەشەزانستیە لەڕێگری هاستەکانی فۆنۆلۆژی و سازکردن و داڕژتن و لێکدراوی هاستەکانی وشە، دەکۆڵێتەوە.

**ـ ئەم هاستە لە دو بەش و ئەرکی سەرەکی پێکهاتوە و دەسووڕێتەوە:**

**١: وشەسازی هێستاکانە: کە بەشێوەی ئەرک و پێکهاتەی وشەیی و گەشەکردنی باری ژیان و مۆدێرنیتەیی مرۆڤ و گەشەی تەکنۆلۆژیا پێکدێت.**

**٢: وشەسازی مێژویی:** بەشێکی ئیتیمۆلۆژیایی ـ ڕەچەڵەکناسی، ڕیشەناسی، کە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی زۆر کۆن و کاتی دەست پێکردنی قسە و سازکردنی وشە لەلایان مرۆڤ و بەکارهێنایان.

**بەشی زانستی وشەسازی وەکو ڕێسای ئەرکی بەشێوەی:**

١: پێکهاتە و شێوەی سازبونی وشەکان نیشان دەدات.

٢: لەنێوان فرێز و گرێ و ڕستە، چۆینەتی ڕێزبونی مۆرفیمەکان نیشان دەدات.

٣: مۆرفەکان نیشان دەدات و بەپێی ڕێسای فۆنۆلۆژی، ڕێساکانی وشەسازی گرێ دەداتەوە، واتا وشە پەیوەندی دەداتەوە بە فۆنۆلۆژی و هاستی فۆنەتیکی زوانەکەی. چون مۆرفیم لە فۆنێک تاکو کۆمەڵەفۆنێک ساز دەبن بۆ واتابەخشینێکی نوێ، لەم بەشە هاستێکی نوێ بەناو مۆرفۆفۆنیم دەردەکەوێت، ئەم بەشە بەشێوەی چالاک کارایی خۆی دەردخات لە هاستی زوان. لەم بەشە بەتایبەت لە زوانی کوردی، فۆنیم ئەرکی مۆرفیم دەگرێت و بەجێدێنێت، کە ئەم فۆنیمانە لە چوارچێوەی وشەسازی دەوری مۆرفیم دەگرن و تەنیا دەوری فۆنێک ناگێرن، ئەم

بەشە دەکەوێتە چوارچێوەی مۆرفۆفۆنیم، وەکو: (مۆرفیمەکانی جێناو، هامرازی لێکدەر، هامرازی ناساندن، فۆنەسەربەخۆیەکان)، کە فۆن لە بەشی فۆنەتیک و مۆرفیم لە بەشی مۆرۆفۆلۆژی پەیوەندی چڕوپڕ و گرنگی فۆنۆلۆژی دەردەخات، کەوتنە نێو مەرزی ئەم بەشە و لێکدانی مۆرفیمەکان لە مەرزی وشەی لێکدراو و داڕێژراو و گرێ، گۆڕانکاریە فۆنۆلۆژیەباوەکان دێنە گۆڕەپانی وشەسازیەوە، وەکو: (تواندنەوە، جێگۆڕکردن، دەرکەوتنی فۆن، لێکچوونی فۆن، گۆڕانی فۆن، نەرمبونەوە، پێکەوەهەڵنەکردن، وێکچوون).

ئەم بەشەزانستیە دەکەوێتە دو کەوانەی مۆرفۆلۆژی و لێکسیکۆلۆژی، کە بەشێوەی زانستی بەڵام بەشێوەی جیاواز لە وشە دەکۆڵنەوە، بەشی مۆرفۆلۆژی لە مۆرف و پێکهاتەی وشە دەکۆڵێتەوە و پتر کار لەسەر ڕەواڵەت و ڕوخساری وشە دەکات، لێکسیکۆلۆژی لە واتا و گۆڕانکاری وشە دەکۆڵێتەوە و کار دەکات. وشەسازی ئەرکێکی تایبەت و پتەوی لە گۆڕەپانی سینتەکس ـ ڕستەسازی هەیە، ئەم بەشە پێکهاتە و کاکڵی ڕستەسازی و ڕستەیە لە هەر زوانێکەوە. لەم بەشە ئەرێ و نەرێ کردن و بکەر و بەرکار و بەشەی ئاخاڤتن دەردەکەون، وشەکان بەشێوەی سەربەخۆ دەرناکەون، بەڵکو بەشێوەی لێکدراو و داڕێژرا و سەربەخۆ دێنە ئەم گۆڕەپانە. کاتێک ئەم مۆرفیمانە وەکو زنجیرەوشەیەک دەکەونە هاوڕیزی یەکتر، لەم ڕیزبەندیە بەنەختەگۆڕانێک، واتای فرێز و ڕستەکە تەواو دەگۆڕێت و ئەرکی ڕێزمانی خۆی دەردەخات، ئەم بەشە پەیوەندیەکی گەلەک تایبەتی لەگەڵ واتاسازی هەیە.

زوانی کوردی، وەکو زوانێکی چالاک و ئەکتیڤ و گەشەکردو، لەم بەشەزانستی و گرینگە دور نەبوتەوە و مۆنە و لۆمەی نەکردوە و بەتێکڕایی بەشەزانستیەکانی دیکە، خۆی ڕۆناندوە ئەم بەشە و بەشێوەی زانستی کاری لەسەر کردوە. هەربۆیە پێشوتر لە گۆڕەپانی (ناو) گەیشتینە مەرزێکی وشەسازی کە ناو بەشێکی چالاک و کارای وشەسازی و وشەناسی زوانی کوردیە، هێستاکانەش بەشەکانی دیکەی وشەسازی دەناسین:

**.وشە (Word):**

پێکهاتەیکی فۆنیمکیە کە لە کەوتنە لای یەک و زنجیرەبەستنی یەک فۆن و پتر لە فۆنێک ساز دەبێت. بچوکترین پێکهاتە و بونی ڕێزمانیە کە واتای سەربەخۆ و تایبەتی هەیە و بەشێوەی تایبەت و واتاگەیاندن پاراستنی شوێنی خۆی لە ڕستە دەکات و لە بێژەر بۆ گوێگر و لە نوسەر بۆ خوێنەر ئەرکی گواستنەوەی مەبەست و ئامانجەکانی دەگوازێتەوە. ئەرکێکی فۆنۆلۆژیکی بەجێدێنێت و بەپێی هێز، واتای خۆی دەردەخات و وێنەی ئەم زنجیرەفۆنانە دەخاتە

چوارچێوەی ڕەواڵەت و نیگارەوە کە لە ڕەگ، قەد، بنج پێکدێت و ساز دەبێت و بەشی سەرەکی وشەن. ئەم بەشەی ڕێزمان و زوانە بەبێ بەشەسەرەکیەکانی خۆی وەک: (پێشگر، نێوبەند، دولاگر و پاشگر) لاوازی هەیە، چون هەمو شێوە و ڕەواڵەتی واتاداری نوسین بۆ خوێنەر، ئەرکی وشە دەگرێت، کەچی وشە بۆخۆی لە خۆیەوە تەنیا وشە نیە.

**.مۆرف (Morph):**

شێوە و بەشێکی زەق و بەرچاوی دەربڕین و نوسینە و بەشێوەی نیگاری زنجیرەفۆنێک، جیاواز دەردەکەوێت و شێوە و نیگاری نوسینی مۆرفیمە، فۆرم و ڕەواڵەتێکی دەرەوە و ڕاستەخۆی هەیە و لە بازنەی سروشتی خۆی مۆرفێک بەرانبەر بە یەکدانە مۆرفیمە و هەروەتر یەک مۆرفیم بەرانبەر بە مۆرفێکە، واتە مۆرف دەتوانێت مۆرفیم بێت، بەڵام مۆرفیم ناتوانێت مۆرف بێت و ئەمە دەبێتە هۆکار کە یەک مۆرفی بەرانبەر بەچەند مۆرفیمێک بێت، وەکو؛ وشەی (سەر) یەک مۆرفیمە و چەند مۆرفە کە هەم واتای (ئەندامی بەدەنی)ی هەیە و هەم واتای (بەرزی)هەیە، وشەی (دۆ) یەک مۆرفیمە و دو مۆرفە، هەم واتای (دۆ)ی خواردنەوە دەدات و هەم واتای (کچ لەنێو هەڵپەڕکێ)، مۆرف شێوە و ڕەواڵەتی دەرەوەی ئەم ناو و وشەیەیە کەچی مۆرفیم شێوە و ڕەواڵەتی نوسینی ئەم شێوەیەیە، لەم بازنەیەشەوە ڕێسای پۆرتمانتیو دەردەکەوێت.

**.مۆرفیم (Morpheme):**

وەکو دەرکەوتن بەڕەواڵەت و ڕوخسار بێدەستهەڵاتە و دەرناکەوێت واتا لە مێشک و هزرەوە توانایی سازکردنی هەیە و بواری فیزیکی نیە، بەڵکو بەشێکە، کە تەنیا دەنوسرێت و لە نوسین دەردەکەوێت، بەشێکی تایبەتی وشە لە چوارچێوەی وشەسازیەوە بچوکترین و خێراترین پێکهاتەی زوانە کە دەتوانێت زنجیرەی فۆنەکان بۆ مەبەستێکی تایبەت و جیاواز دەربخات، ئەم بەشەچالاکە توانایی بچوککردنەوەی نیە و لەت و پارچەپارچە ناکرێت، خێرا دەتوانێت بەشداری لە پێکهاتەی وشەی دیکە بکات، خۆی وەکو بەشێک یان تەواوی وشە نیشان دەدات و لەنێو ڕستە ئەرکی جیاواز دەگێرێت، وشە لە یەک تاکو چەند مۆرفیم پێکدێت، وەکو:

یەک مۆرفیمی: (گوڵ، شەو، ڕۆژ، سات، ساڵ، سەر، دڵ...تاد)، ★هیچکام لەم مۆرفیمانە نە لەت دەکرێن و گەر لەت و پارچە بکرێن، بێواتا دەمێنەوە★.

مۆرفیمی گوڵ: ئەگەر دابەش بکرێت و لە خۆی بچوکتر بکرێتەوە، دەبێتە: (گ + و + ڵ): کە هێزی مۆرفیمی نامێنێت و دەبێتە، فۆن. یان ناتوانین بڵەین: (گو + ڵ)، چون نە (گو) واتادارە و نە

(ڵ) بەتەنیا واتای هەیە.

دو مۆرفیم: (دڵخۆش، دڵشاد، دڵپاک، پێخۆش، چاوسور، چاوشین، هونەرمەند). ئەمانە دو مۆرفیمن، لە مۆرفیمی (دڵ + خۆش: دڵخۆش، چاو + سور: چاوسور، هونەر + مەند: هونەرمەد).

سێ مۆرفیم: (باڵابەرزی، دەرهێنەر، ڕوخێنەر، سازێنەر، سەرشۆری، چاوسوری)، ئەمانە سێ مۆرفیمن، (دەر + هێن + ەر، ساز + ێن + ەر، سەر + شۆر + ی)، هەرکام لەم مۆرفیمەکان پارچە بکەین، واتایان نامێنێت و بێواتا دەمێنەوە. بەم شێوەیە لە زوانی کوردی، تاکو چەندین شێوەی مۆرفیم دەردەکەوێت، لەم بەشی مۆرفیم نوسەک و گیرەک و جۆرەکانیان، ڕەگ و جۆرەکانی، قەد، بنج، وەکو مۆرفیم لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیەوە چالاکی دەکەن، تاکو پەیوەندیان لەگەڵ فۆنۆلۆژی و سینتەکس هەبێت.

**.ئەلۆمۆرف، شێوەمۆرف (Allomorphe)**

شێوە و نیگاری جیای مۆرفیمە کەبەشێوەیەکی جیاواز دەردەبڕدرێت و بەکار دێت، لە بەشی (ناو) چەند ئەلۆمۆرفم نیشان داوە، وەکو ئەلۆمۆرفی (کان، گان) کە ئەلۆمۆرفی (ان)ن.

**گیرەک (Affixes):**

لە پێکهاتەی مۆرفیم و بڕگە، بەسانایی دەتوانێت واتای وشەکە بگۆڕێت، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر پێنج بەشی سەرەکی لەم بەینەوە، وەکو:

١: پێشگر (Prefix)، دەچێتە پێش بنج.

٢: نێوگر (Infix)، دەکەوێتە نێو بنجەوە، کە لەنێو زوانی کوردی زۆر بەکەم دەردەکەوێت.

٣: نێوبەند (interfix)، دەچێتە نێوان دو بنجەوە.

٤: دولابەند ـ دولاگر (Circumaffix)، هەردو لای بنج دەگرێت.

٥: پاشگر (Suffix)، دەچێتە دواوەی بنجەوە.

بەشی دەرکەوتن و جێگربونی گیرەک لەنێو وشە دەکەوێتە سەر ئەرکی پێشگر و نێوبەند، نێوگر و دولاگر و پاشگر، کاتێک گیرەک لەپێش بنج بێت ئەرکی پێشگر دەگرێت، وەکو: (ڕاهاتن، داهاتن، داهێنەر، ڕاهێنەر، هەڵکەوتن، هەڵگرتن، وەرکەوتن)، ئەگەر ئەم گیرەکە وەکو پارچە؛ کەوتە پێش و پاش وشە، ئەرکی دولابەند دەگرێت، وەکو (نەیناردبایە، کردبایە، خوێندبایە، کوشتبایە، هاتبایە)، کاتێک لە ئەرکی واج لە زوانی کوردی دەرکەوێت، دەبێتە نێوگر، وەکو (ا) لە وشەی (بزاوتن، لکاندن) کاتێک مۆرفیمی بەند لەنێوان دو بنجەوە دەربکەوێت و گرێدانی دو بنجەکە بەستۆوە وەربگرێت و خۆی وەکو فۆنێک، بێواتای سەربەخۆ و تایبەت

بێت، دەبێتە نێوبەند کە لە فۆنی (و، ە) پێکدێت، وەکو (دەنگوباس، هاتوچۆ، کورتەباڵا گوڵەباغ).

**لە دو بەشی سەرەکی بێت:**

١: گیرەکی وشەی دارێژ (Derivational Affixe)

٢: گیرەکی ڕێزمانی (Inflectional Affixe) ئەم بەشە کاتێک چالاک دەبێت و دەردەکەوێت کە ئەرکی سازکردنی وشەی نوێی هەبێت.

**.نوسەک.وشەبەست (Clitic):**

واژەبەست، بەندێکی ڕێزمانی و جۆرێکی دیکەی مۆرفیم بەندە کە لەگەڵ گیرەک جیاوازە، ئەم بەشە لە مۆرفیمێکی بەند لە باری واجیەوە وەکو گیرەک پێویستی بەوشەیەکی دیکەوە هەیە کە بلکێندرێت، کەچی لە باری سینتەکس و ڕێزمانیەوە، وشەیەکی تەواوە. ئەم بەشە لەگەڵ بەشی گیرەک توشی تێکەڵی و وەیەکچوون و وێکچوون دەبن. گرنگترین نیشانەکانی نوسەک لە زوانی کوردی؛ (نیشانەی ناسیاری و ئەلۆمۆرفەکانی /ەکە/، مۆرفیمەکانی نەفی کردن، جێناوەلکاوەکان)، ئەمانە وەکو نوسەک دەوردەگێرن کەچی گیرەکی ڕێزمانین. نوسەک توانایی خۆدەرخستن و هەڵبژاردنی هامرازی نیە و لەسەر ڕێسای بەشەکانی ئاخاڤتن بەهەمو کەرەستەکانی دەلکێت، وەکو (ناو، هاوەڵناو، کار، ڕادە).

**.ڕەگ.ڕیشە (Root):**

بەشێکی ڕێزمانی و مۆرفیمێکی بەندی وشەسازیە و لە کاتی شیکردنەوەی وشەی نادسادە، بچوکترین پارچەی وشەیە کە دەکەوێتە بەردەست و مۆرفیمێکە کە بەتەنیایی واتەبەخشە و سەربەخۆیە، ڕەگ و پێکهاتەی سەرەکی وشەیە و نە لەت دەکرێت و پارچە ناکرێت، خاوەن چەند جۆر و ڕێسایە، وەکو:

شارەکەیان: /شار/ ڕەگە. خانوکەمان: /خانو/ ڕەگە. گوندەکان: /گوند/ ڕەگە.

مامۆستایان: /مامۆستا/ ڕەگە. داران: /دار/ ڕەگە. کچ: ڕەگە.

کوڕ: ڕەگە. پیاو: ڕەگە. ژن: ڕەگە.

بنج و وشەی سادە، بەزۆر وەکو ڕەگ دەردەکەون، وەکو (کچان، کچگەل، کچێک، کچۆڵە، کچۆڵ، کچە، کچێ، کچینە، کچێنە، کچێتی، کچانە، کچا، کچین، کچم) لەم ڕێزەوشەدارێژراوە؛ بنجی (کچ)، ڕەگە، ئەوانی دیکە گیرەکن.

**.قەد (Stem):**

مۆرفیمێکە کە توانایی وەرگرتن و لکاندنی گیرەکی ڕێزمانی هەیە، ئەم گیرەکانە لە وشەکە بستێندرێنەوە و جیا بکرێنەوە قەد ساز دەبێت، هەندێکجار بەفرێدان و لابردنی (ن) چاوگ وەردەگیرێت، وەکو:

ماڵەکە: ماڵ + کە، /ماڵ/ قەد، /ەکە/ گیرەکی ڕێزمانی.

شارەکە: شار + کە، /شار/ قەد، /ەکە/ گیرەکی ڕێزمانی.

دەکرم: دە + کر + م: /دە/ گیرەکی ڕێزمانی، /کر/ ڕەگ، قەد، /م/ گیرەکی ڕێزمانی.

دەفرم: دە + فر + م: /دە/ گیرەکی ڕێزمانی، /فر/ ڕەگ، قەد، /م/ گیرەکی ڕێزمانی.

(خواردن، نوستن، خەوتن، کردن، بردن، چوون)، ئەگەر /ن/ لە چاوگ بستێنینەوە ئەمە قەدی ئەم وشانە دەردەکەون.

**.بنج.بناغە (Base):**

مۆرفیمێک کە لەپاش لابردنی مۆرفیمێکی وشەی داڕێژراو و مۆرفیمی ڕێزمانی بەجێ دەمێنێت، واتا هەموکات دەبێتە بەشێکی بنەڕەتی و بنجینەیی بۆ وشەی ناسەربەخۆ کە لە مۆرفمێک پێکدێن، کە سەربەخۆ نین و هەموکات بە وشەیەک دەلکێن، وەکو:

نەبەز: نە + بەز: /نە/ گیرەکی ڕێزمانی، /بەز/ بنج.

نەمر: نە + مر: /نە/ گیرەکی ڕێزمانی، /مر/ بنج.

بێڕێز: بێ + ڕێز: /بێ/ گیرەکی داڕێژە، /ڕێز/، بنج.

بەڕێز: بە + ڕێز: /بە/ گیرەکی داڕێژە، /ڕێز/، بنج.

دەبەم: دە + بەم، /دە/ گیرەکی ڕێزمانی، /بەم/ بنج.

خوێنەر: خوێن + ەر، /خوێن/ بنج، /ەر/ گیرەکی داڕێژە.

**تێبینی:**

ئەم بەشەسەرەکی و پێکهاتەگرینگانەی مۆرفۆلۆژی بەشێوەی زانستی و لۆژیکی تایبەت و گرنگ بە بەشی زوانەوەن، بۆ ئەمەی کە بەشێوەی زانستی کار لەسەر بەشی ناو و وشەی زوانەکەمان بکردرێت، پێویستە کە ئەم بەشەگرنگ و سەرەکیانەی وشەسازی و وشەناسی بزانین و کاریان لەسەر بکردرێت. لەم بەشە بەشێوەی کورت لەسەر پێکهاتە و بنەما سەرەکیەکانی ناو و وشە ڕونکراوەم داوە و هێستاش بەشەسەرەکی وشەناسی لە زوانی کوردی، کە بەچالاکی و کارایی گیرەکەکان دەور دەگێرن و دێنە گۆڕەپانی فرێز و سینتەکس و سازبونی زوانێکی

گەشەکرداو و پێشکەوتو لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی و ڕێساکانی سروشتی زوانی کوردی، وەکو بەشێکی کارا دەخولێنەوە.

# وشە

ـ وشە قەتارەی فۆنگەلێکی واتادار و واجین و سازێنەری بەش و بنەمای ساختومانی زوان و ڕستەن، ئەم وشانە لەبری (مرۆڤ، ئاژەڵ، تاک، کەرەستە، هامراز بەشێوەی سەربەخۆ لەبواری واتاییەوە جێگر دەبن)، وەکو نێوکی وشە و هاوڵناو و بەرکار و کاکڵی  وشە دەکەوێتە بەردو شەپۆلی ڕێزمانیەوە و بەشێکی هەرەچالاک و ئەکتیڤی ڕێزمان و وشەناسی و وشەسازیەوە. وشە دەتوانێت بەزۆرکردنی گیرەک بەپێش و دواوەی، پێناسە و ناسراو و نەناسراو و لە تاک بۆ کۆ جێگۆڕک بکردرێت و بەوەرگرتنی گیرەک و نوسەک، داڕێژراو و بەلێکدانی لێکدراو ساز بکات. وشە لە باری ڕێزمانیەوە، دوبەشە:

**١: لەژێر باری ڕۆنان و پێکهاتنەوە.** **٢: لەژێر باری واتاوە.**

**ـ وشە لەژێر باری ڕۆنان و پێکهاتەی ساختمانیەوە دو بەشە:**

**١: سادە**

**٢: ناسادە**
- لێکدراو
- داڕێژراو

**.وشەی سادە (Simple Word)**

ئەم بەشە لە زنجیرەبەستنی چەند فۆن بۆ واتایەکی تایبەت و سەربەخۆ ساز دەبێت و تەنیا لە یەک وشە یان مۆرفیم و بەشێک پێکدێت کە (نە لەت دەکرێت و نە دابەش دەکرێت و هیچ مۆرفیمێک و ئەلۆمۆرف و هیچ بەشێکی زۆرکراوی تێدا نیە، بچوک ناکرێتەوە، دەبێت واتادار بێت، یەکپارچەن و سەربەخۆن، هاوشێوەی ناوی مرۆڤ، ئاژەڵ، زیندەوەر، بونەوەر، گیانلەبەر، وڵات، شوێن، هامراز و کەرەستەگەلەکان). هەروشەیەک لە چوارچێوەی ئەم بەشەوە بێت،

وەبەرشەپۆلی وشەی سادە دەکەوێت و دەبێتە وشەی سادە، بۆ وێنە ئەم ناوانە:
(دار، گوڵ، خاڵ، ماڵ، حاڵ، کێو، مانگ، ئاو، شەو، خەو، دایک، باوک، خوشک، برا، شاخ، میوە، پێنوس، لێنوس).

**وشەی ناسادە.**

ئەم بەشە پتر لە یەک وشە و مۆرفیم پێکهاتوە، لەت دەکرێت و دابەش دەبێت، بچوک دەکرێتەوە و توانایی پشکنینیان تێدایە و لە وشە و هامرازێک پتر پێکدێن. ئەم بەشە لەسەر هاستی ڕێزمانیەوە، لە دو بەش پێکهاتوە:

**ـ لێکدراو ـ داڕێژراو**

**وشەی لێکدراو (Compound Word).**

لە دو یان پتر لە دو وشەی واتادار و مۆرفیم بۆ سازکردنی واتایەکی نوێ پێکدێن. پێکهاتە و تێکەڵی دو یان چەند وشەی سەربەخۆ و تایبەت بۆ سازکردنی واتایەکی نوێ و جیاواز، واتە هەڵکەوتنی هاوەڵناو و هاوەڵکردار و ناو و بەیارمەتی پێشگر و نێوگر و نێوبەند و دولابەند و پاشگر و لە چەند گۆڕەپان خۆ دەردەخەن، وەکو: (بەشی پێکهاتنی وشەی، دەبێتە: وشەی لێکدراوی نائاسایی، وشەی لێکدراوی دەرخەری، وشەی لێکدراوی ڕەگی، وشەی لێکدراوی هاوواتایی، وشەی لێکدراوی دژواتا، وشەی لێکدراوی هاڵۆز، وشەی لێکدراوی قەدی، وشەی لێکدراوی بەدوپاتەبونەوەی گۆڕینی فۆن، وشەی لێکدراوی چاوگی، وشەی لێکدراوی دوپاتەیی و جوتەوشەیی، وشەی لێکدراوی ڕێژەیی، وشەی لێکدراوی بەهۆی لابردنی کار، وشەی لێکدراوی بەستراو) ئەم بەشانە بەشێوەی چالاک لەنێو زوان دەردەکەون و وشە وەبەرشەپۆلی ڕێسای ڕێزمانی و زوانی دەدەن.

**وشەی داڕێژراو (Derivational Word).**

لە وشەیەکی سەربەخۆ یان مۆرفیمێکی ئازاد و بەند و مۆرفیمێکی بەندی و گیرەک پێکدێن. ئەم بەند و گیرەکانەش بریتین لە (پێشگر، نێوگر، نێوبەند، دولاگر و پاشگر)، ئەم گیرەکانە دەچنە سەر ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکردار و وشەی نوێی داڕێژراو ساز دەکەن.

**وشەی لێکدراوی ئاسایی.**

لە دو وشە و مۆرفیم و بەشی سەربەخۆ و واتادار پێکدێن کە هەرکام بۆخۆیان واتایەکی تایبەت و سەربەخۆیان هەیە و وشەیەکی نوێ لێکدەدەن، وەکو:

**وشەی سادە + وشەی سادە = وشەی لێکدراو:**

| | | |
|---|---|---|
| سەهۆڵ + ئاو: سەهۆڵاو | شۆر + باو: شۆرباو | دار + بەڕو: داربەڕو |
| قوڕ + ئاو: قوڕاو | ماست + ئاو: ماستاو | مەلا + ژن: مەلاژن |
| وشە + نامە: وشەنامە | بار + نامە: بارنامە | فەرهەنگ + نامە: فەرهەنگنامە |
| شا + سوار: شاسوار | تا + گەنم: تاگەنم | ڕێ + زمان: ڕێزمان |
| دەست + کێش: دەستکێش | خانە + باغ: خانەباغ | شا + گوڵ: شاگوڵ |
| شا + ڕێ: شاڕێ | شا + مار: شامار | |

**وشەی لێکدراوی دیاریکەری.**

لە وشەی سادە و هاوەڵناوی سادە، ڕەگ، هاوەڵکرداری سادە، جێناو و هەرکام لەم بەشانە پێکبێت، ئەرکی سەرە و ئەوی دیکەیان ئەرکی دەرخەری دەگرێت، وەکو:

**وشەی سادە + هاوەڵناوی سادە = هاوەڵناوی لێکدراو:**

| | | |
|---|---|---|
| بەخت + ڕەش: بەختڕەش | ڕو + ڕەش: ڕوڕەش | ڕو + سپ + ی: ڕوسپی |
| ڕو + سور: ڕوسور | باڵا + بەرز: باڵابەرز | چاو + سور: چاوسور |
| چاو + شین: چاوشین | لێو + ئاڵ: لێوئاڵ | ئێسک + سوک: ئێسکسوک |
| سەر + زل: سەرزل | سەر + بەرز: سەربەرز | سەر + شۆڕ: سەرشۆڕ |
| سمێڵ + فش: سمێڵفش | چاو + شۆڕ: چاوشۆڕ | دڵ + پاک: دڵپاک |
| خوێن + تاڵ: خوێنتاڵ | خوێن+شیرین: خوێنشیرین | دەنگ+خۆش:دەنگخۆش |
| لوت + زل: لوتزل | لیج + شۆڕ: لیجشۆڕ | لێو + ئەستور: لێوئەستور |
| مل + ئەستور: ملئەستور | مل + کەج: ملکەج | مل + باریک: ملباریک |
| مل + درێژ: ملدرێژ | زمان + پیس: زمانپیس | چاو + پیس: چاوپیس |
| دڵ + پیس: دڵپیس | دڵ + کوێر: دڵکوێر | دەرون + پیس: دەرونپیس |
| قژ + لول: قژلول | قژ + کاڵ: قژکاڵ | ئار + گەش: ئارگەش |
| گوێ + درێژ: گوێدرێژ | ئاور + گەرم: ئاورگەرم | ڕێ + زان: ڕێزان |
| ڕێ + ناس: ڕێناس | چاو + کوێر: چاوکوێر | چاو + جوان: چاوجوان |
| دامەن + درێژ: دامەندرێژ | پیاو + چاک: پیاوچاک | مرۆڤ+چاک: مرۆڤچاک |

مردو + شۆر: مردوشۆر رۆح ـ ڕوح + سوک: ڕۆحسوک ـ ڕوحسوک

**ـ هاوەڵناوی سادە + وشەی سادە = هاوەڵناوی لێکدراو:**

ڕەش + پێست: ڕەشپێست سور + پێست: سورپێست سپی + پێست: سپیپێست
زەرد + پێست: زەردپێست زڕ + برا: زڕبرا زڕ + دایک: زڕدایک
زڕ + خوشک: زڕخوشک زڕ + باب: زڕباب ڕەش + ماڵ: ڕەشماڵ
ڕوناک + بیر: ڕوناکبیر ڕۆشەن + بیر: ڕۆشەنبیر سێ + پەڕ: سێپەڕ
زل + ئام: زلام ـ زەلام
پاک+داوێن ـ دامێن ـ دامان: پاکداوێن ـ پاکدامێن ـ پاکدامان

**ـ هاوەڵکرداری سادە + وشەی سادە = هاوەڵکردار:**

لا + دم: لادم لا + لوت: لالوت لا + چاو: لاچاو لا + دێ: لادێ
لا + بار: لابار جێ + پێ: جێپێ جێ + گە: جێگە جێ + ناو: جێناو
جێ + خەو: جێخەو ژێر + ماڵ: ژێرماڵ ژێر + خان: ژێرخان ژێر+پیاڵە:ژێرپیاڵە
ژێر + پێڵاو: ژێرپێڵاو بەر + ماڵ: بەرماڵ بەر + هێوان ـ ئێوان: بەرهێوان ـ بەرئێوان
بەر + ڕۆژ: بەرڕۆژ بەر + باس: بەرباس بەر + بانگ: بەربانگ نێو + ماڵ: نێوماڵ
نێو + شار: نێوشار نێو + خۆ: نێوخۆ
پاش + نێوەڕۆ: پاشنیوەڕۆ پاش + نوێژ: پاشنوێژ پاش + ناو: پاشناو پاش + شێو: پاششێو
پێش + نوێژ: پێشنوێژ پێش + خان: پێشخان پێش + شێو: پێششێو

**ـ هاوەڵناوی سادە + هاوەڵناوی سادە = هاوەڵناوی لێکدراو:**

ڕەش + تاڵ: ڕەشتاڵ جوان + چاک: جوانچاک زل + هێز: زلهێز
جوان + خاس: جوانخاس سور + اب: سوراب ڕەش + بەڵەک: ڕەشبەڵەک
شیرین + تاڵ: شیرینتاڵ ڕەش + بازگ: ڕەشبازگ شین + ئاب: شینئاب
سور + بۆز: سوربۆز سور + ئاڵ: سورئاڵ ڕەش + ئەسمەر: ڕەشئەسمەر
زەرد + ئاڵ: زەردئاڵ فەر + شاد: فەرشاد فەر + زان: فەرزان
زۆر + زان: زۆرزان

**ـ وشەی سادە، ڕەگی کردار = وشەی لێکدراو، هاوەڵکرداری لێکدراو، هاوەڵناو:**

| | | |
|---|---|---|
| دار + تاش: دارتاش | بەرد + تاش: بەردتاش | پەیکەر + تاش: پەیکەرتاش |
| بەرگ + درو: بەرگدرو | کورتان + درو: کورتاندرو | جل + درو: جلدرو |
| مرۆڤ + کوژ: مرۆڤکوژ | ئاژەڵ + کوژ: ئاژەڵکوژ | شوێن + گر: شوێنگر |
| ڕێ + گر: ڕێگر | خوێن + گر: خوێنگر | پێ + گر: پێگر |
| ڕۆح + کێش: ڕۆحکێش | گیان + کێش: گیانکێش | ڕێ + بین: ڕێبین |
| ڕێ + کەوت: ڕێکەوت | نوێژ + خوێن: نوێژخوێن | دەرس ـ دەرز+خوێن: دەرسخوێن |
| خوێن + مژ: خوێنمژ | تۆز + مژ: تۆزمژ | هەوا + مژ: هەوامژ |
| هەوا + کێش: هەواکێش | نەوت + کێش: نەوتکێش | نیگار+کێش: نیگارکێش |
| ناز + کێش: نازکێش | بار + کێش: بارکێش | دڵ + تەزێن: دڵتەزێن |
| سەر + تەزێن: سەرتەزێن | غەم + ڕەوێن: غەمڕەوێن | دڵ + ڕفێن: دڵڕفێن |
| خوێن + ڕێژ: خوێنڕێژ | ئاو + ڕێژ: ئاوڕێژ | شەڕ + فرۆش: شەڕفرۆش |
| ئاو + فرۆش: ئاوفرۆش | نان + فرۆش: نانفرۆش | میوە + فرۆش: میوەفرۆش |
| دەست + ڕێژ: دەستڕێژ | خۆش + فرۆش: خۆشفرۆش | پیس + کێر: پیسکێر |
| جێ + گر: جێگر | ڕێ + گر: ڕێگر | بەر + ماڵ: بەرماڵ |
| بەر + کۆڵ: بەرکۆڵ | بەر + هێوان: بەرهێوان | بەر + پرس: بەرپرس |
| ڕەش + بین: ڕەشبین | خۆش + بین: خۆشبین | جوان + بین: جوانبین |
| تیژ + بین: تیژبین | نێو + گر: نێوگر | نێو + شار: نێوشار |
| ژێر + باڵ: ژێرباڵ | ژێر + پیاڵە: ژێرپیاڵە | پەیام + نێر: پەیامنێر |
| هەواڵ + نێر: هەواڵنێر | نامە + گر: نامەگر | ڕەش + کوژ: ڕەشکوژ |
| کۆمەڵ + کوژ: کۆمەڵکوژ | شا + مار: شامار | شا + پەڕ: شاپەڕ |
| شا + گوڵ: شاگوڵ | لا + ڕێ: لاڕێ | لا + سەنگ: لاسەنگ |
| بەر + ماڵ: بەرماڵ | دەر + گە: دەرگە | سەر + بەرز: سەربەرز |

**ـ وشەی لێکدراوی داڕێژراو.**

لە پێکهاتەی وشەی لێکدراو و یەکێک لە چوار ئەفێکسەکانی (پێشگر، نێوبەند، نێوگر، دولاگر، پاشگر) پێکدێت و ساز دەبێت، ئەفێکسەکان بریتین لە:

# پێشگر (Prefix)

بەشێکی چالاک و بەهێزی وشەی هەر زوانێکە، پێکهاتەی بڕگەیی و گیرەکیە کە دەکەوێتە سەرەتا و سەر وشە و ناو و ڕەگ و ئەرکی داڕێژراوی بەستۆوە دەگرێت. لە زوانی کوردی پێشگرەکان لەم شێوانە دەردەکەون، وەکو:

**ـ گیرەک + ڕەگ ـ وشە = وشەی داڕێژراو:**

| | | |
|---|---|---|
| پێ + خواس: پێخواس | پێ + خۆش: پێخۆش | پێ + نوس: پێنوس |
| پێ + خۆر: پێخۆر | پێ + زانین: پێزانین | پێ + وان: پێوان |
| پێ + گەیشتن: پێگەیشتن | پێ + ڕا: پێڕا | پێ + کەنین: پێکەنین |

**.هاوەڵناوی داڕێژراو:**

**ـ گیرەک + ناو ـ هاوەڵناوی سادە = وشەی داڕێژراو:**

| | | |
|---|---|---|
| بێ + کەس: بێکەس | بێ + تاوان: بێتاوان | بێ + بنەما: بێبنەما |
| بێ + لایەن: بێلایەن | بێ + یار: بێیار | بێ + پوڵ: بێپوڵ |
| بێ + کار: بێکار | بێ + هەست: بێهەست | بێ + ڕێز: بێڕێز |
| بی + شەرم: بیشەرم | بی + فەڕ: بیفەڕ | بی + دەرەتان: بیدەرەتان |
| بێ + ژان: بێژان | بە + ڕێز: بەڕێز | بە + ژان: بەژان |
| بە + پوڵ: بەپوڵ | بە + کار: بەکار | بە + هێز: بەهێز |
| بە + جەرگ: بەجەرگ | بە + کەڵ: بەکەڵ | بە + دەرد: بەدەرد |
| با + ڕەوشت: باڕەوشت | با + شەرم: باشەرم | با + دین: بادین |
| وە + کار: وەکار | وە + قودرەت: وەقودرەت | وە + زان: وەزان |
| هاو + دەرد: هاودەرد | هاو + ماڵ: هاوماڵ | هاو + غەم: هاوغەم |
| هاو + ژین: هاوژین | هاو + سەر: هاوسەر | هاو + ڕا: هاوڕا |

هاو + ڕاز: هاوڕاز
هەم + سەر: هەمسەر
هەم + ڕا: هەمڕا
هەم + ڕاز: هەمڕاز
نە + فام: نەفام
نە + زان: نەزان
نە + دوێ: نەدوێ
نە + خوازیار: نەخوازیار
نە + مر: نەمر
نە + گونجاو: نەگونجاو
نە + زۆک: نەزۆک
نە + یار: نەیار
نە + کەم: نەکەم
نە + ساخ: نەساخ
نە + ناس: نەناس
نە + خۆش: نەخۆش
نا + ڕاست: ناڕاست
نا + ڕێک: ناڕێک
نا + خواست: ناخواست
نا + شارەزا: ناشارەزا
نا + ڕەوا: ناڕەوا
نا + پێک: ناپێک
نا + وارید: ناوارید
نا + خوازیار: ناخوازیار
نە + وێر: نەوێر

**.کرداری داڕێژراو:**

لەم بەشە، پێشگرانی (وەر، هەڵ، دا، ڕا، ڕۆ) گیرەکێکی هەرەچالاک و ئەکتیڤی زوانی کوردیدن، کە لە ئەرکی خۆیانەوە واتای تایبەتیان هەیە. پێشگری (وەر) کە پتر واتای جوڵە و کردار و بزاوتنی لاری و کەوانەیی دەدات، وەکو:

وەر + زێر: وەرزێر
وەر + گر: وەرگر
وەر + سووڕا: وەرسووڕا
وەر + کەوت: وەرکەوت
وەر + گەڕا: وە رگەڕا
وەر + گێڕ: وەرگێڕ
وەر + چەرخا: وەرچەرخا
وەر + نان: وەرنان
وەر + کورما: وەرکورما
وەر + کەوت: وەرکەوت
وەر + گرت: وەرگرت

**.پێشگری (هەڵ، ئەڵ)**

گیرەکی تایبەتی داڕاژتنی کردار لەنێو زوانی کوردیە، ئەم پێشگرە پتر بەواتای جوڵە و کردارێک لە خوارەوە بۆ لای سەرەوە دەردەکەوێت لەگەڵ چاوگ و هاوەڵکردار دەردەکەوێت و هاوەڵکرداری داڕێژراو ساز دەکات، وەکو:

هەڵ + گرت: هەڵگرت
هەڵ + کرد: هەڵکرد
هەڵ + نوشی: هەڵنوشی
هەڵ + گیر: هەڵگیر
هەڵ +ماڵی: هەڵماڵی
هەڵ + گیرسان: هەڵگیرسان
هەڵ + سووڕ: هەڵسووڕ
هەڵ + خست: هەڵخست
هەڵ + وەڕی: هەڵوەڕی
هەڵ + پەڕین: هەڵپەڕین
هەڵ + قڕچا: هەڵقڕچا
هەڵ + پۆچا: هەپۆچا

| | | |
|---|---|---|
| هەڵ + چوو: هەڵچوو | هەڵ + کشا: هەڵکشا | هەڵ + نیشت: هەڵنیشت |
| هەڵ + دا: هەڵدا | هەڵ + هێنا: هەڵهێنا | هەڵ + بەزی: هەڵبەزین |
| ئەڵ + ماڵی: ئەڵماڵین | ئەڵ + پەڕی: ئەڵپەڕین | هەڵ + پاچین: هەڵپاچین |
| هەڵ + ماڵین: هەڵماڵین | هەڵ + کردن: هەڵکردن | هەڵ + بەزین: هەڵبەزین |
| هەڵ + پەڕین: هەڵپەڕین | هەڵ + کوتان: هەڵکوتان | هەڵ + کورمان: هەڵکورمان |
| هەڵ + گیرسان: هەڵگیرسان | هەڵ + چۆڕا: هەڵچۆڕان | هەڵ + سووڕان: هەڵسووڕان |
| هەڵ + قرچان: هەڵقرچان | هەڵ + بڕین: هەڵبڕین | هەڵ + داشتن: هەڵداشتن |
| هەڵ + فڕین: هەڵفڕین | هەڵ + مشتن: هەڵمشتن | هەڵ + نوشین: هەڵنوشین |
| هەڵ + کەندن: هەڵکەندن | هەڵ + اوەسین: هەڵاوەسین | هەڵ + اتن: هەڵاتن |
| هەڵ + اوردن: هەڵاوردن | هەڵ + فیزاندن: هەڵفیزاندن | هەڵ + نیشتن: هەڵنیشتن |
| هەڵ + بژاردن: هەڵبژاردن | هەڵ + ایسان: هەڵایسان | هەڵ + توتان: هەڵتوتان |
| هەڵ + قڵشان: هەڵقڵشان | هەڵ + شەقان: هەڵشەقان | هەڵ + خلیسکان: هەڵخلیسکان |
| هەڵ + تروکان: هەڵتروکان | هەڵ + وەڕین: هەڵوەڕین | |
| هەڵ + پروسکاندن: هەڵپروسکاندن | هەڵ + کوشین ـ گوشین: هەڵکوشین | |

**پێشگری (دا)**

پتر بەواتای جوڵە و کردارێک لەلای سەرەوە بۆلای خوارەوە دەدات، لەگەڵ کردار و چاوگی دارێژراو و چاوگی سادە پتر چالاکە و هاوەڵناو و هاوەڵکرداری دارێژراو ساز دەکات، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| دا + چەقا: داچەقا | دا + مەزرا: دامەزرا | دا + مەرزا: دامەرزا |
| دا + بەزا: دابەزا | دا + خورپا: داخورپا | دا + کێڵا: داکێڵا |
| دا + ماڵی: داماڵی | دا + گرت: داگرت | دا + خست: داخست |
| دا + کەوت: داکەوت | دا + کێشا: داکێشا | دا + ڕما: داڕما |
| دا + نوا: دانوا | دا + پەڕی: داپەڕی | دا + هێنا: داهێنا |
| دا + نیشت: دانیشت | دا + بەزی: دابەزی | دا + کورما: داکورما |
| دا + ڕزا: داڕزا | دا + چوو: داچوو | دا + هێنەر: داهێنەر |
| دا + هێنان: داهێنان | دا + چاندن: داچاندن | دا + کوتان: داکوتان |
| دا + سەپاندن: داسەپاندن | دا + ماڵین: داماڵین | دا + فەوتان: داوفەوتان |
| دا + پلۆسین: داپلۆسین | دا + شۆڕا: داشۆڕا | دا + بەستن: دابەستن |
| دا + پاچین: داپاچین | دا + تەکاندن: داتەکاندن | دا + کێران: داکێران |

دا + تاشین: داتاشین
دا + ڕنین: داڕنین
دا + قەپان: داقەپان
دا : گەڕان: داگەڕان
دا + کەندن: داکەندن
دا + دڕین: دادڕین
دا + ڕسان: داڕسان
دا + دان: دادان

**پێشگری (ڕا)**

پتر بەشێوەی جوڵە و کردرای ئاسۆیی، لەگەڵ چاوگی سادە، هاوەڵکرداری سادە دێت، وەکو:

ڕا + گرتن: ڕاگرتن ڕا + چەنین: ڕاچەنین ڕا + خست: ڕاخست ڕا +ماڵین: ڕاماڵین

ڕا + وەستا: ڕاوەستا
ڕا + موسا: ڕاموسا
ڕا + سان: ڕاسان
ڕا + کێشان: ڕاکێشان
ڕا + پەڕین: ڕاپەڕین
ڕا + هات: ڕاهات
ڕا + چوو: ڕاچوو
ڕا + گوێزرا: ڕاگوێزرا
ڕا + پاڵ: ڕاپاڵ
ڕا + سپارد: ڕاسپارد
ڕا + دان: ڕادان
ڕا + گواستن: ڕاگواستن
ڕا + هێنان: ڕاهێنان
ڕا + کردن: ڕاکردن
ڕا + مان: ڕامان
ڕا + بون: ڕابون
ڕا + کێشان: ڕاکێشان
ڕا + کێشەر: ڕاکێشەر
ڕا + بوردن: ڕابوردن
ڕا + هاتن: ڕاهاتن

**پێشگری (ڕۆ)**

پتر بەواتای خزین و کردارێک بەرەو نێو و ژورەوە دێت، وەکو:

ڕۆ + نوس: ڕۆنوس
ڕۆ + کرد: ڕۆکرد
ڕۆ + نا: ڕۆنا
ڕۆ + نیشت: ڕۆنیشت
ڕۆ + چوو: ڕۆچوو
ڕۆ + ماڵ: ڕۆماڵ
ڕۆ + مان: ڕۆمان

**ـ تێ + چاوگی سادە، ڕەگی کردار = چاوگی داڕێژراو، هاوەڵکرداری داڕێژراو:**

تێ + کۆشەر: تێکۆشەر
تێ + ڕامان: تێڕامان
تێ + پەڕ: تێپەڕ
تێ + گەیشتن: تێگەیشتن
تێ + سووڕان: تێسووڕان
تێ + چوو: تێچوو
تێ + چوون: تێچوون
تێ + کوتان: تێکوتان
تێ + ماو: تێماو
تێ + خنان: تێخنان
تێ + نان: تێنان
تێ + پەستان: تێپەستان
تێ + گرتن: تێگرتن
تێ + هەڵپێچان: تێهەڵپێچان
تێ + خستن: تێخستن
تێ + بردن: تێبردن
تێ + چەقین: تێچەقین

**ـ پێشگر + چاوگی سادە، کرداری سادە = چاوگی داڕێژراو، هاوەڵکرداری داڕێژراو:**

| | | |
|---|---|---|
| لێ + کەوت: لێکەوت | لێ + وار: لێوار | لێ + زان: لێزان |
| لێ + خور: لێخور | لێ + نان: لێنان | لێ + دان: لێدان |
| لێ + گرتن: لێگرتن | لێ+بەستن: لێبەستن | لێ + بژاردن: لێبژاردن |
| لێ + بوردن: لێبوردن | لێ + پرسین: لێپرسین | لێ + هاتو: لێهاتو |
| لێ : کۆڵین: لێکۆڵین | لێ : ژەنین: لێژەنین | لێ + دوان: لێدوان |
| لێ + ماوە: لێماوە | لێ + کەوتن: لێکەوتن | لێ + چوون: لێچوون |
| لێ + قەوماو: لێقەوماو | | |

**ـ (ب) + وشە ـ ڕەگ (ناوی بکەر و کارا):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ب + خۆ: بخۆ | ب + ڕۆ: بڕۆ | ب + کە: بکە | ب + شۆ: بشۆ |
| ب + کوژ: بکوژ | ب+فرۆش: بفرۆش | ب + نێر: بنێر | ب + اخڤ: باخڤ |
| ب + ناڵ: بناڵ | ب + پەڕ: بپەڕ | ب + چێن: بچێن | ب + دڕ: بدڕ |
| ب + کڕ: بکڕ | ب + کەر: بکەر | مە + خوەر: مەخوەر | |
| مە + مر: مەمر | مە + چوو: مەچوو | | |

# نێوبەند (Interfix)

یەکێک لە ڕێساکانی وشەی لێکدراو، مۆرفیمێکی بەندی وشەدروستکەر و وشەسازیە کە یارمەتی لێکدانی وشەی لێکدراو و داڕێژراو دەدات. لەم بەشە بەپێی ئەرکی فۆنۆلۆژیکی وشە سەربەخۆیەکان بەهاتن و دەرکەوتنی فۆنێکی نێوبەند لێکدەدرێن و وشەی لێکدراویان لێساز دەبێت، مۆرفیمەنێوبەندەکانی زوانی کوردی کە بەتەنیا هیچ واتایەکیان نیە و بەشێوەی مۆرفیم دەردەکەون، وەکو:

**.مۆرفیمی نێوبەند و ئینتەرفیکسی /ە/:**

**ـ وشەی سادە + ە + وشەی سادە = وشەی لێکدراوی دەرخەری:**

| | |
|---|---|
| گوڵ + ە + باغ: گوڵەباغ | مانگ + ە + شەو: مانگەشەو |
| بان + ە + مەڕ: بانەمەڕ | دار + ە + سێو: دارەسێو |
| دار + ە + مێو: دارەمێو | دار + ە + دەست: دارەدەست |
| دار + ە + بەن: دارەبەن | بەرد + ە + نوێژ: بەردەنوێژ |
| بەرد + ە + مۆر: بەردەمۆر | بەردە + ە + کون: بەردەکون |
| گوڵ + ە + بەڕۆژ: گوڵەبەڕۆژ | هەور + ە + تریشقە: هەورەتریشقە |
| گۆڵ + ە + کەر: گۆڵەکەر | جاشک + ە + کەر: چاشکەکەر |
| بوک + ە + شوشە: بوکەشوشە | چەپک + ە + گوڵ: چەپکەگوڵ |
| گوڵ + ە + هێرۆ: گوڵەهێرۆ | توتک + ە + سەگ: توتکەسەگ |
| کێل + ە + بەرد: کێلەبەرد | ئاخ + ە + لێو: ئاخەلێو |
| خاک + ە + لێو: خاکەلێو | بزن + ە + مەرەز: بزنەمەرەز |
| تات + ە + بەرد: تاتەبەرد | سەر + ە + مەڕ: سەرەمەڕ |
| شەڕ + ە + کچ: شەڕەکچ | شەڕ + ە + ژن: شەڕەژن |
| شەڕ + ە + کوڕ: شەڕەکوڕ | پیر + ە + کەر: پیرەکەر |

تاق ـ تاک + ە + دار: تاقەدار
تاک ـ تاق + ە + کەس: تاکەکەس
چڵ + ە + شەمچە: چڵەشەمچە
شەمشەم + ە + کوێر: شەمشەمەکوێر.

**ـ وشەی دوپاتەیی سروشتی بەیارمەتی مۆرفیمی نێوبەندی (ە) و ڕەگی کرداری سادە و هاوەڵناوی سادە و وشەی سادە = جوتەوشەی ناتەواوی لێکدراو:**

گرم + ە + گرم: گرمەگرم
لرف + ە + لرف: لرفەلرف
هاژ + ە + هاژ: هاژەهاژ
هاز + ە + هاز: هازەهاز
زیق + ە + زیق: زیقەزیق
دەنگ + ە + دەنگ: دەنگەدەنگ
قیژ + ە + قیژ: قیژەقیژ
فینک + ە + فینک: فینکەفینک
منگ + ە + منگ: منگەمنگ
زیک + ە + زیک: زیکەزیک
سرت + ە + سرت: سرتەسرت
فڕت + ە + فڕت: فڕتەفڕت
قاڕ + ە + قاڕ: قاڕەقاڕ
نەڕ + ە + نەڕ: نەڕەنەڕ
مرخ + ە + مرخ: مرخەمرخ
خش + ە + خش: خشەخش
ورت + ە + ورت: ورتەورت
گاڕ + ە + گاڕ: گاڕەگاڕ
لاژ + ە + لاژ: لاژەلاژ
لار + ە + لار: لارەلار
لور + ە + لور: لورەلور
ورد + ە + ورد: وردەورد
چوک + ە + چوک: چوکەچوک
فڕ + ە + فڕ: فڕەفڕ
بۆڵ + ە + بۆڵ: بۆڵەبۆڵ
خڕ + ە + خڕ: خڕەخڕ
کڕ + ە + کڕ: کڕەکڕ
فیز + ە + فیز: فیزەفیز
باڕ + ە + باڕ: باڕەباڕ
گار + ە + گار: گارەگار
نار + ە + نار: نارەنار
مڕ + ە + مڕ: مڕەمڕ
فیت + ە + فیت: فیتەفیت
زیک + ە + زیک: زیکەزیک
مینگ + ە + مینگ: مینگەمینگ
هینک + ە + هینک: هینکەهینک
بریق + ە + بریق: بریقەبریق
کۆخ + ە + کۆخ: کۆخەکۆخ
ناڵ + ە + ناڵ: ناڵەناڵ
چیک + ە + چیک: چیکەچیک
باق + ە + باق: باقەباق
ڤیک + ە + ڤیک: ڤیکەڤیک
زڕ + ە + زڕ : زڕەزڕ
کش + ە + کش: کشەکش
پشت + ە + پشت: پشتەپشت
پش + ە + پش: پشەپش

| | |
|---|---|
| گڕ + ە + گڕ:گڕەگڕ | قڕ + ە + قڕ: قڕەقڕ |
| زرپ + ە + زرپ: زرپەزرپ | پرت + ە + پرت: پرتەپرت |
| نەخت + ە + نەخت: نەختەنەخت. | شلق + ە + شلق: شلقەشلق |
| قرچ + ە + قرچ: قرچەقرچ | تەق + ە + تەق: تەقەتەق |
| قیر + ە + قیر: قیرەقیر | زیل + ە + زیل: زیلەزیل |
| هیل + ە + هیل: هیلەهیل | وەر + ە + وەر: وەرەوەر |
| قریو + ە + قریو: قریوەقریو | چرک + ە + چرک: چرکەچرک |
| مڵچ + ە + مڵچ: مڵچەمڵچ | فڵچ + ە + فڵچ: فڵچەفڵچ |
| جوڵ + ە + جوڵ: جوڵەجوڵ | شەق + ە + شەق: شەقەشەق |
| دەنگ + ە + دەنگ: دەنگەدەنگ | جریک + ە + جریک: جریکەجریک |

**ـ ناو، هاوەڵناوی سادە + ە + وشەی سادە = وشەی لێکدراو:**

| | |
|---|---|
| سور + ە + گوڵ: سورەگوڵ | بەرز + ە + کێو: بەرزەکێو |
| بەرز + ە + فڕ: بەرزەفڕ | بەرز + ە + مژ: بەرزەمژ |
| شۆڕ + ە + ژن: شۆڕەژن | شۆڕ + ە + کچ: شۆڕەکچ |
| شۆڕ + ە + سوار: شۆڕەسوار | شۆڕ + ە + بی: شۆڕەبی |
| شۆڕ + ە + لاو: شۆڕەلاو | ڕەش + ە + با: ڕەشەبا |
| ڕەش + ە + ڕەیحان: ڕەشەڕەیحان | کورت + ە + چیرۆک: کورتەچیرۆک |
| کورت + ە + نامە: کورتەنامە | کورت + ە + باڵا: کورتەباڵا |
| سەوز + ە + گیا: سەوزەگیا | جوان + ە + مەرگ: جوانەمەرگ |
| زەرد + ە + لیمۆ: زەردەلیمۆ | ئاڵ + ە + کۆک: ئاڵەکۆک |
| چرت + ە + میز: چرتەمیز | ویشک + ە + ساڵ: ویشکەساڵ |
| شۆڕ + ە + کات: شۆڕەکات | کەڵ + ە + پیاو: کەڵەپیاو |
| کەڵ + ە + ژن: کەڵەژن | کەڵ + ە + گا: کەڵەگا |
| کەڵ + ە + شێر: کەڵەشێر | دێڵ + ە + سەگ: دێڵەسەگ |
| دێڵ + ە + کەر: دێڵەکەر | گۆڵ + ە + کەر: گۆڵەکەر |
| نێر + ە + کەر: نێرەکەر | گۆڵ + ە + سەگ: گۆڵەسەگ |
| نێر + ە + کەو: نێرەکەو | تەڕ + ە + پیاز ـ پیواز: تەڕەپیواز |

تەڕ + ە + فرۆش: تەڕەفرۆش
باریک + ە + ڕێ: باریکەڕێ
کۆن + ە + فرۆش: کۆنەفرۆش
فش + ە + کەر: فشەکەر
تاریک + ە + شەو: تاریکەشەو
ورد + ە + قسە: وردەقسە
چرک + ە + سات: چرکەسات
نەخت + ە + سات: نەختەسات
خاس + ە + کەو: خاسەکەو
نەرم + ە + مەڵاشو: نەرمەمەڵاشو
ڕەق + ە + مەڵاشو: ڕەقەمەڵاشو
کوێر + ە + دێ: کوێرەدێ
سور + ە + قاگ: سورەقانگ
سور + ە + باڵ: سورەباڵ
سور + ە + کوان: سورەکوان
شین + ە + بی: شینەبی
سەوز + ە + کۆ: سەوزەکۆ
قوڵ + ە + فیتنە: قوڵەفیتنە
چرچ ـ جرج + ە + مشک: جرجەمشک

**ـ وشەی سادە + ە + هاوەڵناوی سادە = وشەی لێکدراو:**

شەو + ە + زەنگ: شەوەزەنگ
گیسک + ە + نێر: گیسکەنێر
ئاسک + ە + نێر: ئاسکەنێر
ئاسک + ە + مێ: ئاسکەمێ
کوڕ + ە + خاس: کوڕەخاس
کچ + ە + خاس: کچەخاس
کوڕە + ە + باش: کوڕەباش
پوڵەک + ە + ڕێژ: پوڵەکەڕێژ
ئاگر + ە + سور: ئاگرەسور
کێڵ + ە + شین: کێڵەشین
کێڵ + ە + سپی: کێڵەسپی
گۆم + ە + شین: گۆمەشین
بەرد + ە + ڕەش: بەردەڕەش
مێوژ + ە + ڕەش: مێوژەڕەش
بزن + ە + کێوی: بزنەکێوی
کۆڵک + ە + زێڕین: کۆڵکەزێڕین

**ـ هاوڵناو + ە + هاوەڵناو = وشەی لێکدراو:**

سوێر + ە + لۆک: سوێرەلۆک
کەڵ + ە + ڕەش: کەڵەڕەش
زەرد + ە + زبڕ: زەردەزبڕ
کابان + ە + قوڵە: کابانەقوڵە
چرچ ـ جرج + ە + کوێر: جرجەکوێر

**ـ هاوەڵکرداری شوێن + ە + وشەی سادە = وشەی لێکدراو:**

پاش + ە + ڕۆژ: پاشەڕۆژ
پشت + ە + سەر: پشتەسەر
سەر + ە + ڕۆ: سەرەڕۆ
پشت + ە + ماڵ: پشتەماڵ
پشت + ە + مل: پشتەمل
خوار +ە+ دێ: خوارەدێ

**ـ وشەی سادە + ڕەگی کردار = وشەی لێکدراو:**

چاو + ە + ڕێ: چاوەڕێ　　چاو + ە + ڕوان: چاوەڕوان　　سەر + ە + ڕۆ: سەرەڕۆ

دەست + ە + بەر: دەستەبەر　　دەست + ە + سڕ: دەستەسڕ　　شەن+ە+کێش: شەنەکێش

بەرد + ە + نوس: بەردەنوس　　ئاو + ە + ڕێژ: ئاوەڕێژ　　خاک+ە + ڕێژ: خاکەڕێژ

پەرتوک + ە + نوس: پەرتوکەنوس

**ـ وشەی سادە + ە + هاوەڵناوی سادە + ە = وشەی لێکدراو:**

ئاسک + ە + نێر + ە: ئاسکەنێرە　　مێوژ + ە + ڕەش + ە: مێوژەڕەشە

هەنجیر + ە + شیرین + ە: هەنجیرەشیرینە　　پەڵک + ە + زێڕین + ە: پەڵکەزێڕینە

ئاگر + ە + سور + ە: ئاگرەسورە　　کۆتر + باریک + ە: کۆترەباریکە

کولێر + ە + ناسک + ە: کولێرەناسکە　　کولێر + ە + چەور + ە: کولێرەچەورە

**. مۆرفیمی نێوبەندی (و):**

**ـ ناوی سادە، ڕەگی کرداری سادە = جوتەوشەی بەستراوەیی و لێکدراو بەیارمەتی مۆرفیمی نێوبەندی (و) و وشەی لێکدراوی هاوواتایی:**

دەنگ + و + باس: دەنگوباس　　نەرم + و + نۆڵ: نەرمونۆڵ

مشت + و + مڕ: مشتومڕ　　کت + و + پڕ: کتوپڕ

شت + و + مەک: شتومەک　　هێلک + و + ڕۆن: هێلکەوڕۆن

شیرێژ + و + ڕۆن: شیرێژوڕۆن　　هێڕ + و + هوڕ: هێڕوهوڕ

گڕ + و + تین: گڕوتین　　گڕ + و + گاڵ: گڕوگاڵ

خزم + و + کەس: خزموکەس　　جەد + و + ئاباد: جەدوئاباد

کەل + و + پەل: کەلوپەل　　گرج + و + گور: گرجوگور

گفت + و + گۆ: گفتوگۆ　　وت + و + وێژ: وتووێژ

قسە + و + باس: قسەوباس　　ئەلف + و + بێ: ئەلفوبێ

ڕێک + و + پێک: ڕێکوپێک　　کەل + و + پور: کەلوپور

شڕ + و + شیتاڵ: شڕوشیتاڵ　　توند + و + تۆڵ: توندوتۆڵ

تا + و + تۆ: تاوتۆ　　کشت + و + کاڵ: کشتوکاڵ

| | |
|---|---|
| کۆت + و + بەند: کۆتوبەند | کار + و + پیشە: کاروپیشە |
| لیتە + و + پیتە: لیتەوپیتە | گێژ + و + وێژ: گێژووێژ |
| تڕ + و + تۆپ: تڕوتۆپ | دەست + و + برد: دەستوبرد |
| هات + و + چۆ: هاتوچۆ | دەرگا + و + بان: دەرگاوبان |
| هاڕ + و + هاژە: هاڕوهاژە | شڕ + و + بڕ: شڕوبڕ |
| خڕ + و + خۆڵ: خڕوخۆڵ | خڕ + و + مڕ: خڕومڕ |
| سارد + و + سڕ: ساردوسڕ | تەڕ + و + بڕ: تەڕوبڕ |
| کەڕ + و + کاس: کەڕوکاس | گژ + و + گیا: گژوگیا |
| ئاڵ + و + گۆڕ: ئاڵوگۆڕ | توند + و + تیژ: توندوتیژ |

**.وشەی لێکدراوی دژو اتایی:**

لە دو مۆرفیم دژواتا کە واتایەکەیان دژی یەکترن و یەکتر ناگرنەوە ساز دەبێت، وەکو:

| | |
|---|---|
| چاک + و + خراپ: چاکوخراپ | ڕەش+ و + سپی : ڕەشوسپی |
| توند + و + شل: توندوشل | بێنە + و + بەرە: بەێنەوبەرە |
| چەپ + و + ڕاست: چەپوڕاست | دور + و + نزدیک: دورونزدیک |
| سەر + و + خوار: سەروخوار | پاش + و + پێش: پاشوپێش |
| تاڵ + و + شیرین: تاڵوشیرین | ورد + و + دریشت: وردودریشت |
| سارد + و + گەرما: ساردوگەرم | بگرە + و + بەردە: بگرەوبەردە |
| درێژ + و + باریک: درێژوباریک | |

**تێبینی:**

هامرازی پەیوەندی ئەرکی مۆرفیمی پەیوەندی دەگرێت و لەگەڵ مۆرفیمی لێکدەر و نێوبەند جیاوازە، کاتێک لە لێکدانی دو وشە و بنجی سادە واتایەکی نوێ ساز بێت، وشەی لێکدراو دەردەکەوێت. لە وشەی وەکو (دەنگوباس) وشەکە واتایەکی نوێی سازکردوە و پرسیاری بارودۆخ و چۆینەتی بابەت و کەسێکی کردوە، کاتێک لە ئەرکی لێکدەر هاتەدەر، دەبێتە سێ مۆرفیمی جیاواز و سەربەخۆی (دەنگ و باس)، واتا دەنگ و باس لە دو بنجی سادە و مۆرفیمێکی پەیوەندی سازبوە کە ئەرکی پەیوەند لێدان و گرتنەوەی ئەم دو وشەی دەگێرێت، کەرتی یەکەم ناوی دیاریخەری مۆرفۆلۆژیایی پێکهێناوە و کەرتی دوەم هاستێکی سینتەکسی و

فرێزی هەیە، سەیرێکی ئەم وێنانە بکەین:

| | |
|---|---|
| من + و + تۆ: من و تۆ | دایک + و + باوک: دایک و باوک |
| کۆڵان + و + شەقام: کۆڵان و شەقام | شار + و + گوند: شار و گوند |
| سابیر + و + هەڤاڵان: سابیر و هەڤاڵان | وڵات + و + نیشتیمان: وڵات و نیشتیمان |
| کورد + و + کوردستان: کورد و کوردستان | هێستا + و + دوایی: هێستا و دوایی |
| چەپ + و + ڕاست: چەپ و ڕاست | درێژ + و + باریک: درێژ و باریک |

لەسەر هاستی فۆنۆلۆژیکی، پیتی (و) تایبەتمەندی نیمەبزوێنی هەیە، دەتوانێت نیمەبزوێنیش بێت. لە هاستی سینتەکس پیتی (و) نەبزوێن نیە و بەڵکو نیمەبزوێنە. لە دەرکەوتنی لەنێو فرێز، ئەم هەستە بەهۆی نیمەبزوێن بونی ئەم فۆنە دەردەکەوێت کە نەبزوێنە، کەچی ئەم پیتە کاتێک لەپاش کۆنسۆنانت دەرکەوێت، وەکو: (چاک و خراپ)، پیتی (و) لەپاش کۆنسۆنانتی (ک) دەرکەوتوە، ئەم هەستە خۆزا بەپێی فۆنەتیکی زوانی کوردی دەردەکەوێت، کە شێوەبزوێنە، بەشێوازێک کە پیتەکەی لەپاش نەبزوێنەکە جیا ناکاتەوە، بۆیە بەم شێوەیە لە ڕێنوس دەردەکەوێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| چاکو خراپ | چاکووخراپ | چاک وو خراپ | چاک وخراپ | منۆتۆ |
| منووتۆ | منوت | من وە تۆ | چاک وو خراپ | |

کەچی فۆنەکە نیمەبزوێنە و ئەرکی هامرازی پەیوەندی دەگرێت، لەسەر هاستی سینتەکس و مۆرفۆلۆژی، ئەم وشەلێکدراوانەی کە مۆرفیمی نێوبەندی (و) سازیان دەکات، دو ئەرکی جیاوازیان هەیە. کاتێک هاستی مۆرفۆلۆژیان هەبێت و وشە و هاوەڵناو و هاوەڵکردای لێکدراویان ساز کرد، لە چوارچێوەی (Incorporation) بەسەریەکەوەنوسین ـ پێکنوسان؛ بەسەریەکەوە دەنوسرێن. وەکو دو وشەی (جەد) و (ئاباد)، دو وشە و بنجی سادەن، کاتێک لە هاستی مۆرفۆلۆژی ئەرکی وشە و ناوی دەرخەر و دیاریکەر و لێکدراویان گرت، بەسەریەکەوە دەنوسرێن؛ (جەدوئاباد)، هاوەڵناوێکە بۆ (سۆز و خۆشەویستی دەربڕین بۆ کەسێک کە هاستێکی سۆزی تایبەتمان بۆی هەیە، یان وێچوانی دەکەی بە جەدوئاباد)، ئەم دو وشە کە چوونە گۆڕەپان و هاستی سینتەکس، جیا دەبنەوە و لەم بەشە مۆرفیمی (و) دەبێتە نیمەبزوێن و ئەرکی پەیوەندی دەگرێت؛ (جەد و ئاباد بەشێکی ژیانی ئێمەن)

هەروەتر وشەی لێکداروی (کەسوکار ـ خزموکەس ـ بوونونەبوون ـ دارونەدار ـ تایفەوتۆرەمە ـ هەستونیست)، کاتێک وەکو هاوەڵناوی دیاریخەر دەرکەوت، مۆرفیمی (و) لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی دەبێتە مۆرفیمی نێوبەند و لە چوارچێوەی سینتەکس دەبێتە مۆرفیمی پەیوەندی،

وەکو:

ـ هاستی مۆرفۆلۆژی و سیمەنتیک: (جەدوئابد، کەسوکار، بوونونەبوون، دارونەدار، تایفەوتۆرەمە، هەستونیست).

ـ هاستی سینتەکس و پراگماتیک: (جەد و ئاباد، کەس و کار، بوون و نەبوون، دار و نەدار، تایفە و تۆرەمە، هەست و نیست).

ـ هاستی سینتەکسی، واتە:

(جەد + ئاباد، کەس + کار، بوون + نەبوون، دار + نەدار، تایفە + تۆرەمە، هەست + نیست، کە لێرە هێمای (+) هەمان پیتی پەیوەندی (و)یە).

**. مۆرفیمی نێوبەندی (بە):**

**وشەی سادە + بە + وشەی سادە = وشەی لێکدارو بەیارمەتی مۆرفیمی نێوبەندی (بە):**

| | |
|---|---|
| کولێرە + بە + ڕۆن: کولێرەبەڕۆن | کولێرە + بە + ماست: کولێرەبەماست |
| دەست + بە + کار: دەستبەکار | جێ + بە + جێ: جێبەجێ |
| دەست + بە + سەر: دەستبەسەر | لەمە + بە + دوا: لەمەبەدوا |
| نا + بە + دڵ: نابەدڵ | نا + بە + ئاگا: نابەئاگا |
| دەست + بە + داوێن: دەستبەداوێن | پڕ + بە + دڵ: پڕبەدڵ |
| پڕ + بە + دم: پڕبەدم | پڕ + بە + زار: پڕبەزار |
| پڕ + بە + پێست: پڕبەپێست | دەست + بە + جێ: دەستبەجێ |

**ـ وشەی سادە + بە + وشەی سادە، ناوی سادە = هاوەڵناوی لێکدراو:**

| | |
|---|---|
| دەست + بە + قرپ: دەستبەقرپ | چاو + بە + فرمێسک: چاوبەفرمێسک |
| سەر + بە + گێچەڵ: سەربەگێچەڵ | قوڕ + بە + سەر: قوڕبەسەر |
| خۆڵ + بە + سەر: خۆڵبەسەر | چاو + بە + کل: چاوبەکل |
| شەڕ + بە + قون: شەڕبەقون | خۆ + بە + زل + زان: خۆبەزلزان |
| چاو + بە + دەر: چاوبەدەر | لێو + بە + خاڵ: لێوبەخاڵ |
| نا + بە + کام: نابەکام | نا + بە + کار: نابەکار |
| جان + بە + سەر: جانبەسەر | دم + بە + پێکەنین: دمبەپێکەنین |
| لێو + بە + بار: لێوبەبار | ڕوو + بە + خاڵ: ڕوبەخاڵ |

**. مۆرفیمی نێوبەندی (ەو):**

**ـ دوبارەکردنەوەی دو وشە بەیارمەتی (ەو) و (او)، وەکو = هاوەڵکرداری لێکدراو:**

| | |
|---|---|
| شار + ەو + شار: شارەوشار | شار + او + شار: شاراوشار |
| پشت + او + پشت: پشتاوپشت | ماڵ + ەو + ماڵ: ماڵەماڵ |
| شاخ + ەو + شاخ: شاخەوشاخ | شاخ + او + شاخ: شاخاوشاخ |
| ڕاست + ەو + ڕاست: ڕاستەوڕاست | بان + ەو + بان: بانەوبان |
| پاش + ەو + پاش: پاشەوپاش | ڕەنگ + او + ڕەنگ: ڕەنگاوڕەنگ |
| دەست + او + دەست: دەستاودەست | ڕاست + او + ڕاست: ڕاستاوڕاست |
| دەم + او + دەم: دەماودەم | گەرم + او + گەرم: گەرماوگەرم |
| ماڵ + او + ماڵ: ماڵاوماڵ | |

**ـ وشەی سادە + ەو + وشەی سادە = هاوەڵکرداری لێکدراو:**

| | |
|---|---|
| دەست + ەو + ئەژنۆ: دەستەوئەژنۆ | ڕاست + ەو + ڕێ: ڕاستەوڕێ |
| خوار + ەو + جێ: خوارەوجێ | بەر + ەو + ڕێ: بەرەوڕێ |

**ـ هاوەڵکرداری سادە + ەو، او + هاوەڵکرداری سادە = هاوەڵکاری لێکدراو:**

| | |
|---|---|
| سەر + ەو + ژێر: سەرەوژێر | سەر + او + ژێر: سەراوژێر |
| سەر + ەو + خوار: سەرەوخوار | سەر + او + خوار: سەراوخوار |
| سەر + او + بن: سەراوبن | سەر + او + قون: سەراوقون |
| سەر + او + ژور: سەراوژور | سەر + ەو + ژور: سەرەوژور |
| سەر + او + سەر: سەراوسەر | ژێر + او + ژێر: ژێراوژێر |
| سەر + ەو + لێژ: سەرەولێژ | خوار + ەو + خوار: خوارەوخوار |
| خوار + او + خوار: خواراوخوار | |

**.مۆرفیمی نێوبەندی (ان)، (نا)، (نە)، (تا)**

**وەکو:**

| | |
|---|---|
| سەر + ان + سەر: سەرانسەر | بەر + ان + بەر: بەرانبەر |
| دەور + ان + دەور: دەوراندەور | جار + نا + جار: جارناجار |
| بار + نا + بار: بارنابار | شەو + نا + شەو: شەوناشەو |

ڕۆژ + نا + ڕۆژ: ڕۆژناڕۆژ
خۆ + نە + ناس: خۆنەناس
درۆ + نە + زان: درۆنەزان
دور + تا + دور: دورتادور
پشت + تا + پشت: پشتاپشت
کەس + نە + زان: کەسنەزان
خودا + نە + ناس: خودانەناس
پێ + نە + زان: پێنەزان
سەر + تا + پێ: سەرتاپێ

**. دولاگر. دەوربەند، دولابەند (Circumposition).**

ئەم گیرەکانەی کە دەکەونە پاش و پێش و ئەملا و ئەولای بنج و پاش و پێشی بنج گەماڕۆ دەدەن، دەبنە دولاگر بۆ داڕشتن و لێکدانی وشە و ڕەگ و هاوەڵناو و هاوەڵکردار بۆ پتەوکردنی مەبەستی بنج و بناغەوە لەسەر هاستێکی سینتەکسی و مۆرفۆلۆژیکیەوە ئەرکی لێکدانی داڕشتن بەستۆوە دەگرن، دولاگرەکان لەنێو زوانی کوردی، بریتین لە:

**ـ گیرەکی ڕێزمانی (بە) + وشەی سادە، وشەی داڕێژراو + مۆرفیمی دیارخەری کات و شوێنی (دا) = بە...دا:**

(بەماڵاندا، بەشاراندا، بەکۆڵاندا، بەشەقامدا، بەکوندا، بەکۆلانەدا، بەهێلانەدا، بەمانگێکدا، بەساڵێکدا، بەڕۆژێکدا، بەشەوێکدا، بەخولەکێکدا، بەدەمژمێرێکدا، بەچرکەیەکدا، بەڕێگادا، (بە + ناوی وڵات و شار و گوند + دا).

**ـ گیرەکی ڕێزمانی + وشەی سادە = چۆینەتی و هاوەلکردار و دیاریخەری شوێن و کات، دەرکەوتن لە هاستی سینتەکسیەوە:**

**بە...ەوە:**

بە + ماڵ + ەوە: بەماڵەوە
بە + ڕۆژ + ەوە: بەڕۆژەوە
بە + کچ + ەوە: بەکچەوە
بە + خاڵ + ەوە: بەخاڵەوە
بە + منداڵ + ەوە: بەمنداڵەوە
بە + شەو + ەوە: بەشەوەوە
بە + پەرتوک + ەوە: بەپەرتوکەوە

**تێبینی:**

بەپێی هاستی پراگماتیکی و ئەکتیڤی گیرەکی ڕێزمانی، گیرەکی (دا) ئەلۆمۆرفی بەکرێوەرگیراو

لە (ەوە)یە، ئەم گیرەکە لەباری تەنبەڵی ڕێزمانیەوە خۆی خزاندوتە جێگەی گیرەکی (ەوە) و خۆی تەواو چالاک و بەهێز دەرخستوە، ئەم گیرەکە لە هاستی ڕێنوسەوە بوتە ئەلۆمۆرفێک کە بێهەست پێکردنی سەرلێشێواوی بۆ ڕێنوسنوسان سازکردوە «بڕوانە بەشی هامرازەکان». لەم بەشە گیرەکی (ەوە) ئەلۆمۆرفی (دا)ی جیا کردوتەوە، وەکو:

لە ڕستەوەدا دەردەکەوێت ـ لە ڕستەدا دەردەکەوێت ـ لە ڕستەوە دەردەکوێت ـ لە ڕستە دەیدۆزمەوە.

لەماڵەوەدا وەدەردەکەوێت ـ لە ماڵدا وەدەردەکەوێت ـ لە ماڵەوە وەدەردەکەوێت ـ لە ماڵ وەدەردەکەوێت.

لە پەرتوکەوەدا دەیدۆزێتەوە ـ لە پەرتوکدا دەیدۆزێتەوە ـ لە پەرتوکەوە دەیدۆزێتەوە ـ لە پەرتوک دەیدۆزمەوە.

لە کاتی ناساندنەوەدا بینیم ـ لە کاتی ناساندندا بینیم ـ لە کاتی ناساندنەوە بینیم ـ لە کاتی ناسین بینیم.

**ـ بە + هاوەڵناوی سادە + ەوە = هاوەڵناوی چۆینەتی داڕێژراو:**

بە + سۆز + ەوە: بەسۆزەوە
بە + سور +ەوە : بەسورەوە
بە + ڕەش + ەوە: بەڕەشەوە
بە + توند + ەوە: بەتوندەوە
بە + عەشق + ەوە: بەعەشقەوە
بە + شین + ەوە: بەشینەوە
بە + شل + ەوە: بەشلەوە
بە + نەرم + ەوە: بەنەرمەوە

**ـ بە + هاوەڵناوی سادە + مۆرفیمی ناساندنی (ی) + ەوە = هاوەڵناوی چۆینەتی داڕێژراو:**

بە + تاریک + ی + ەوە: بەتاریکەوە
بە + نەرم + ی + ەوە: بەنەرمیەوە
بە + تاڵ + ی + ەوە: بەتاڵیەوە
بە + فێنک + ی + ەوە: بەفێنکیەوە
بە + خۆش + ی + ەوە: بەخۆشیەوە
بە + گرم + ی + ەوە: بەگرمیەوە
بە + هێور + ی + ەوە: بەهێوریەوە
بە + توند + ی + ەوە: بەتوندیەوە
بە + یواش + ی + ەوە: بەیواشیوە
بە + شیرین + ی + ەوە: بەشیرینەوە
بە + نیان + ی + ەوە: بەنیانیەوە
بە + ناخۆش + ی + ەوە: بەناخۆشیەوە
بە + ئارام + ی + ەوە: بەئارامیەوە

**ـ بە + هاوڵکردای سادە + ەوە = هاوەڵکردای داڕێژراو:**

بە + خوار + ەوە: بەخوارەوە　　بە + سەر + ەوە: بەسەرەوە

بە + ژور + ەوە: بەژورەوە　　بە + بن + ەوە: بەبنەوە

بە + ڕاست + ەوە: بەڕاستەوە　　بە + پاش + ەوە: بەپاشەوە

بە + تەنیشت + ەوە: بەتەنیشتەوە　　بە + قەراغ + ەوە: بەقەراغەوە

بە + ژێر + ەوە: بەژێرەوە　　بە + پێش + ەوە: بەپێشەوە

بە + پشت + ەوە: بەپشتەوە　　بە + لا + ەوە : سوانی پیتی /ە/ = بەلاوە

**ـ لە بازنەی ناساندن، مۆرفیمی ناسیاری (ێ)، (ی) دەگرن، وەکو:**

بە + پاش + ێ ـ ی: بەپاشێ ـ بەپاشی　　بە + خوار + ێ ـ ی: بەخوارێ ـ بەخواری

بە + سەر + ێ ـ ی: بەسەرێ ـ بەسەری　　بە + تەنیشت + ێ ـ ی: بەتەنیشتێ ـ بەتەنیشتی

بە + پێش + ێ ـ ی: بەپێشێ ـ بەپێشی　　بە + نزدیک + ێ ـ ی: بەنزدیکێ ـ بەنزدیکی

بە + دور + ێ ـ ی: بەدورێ ـ بەدوری

**ـ گیرەکی ڕێزمانی + وشەی سادە + هاوەڵکردای سادە = هاوەڵکرداری داڕێژراو:**

**ـ لە...ەوە:**

لە + سەر + ەوە: لەسەرەوە　　لە + ژێر + ەوە: لەژێرەوە　　لە + پاڵ + ەوە: لەپاڵەوە

لە + تەنیشت + ەوە: لەتەنیشتەوە　　لە + نێو + ەوە: لەنێوەوە　　لە + خوار + ەوە: لەخوارەوە

لە + ژور + ەوە: لەژورەوە　　لە + دور + ەوە: لەدورەوە　　لە + پێش + وەە: لەپێشەوە

لە + پاش + ەوە: لەپاشەوە　　لە + دوا + ەوە: سوانی پیتی /ە/، لەدواوە

**ـ لە دۆخی پێناسە و وەسف، مۆرفیمی پێناسەی (ێ) و (ی) دەچێتە سەر هاوەڵکردار، وەکو:**

**ـ لە...ێ ـ ی:**

لە + پێش + ێ ـ ی: لەپێشێ ـ لەپێشی.　　لە + پاش + ێ ـ ی: لەپاشێ ـ لەپاشی.

لە + نێو + ێ ـ ی: لەنێوێ ـ لەنێوی.　　لە + سەر + ێ ـ ی: لەسەرێ ـ لەسەری.

لە + ژێر + ێ ـ ی: لەژێرێ ـ لەژێری.

**ـ پیتێکی دەورگێری گیرەکی ڕێزمانی + ڕەگ کرداری، کرداری سادە + پاشگر = وشەی داڕێژراو:**

**ـ ب...ایە ـ بایە:**

ب + کرد + ایە ـ بایە: بکردایە ـ بکردبایە

ب + گرت + ایە ـ بایە: بگرتایە ـ بگرتبایە

ب + خوارد + ایە ـ بایە: بخواردایە ـ بخواردبایە

ب + نارد + ایە ـ بایە: بناردایە ـ بناردبایە

ب + سپارد + ایە ـ بایە: بسپاردایە ـ بسپاردبایە

ب + ڕۆیشت + ایە ـ بایە: بڕۆیشتایە ـ بڕۆیشتبایە

ب + خوێند + ایە ـ بایە: بخوێندایە ـ بخوێندبایە

ب + هات + ایە ـ بایە: بهاتایە ـ بهاتبایە

## .پاشگر.دواگر.پشتگر (Suffix)

گیرەکێکی ڕێزمانیە کە بەتەنیا هیچ واتایکیان نیە، کاتێک دەکەونە پاش بنج و هاوەڵناو و هاوەڵکردار و چاوگ، ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن و دەوری داڕژتن و داڕێژراوی وشە دەگرنەبەر، ئەم گیرەکانەی کە لەنێو زوانی کوردی ئەرکی پاشگر دەبینن، بریتین لە:

**.گیرەکی بەندی (گە) و (گا)**

گیرەکی (گە)، پاشگرێکی چالاک و ئەکتیڤی زوانی کوردیە، ئەم گیرەکە بەشێوەی بەربڵاو ئەرکی داڕشتنی وشەی کوردی بەستۆ دەگرێت. چالاکی ئەم گیرەکە لەمەدایە کە دەتوانێت لەبری پاشگری (گا) جێگر بێت، کەچی پاشگری (گا) توانایی جێگربون لەبری پاشگری (گە)ی نیە و هەروەتر پاشگری (گا) هاوناو و هاوبێژی لەگەڵ ناوی ئاژەڵی (گا)یەوە هەیە، کاتێک وشەیەکی وەکو (کۆمەڵ گا) لەگەڵ وشەی (کۆمەڵگا) دەربکەوێت، دو چەمکی جیاوازن، کەرتی یەکەم هاستێکی سینتەکسی هەیە، (کۆمەڵێک گا) و کەرتی دوەم هاستێکی مۆرفۆلۆژیکی هەیە، واتە (کۆمەڵگە، جڤاک)، پاشگری (گە) توانایی ئەمەی هەیە کە بچێتە شوێنی (گا) و لەبری ئەم پاشگرە لەسەر هاستی هاوفۆن و هاوبێژی ئەرکی پاشگری (گا)ش بگێرێت، ئەمەش لە کاتێکەوەیە کە ئەم دو پاشگرە، دیاریکردنی شوێنە هەرکام خاوەن چەمک و ئەرکێکی جیاوازی لێکسیکی ـ فەرهەنگی و ڕێزمانی بن، بەڵام کاتێک ئەم دو پاشگرە هیچ جیاوازیەکی واتایان نیە و لە چوارچێوەی ڕێسای ئەکۆنۆمیکی ـ ئابوری زوان و سانانوسین و سوککردنەوەی زوانەوە، پاشگری (گا) دەچێتە ژێربالّی پاشگری (گە) و بەپێی سواندن و هاستی نەرمبونەی زمانەوانی دەبێتە (گە)، وەکو:

**ـ وشەی سادە، ڕەگی کردار + گە = ناوی دیاریخەر و داڕێژراوی شوێن:**

| | | |
|---|---|---|
| زانست + گە: زانستگە | خوێندن + گە: خوێندنگە | کۆمەڵ + گە: کۆمەڵگە |
| فرۆش + گە: فرۆشگە | سەیران + گە: سەیرانگە | ژوان + گە: ژوانگە |
| دەرمان + گە: دەرمانگە | هەوار + گە: هەوارگە | حەشار + گە: حەشارگە |

| | | |
|---|---|---|
| تالاو + گە: تالاوگە | تۆمار + گە: تۆمارگە | کۆ + گە: کۆگە |
| پالاو + گە: پالاوگە | بار + گە: بارگە | ڕێ + گە: ڕێگە |
| جێ + گە: جێگە | پێ + گە: پێگە | فێر + گە: فێرگە |
| تاقی + گە: تاقیگە | پرست + گە: پرستگە | پێشان + گە: پێشانگە |
| نوسین + گە: نوسینگە | خواردن + گە: خواردنگە | خوێندن + گە: خوێندنگە |
| دوڕ + گە: دوڕگە | دور + گە: دورگە | ڕوان + گە: ڕوانگە |
| کێل + گە: کێلگە | لەوەڕ + گە: لەوەڕگە | ژین + گە: ژینگە |
| نۆرین + گە: نۆرینگە | کار + گە: کارگە | ئارام + گە: ئارامگە |
| بڕ + گە: بڕگە | وێست + گە: وێستگە | ڕو + گە: ڕوگە |
| مەلەوان + گە: مەلەوانگە | ئاسایش + گە: ئاسایشگە | ناوەند + گە: ناوەندگە |
| کان + گە: کانگە | کوشتار + گە: کوشتارگە | چۆل + گە: چولگە |
| قڕ + گە: قڕگە | | |

**.گیرەکی (وار.ەوار)**

بۆ شوێنی سروشتی و هەبوونی شت و بابەتێک بەکار دێت، ئەم پاشگرە بەپێی هاستی مۆرفۆلۆژیەوە لە سوانی وشەی (هەوار) سازبوە و ئەرکێکی کورتی لەنێو زوانی کوردی هاوشێوەی گیرەکی هەیە، وەکو:

| | |
|---|---|
| لێ + وار: لێوار | زێ + وار: زێوار |
| هە + وار: هەوار = هاوینەهەوار، هەوارگە | شوێن + ەوار: شوێنەوار |
| ئاس + ەوار: ئاسەوار | کورد + ە + وار: کوردەوار |
| چۆڵ + ەوار: چۆڵەوار | کۆیلە + وار: کۆیلەوار |

**ـ هاوەڵناو + وار ـ ەوار = هاوەڵناوی دارێژراو:**

کۆڵ + ەوار: کۆڵەوار     ئومید + وار: ئومیدوار     خوێند + ەوار: خوێندەوار

**.گیرەکی (ستان)**

ئەم پاشگرە لەنێو گشت زوانەئاری و هیندوئەوروپیان هاوبەشە و بەمەبەستی شوێن و مەڵبەند بەکار دەهێندرێت، لەنێو زوانی کوردی ئەم چالاکیە تایبەت و گرینگی نەماوە، دەوری ئەم

پاشگرە لە زوانی کوردی و چەند مەڵبەندی گۆی زەوی بەم شێوەیە، وەکو:

**وشەی سادە + ستان = ناوی دارِێژراوی شوێن:**

دار + ستان: دارستان باغ + ستان: باغستان تاک + ستان: تاکستان

بێ + ستان: بێستان گوڵ + ستان: گوڵستان بەهار + ستان: بەهارستان

**ـ ناوی شوێن + ستان = ناوی دارِێژراوی شوێن:**

گۆڕ + ستان: گۆڕستان کێو + ستان: کێوستان کوێ + ستان: کوێستان

دەب + ستان: دەبستان شار + ستان: شارستان

**ـ ناوی مەڵبەند و وڵات + ستان = ناوی دارِێژراوی شوێن:**

کورد + ستان: کوردستان پاک + ستان: پاکستان هیند + ستان: هیندستان

تاجیک + ستان: تاجیکستان ئەرمەن + ستان: ئەرمەنستان تورکەمەن + ستان: تورکەمەنستان

ئەفغان + ستان: ئەفغانستان مەجار + ستان: مەجارستان گورج + ستان: گورجستان

عەرەب + ستان: عەرەبستان قەزاق + ستان: قەزاقستان ئۆزبەک + ستان: ئۆزبەکستان

مۆغۆل + ستان: مۆغۆلستان بۆلغار + ستان: بۆلغارستان

**ـ ناوی سادە + ستان = ناوی دیاریکەر:**

کافر + ستان: کارفرستان تاریک + ستان: تاریکستان

**. گیرەکی (خانە)**

ئەم گیرەکە بەپێی ڕێسای سینتەکسی و مۆرفۆلۆژی، وشەیەکی سەربەخۆ و تایبەت و وشەیەکی گشتیە، واتە بەمەبەستی شوێنی ژیان و ماڵ (خانو) بەکار دەهێندرێت، کەچی لەسەر هاستێکی تایبەتی مۆرفۆلۆژی ئەم وشەیە توانایی و بەهێزیەکی چالاکی لە ئەرکی گیرەکی دارِشتنی هەیە و دەتوانێت ببێتە گیرەکی دارِشتن شوێن بۆ ئەم چەمک و ناو و وشەنامۆ و نوێیانەی کە دێتە نێو زوانی کوردی، وەکو:

**ـ ناو + خانە = ناوی دارِێژراوی شوێن:**

دەوا + خانە: دەواخانە دەرمان + خانە: دەرمانخانە

جام + خانە: جامخانە کۆنسول + خانە: کۆنسولخانە

باڵوێز + خانە: باڵوێزخانە کامپیوتێر + خانە: کامپیوتێرخانە

تەلەفۆن + خانە: تەلەفۆنخانە
نانەو + خانە: نانەوخانە
نامە + خانە: نامەخانە
دەفتەر + خانە: دەفتەرخانە
چای + خانە: چایخانە
پەرتوک + خانە: پەرتوکخانە
میوان + خانە: میوانخانە
قومار + خانە: قومارخانە
چێشت + خانە: چێشتخانە
کوڵێرە + خانە: کولێرەخانە
کتێب + خانە: کتێبخانە
سەرتاش + خانە: سەرتاشخانە
قاوە + خانە: قاوەخانە
چەقە + خانە: چەقەخانە
مەی + خانە: مەیخانە
کار + خانە: کارخانە

**ـ هاوەڵناوی سادە + خانە = ناوی دارێژراوی شوێن:**

شێت + خانە: شێتخانە
باڵا + خانە: باڵاخانە
بەند + خانە: بەندخانە
قەحبە + خانە: قەحبەخانە
ڕزیو + خانە: ڕزیوخانە
خەستە + خانە: خەستەخانە
نەخۆش + خانە: نەخۆشخانە
دیل + خانە: دیلخانە
جندە + خانە: جندەخانە
زێڕ + خانە: زێرخانە
وێران + خانە: وێرانخانە
گرتو + خانە: گرتوخانە
گیراو + خانە: گیراوخانە
دز + خانە: دزخانە
تەمبەڵ ـ تەمەڵ ـ تەنبەڵ + خانە: تەنبەڵخانە

**.گیرەکی (دان)**

گیرەکێکی چالاک و بەهێزی دیکە لەنێو زوانی کوردی بۆ داڕشتنی ناو و وشە و سازکردنی ناوی شوێنی دارێژراو لەنێو زوانی کوردی بۆ شوێنێکی بەرتەسک و بچوک و پاراستنی کەرەستە و هامراز و دەفر. ئەم مۆرفیمە دو ئەلۆمۆرفی (دێن، دین)ی بۆ ئەرکی گیرەکی شوێن لێساز دەبێت، وەکو:

مۆم + دان: مۆمدان
منداڵ + دان: منداڵدان
میزڵ + دان: میزڵدان
چیکڵ ـ جیکڵ + دانە: چیکڵدان
خوێ + دان: خوێدان
شەکر + دان: شەکردان
نان + دین: ناندین
مەمک + دان: مەمکدان
میز + دان: میزدان
جکڵ ـ جقڵ + دان: جکڵدان
کل + دان: کلدان
پز + دان: پزدان
نان + دان: ناندان
نان + دێن: ناندێن

| | | |
|---|---|---|
| کا + دین: کادین | کا + دێن: کادێن | |
| گوان + دێن: گواندێن | ئاگر + دان: ئاگردان | |
| زین + دان: زیندان | خەڵوز + دان: خەلوزدان | چا + دان: چادان |
| چا + دێن: چادێن | چا + دین: چادین | تیر + دان: تیردان |
| فیشەک + دان: فیشەکدان | بار + دان: باردان | تۆ + دان: تۆدان |
| گوڵ + دان: گوڵدان | وشە + دان: وشەدان | مسوڵ + دان: مسوڵدان |

قەند + دان: قەنددان، سوانی پیتێکی (د) = قەندان

**.گیرەکی (ەڵان)**

ـ گیرەکی (ەلان) و (ڵان) بۆ شوێنێکی بەرین و پانتایی بەکار دەبردرێت، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| خیز + ەڵان: خیزەڵان | قامیش + ەڵان: قامیشەڵان | بەرد + ەڵان: بەردەڵان |
| سەوز + ەڵان: سەوزەڵان | ڕیخ + ەڵان: ڕیخەڵان | ئەرد + ەڵان: ئەردەڵان |
| کەند + ەڵان: کەندەڵان | قامێش + ڵان: قامێشڵان | مەشکە+ ڵان: مەشکەڵان |
| مویش + ڵان: مویشڵان | جۆم + ەڵان: جۆمەڵان | خوێی + ەڵان: خوێیەڵان |

بێشە + ڵان: بێشەڵان

**.گیرەکی (جار)**

ـ گیرەکی (جار) و (زار)، کە ئەلۆمۆرفی یەکترین، بەزۆر بۆ مەبەستی گژ و گیا و ڕووەک بەکار دەبردرێت، وەکو:

**وشەی سادە + گیرەک = وشەی داڕێژراو:**

| | | |
|---|---|---|
| نەی + زار: نەیزار | چەمەن + زار: چەمەنزار | گوڵ + زار: گوڵزار |
| لالە + زار: لالەزار | مێرگ + زار: مێرگزار | توتنە + جار: توتنەجار |
| نێرگزە + جار: نێرگزەجار | بەلەک + جار: بەلەکجار | بی + جار: بیجار. |

گوڵاڵە + جار: گوڵاڵەجار

**.گیرەکی (اوا)**

ئەم مۆرفیمە لە ئەرکی گیرەکی داڕشتنی ناوی شوێن، زۆر چالاک و بەهێزە، لەگەڵ ناوی

تایبەت و گشتی دەردەکەوێت، بەتایبەت ناوێکی وەکو گوند و گەڕەک و ناوچە و دەڤەرێک کە کەسێک ئەم بەشانەی ئاوەدان کردوە، مۆرفیمی (اوا)، بەوەرگرتنی مۆرفیمی ناساندی (ی) و (ی) نەبزوێنی یارمەتیدەدەر دەبێتە (ئاوایی) و بەوەرگرتنی گیرەکی داڕژتنی (دان) دەبێتە (ئاوادان)، ئەم گیرەکە لەگەڵ وشە و ناو بەم شێوەیە دەردەکەون، وەکو:

**ناو + اوا:**

| | | |
|---|---|---|
| بادین + اوا: بادیناوا | میر + اوا: میراوا | سەول + اوا: سەولاوا |
| حاجی + ئاوا: حاجیاوا | عەلی + اوا: عەلیاوا | سەید + اوا: سەیداوا |
| حەمزە + اوا: حەمزاوا | سمایل + اوا: سمایلاوا | بابەکر + اوا: بابەکراوا |

**.گیرەکی (ان)**

ئەرکی داڕژتنی ناوی شوێنی بەستۆوە دەگرێت. هەروەتر پاشگری (یان) لەگەڵ ناو و هاوەڵناو، ئەم دەورە دەگێرێت، واتا ئەگەر بێت و بمانهەوێت ناوی گەڕەکێک دابڕێژین، بەم شێوەیە کەڵک لەم گیرەکە وەردەگرین، وەکو:

**ناو + ان:**

| | | |
|---|---|---|
| هەگمەتت + ان: هەگمەتان | جەڵد + یان: جەڵدیان | لاج + ان: لاجان |
| شەهید + ان: شەهیدان | سەردار + ان: سەرداران | شارەزا + یان: شارەزایان |
| لێهاتو + یان: لێهاتویان | | |

**.گیرەکی (ەن)**

ـ گیرەکێکی بێهێز زوانی کوردی بۆ شوێنە. پاشگری (ەن) و (شەن) و (مان)نن، کە لەنێو زوانی کوردی هێستاکانە هیچ هێزێکیان نەماوە و ناوی شوێن و ناوی دەیاریکراو ساز دەکەن، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| گوڵ + شەن: گوڵشەن | پوش + ەن: پوشەن | بەرد + ەن: بەردەن |
| ڕەق + ەن: ڕەقەن | زەب + ەن: زەبەن | زەم + ەن: زەمەن |
| ڕەم + ەن: ڕەمەن | دەم + ەن: دەمەن | چیم + ەن: چیمەن |
| دیم + ەن: دیمەن | سۆس + ەن: سۆسەن | نیشت + مان: نیشتیمان |

**.گیرەکی (ایی)**

لەگەڵ ناو و و هاوەڵناو دەردەکەوێت و ناوی شوێن و ناوی داڕێژراو ساز دەکات. ئەم گیرەکە

هاوبەش و ئەلۆمۆرفی گیرەکی (انی) و (ەوانی) و (اوی) بەپێی بێژەی ناوچەیین، وەکو:

**ـ ناو + ایی = ناوی دارِێژراوی شوێن ـ ناوی دارِێژراو:**

| | | |
|---|---|---|
| دۆڵ + ایی: دۆڵایی | دۆڵ + انی: دۆڵانی | شاخ + ایی: شاخایی |
| شاخ + انی: شاخانی | کێو + ایی: کێوایی | کێو + انی: کێوانی |
| دەشت + ایی: دەشتایی | شاخ + اوی: شاخاوی | بەرد + اوی: بەرداوی |
| قورِ + اوی: قورِاوی | دار + اوی: داراوی | گوڵ + اوی: گوڵاوی |
| تۆز + اوی: تۆزاوی | خوێن + اوی: خوێناوی | خۆڵ + اوی: خۆڵاوی |
| تەرِ + اوی: تەرِاوی | تەخت + اوی: تەختاوی | نەرم + اوی: نەرماوی |

**ـ هاوەڵناو + ایی: ناوی دارِێژراو ـ ناوی شوێن:**

| | | |
|---|---|---|
| بیڵند + ایی: بڵندایی | پانت + ایی: پانتایی | پان + ایی: پانایی |
| سەوز + ایی: سەوزایی | شین + ایی: شینایی | زەرد + ایی: زەردایی |
| قوڵ + ایی: قوڵایی | قورس + ایی: قورسایی | نزم + ایی: نزمایی |
| بەرز + ایی: بەرزایی | تەخت + ایی: تەختایی | رِەش + ایی: رِەشایی |
| بۆش + ایی: بۆشایی | باریک + ایی: باریکایی | سپی + ایی: سپیایی |
| رِەق + ایی: رِەقایی | نەرم + ایی: نەرمایی | تەرِ + ایی: تەرِایی |
| تیژ + ایی: تیژایی | کوێر + ایی: کوێرایی | تاڵ + ایی: تاڵایی |

**ـ هاوەڵکرداری سادە + ایی ـ اوی = هاوەڵکرداری دارِێژراو:**

| | | |
|---|---|---|
| لێژ + ایی: لێژایی | ژێر + ایی: ژێرایی | خوار + ایی: خوارایی |
| پێش + ایی: پێشایی | پاش + اوی: پاشاوی | پێش + اوی: پێشاوی |
| سەر + اوی: سەراوی | | |

**.گیرەکی (ایەتی)**

ئەم مۆرفیمە، مۆرفیمێکی ئەڤێستاییە کە لە وشەی ئەڤێستایی (بەرزایەتی) ئاشکرایە، مۆرفیمی (ەتی، اتی، یەتی، یایەتی) ئەلۆمۆرفی ئەم گیرەکەن، گیرەکی (ەتی) جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی دیکەوە نیە و بۆ پاشگری شوێن ئەرکی خۆیان دەگێرن و هەروەتر بۆ سازکرنی هاوەڵناوی دارِێژراو کارا و چالاکن، وەکو:

**ـ ناو + ایەتی ـ ەتی = ناوی داڕێژراوی شوێن:**

مەنگوڕ + ایەتی: مەنگوڕایەتی    جاف + ایەتی: جافایەتی
موکریان + ایەتی: موکریانایەتی    جاف + ەتی: جافەتی

**ـ هاوەڵناو + ایەتی ـ ەتی: ناوی دیاریخەری داڕێژراو:**

مەرد + ایەتی: مەردایەتی    خوێری + ایەتی: خوێریایەتی    خزم + ایەتی: خزمایەتی
بوێر + ایەتی: بوێرایەتی    پیاو + ەتی: پیاوەتی    ژن + ایەتی: ژنایەتی
نزدیک + ایەتی: نزدیکایەتی    بوێر + ەتی: بوێرەتی    دز + ایەتی: دزایەتی

**ـ وشەی سادە + ایەتی، ەتی = هاوەڵناو ـ ناوی دیاریخەری داڕێژراو:**

دوژمن + ایەتی: دوژمنایەتی    هاوڕێ + ەتی: هاوڕێیەتی    کەس + ایەتی: کەسایەتی
خوێر + ایەتی: خوێرایەتی    پاڵەوان + ەتی: پاڵەوانەتی    کورد + ایەتی: کوردایەتی
دایک + ایەتی: دایکایەتی    باوک + ایەتی: باوکایەتی    مرۆڤ + ایەتی: مرۆڤایەتی
ڕەسەن + ایەتی: ڕەسەنایەتی    مرۆڤ + اتی: مرۆڤاتی    دۆست + ایەتی: دۆستایەتی
برا + یەتی: برایەتی    هەڤاڵ + اتی: هەڤاڵاتی

★**تێبینی:** هەروەتر گیرەکی (ێتی، یتی) لەگەڵ ئەم پاشگرانە وەکو پاشگرێک بۆ سازکردنی ناو و هاوەڵناوی داڕێژراو بەکار دێن، وەکو:

یەک + ێتی: یەکێتی    یەک + یتی: یەکیتی    دز + ێتی: دزێتی
حیز + ێتی: حیزێتی    کۆیلە + یتی: کۆیلەیتی    کوێر + ێتی: کوێرێتی
کەر + ێتی: کەرێتی    باوک + ێتی: باوکێتی    دایک + ێتی: دایکێتی

ـ گیرەکی (ایەتی) لەگەڵ ئەلۆمۆرفەکانی و گیرەکی (ێتی) پتر ناوی چۆینەتی و واتایی دەگەیەنن و لەگەڵ دیاریکردنی ناوی شوێن هاوبەشن. ئەم گیرەکانە لە وشەی وەکو (برایەتی، خوشکێتی، دایکێتی، باوکێتی، هاوڕێیەتی...تاد) لە کاتی گردانکردن لەگەڵ دەرکەوتنی جێناو شێوەی مۆرفیمی پوچی (تی) دەگرێت، واتا ئەم مۆرفیمە لەم کاتە ساز دەبێت و لەگەڵ هاوەڵناوی داڕێژراوی (برایە + تی، خوشکێ +تی)، جیاوازن، هەروەتر پاشگری (یی)، ئەلۆمۆرفی گیرەکی (ایەتی)یە، وەکو ئەم وێنانە:

خوشک + م +ە: خوشکمە    برا + م + ە: برامە
خوشک + ت + ە: خوشکتە    برا + ت + ە: براتە

خوشک + ێ + ی: خوشکێتی          برا + یە /یێ + تی: برایەتی /برایێتی

| | | |
|---|---|---|
| ڕەشایەتی = ڕەشایی | سپیایەتی = سپیایی | سەوزایەتی = سەوزایی |
| شینایەتی = شینایی | زاردایەتی = زەردایی | بەرزایەتی = بەرزایی |

**.گیرەکی (و)**

ـ گیرەکی (و)، هێزێکی ئەوتۆ لە داڕژتنەوە نیە و لە کاتی دەرکەوتن ئەرکی هاوەڵکرداری داڕێژاو و ناوی داڕێژراو و ناوی شوێن دەبینێت، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەر + و: سەرو | ژێر + و: ژێرو | خوار + و: خوارو | هوار + و: هوارو |
| ژور + و: ژورو | پشت + و: پشتو | پاش + و: پاشو | جوان + و: جوانو |
| مێژ + و: مێژو | زیند + و: زیندو | بەڵک + و: بەڵکو | مێر + و: مێرو |
| پێش + و: پێشو | زەرد + و: زەردو | ڕەش + و: ڕەشو | |

ـ گیرەکی تایبەت بۆ پیشە و کردەوە، ئەم گیرەکانە لەگەڵ ناوی سادە و هاوەڵناوی سادە و هاوەڵکرداری سادە، دەردەکەون و یارمەتی داڕژتنی وشەی داڕێژراو و هاوەڵناوی داڕێژراو و هاوەڵکرداری داڕێژراو دەدەن، ئەم گیرەکانە لەنێو زوانی کوردی بریتین لە:

گیرەکی (کەر)، لە هاستی مۆلۆفۆلۆژیەوە ئەم گیرەکە، مۆرفیمێکی ناسادەیە کە لە ڕەگی کرداری (کردن) و گیرەکی (ەر)ـەوە، سازبوە. لەسەر بنەمای تواندنەوەوە، کورتەبزوێنی (ە) تواوەتەوە و گیرەکی (کەر) ماوەتەوە. ئەم وشەیە لە چوارچێوەی سیمەنتیکی و هاونیگاری و هاوفۆن و هاوبێژی لەگەڵ وشەی سادەی (کەر ـ گوێدرێژ) کە لەسەر هاستی مۆرفۆلۆژی گرێدراو بەسینتەکسەوە وەرگیراوە و خوێنەر توشی لێڵی لێکسیکی دەکات، کەچی دەکرێت تاڕادەیەک بە ئەلۆمۆرفێکی ناچالاکی گیرەکی (کار)ی دابنێین، وەکو: (داواکەر ـ داواکار، خزمەتکار ـ خزمەتکەر، شرۆڤەکەر ـ شرۆڤەکار). گیرەکی (کار)، چالاک و کاراترین گیرەکی ڕێزمانی بۆ داڕژتنی وشەی داڕێژراوە. ئەم گیرەکە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی، وشەیەکی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی ئازاد و بنجێکی سادەیە. بەڵام وەکو گیرەک، چالاکی هەرەزۆری بۆ داڕژتنی هاوەڵناو و هاوڵکرداری داڕێژراو هەیە، وەکو:

**ـوشەی سادە + کەر = ناوی کارا:**

| | | |
|---|---|---|
| نان + کەر: نانکەر | داوا + کەر: داواکەر | سواڵ + کەر: سواڵکەر |
| قسە + کەر: قسەکەر | گو + کەر: گوکەر | فشە + کەر: فشەکەر |
| نوێژ + کەر: نوێژکەر | کار + کەر: کارکەر | یاری + کەر: یاریکەر |
| درۆ + کەر: درۆکەر | میز + کەر: میزکەر | شرۆڤە + کەر: شرۆڤەکەر |
| باس + کەر: باسکەر | سواغ + کەر: ساواغکەر | شێو + کەر: شێوکەر |
| شیو + کەر: شیوکەر | ڕوب + کەر: ڕوبکەر | شەڕ + کەر: شەڕکەر |
| نۆ + کەر: نۆکەر | تێتر + کەر: تێترکەر | دروست + کەر: دروستکەر |

**ـ وشەی سادە، هاوەڵناوی سادە + کار = ناوی کارا، ناوی خاوەنپیشە، هاوەڵکاری داڕێژراو، هاستی سیمەنتیکی (مادە + مرۆڤ + پیشە + لێزان + کانزا + ماندویی)، وەکو:**

| | | |
|---|---|---|
| خزمەت + کار: خزمەتکار | وەستا + کار: وەستاکار | بینا + کار: بیناکار |
| گێچ + کار: گێچکار | جۆش + کار: جۆشکار | لەحیم + کار: لەحیمکار |
| داوا + کار: داواکار | کرێ + کار: کرێکار | ستەم + کار: ستەکار |
| شەو + کار: شەوکار | ڕۆژ + کار: ڕۆژکار | کاسب + کار: کاسبکار |
| جوان + کار: جوانکار | نوێ + کار: نوێکار | کۆن + ە + کار: کۆنەکار |
| هاو + کار: هاوکار | هالی + کار: هالیکار | خوێند + کار: خوێندکار |
| پێشکەش + کار: پێشکەشکار | شانۆ + کار: شانۆکار | کاشی + کار: کاشیکار |
| شا + کار: شاکار | | |

**.گیرەکی (گەر)**

ـ گیرەکی (گەر، گر) پاشگرێکی زۆر چالاک نیە و تاڕادەیەک بێهێزە. گیرەکی (گەر)، لەگەڵ ناو و ناوی کانزایی دەردەکەوێت و ناوی پیشەیی و هاوەڵکاری پیشەیی و لەسەر هاستی پراگماتیکی و لەڕوی سیمەنتیکیەوە، هاستی شارەزایی و لێهاتویی ساز دەکات و نیشان دەدات، هاستی سیمەنتیکی (مادە + کانزا + پیشە + دروستکردن + مرۆڤ) نیشان دەدات، وەکو:

**ـ ناوی سادە، ناوی داڕێژراو + گەر: هاوەڵناوی داڕێژراوی پیشەیی، ناوی کارا:**

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆژنامە + گەر: ڕۆژنامەگەر | ماڵ + گەر: ماڵگەر | کۆڵان + گەر: کۆڵانگەر |
| شەقام + گەر: شەقامگەر | شەوان + گەر: شەوانگەر | ڕۆژان + گەر: ڕۆژانگەر |

جادو + گەر: جادوگەر　　شانۆ + گەر: شانۆگەر　　کیما + گەر: کیماگەر
نوێ + گەر: نوێگەر　　سۆفی + گەر: سۆفیگەر

**ـ ناوی کانزا + گەر = ناوی کارا:**

مس + گەر: مسگەر　　زەڕ + گەر: زەڕگەر　　زێڕن + گەر: زێڕنگەر
زەڕەن + گەر: زەڕەنگەر　　ئاسن + گەر: ئاسنگەر　　نوقرە + گەر: نوقرەگەر
شوشە + گەر: شوشەگەر

**.گیرەکی (کار)**

گیرەکی (کار) و (گەر) بەوەرگرتنی مۆرفیمی ناساندن و واتایی ـ ئەبستراکتی (ی)، ناوی داڕێژراو و هاوەڵکاری داڕێژراوی پیشەیی ساز دەکەن. لەسەر هاستی سیمەنتیکیەوە (پیشە + کەرەستە + ڕێبازگە + لێزان + شارەزا + بەدواکەوتن + کانزا)، وەکو:

سۆفی + گەر + ی: سۆفیگەری　　ئاسن + گەر + ی: ئاسنگەری
شانۆ + گەر + ی: شانۆگەری　　زێڕن + گەر + ی: زێڕنگەری
ناوچە + گەر + ی: ناوچەگەری　　خێڵ + گەر + ی: خێڵگەری
نوێ + گەر + ی: نوێگەری　　جوت + کار + ی: جوتکاری
وەستا + کار + ی: وەستاکاری　　کاشی + کار + ی: کاشیکاری
سیمان + کار + ی: سیمانکاری　　سواغ + کار + ی: سواغکاری
کاسب + کار + ی: کاسبکاری　　ڕۆژنامە + گەر + ی: ڕۆژنامەگەری

**.گیرەکی (ساز)**

بۆ سازکردنی ناوی پیشە و هاستێکی پراگماتیکی دەردەکەوێت و هاوەڵکاری پیشەیی و ناوی کارا ساز دەکات. بەهۆی پاشگری واتایی (ی)، بۆ بەشی زاراوەسازی نوێ چالاکە. لە چوارچێوەی سیمەنتیکی دەبێتە: (زانست + لێزان + شارەزا + کەرەستە + تەکنۆلۆژیا)، وەکو:

ددان + ساز: ددانساز　　دەرمان + ساز: دەرمانساز　　زاراوە + ساز: زاراوەساز
سەهۆڵ + ساز: سەهۆڵساز　　بینا + ساز: بیناساز　　چایی + ساز: چاییساز
قاوە + ساز: قاوەساز　　بابۆڵە + ساز: بابۆڵەساز　　پیشە + ساز: پیشەساز
تەنەکە + ساز: تەنەکەساز　　فیلم + ساز: فیلمساز　　فەنەر + ساز: فەنەرساز

ئاهەنگ + ساز: ئاهەنگساز

**.وشەی سادە + ساز+ ی:**

پیشە + ساز + ی: پیشەسازی
ددان + ساز + ی: ددانسازی
تەنەکە + ساز + ی: تەنەکەسازی
فیلم + ساز + ی: فیلمسازی
بینا + ساز + ی: بیناسازی
فەنەر + ساز + ی: فەنەرسازی
ئاهەنگ + ساز + ی: ئاهەنگسازی

**.گیرەکی (چی)**

پاشگرێکی چالاک بۆ دارِشتنی ناوی پیشەیی، کە هاوبەشە لەنێو زوانەئێرانیان و دەچێتە سەر ناو و ناوی پیشە ساز دەکات، هاستی سیمەنتیکی (مادە + خاوەنپیشە + وەستایی + کانزا + شارەزا + فێڵکردن + هەڵخەڵەتاندن)، وەکو:

چادر + چی: چادرچی
پینە + چی: پینەچی
چەر + چی: چەرچی
قومار + چی: قومارچی
کاروان + چی: کاروانچی
قاچاق + چی: قاچاقچی
فیتنە + چی: فیتنەچی
باڵەبان + چی: باڵەبانچی
برینگ + چی: برینگچی
ئاژاوە + چی: ئاژاوەچی
ماس + تاو + چی: ماستاوچی
چا + چی: چاچی
دۆشکە + چی: دۆشکەچی
قاوە + چی: قاوەچی
کارەبا + چی: کارەباچی
ساخت+ە+چی: ساختەچی
بارگە + چی: بارگەچی
کوشن + چی: کوشنچی
کەباب + چی: کەباچی
تۆڕنە + چی: تۆڕنەچی
ڤاڵ + چی: فاڵچی

**.گیرەکی (ەوان)**

ـ گیرەکی چالاک و بەهێزی (ەوان ـ ەڤان) و ئەلۆمۆرفی (وان ـ ڤان)، بۆ سازکردنی ناوی پیشەیی و ئاژەڵداری و ناوی کارا و لەسەر هاستی پراگماتیک و مۆرفۆلۆژی بەکار دەێت. لەسەر هاستی سیمەنتیکی (مادە + کەرەستە + پیشە + دروستکردن + چاوەدێری + لێزان + شارەزا + پاراستن + خاوەنپیشە)، وەکو:

باغ + ەوان: باغەوان
مەلە + وان: مەلەوان
ئاش + ەوان: ئاشەوان
مەیتەر + ەوان: مەیتەرەوان
کەشتی + وان: کەشتیوان
گا + وان: گاوان
شاخ + ەوان: شاخەوان
کەژ + وان ـ ڤان: کەژوان ـ کەژڤان

دار + ەوان ـ ەڤان: دارەوان ـ دارەڤان　　پاس + ەوان: پاسەوان

پارێز + وان: پارێزوان　　دەریا + وان: دەریاوان　　برنگە + وان: برنگەوان

پاڵ + ەوان: پاڵەوان　　بەرغ + ەوان: بەرغەوان　　دەر + کەوان: دەرکەوان

باجە + وان: باجەوان　　باغچە + وان: باغچەوان　　ڕەز + ەوان: ڕەزەوان

نێوبژی + وان: نێوبژیوان　　زمان + ەوان: زمانەوان　　فڕۆک + ەوان: فڕۆکەوان

ڕەز + وان ـ ڤان: ڕەزوان ـ ڕەزەڤان　　بێری + وان ـ ڤان: بێریوان ـ بێریڤان

دەرگە + وان ـ ڤان: دەرگەوان ـ دەرگەڤان　　شۆڕش + وان ـ ڤان: شۆڕشوان ـ شۆڕشڤان

نچیر + ڤان ـ وان: نچیروان ـ نچیرڤان

ئەم گیرەکە دەچێتە سەر بنج و و واتای پراگماتیکی دەگەیەنێت، وەکو:

(زمانەوان، فڕۆکەوان، دەریاوان، کەشتیوان، مەلەوان)، لەم بەشەیە گیرەکی (ەوان ـ ەڤان، وان ـ ڤان) چووتە سەر بنجی (زمان، فڕۆکە، کەشتی، دەریا، مەلە) باس لە شارەزایی و هاستی لێهاتویی ئەم بکەرانەی کە کردەوە و کارایی ئەم بەشەیان هەیە، دەکات.

**.گیرەکی (بەند)**

گیرەکی (بەند)، ئەم گیرەکە دەچێتە سەر ناو و ناوی خاوەن پیشە و بەرکار دروست دەکات و شێوەی سیمەنتیکی ئەم گیرەکە (مادە + پیشە + خاوەنپیشە + لێزان ـ شارەزا)یە و هاستی پراگماتیکی ئەم چەمکانە دەنوێنێت، وەکو:

باتو + بەند: باتوبەند　　باسک + بەند: باسکبەند　　بار + بەند: باربەند

گۆ + بەند: گۆبەند　　ناوقە + بەند: ناوقەبەند　　کەمەر + بەند: کەمەربەند

خاڵ + بەند: خاڵبەند　　ساز + بەند: سازبەند　　ناڵ + بەند: ناڵبەند

ڕو + بەند: ڕوبەند　　شاڵ + بەند: شاڵبەند　　کەمەر + بەند: کەمەربەند

نێو + بەند: نێوبەند　　مو + بەند: موبەند　　دار + بەند: داربەند

**.گیرەکی (باز)**

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر بنجی سادە و ئەرکی داڕژتنی بەستۆوە دەگرێت. هەندێک هاوەڵناو و هاوەڵکار ساز دەکات، کە ڕەنگە لەسەر بنەمای پراگماتیک ئەم هەستە دەربکەوێت کە ئەمانە هاوەڵناوی پیشەیی نین، وەکو گیرەکی (چی) لە هاوەڵکاری (ماستاوچی، ساختەچی، قومارچی)،

بەڵام دوپاتەبونەوەی ئەم ئاکاریانە لەسەر هاستی دەروناسی زمانەوانی ـ سایکۆلینگۆستیکی و پراگماتیکی و سیمەنتیکی، دەبێتە ئاکاریەکی ناشیرین و دوپاتەکردنەوەی و بەشێوەی ناوی دیاریخەری دەردەکەوێت و هەروەتر لە هەڵکەوتنی کۆمەڵگەی و سەر زاری ئاخێوەران، هاوەڵناوی سوکایەتی و بێڕێزین و ئەم گیرەکەش، لە هاوەڵناوی دارێژراوی (کچباز، نێرباز، مێباز، ژنباز، کوڕباز، سێکسباز، منداڵباز، بوختانباز)، لە بنیجینە پیشەیی نین، بەڵام وەکو کردارێکی داڕێژراو دەردەکەوێت و لە ئەگەری دوپاتەبونەوەی، دەبێتە هاوەڵناو ـ ناوی دیاریخەر.

ـ گیرەکی باز دەچێتە سەر بنجی سادە و ناو و ناوی خاوەن پیشە دادەڕێژێت، لەسەر هاستی سیمەنتیکیەوە (مرۆڤ + پیشە + خاوەنیەتی)، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| فیلم + باز: فیلمباز | جان + باز: جانباز | فێڵ + باز: فێڵباز |
| کۆتر + باز: کۆترباز | ژن + باز: ژنباز | کچ + باز: کچباز |
| قمار + باز: قمارباز | هاوڕێ + باز: هاوڕێباز | سەر + باز: سەرباز |
| گیان + باز گیانباز | ڕیا + باز: ڕیاباز | ڕێ + باز: ڕێباز |
| قوش + باز: قوشباز | دەست + باز: دەستباز | چەتر + باز: چەترباز |
| سەگ + باز: سەگباز | دومل + باز: دوملباز | ڕم + باز: ڕمباز |
| تەیر + باز: تەیرباز | بوختان + باز: بوختانباز | منداڵ + باز: منداڵباز |

**.گیرەکی (دار)**

دەچێتە سەر بنجی سادە و ناوی سادە و بۆ دەرخستن و داڕژتنی بکەر چالاک و بەهێزە، کەچی ئەم توانایەی بۆ داڕژتنی ناوی کارا و هاوەڵکرداری داڕێژراو نیە. لەسەر هاستی پراگماتیکی دەکەوێتە بازنەی کارا و لە چوارچێوەی سیمەنتیکی دەبێتە (مرۆڤ + ئاژەڵ + پیشە + شارەزا + ماندویی + سروشت)، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ماڵ + دار: ماڵدار | باڵ + دار: باڵدار | مەڕ + دار: مەڕدار |
| ئاژەڵ + دار: ئاژەڵدار | ماڵات + دار: ماڵاتدار | چەک + دار: چەکدار |
| چێو + دار: چێودار | زەوی + دار: زەویدار | نوسینگە + دار: نوسینگەدار |
| باغ + دار: باغدار | دەفتەر + دار: دەفتەردار | کلیل + دار: کلیلدار |
| سەندوق + دار: سەندوقدار | سیل + دار: سیلدار | گیان + دار: گیاندار |

خێزان + دار: خێزاندار　　ئەڤین + دار: ئەڤیندار　　ناز + دار: نازدار
دڵ + دار: دڵدار　　دوکان + دار: دوکاندار　　سوڕ + دار: سوڕدار
ئەوین + دار: ئەویندار　　داغ + دار: داغدار　　قەرز + دار: قەرزدار
سەر + دار: سەردار، لەگەڵ کرداری (سەر ـ دار) جیاوازە

**.گیرەکی (مەند)**

تاڕادێک چالاک و بەهێز نیە و لەگەڵ وشەی سادە و هاوەڵکاری سادە دەردەکەوێت، هاوڵکردار وشەی داڕێژراو و ناوی کارا ساز دەکات. هاستی پراگماتیکی دەگرێت و لەسەر بنەمای سیمەنتیکیەوە دەبێتە (مرۆڤ + دەرون + شارەزایی + هەست + پیشە + ڕێز)، وەکو:

**ـ وشەی سادە + مەند = وشەی داڕێژراو، ناوی کارا:**

ئارەزو + مەند: ئارەزومەند　　دڵ + مەند: دڵمەند　　هونەر + مەند: هونەرمەند
ڕزا + مەند: ڕزامەند　　بیر + مەند: بیرمەند　　زانست + مەند: زانستمەند
ڕێسا + مەند: ڕێسامەند　　تایبەت + مەند: تایبەتمەند　　شکۆ + مەند: شکۆمەند
کار + مەند: کارمەند　　ئەڕا + مەند: ئەڕامەند
دەوڵەت + مەند: دەوڵەتمەند، سوانی پیتی (ت)، دەوڵەمەند

**.گیرەکی (ی)**

فۆنێکی بزوێنی هەرەچالاک و بەهێزە لە زوانی کوردیە. لە ئەرکی مۆرفۆلۆژی و دەرکەوتن لەم گۆڕەپانە، دەبێتە گیرەک بۆ داڕژتنی ناوی کارا و ناوی شوێن و هاوەڵناو و وشەی داڕێژراو. بۆ پتر ناسینی ئەم فۆنە و چالاکیەکانی، (سەردانی بەشی هامرازەکانی ئەم پەرتوکە بکە). ئەم گیرەکە دەچێتە سەر وشەی سادە و هاوەڵناوی سادە و ڕەگی کردار و هاوەڵکرداری سادە، وەکو:

**ـ هاوەڵناو + ی = هاوەڵناوی دیاریکەری ڕەنگی:**

زەرد + ی: زەردی　　شین + ی: شینی　　سور + ی: سوری
سەوز + ی: سەوزی　　ڕەش + ی: ڕەشی　　کەسک + ی: کەسکی
کەو + ی: کەوی　　ڕەساس + ی: ڕەساسی　　خۆڵەمێش + ی: خۆڵەمێشی
بۆر + ی: بۆری　　مس + ی: مسی　　زێڕ + ی: زێڕی
سپی + ی: سپی: سوانی پیتێکی (ی)

ـ لە کاتی دەرکەوتنی فۆنی بزوێن لە دواوەی وشەکە، پیتی یارمەتیدەدەری (ی) دێتە نێوان ئەم دو مۆرفیمە، کە دەبێتە (یی) کە ئەلۆمۆرفی (ایەتی)یە، وەکو:

بەنەوشە ـ وەنەوشە + ی + ی: وەنەوشەیی پەمە + ی + ی: پەمەیی

سورمە + ی + ی: سورمەیی قاوە + ی + ی: قاوەیی

کاهو + ی + ی: کاهویی خەنە + ی + ی: خەنەیی

**ـ ناوی شوێن + ی = هاوەڵکاری شوێن، کە ئەم بەشە گەیاندن و نیسبیەتەی لەژێر کاریگەری عەرەبی وەرگرتوە، وەکو:**

موکریان + ی: موکریانی جەڵدیان + ی: جەڵدیانی مەهاباد + ی: مەهابادی

سلێمان + ی: سلێمانی ئامەد + ی: ئامەدی کۆبان + ی: کۆبانی

کوردستان + ی: کوردستانی شارستان + ی: شارستانی بازاڕ + ی: بازاڕی

**ـ وشەی سادە + ی = هاوەڵناو و وشەی چۆنیەتی و وەسفی داڕێژراو:**

بەهار + ی: بەهاری گوڵ + ی: گوڵی دار + ی: داری

کوڕ + ی: کوڕی کچ + ی: کچی منداڵ + ی: منداڵی

**ـ هاوەڵناوی سادە + ی = ناوی دەرخەر:**

جوان + ی: جوانی نەرم + ی: نەرمی شیرین + ی: شیرینی

تاڵ + ی: تاڵی سوێر + ی: سوێری ڕەش + ی: ڕەشی

زەرد + ی: زەردی شل + ی: شلی خەست + ی: خەستی

درێژ + ی: درێژی توند + توندی قەڵەو + ی: قەڵەوی

کز + ی: کزی باریک + ی: باریکی تاریک + ی: تاریکی

ڕون + ی: ڕونی هیشک ـ ویشک ـ وشک + ی: ویشکی

**ـ هاوەڵکرداری سادە + ی:**

بەرز + ی: بەرزی بڵیند ـ بڵند + ی: بڵیندی نزم + ی: نزمی

خوار + ی: خواری سەر + ی: سەری ژێر + ی: ژێری

بن + ی: بنی ژور + ی: ژوری هوار + ی: هواری

ـ گیرەکی (ی) لە هاستی سینتەکس و گرێدانی مۆرفۆلۆژیایی، وەکو ئەلۆمۆرفێک؛ فۆنی (ێ) لێ جیا دەبێتەوە، لە هاستی سینتەکسی ئاخاڤتنەوە، ئەم شێوە گەلێک باوە، وەکو:

**ـ ناوی سادە، + ی، ێ = وشەی دارێژراو:**

[نان + ی: نانی

نان + ێ: نانێ] ← دەکەم، دەخۆم، دێنم، دەبەم، دەکڕم، وەردەگرم، ساز دەکەم، دەفرۆشم، دەپیشێنم، دەبرژێنم، دەنێرم، دەبەمەوە، ئاو دەکەم...تاد.

[کار + ی: کاری

کار + ێ: کارێ] ← دەکەم، دەگرم، دەبینمەوە، دەدۆزمەوە، دەپرسم...تاد.

[دار + ی: داری.

دار + ێ: دارێ] ← دەچێنم، دەچەقێنم، دەشکێنم، دەسوتێنم، دەفرۆشم، دەسوێنم، دەقەڵشێنم، دەبڕمەوە...تاد.

**. گیرەکی یار**

بەشێوەی چالاک لەگەڵ وشەی سادە و هاوەڵناو دەردەکەوێت و ناوی کار دەردەخات، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| بەخت + یار: بەختیار | زان + یار: زانیار | بەرپرس + یار: بەرپرسیار |
| ئەنداز + یار: ئەندازیار | کڕ + یار: کڕیار | پرس + یار: پرسیار |
| دەست + یار: دەستیار | | |

**. گیرەکی (ەر)**

ـ گیرەکی چالاک و بەهێزی (ەر)، پاشگرێکی بەهێزە و ئەرکێکی سەرەکی لە مۆرفۆلۆژی کوردیەوە هەیە و لە هاستی سینتەکس دەرکەوتنێکی تایبەتی هەیە. پاشگرێکی کوردیە و دەنگۆی ئەمە هەیە کە وەکو گیرەکی (دا) لە زوانانی دیکە وەرگیراون، کە هاستی زانستی و لۆژیکی لەپشت نیە. ئەم گیرەکە بەشێوەی هەرەچالاک لەگەڵ کاری تێپەڕ دەردکەوێت. پاشگرێکی چالاکە بۆ دارژتنی ناوی کارا و هاوەڵکار، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| نوس + ەر: نوسەر | سوتێن + ەر: سوتێنەر | سازێن + ەر: سازێنەر |
| ڕوخێن + ەر: ڕوخێنەر | داهێن + ەر: داهێنەر | ڕاژێن + ەر: ڕاژێنەر |
| بین + ەر: بینەر | خوێن + ەر: خوێنەر | بێژ + ەر: بێژەر |

| | | |
|---|---|---|
| کوژ + ەر: کوژەر | داڕێژ + ەر: داڕێژەر | دەرهێن + ەر: دەرهێنەر |

**.گیرەکی (راو)**

ئەم پاشگرە بۆ داڕژتنی ناوی بەرکار و کارا چالاکە، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| داخ + راو: داخراو | سوتێن + راو: سوتێنراو | ترسێن + راو: ترسێنراو |
| هەڵبەست + راو: هەڵبەستراو | نوس + راو: نوسراو | ساز + راو: سازراو |
| بەست + راو: بەستراو | | |

ـ ئەم گیرەکانەی کە بۆ داڕشتنی وشەی داڕێژراو و هاوەڵناو و هاوەڵکرداری داڕێژراو، لە بەشی مۆرفۆلۆژی دەردەکەون، گیرەکانێکن کە بۆ داڕشتنی ناوی ئامێر و هامراز دەردەکەون، وەکو:

**.گیرەکی (نگ)، (ەگ)، (ینگ)، (ە)، (لە)، (ێر)، (اڵ):**

| | | |
|---|---|---|
| بێژ + نگ: بێژنگ | هێڵ ـ ئێڵ + ەک: هێڵەک | کوت + ەک: کوتەک |
| پەست + ەک: پەستەک | بر + ینگ: برینگ | ماڵ + ە: ماڵە |
| تەقی + لە: تەقیلە | بلو + ێر: بلوێر | چەنگ + اڵ: چەنگاڵ |
| چەت + اڵ: چەتاڵ | قڕت + اڵ: قڕتاڵ | |

**.گیرەکی (ن)**

ـ گیرەکی (ن) و گیرە کی (ا) بزوێنی بەرز ئەلفوبێ، لە بەشی گیرەکەکان چالاکی خۆیان لەنێو زوان و هاستی وشەسازی زوانی کوردی دەردەخەن و مۆرفیم و فۆنێکی چالاکن بۆ داڕژتنی ناوی کارا و کردار، دەکەونە سەر ڕەگی کردار و ڕەگی چاوگ و ناوی سادە، فۆنی (ن) وەکو گیرەک دەچێتە سەر ناو و هاوەڵناو ساز دەکات، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ڕژ +ا: ڕژا | سوت +ا: سوتا | خلیسک +ا: خلیسکا |
| پس +ا: پسا | شک +ا: شکا | ڕز +ا: ڕزا |
| فەوت +ا: فەوتا | قرچ +ا: قرچا | ترس +ا: ترسا |
| چڕژ +ا: چڕژا | ڕاوەست +ا: ڕاوەستا | بۆگە +ن: بۆگەن |
| چڵک +ن: چڵکن | چرپ +ن: چرپن | توک +ن: توکن |

شەرم + ن: شەرمن

ـ هەندێک گیرەک هەنە، کە لەگەڵ قەد و ڕەگی چاوگ دەردەکەون و ناوی چاوگ و وشەی داڕێژراو و هاوەڵکار ساز دەکەن، وەکو:

**.گیرەکی (اک) وئەلۆمۆرفی (ناک)**

**= ناوی دیاریخەر:**

| | | |
|---|---|---|
| خور + اک: خوراک | پۆش + اک: پۆشاک | ترس + ناک: ترسناک |
| غەم + ناک: غەمناک | ڕون + اک: ڕوناک | |

**.گیرەکی (ش)**

ئەلۆمۆرفی (شت)، (ست)، گیرەکی (یش) کە بوتە گیرەکێکی چالاک و کارای زوانی فارسی، ئەلۆمۆرفی ئەم گیرەکەیە، لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی وێنە ئەم گیرەکانە، وەکو:

**وشەی سادە، ڕەگی کردار = ناوی دیاریخەر، وشەی داڕێژراو:**

| | | |
|---|---|---|
| کۆش + ش: کۆشش | بەخش + ش: بەخشش | ساز + ش: سازش |
| نەمای + یش: نەمایش | پەڕ + ش: پەڕش | ئاسا + یش: ئاسایش |
| زا + یش: زایش | زان + ست: زانست | توان + ست: توانست |
| بڕ + ست: بڕست | تەنی + شت: تەنیشت | ڕۆی + شت: ڕۆیشت |
| نی + شت: نیشت | گەی + شت: گەیشت | شکە + ست: شکەست |
| فرۆ + شت: فرۆشت | کڕۆ + شت: کڕۆشت | |

**.گیرەکی (ەمەنی)**

ئەڵۆمۆرفی (مەنی) کە پتر لەگەڵ بابەتەگەلی پەیوەندیدار بەشتی شل و ئاوەکەیکانە و ناوی کۆ و بەرهەم ساز دەکات، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| شیر + ەمەنی: شیرەمەنی | شل + ەمەنی: شلەمەنی | سوت + ەمەنی: سوتەمەنی |
| سارد + ەمەنی: ساردەمەنی | خوارد + ەمەنی: خواردەمەنی | تەقە + مەنی: تەقەمەنی |
| چاپ + ەمەنی: چاپەمەنی | | |

**تێبینی:** مۆرفیمی (بەر، کەر، ڕێ، سەر، بەر، ژێر، باڵ، شا، پار، دار، ساز، باز، جاڕ، **لا**) ئەم مۆرفیمانە لەسەر بنەمای بەشەئاخاڤتنان، ڕون نیە کە ئەمانە گیرەکن یان نا. ئەم مۆرفیمانە زۆرجار وەکو وشەی سەربەخۆ دەردەکەون و زۆرجاریش وەکو گیرەک لە لێکدان و داڕژتنی وشە دەور دەگێرن و ناتواندرێت بەمۆرفیمێکی ناسەربەخۆ و کەرتکراو دابندرێن، کەچی وەکو شێوەگیرەک دەردەکەون.

ـ لە سوچێکی دیکەی بەشی مۆرفۆلۆژیایی، وشەی لێکدراوی هاوواتایی و دژواتایی و وشەی لێکدراوی هاڵۆز و گۆڕینی فۆنیمی هەیە، لەم بازنەیەشەوە بەشێکی تایبەت و چالاک بەناو وشەی دوپاتەمان هەیە.

ـ مۆرفیمی بچوککردنەوەی وشەسازی، ئەم مۆرفیم و گیرەکانەی کە دێنە گۆڕەپانی وشەسازی و وشەناسی و بەدەرکەوتنیان وشە و بنج بچوک دەکەرێنەوە و کرداری بچوککردنەوەیان تێدا ڕو دەدات و ناوەکە ناسک و نازدار و بچکۆڵانە دەکەن، هەندێکجار وەکو بێڕێزی و هەندێکجاریش وەکو هەستدەربڕین و سۆز و خۆشەویستی ساز دەکرێن. ئەم دیاردەزمانیەش لە هاستی مۆرفۆلۆژی زوانی کوردی، لەم بەشەگیرەکانە ساز دەبن، وەکو:

**. گیرەکی (کە)**

بۆ بچوککردنەوەی قەبارە و شێوەی کەرەستە و وشە و هەندێکجار بۆ ناوی خواردن بەکار دێت، دەوری پراگماتیکی خۆی دەبینێت و هاستی سیمەنتیکی (مادە + بچوککردنەوە + پیسی + ناشیرینی + کەرستە + ئامێر + هەست) دەردەخات، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| چل + کە: چلکە | پوش + کە: پوشکە | قدول + کە: قدولکە |
| زیب + کە: زیبکە | قدیل + کە: قدیلکە | لەت + کە: لەتکە |
| دان + کە: دانکە | لان + کە: لانکە | بەچ + کە: بەچکە |
| جاج + کە: جاجکە | شەل + کە: شەلکە | شەپ + کە: شەپکە |
| ملوان + کە: ملوانکە | گەش + کە: گەشکە | ڕش + کە: ڕشکە |
| پیس + کە: پیسکە | مێخە + کە: مێخەکە | کۆڵە + کە: کۆڵەکە |
| پوڵە + کە: پوڵەکە | توت + کە: توتکە | قاشول + کە: قاشولکە |

پێچو + کە: پێچوکە    شارو + کە: شاروکە    لوس + کە: لوسکە

**.گیرەکی (ۆکە)**

وەکو ئەلۆمۆرفی چالاکی گیرەکی (کە)، دەچێتە سەر ناو و وشە و هاستی بچوککردنەوەکەی دیاری دەکات و ئەرکی پراگماتیکی دەگرێت و لەسەر هاستی سیمەنتیکی (مادە + بچوککردنەوە + چێژتن + ئاژەڵ + پلە + هاست + پێناسە + نیشاندان)، وەکو:

ترش + ۆکە: ترشۆکە    بزن + ۆکە: بزنۆکە    بارِ + ۆکە: بارِۆکە
بال + ۆکە: بالۆکە    گێل + ۆکە: گێلۆکە    گێژ + ۆکە: گێژۆکە
ژن + ۆکە: ژنۆکە    فەقیر + ۆکە: فەقیرۆکە    قز + ۆکە: قزۆکە
شێت + ۆکە: شێتۆکە    پیرێژن + ۆکە: پیرێژنۆکە    شار + ۆکە: شارۆکە
شەیتان + ۆکە: شەیتانۆکە    منداڵ + ۆکە: منداڵۆکە    مزر + ۆکە: مزرۆکە
فرِ + ۆکە: فرِۆکە    دەسر + ۆکە: دەسرۆکە
شل + ۆکە: شلۆکە    جاڵجاڵ + ۆکە: جاڵجاڵۆکە = جوتەوشە
خولخول + ۆکە: خولخولۆکە = جوتەوشە    فرِفرِ + ۆکە: فرِفرِۆکە = جوتەوشە
پێچپێچ + ۆکە: پێچپێچۆکە = جوتەوشە    خاڵخاڵ + ۆکە: خاڵخاڵۆکە = جوتەوشە

**.گیرەکی (ەکە، ک، ەک، وک، ۆک، و، ۆ)،**

**ئەمانە ئەلۆمۆرفی گیرەکی (کەن)**

وشەی دارِێژراو و ناوی بچوک و ناوی مرۆڤ ساز دەکەن و هاستی بچوککردنەوە و نزدیکایەتیان دیاری دەکەن، لەسەر هاستی سیمەنتیکی (مرۆڤ + بچوککردنەوە + نزدیکایەتی + کەرەستە + ئامێر) دەردەخەن، وەکو:

تیر + ۆک: تیرۆک    نەز + ۆک: نەزۆک    برایم + ۆک: برایمۆک
قادر + ۆک: قادرۆک    شەرم + ۆک: شەرمۆک    گەرِ + ۆک: گەرِۆک
میخ + ەکە: میخەکە    کۆڵ + ەکە: کۆڵەکە    پول + ەکە: پولەکە
پێتو + کە: پێتوکە    دند + ۆک: دندۆک    پاچە + ک: پاچەک
دن + وک: دنوک    ددان + وک: ددانوک    دەست + ەک: دەستەک
دانە + ک: دانەک    پەت + ک: پەتک    پێچ + ەک: پێچەک
مەچ + ەک: مەچەک    لان + ک: لانک    شاشە + ک: شاشەک

| | | |
|---|---|---|
| دڕ + ک: دڕک | قاچ + ک: قاچک | کوت + ەک: کوتەک |
| خان + و: خانو | ڕۆژ + و: ڕۆژو | داس + و: داسو |
| پوش + و: پوشو | پەت + و: پەتو | شار + و: شارو |
| قاژ + و: قاژو | ماز + و: مازو | ڕەش + ۆ: ڕەشۆ |
| خش + ۆ: خشۆ | جەنگ + ۆ: جەنگۆ | سم + ۆ: سمۆ |
| دل + ۆ: دلۆ | | |

**.گیرەکی (ۆڵ)**

ناو و ناوی تایبەتی مرۆڤ و هاوەڵناوی سادە ناسک و نازدار دەکات و ناوی دیاریخەری ساز دەکات و هاستی سیمەنتیکی (مرۆڤ + جوان + دڵڕفێن + چۆینەتی + نالەبار + شیرین) دەردەخات، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| کچ + ۆڵ: کچۆڵ | ناسک + ۆڵ: ناڤکۆڵ | ژن + ۆڵ: ژنۆڵ |
| گرد + ۆڵ: گردۆڵ | کیژ + ۆڵ: کیژۆڵ | ئاسک + ۆڵ: ئاسکۆڵ |
| باریک + ۆڵ: باریکۆڵ | کز + ۆڵ: کزۆڵ | فرت + ۆڵ: فرتۆڵ |
| بەرخ + ۆڵ: بەرخۆڵ | کرم + ۆڵ: کرمۆڵ | |

**.گیرەکی (ۆڵە)**

لەگەڵ ناو و هاوەڵناو، دەوری داڕژتن و هاوەڵناو و بچوککردن و ناسککردنی وشە دەگرن، هاستی سیمەنتیکی (بچوک + ناسک + ژیکەڵە + نازدار + خۆشەویست) دەردەخەن، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| بەرخ + ۆڵە: بەرخۆڵە | زەنگ + ۆڵە: زەنگۆڵە | مشک + ۆڵە: مشکۆڵە |
| کج + ۆڵە: کجۆڵە | کیژ + ۆڵە: کیژۆڵە | ناسک + ۆڵە: ناسکۆڵە |
| نەرم + ۆڵە: نەرمۆڵە | ڕەش + ۆڵە: ڕەشۆڵە | بچک + ۆڵە: بچکۆڵە |
| گڵ + ۆڵە: گڵۆڵە | خشک + ۆڵە: خشکۆڵە | دایک + ۆڵە: دایکۆڵە |

پەسپەسک + ۆڵە: پەسپەسکۆڵە : جوتەوشە

**.گیرەکی (لە، ەلە، ڵە، ەڵە، ەڵ، ولە، یلە)**

ئەم ئەلۆمۆرفانە، لە مۆرفیمی (لە) وەرگیراون و ئەرکی ئەم پاشگرانە، بچوککردن و باریک و تەسککردنەوەی ڕوبەر و تەمەن و ناسککردن و هەستی خۆشەویستی دەربڕین و دەچنە سەر ناو

و وشەی سادە و هاوەڵناوی سادە و هاستی پراگماتیکی ساز دەکەن و نیشان دەدەن و هاستی سیمەنتیکی (مادە + مرۆڤ + بچوککردنەوە + ناسکی + بونەوەر + هەست + کەرەستە) دەردەخەن، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| دان + ولە: دانولە | مێرو + لە: مێرولە | مێشو + لە: مێشولە |
| پشی + لە: پشیلە | ورد + یلە: وردیلە | زەرد + یلە: زەردیلە |
| کار + یلە: کاریلە | | |
| کیس + ەڵ: کیسەڵ | تۆپ + ەڵ: تۆپەڵ | زەرد + ەڵ: زەردەڵ |
| پوچ + ەڵ: پوچەڵ | | |
| کاک + ەلە: کاکەلە | باب + ەلە: بابەلە | برا + لە: برالە |
| گچکە + لە: کچکەلە | خری + لە: خریلە | |
| گۆزە + ڵە: گۆزەڵە | تەپا + ڵە: تەپاڵە | تەپ + ڵە: تەپڵە |
| چەپ + ڵە: چەپڵە | شەپ + ڵە: شەپڵە | هەپ + ڵە: هەپڵە |
| تۆق + ڵە: تۆقڵە | جۆگە + لە: جۆگەلە | جوجە + ڵە: جوجەڵە |
| سەوز + ەڵە: سەوزەڵە | زەرد + ەڵە: زەردەڵە | گرد + ەڵە: گردەڵە |
| باریک + ەلە: باریکەلە | سیس + ەڵە: سیسەڵە | ڕوت + ەڵە: ڕوتەڵە |

**.گیرەکی (چە)**

ئەلۆمۆرفانی (یژە، ێژە، یچە)، لە داڕژتنی وشەی داڕێژراو بەشدار دەبن، هاستی سیمەنتیکی (مادە + کەرەستە + بچوککردنەوە) دەردەخەن، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| گۆڕ + یچە: گۆڕیچە | سور + ێژە: سورێژە | پا + یژە: پایژە | ناو + چە: ناوچە |
| دەریا + چە: دەریاچە | باغ + چە: باغچە | پار + چە: پارچە | خوان + چە: خوانچە |
| خڕ + چە: خڕچە | فڵ + چە: فڵچە | بێڵ + چە: بێڵچە | دۆڵ + چە: دۆڵچە |
| بوخ + چە: بوخچە | هەتیم ـ یەتیم + چە: هەتیمچە | | |

**.گیرەکی (چکە)**

ئەلۆمۆرفەکانی (چک، شک، ۆچکە، ژۆڵە)، گیرەگی لێکدراوی (چە) و گیرەکی (کە)یەن کە ڕوبەر و پانتایی بچوک دەکەنەوە، هاستی سیمەنتیکی (مرۆڤ + مادە + شوێن + بچوککردنەوە)

دەردەخەن، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| خانو + چکە: خانوچکە | خەونو + چکە: خەونوچکە | ڕێ + چکە: ڕێچکە |
| گوێ + چکە: گوێچکە | شار + ۆچکە: شارۆچکە | ماڵ + ۆچکە: ماڵۆچکە |
| ئاگر + ۆچکە: ئاگرۆچکە | بن + چک: بنچک | قن + چک: قنچک |
| قڵ + چک: قڵچک | جو + چک: جوچک | پێ + چکە: پێچکە |
| لێ + چکە: لێچکە | قمار + ۆچکە: قمارۆچکە | منداڵ+ۆچکە: منداڵۆچکە |
| کەنی + شک: کەنیشک | کار + ژۆڵە: کارژۆڵە | |
| قور + قور + ۆچکە: قورقورۆچکە: جوتەوشە | | |

**.گیرەکی (یلکە)**

ئەلۆمۆرفانی (ولکە، ۆڵکە) گیرەکی لێکدراوی (لە) و (کە)یە، کە وشەی نوێ ساز دەکات. هەندێکجار ناو بچوک دەکەن و هەندێکجاریش لەسەر هاستی پراگماتیکی ناوی ئامێر ساز دەکەن. هاستی سیمەنتیکی (پتر لە تەمەنی سەرەکی + لاتاو + خۆشەویستی + پیسی + کەسایەتی نزم + سوکایەتی + بێڕێزی) دەردەخەن، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| تەشپی + یلکە: تەشپیلکە | جام + یلکە: جامیلکە | داس + ولکە: داسولکە |
| پاچ + وکە: پاچوکە | ساو + یلکە: ساویلکە | نام + یلکە: نامیلکە |
| جاش + ولکە: جاشولکە | شاخ + ولکە: شاخولکە | چاو + یلکە: چاویلکە |

**.گیرەکی (کەلە)**

ئەم گیرەکە، لێکدراوی گیرەکی (کە) و گیرەکی (لە)یە، ئەم گیرەکە تەنیا لەگەڵ هاوەڵناو دەردەکەوێت و ناوی دیاریخەر ساز دەکات، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| خڕ + کەلە: خڕکەلە | جوان + کەلە: جوانکەلە | ڕەش + کەلە: ڕەشکەلە |
| سپی + کەلە: سپیکەلە | سور + کەلە: سورکەلە | ژی + کەلە: ژیکەلە |

**.گیرەکی (ە)**

ئەلۆمۆرفانی (ۆڵ، ۆلە، کە، ۆک، ۆکە) لەگەڵ ئەم مۆرفیمە کە ئەرکی بچوککردنەوەی ناوی بەستۆوەی گرتوە، بەشداری دەکەن. گیرەکی (ە) پاشگرێکی چالاک و بەهێز بۆ داڕژتنی وشەی

نوێیە، بەتایبەت وشەی نامۆ و بیانی، هەروەتر بەهۆی چالاکبونی ئەم مۆرفیمە، دەورێکی تایبەتی لە دارِژتنی هاوەڵناو هەیە. لەگەڵ ناو و وشەی سادە دەردەکەوێت و ناوەکان بچوک و نازدار و ناسراویان دەکات، بۆ پتر ناسینی ئەرکی (ە)، لەنێو زوانی کوردی، (سەردانی بەشی هامرازەکانی ئەم کتێبە بکە).

لەم بەشە ناوەکە توشی کورتکردن و بچوککردنەوە دەبێت، لە ناوی وەکو؛ (قادر) ناوەکە بەتێکرِایی دەسوێت و تەنیا پیتی یەکەم و دوەمی ناوەکە بەجێدەمێنێت و دەبێتە (قالە)، وێنەی دیکە:

فاتم + ە: فاتە رەشید + ە: رەشە ناسک + ە: ناسکە نازدار + ە: نازە

مام + ە: مامە دایک + ە: دایکە کەژاڵ + ە: کەژە داد + ە: دادە

گوڵی + ە: گوڵە

ـ لە بەشی بچوککردنەوەی ناو، تەنیا گیرەکەکان بەشدار نابن، بەڵکو لەسەر هاستی مۆرفۆلۆژی و سینتەکس و پراگماتیکی، ئەمە لە بەشی (ئەکۆنۆمیکی ـ ئابوری زوانەوە، هەندێکجار تەنبەڵی و نەرمبونەوە، حەز، خۆشەویستی، قرِتاندن، بزوێنگۆرِین، رِاگوێزان، ئاوێتەکردن و لێکچوون)، دەبێتە هۆکاری بچوککردنەوەی ناو. هەندێک نازناو هەنە کە وەکو ناوێکی نازدارانە لەبری ناوی سەرەکی خۆی بەکار دەهێندرێن، زۆرێک لە ناوەنامۆیەکان لەنێو زوانی کوردی، بێوەرگرتنی گیرەک و باری مۆرفۆلۆژیایی بچوک دەکرێنەوە، وەکو:

صومیە = سومی، سومە، سویی، سوە، ساوە

فاطمە = فاتم، فاتە، فاتێ، فاتۆ، فیتی، فەتۆک، فاتۆک، فاتمۆکێ

خدیجە = خەجێ، خەجیج، خەجە، خەجۆ، خەدیج، خەجۆک، خەجەلەنج، خەدیجۆکە

ابراهیم = برایم، ئیبۆ، ئیبە، برۆ، برهۆ، برایمۆک

اسماعیل = سمایل، سمائیل، سمە، سمۆ، سیمۆ، سمۆک، سمکۆ، سمایلۆک

رابیعە = رِابی، رِابە، رِابۆ، رِابۆک

زهرە = زەهی، زەهۆ، زەهە، زۆهرا، زەهۆک

فتاح = فەتە، فەتاح، پەتە، فەتۆک

عثمان = وەسمان، حوسمان، ئوسمان، وسو، ئۆسێ، عوسی، وەسمانۆک

حسین = حسێن، وسێن، حسە، حوس، حوسی، حسۆ، حسۆک

شاکر = شەکۆ، شوکە، شەکە، شەکۆک

رسول = ڕەسو، ئوسو، سوله، رەسویل، ڕەسۆکه، ڕەسولۆک

ابوبکر = حەبوبەکر، بەکۆ، بەکر، بەکه، حەبو، عەبو، بەکۆک، بەکرۆک

خدر = خده، خدۆ، خدێ، خدۆک

رئوف = ئوفه، ڕەفو، ڕەپه، ڕوفه، ڕافه، ڕاف، ڕەفه، ڕەفی، ڕەفۆک

جلال = جەله، جەلۆ، ججه، جەجال، جەلی، جەلێ، جله، جەلۆک

علی = عەله، حەلی، عوله، عەلۆ، عەلو، عەلک، عەلۆک

معروف = ماله، مالۆ، مالو، مەره، ماره، مەعریف، مەعرۆ، مالۆک، مەگروف، مەغروف، مەحروف

جمیل = جەمه، جەمۆ، جمۆ، ججه، جەمۆک

رشید = ڕەشه، ڕەشۆ، ڕەشی، ڕشه، ڕەشێ، ڕەشۆک

رمضان = ڕەمۆ، ڕزەم، ڕره، ڕزمه، ڕەمه، ڕەمۆک

یاسین = یاسه، یاس، یاسۆ، یاسۆک

کریم = کەره، کەرۆ، کره، کەرۆک، کەریمۆک

عباس = عەسه، هەباس، حەباس، هەباسه، هەباسۆک

سلیمان = سولی، سلی، سوله، سالی، سلێمان، سەلۆ، سلی، سەلۆک

شمش الدین = شەمسه، شەمس، شەمسۆ، شەمی، سمش، سەسه، سەشه، شەمدین، شەمسۆک

عبدالله = عەبه، عەبۆ، عەولا، حەولا، عەبۆک، عەبک، ئەڤداڵ، ئەدال، عەبۆک

عایشه = ئایشۆ، حەیشه، حەشه، دایشه، ئایشێ، ئایشۆک

محمود = مەحۆ، مەحمو، مەحمويد، مەحمید، مەحید، محۆ، حەدۆک، مەخوله، خوله، حەمەدۆک

محمد = مەمەد، ممد، مەمد، حەمەد، مەحەمەد، محەمەد، موحەمەد، محەمد، مەحمد، مەهمەد، موحەممەد، محممەد، مەحممەد، حەمه، حەمەد، مەمۆ، مەمەند، مەم، مەمەدۆک

عمر = عومەر، حومبەر، حومەر، حمر، ممر، عەمۆ، عەمێ، هومەردۆک

احمد = ئەحه، حەمۆ، ئەحمێ، ئەحمۆ، ئەحۆک

قادر = قاله، قارۆ، قره، قایر، قەدۆ، قالک، قادرۆک

عزیز = حەزیز، عەزۆ، حزۆ، عەزه، عەزک، عەزۆک

مصطفی = مجه، مچه، مچۆل، متەفا، مستیل، مستەفۆک

ئەم ناوانە و شێوەی گۆڕانکاری و تێکۆشان بۆ بچوککردنەوە و لێکچوونیان، لە کۆنەوە بەرەی

پێشینیانی زوانی کوردی بەرەو وشەسازی و وشەداڕشتن بردوە تاکو خۆ لە داگیرکاری ئەم ناوانە بێنێتەدەر و بەشێوەی شارەزایانە تێکۆشاوە بەکەڵکوەرگرتن لە فۆنسازی زوانی خۆی، ئەم ناوانە بگۆڕێت و بیانکاتە کوردی. ئەم خۆپاراستنە بەشێوەی لێکچوون و سواندن و لێکچوونی ناوەکان چووتە هاستێکی خۆماڵیکردنی ناوەوە، کەچی زانستیتر وایە کە ئەم ناوانە، وەکو خۆیان، واتە فۆنەتیکی زوانەسەرەکیەکەیان بەکار بهێندرێنەوە.

ـ بەلاسایکردنەوە لە زوانانی زیندوی جیهانی، بۆ ناوی ڕێکخراوەیی و بزوتنەوەیی و پیشەیی و ناو و ناسناو، لە شێوەی کورتکردنەوە ئەلفوبێی کەڵک وەردەگرن، وەکو:

ی، ن، ک: یەکیەتی نەتەوەیی کوردستان

ف، ز، ک، ڤ: فێرگەی زوانی کوردی ڤێرسین

ف، ب، ز: فێرخوازی بەشی زمانەوانی

د، ک، ب: دکتۆر کۆچەر بیرکار

ی، ن، ک: یەکەتی نوسەرانی کورد

# وشەی دوپاتەیی. جوتەوشە (Reduplication).

دیاردەیەکی زوانی لەنێوان زۆرینەی زوانەکانی جیهان و بەشێکی تایبەتی مۆرفۆلۆژیاییە. لە دو وشەی لێکسیکی یان ڕیشەیی ساز دەبێت کە بەیارمەتی هامراز و گەلێجار بێیارمەتی هامراز ساز دەکرێن کە پتر لە دو بڕگە پێکدێنن. ئەم بەشە وشەی نوێ لێکدراو و داڕێژراو ساز دەکات کە بەجوڵاندنەوەی هەرکام لە بنج و مورفیمەکان، نێوەڕۆک و بنجی وشە داڕێژراوەکە دەشێوێت، بەشەکانی جوتەوشە لەسەر بنەمای داڕژتنەوە لە زوانی کوردی بەم شێوەیەن:

ـ وشەی دوپاتەیی بەدوبارەکردنەوەی وشەی سادە و هاوەڵناو و ڕەگی کرداری سادە بۆ داڕژتن و لێکدانی وشە، لە بەشی یەکەم بەدوپاتەکردنەوەی وشەی سادە و هاوەڵناو و ڕەگی کرداری سادە پێکدێن، لەنێو زوانی کوردی ئەم شێوازە دوجۆری هەیە:

**١: دوپاتەیی ناتەواو:**

(بگەڕێوە بەشی وشەسازی و ناوی جوتەوشەی سروشتی ئەم کتێبە)، لەم هاستەیە، تەنیا بەشێکی ڕەگ و بنج دوبارە دەکرێتەوە کە بەزۆر ئەم دیاردەیە لەنێو وشەدەنگی و سروشتیەکان وەبەرچاوە.

**٢: دوپاتەیی تەواو:**

**لەم بەشە، مۆرفیم و وشە پڕاوپڕ و تەواو و بێهیچ مۆرفیم و بەند و گیرەکێک دەکەونە لای یەک و واتایەکی نوێ ساز دەکەن، واتا وشەکە وەکو لە بەرانبەر هاوێنەیەکەوە بێت، بەوەرگرتنی مۆرفیمێکی نێوبەند و یان تەنیا دووشەیی دەردەکەوێت، وەکو:**

**ـ وشەی سادە + وشەی سادە، ناوی کۆمەڵ = هاوەڵناو و هاوەڵگوزارەی چەندێتی:**

| | | |
|---|---|---|
| کەم + کەم: کەمکەم | نەخت + نەخت: نەختنەخت | پڕ + پڕ: پڕپڕ |
| زۆر + زۆر: زۆرزۆر | کوت + کوت: کوتکوت | پس + پس: پسپس |
| پان + پان: پانپان | ورد + ورد: وردورد | نم + نم: نمنم |
| پۆل + پۆل: پۆلپۆل | دەست + دەست: دەستدەست | تک + تک: تکتک |

جوت + جوت: جوتجوت        دەستە + دەستە: دەستەدەستە
کۆمەڵ+کۆمەڵ: کۆمەڵکۆمەڵ

**ـ هاوەڵناوی سادە + هاوەڵناوی سادە = هاوەڵکردار و هاوەڵناوی چۆینەتی:**

سور + سور: سورسور = سورسور دەیزانی تاوانبار بو.
چاک + چاک: چاکچاک = چاکچاک دەمزانی درۆ دەکات!
باش + باش: باشباش = باشباش وانەکانی دەخوێنێتەوە.
تاریک + تاریک: تاریکتاریک = ژورەکەی تاریکتاریک بو.
ڕون + ڕون: ڕونڕون = ژورەکەی ڕونڕون بو.
کز + کز: کزکز = ماوەیەکە کزکز بویە.
ناسک + ناسک: ناسکناسک = ناسکناسک، وەکو توێلکی سیری.
خراپ + خراپ: خراپخراپ = خراپخراپیش بێت، هێستاش بێتاوانە.
زو + زو: زوزو = زوزو وانەکانی دەنوسیەوە.
تێر + تێر: تێرتێر = تێرتێر نانی خوارد.
گەورە + گەورە: گەورەگەورە = نەمامەکە گەورەگەورە ببو.
گەش + گەش: گەشگەش = گوڵەکە گەشگەش بوتەوە.
ڕۆ + ڕۆ: ڕۆڕۆ = شین و ڕۆڕۆ مەکەن.
ناوە + ناوە: ناوەناوە = ناوەناوە دەهاتن و دەڕۆیشتن.
توند + توند: توندتوند = توندتوند لە باوەشی گرتبو.
شل + شل: شلشل = ماستەکە شلشل بو.
بەرە + بەرە: بەرەبەرە = بەرەبەرە دەهاتن.
ئارام + ئارام: ئارامئارام = ئارامئارام، وەرن و بڕۆن.

**وشەی سادە + وشەی سادە = هاوەڵگوزارەی ژمارە:**

یەک + یەک: یەکیەک = یەکیەک دێن و دڕۆن.
دو + دو: دودو = یاریەکە دودو تەواو بو.
سێ + سێ: سێسێ = سێسێ بیانهێنە.
چوار + چوار: چوارچوار = چوارچواریان هەڵمەگرە، پشتت دێشێت.

پێنج + پێنج: پێنجپێنج = پێنجپێنجیان ڕۆ مەبەیە.
شەش + شەش: شەششەش = شەششەش، چایی دەخۆنەوە!
دە + دە: دەدە = دەدە دێن و دەچن.
سەد + سەد: سەدسەد = سەدسەد پوڵی فڕێ دەدات.
هەزار + هەزار: هەزارهەزار= هەزارهەزارجار، باشتر و چاکترە.
میلۆن + میلۆن: میلۆنمیلۆن = میلۆنمیلۆن پوڵی بۆ داناوە.

لەم بەشەیە، وشانێکی دیاریخەر و لێکدراو لەسەر هاستی مۆرفۆلۆژیایی ساز دەبن و دەچنە چوارچێوەی وشەی ئەم زوانە لە بەشێکی بەرچاوی وشەی لێکدراوی دوپاتەیی، تەنیا بەدوپاتەبونەوەی ناتەواو ساز نەکراون و لە سادەبون و لێکدراوی هاوبەش و هاومەرز دەبن. ئەم وشانە لە بازنەی ڕاستیەوە وشەی لێکدراوبونە و بەوشەی ناتەواوی دوپاتەیی گۆڕاون. دەرکەوتنی مۆرفیمی نێوبەند ـ ئینتەرفیکس (و، بە، نا، او) لەنێوان ئەم وشانەی کە دوپاتەی ناتەواو دێنە هەژمار، دیارە و لەسەر هاستی سینتەکس هەریەکن و لە بەشی مۆرفۆلۆژی دەردەکەون، وەکو:

**ـ ئینتەرفیکسی (بە).**

کۆڵان + کۆڵان: کۆڵانکۆڵان — شەقام + شەقام: شەقامشەقام
ماڵ + ماڵ: ماڵماڵ — کەلێن + کەلێن: کەلێنکەلێن
گوند + گوند: گوندگوند — شار + شار: شارشار
خولەک + خولەک: خولەکخولەک

**ـ نێوبەندی (و):**

دەشت + دەشت — شاخ + شاخ: شاخشاخ — گرد + گرد: گردگرد
شار + شار: شارشار — چرکە + چرکە: چرکەچرکە

**ـ نێوبەندی (نا):**

ساڵ + ساڵ: ساڵساڵ — مانگ + مانگ: مانگمانگ ڕۆژ + ڕۆژ: ڕۆژڕۆژ

لەنێوان ئەم جوتەوشانە، مۆرفیمی نێوبەندەکان بزربونە، کەچی ئەم وشانە لەسەر بنەمای سینتەکس و مۆرفۆلۆژی بەم شێوەیەن:

ساڵبەساڵ ـ ساڵ بە ساڵ ـ ساڵساڵ — مانگبەمانگ ـ مانگ بە مانگ ـ مانگمانگ

| | |
|---|---|
| ڕۆژبەڕۆژ ـ ڕۆژ بە ڕۆژ ـ ڕۆژڕۆژ | چرکەبەچرکە ـ چرکە بە چرکە ـ چرکەچرکە |
| شاربەشار ـ شار بە شار ـ شارشار | مانگبەمانگ ـ مانگ بە مانگ ـ مانگمانگ |
| شاخوشاخ ـ شاخ و شاخ ـ شاخشاخ | گردوگرد ـ گرد و گرد ـ گردگرد |
| ساڵوساڵ ـ ساڵ و ساڵ ـ ساڵساڵ | ساڵناساڵ ـ ساڵ نا ساڵ ـ ساڵساڵ |
| ڕۆژناڕۆژ ـ ڕۆژ و ڕۆژ ـ ڕۆژڕۆژ | |

**ـ شوێن + شوێن + ەوە، چەندێتی و چۆینەتی شوێن + نێوبەند + ەوە:**

پشت + پشت + ەوە: پشتپشتەوە ـ پشتاوپشتەوە ـ پشتانپشتەوە

خوار + خوار + ەوە: خوارخوارەوە ـ خواراوخوارەوە ـ خوارانخوارەوە

بن + بن + ەوە: بنبنەوە ـ بناوبنەوە ـ بنبەبنەوە

پێش + پێش + ەوە: پێشپێشەوە ـ پێشاوپێشەوە

دوا + وا + ەوە: دوادواوە = سوانی کورتەزوێن

سەر + سەر + ەوە: سەرسەرەوە ـ سەراوسەرەوە ـ سەرانسەرەوە ـ سەرتاسرەوە

دور + دور + ەوە: دوردورەوە ـ دوراندورەوە ـ دورتادورەوە، دوراودورەوە

پاش + پاش + ەوە: پاشپاشەوە ـ پاشاوپاشەوە

ـ لەم بەشەیە، بەشێکی ناڕێزمانی بەگۆڕینی فۆنێک لە وشەی سەرەکی ئەلۆفۆنێک ساز دەکرێت، وەکو ئەلۆفۆنی (م) کە زۆر باوە لەنێو زوانی ڕۆژانەی بازاڕی و هاستی پراگماتیکی ئاخێوەرانی زوانی کوردی، بەشێوەی بەربڵاو دەبیندرێت، لەسەر بنەمای سینتەکس ئەم بارە ناڕێزمانیە ساز دەکرێت. هەرچەند ئەم بەشە لەگەڵ بەشی کەلۆکشێن (Collocation) کە فۆنی (م)، بەشێکی لێکسیکی و سەرەکی مۆرفیمە جیاوازی هەیە و بەشێکی سینتەکسی و ڕێزمانیە. بەشەناڕێزمانی ئەم هاستە بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| دار و مار | ساز و ماز | ئاش و ماش | پور و مور |
| سەوزی و مەوزی | تەختە و مەختە | جل و مل | بەرگ و مەرگ |
| جوان و موان | شار و مار | پوڵ و موڵ | گوڵ و موڵ |
| باغ و ماغ | چرکە و مرکە | پەرتوک و مەرتوک | دەفتەر و مەفتەر |
| کرێ و مرێ | نان و مان | چێشت و مێشت | |

کۆمەڵێک باری سینتەکسی و وشەی ناڕێزمانی و نالێکسیکی بەم ڕێسیا ساز دەکرێن. ئەم بارەناڕێزمانیە لە دەوری سینتەکس و پراگماتیکەوە، بەهۆی دیاردەی تەنبەڵی زوان یارمەتی

ئاخێوەر دەدات کە مەبەستی خۆی لەنێو ڕستەوە کورت بکات و بەشێوەی کورت مەبەستی خۆی دەرببڕێت، لەسەر هاستی سینتەکسەوە ئەم وشانە بەم شێوەیەن:

ـ (دار و مار): مۆرفیمی سادە و سەربەخۆی (دار) ئاشکرا و دیارکراوە کە مەبەست لە وشەی دارە، مۆرفیمی ناڕێزمانی (مار) کە دەبێتە هاستێکی هاونیگاری و هاومۆرفیم و هاوبێژی ئەم وشەیە لەسەر بنەمای سیمەنتیکەوە دەبێتە هاونیگار و هاوبێژی ئاژەڵی (مار)، بەڵام واتای وشەکەی جیاوازە، لەم هاستەیە وشەی (مار) نوێنەری پوش و پەڵاش و شولک و قامیش و لق و چلکە و گشت بابەتەگەلەی کە پەیوەندیان بە (دار)ەوە هەیە دەگەیەنێت.

ـ (گوڵ و موڵ): وشەی (گوڵ) کاکڵی ئەم ڕستەیەیە و وشەی (موڵ) نوێنەری گوڵ و گژ و گیا و باغچە...تاد.

ـ (بەرگ و مەرگ): وشەی (بەرگ) کاکڵی ڕستەکەیە و وشەی ناڕێزمانی (مەرگ) تەواوکەری لاپەڕە و ڕوپوش و جل و داپۆشین و هەربابەت و شتێک کە پەیوەندی بەبەرگ جا چ پەرتوک بێت چ جلوبەرگ بێت چ دار بێت، هەیە.

ـ (دەفتەر و مەفتەر): وشەی (دەفتەر) واتادار و کاکڵی ڕستەیە، وشەی ناڕێزمانی (مەفتەر)، نوێنەری کاغەز و لاپەڕە و بەرگ و لێنوس و هەرشتێک کە پەیوەندی بەدەفتەرەوە هەبێت.

ـ کەچی ئەم چوارچێوەیە لەگەڵ ڕێسای کەڵۆکێشن جیاوازە، لەم بەشەی جوتەوشەیە کەرت و بڕگەی دوەمی ڕستەکە بنجێکی واتادار و سەربەخۆی هەیە و ئەم وشانە لەگەڵ وشەی دوپاتەیی ناڕێزمانی، یەک نین، وەکو:

مار و مێو   مار و مێرو   مار و ماسی   مێش و مەگەز   مشک و مار   مەڕ و میش

مریشک و مراوی

# .بانگکردن لەنێوزوانی کوردی

وەکو ئەرکێکی ڕێزمانی و بەشێکی گرنگی زوان دەردەکەوێت. بانگکردن لەنێو زوانی کوردی بەشێوەی دەنگ و سازکردنی دەنگ بۆ بانگکردن دەردەکەوێت، واتا داوا لە کەسی بانگکراو دەکەیت کە بێتە بۆلات یان لێت دورکەوێتەوە یان بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوە و خۆپاراستنی بانگی دەکەیت. ئەم ئەرکەش بەشێوەی هامرازی بانگکردنی زوانی دەردەکەوێت، لەم هاستەیە کەسی بەرانبەر دەبێتە بانگکراو، هاستێکی ڕێزمانی بۆ کەسێک کە بەهۆی هامرازی بانگکردن، بانگکراوە و ئاگادار کراوەتەوە، لەسەر هاستی پراگماتیک ئەم کەسە دورە و لە کاتی نزدیکبونەوە دەبێتە گۆێگر، لەسەر هاستی سینتەکسیەوە نە فرێزە و نە ڕستەی تەواوە، کەچی وتەیەکی تەواوە، لە سوچێکی ڕێزمانیشەوە وەکو ڕستە دەردەکەوێت، کە وەکو ڕستەی سەربەخۆ و پەیوەندی نیە بەدەروە، واتا نزدیکبونەوە و هاتنی گوێگر دەگەیەنێت و پێویستی بەشتێکی دیکە نیە و لەگەڵ ناو، وتەیەکی تەواو ساز دەکات، کە پەیوەندی بەهاستی دەرکەوتنی هەیە. بۆ ئەمەی کە چوارچێوەی سینتەکسی خۆی بگرێت، ئەم بەشە کاتێک وتەیەکی تەواو ساز دەکات کە لە ڕستە هەست بەبونی کارەکە دەکرێت کە دەرنەکەوتبێت و بەهەر هۆکارێکەوە بێت، بزر بێت، وەکو:

هۆ سابیر، تۆم دەوێت. هۆ سابیر: تۆم دەوێت، (لەگەڵ تۆمە).

هۆ سابیر: لەگەڵ تۆمە، (بانگی تۆ دەکەم). هۆ سابیر: بانگی تۆ دەکەم.

کە ئەمە دەرکەوت کە وتت (هۆ سابیر)، پێشبینی دەکرێت لە هاستی سینتەکس و ڕستەوە تۆ مەبەستت لە (تۆم دەوێت)، (لەگەڵ تۆمە)، (بانگی تۆ دەکەم)، بەڵام بەهۆی سوکبون و نەرمکردنەوەی ڕستە و هاستی ئەکۆنۆمیکی سینتەکسی، کارەکە قرتێندراوە و هامرازەکە لەبری، ئەو بەکارهاتوە.

**.شێوازی بانگکردن.**

ئەم هاستە یەک شێوازی نیە، واتا هاستێکی پراگماتیکی هەیە و لە کەسی بانگکەر بۆ بانگکراو بەپێی هاستی (تەمەن و پلەوپایە و کەسایەتی و بچوکی و مەزنی)، شێوازی بانگکردن

دەگۆڕدرێت. ئەم هاستەش ڕونە کە تۆ کاتێک بانگی کەسێکی نزدیکت دەکەیت و بانگی کەسێکی نامۆ دەکەیت، جیاوازیەکی زۆر دەردەکەوێت یان کاتێک بانگی منداڵەکەت دەکەیت و بانگی ئوستادەکەت دەکەیت، ئەم هاستە دەردەکەوێت. یان بانگی خۆشەویستەکەت و کەسێکی نامۆ دەکەیت، وتە و هامرازکە تەواو دەگۆڕدرێت و جێگکۆڕک دەکردرێن. یان کاتێک ناوی کەسێکی گەورە و کەسایەتی و کاریزماسازکراوەکانی ئاینی و سیاسی و پلەوپایەی و کەسێکی بەرچاو و گەورەکراو و زەقکراو بەکار دێنیت، بەڕونی هەست بەم جیاوازیانە دەکردرێت!

**.تایبەتمەندیەکانی بانگکردن:**

ـ بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی بانگکردن، دەتوانین تایبەتیەکانی لەم خاڵانە، کۆ بکەینەوە:

١: بەهۆی هامرازی بانگکراو و هامرازی بانگکردن، لە ڕستەکانی دیکە جیا دەبێتەوە و شێوەی سەربەخۆ دەگرێت.

٢: بانگکردن بەشێوەی گشتی بۆ فەرماندان بەکار دێت، بۆیە شێوەی ڕستەی فەرمانی دەگرێت.

٣: بانگکراو لەڕوی ڕستەسازی بەڕستە نەبەستراوەتەوە، نە دەبێت بە بکەر و نە بەرکار، وەکو: (سابیر وەرە، (سابیر) نە بکەرە و نە بەرکار).

٤: لەڕوی واتاوە، پەیوەندی بەڕستەوە نیە، لادانی نابێتە هۆی واتاگۆڕین.

٥: لەڕوی فۆنۆلۆژیەوە دەستەی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت و هەرکامیان دەنگێکی تایبەت وەردەگرن.

٦: کاتی بانگکردن باس لە گۆێگر دەکرێت، واتا بانگکردن تایبەت بەگوێگرە، وەکو:

سابیر وەرە.

سابیر گوێگرە.

٧: دوجۆر بانگکردن هەیە،

بەکارهێنانی ئینشایی (هۆ دادە).

بۆ ئاگادارکردنەوە (من وام نەوت دادە!)، یان (من وا نالێم دادە!).

لەم بەشە پێویست بەقامکڕاکێشان و نیشاندان نیە و مەبەست ئەمەیە کە چوارچێوەی قسەکردن پارێزراوە و (دادە) بۆخۆی دەزانێت کێیە.

٨: بانگکردن هەموشە لە سەرەتای ڕستەوە دەردەکەوێت، بەڵام بۆ ئاگادارکردنەوە ناچێتە

پێشەوە یان لەدوای ڕستە یان لەنێو ڕستەیە، وەکو:

نا، دادە وا نیە. نا، برا وا نیە. نا، کاکە وا نیە.

ـ هامرازەکانی بانگکردن، ئەم هامرازانە وەکو، هاوەڵناو جێگر دەبن و لە بانگکەر بۆ بانگکراو بەکار دەهێندرێن، وەکو هامرازی:

**.(هەی):**

کەسێکی لێ ون و بزر دەبێت و ئەم هامرازە لەگەڵ ناو و هاوەڵناوی سادە بەکار دێنێت، وەکو:

هەی دادە؟ هەی کاکە! هەی برا؟ هەی یار؟ هەی دڵدار؟

هەی جوانێ؟ هەی تاقانە؟ هەی کەسم؟

**.(ێ):**

ئەم هامرازە، دەچێتە سەر بنج و ناو و هاوەڵناوی سادەی و بۆ ڕەگەزی مێ بەکار دێت، وەکو:

کچێ... کوڕێ... جوانێ... کیژێ... پورێ... ماڵێ...

ناسکێ...

**.(ە، ۆ):**

ئەم هامرازانە، لە کاتی بانگکردنی ناوی نێر، دەچێتە سەر ناوی سادە، وەکو:

کورە... مامە... خاڵە... بابە ـ باوکە... کاکە... شێرۆ...

گەنجۆ... لاوۆ...

**.(ینە):**

کاتێک ناو دەوری کۆی گرت، بۆ بانگکردنی ناوی نێر و مێ بەکار دێت، وەکو:

کچینە... کوڕینە... گەلینە... منداڵینە... هەڤاڵینە... هاوڕێینە...

**.(هۆ):**

هامرازێکی چالاکی سروشتیە، بەتایبەت لە گوند و ناوچەکوێستاناوی و زۆزانەکان، بەشێوەی

دەنگ بەرزکردنەوەیەکی زۆر بەکار دێت، وەکو:

هۆ مامە... هۆ خاڵە... هۆ دادە... هۆ دایە ـ دایکە... هۆ بابە ـ باوکە...

هۆ کیژێ... هۆ کوڕێ...

**.(ئەی):**

ئەم هامرازە، وەکو بانگکردنێکی نەرم و شیاو و داواکاری و لە هەندێک کات، هاوار و دەنگی بەرزی لەگەڵە، وەکو:

ئەی گەلینە... ئەی هاوار... ئەی یار... ئەی خودایە گیان... ئەی کە...

ئەی هاوڕێ... ئەی هەڤاڵ...

**.(یا):**

ئەم هامرازە لە بنەڕەت عەرەبیە و وەکو زۆر بابەتی پەیوەندی بەزوان، دزەی کردوتە نێو زوانی کوردی، بۆ مەبەستی بەفریاکەوتن وبەهاناهاتن، وەکو خۆی کە چاندێکی نامۆیە، بۆ هاواری خودا و ناردراوی خودایەکەیان (پیغمبر) بەکار دەبردرێت، وەکو:

یا خودا... یا فلان کەس...

## ژمارە (Number).

کۆمەڵەیەک وشە و مۆرفیم کە دەوری ڕوتی ناوی ژمارە یان چەندێتی و بەش و کەرەت و هاستی شتێک دیاری دەکەن و دەگرنەبەر. پلەی بابەتێک لە ڕیز دەگەیەنن و خاوەن تایبەتمەندی و شێوەی ژمارەیی واتان. بەشێوەیەکی پەیوندیداری گیرەک، وەکو: (پێشگر و پاشگری تایبەت) لەگەڵ گرێی ناوی (ژمێردراو) دەردەکەون و لە دو بەشی هەرەگەورەی ژماری بنجی و بنەڕەتی و ژمارەی ڕیزبەندی و لەوانیشەوە بەشەگەلی جیاوازی وەکو: (ژمارەی هەندێتی، ژمارەی دوپاتەیی، ژمارەی دابەشکراو، ژمارەی زۆر و ژمارەی یاریدەدەری)، هەرچەند کە ئەم پێناسەیە بۆ ژمارە و جۆرەکانی کوردی هەموی ناگرێتەوە، چون زوانی کوردی و ڕێزمانەکەی لەگەڵ ڕێزمانی فارسی و عەرەبی جیاوازە. ئەم بەشەش لە ژمارەی هەندێتی و ژمارەی کەم و و ژمارەی زۆر پێکدێت، هۆکارەکەشی ئەمەیە کە لەنێو زوانی کوردی ژمارە یان دیاریکراوە و یان دیاری نەکراوە و بەشێوەی بڕەیە و لەسەر بنەمای ڕیزکردن و جۆرەوە، خاوەن تایبەتمەندی دیاریکەری ڕادە و قەبارەیە، تەواوکەری ناو و جێناوە. دەوری نیشانەی ناسراو دەگرێت، لە ڕێزمان ئەرکی جواروجۆری هەیە. ژمارەی تاک و کۆ لە زوانێک بۆ زوانێکی دیکە دەگۆڕێت، بەگشتی مرۆڤ ناتوانێت لە ئاخاڤتنی واز لە ژمارە بێنێت، بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

ـ بەشێکی تایبەت و ئەرکێکی ڕێزمانی دەگرێتەبەر و لەنێوان تاک و کۆ و دوانە و کۆی ناو و جێناو و کار دەردەکەون. وەکو جیاوازی نێوان؛ (کوڕ و کوڕان، کچ و کچان، ئەو و ئەوان، دەڵێم و دەڵێن)، هەندێکجاریش لە بەشی ئەرکی ڕێزمانی خۆی دەترازێت و شلی لێدەدات، وەکو وشەی کۆمەڵ، کە لە نێوەڕۆکەوە کۆمەڵن، بەڵام بەڕەواڵەت و هاستی فتۆمۆرفۆلۆژی و بازنەیەکی سیمەنتیکیەوە، تاکن.

**ژمارەی ڕیزکراو و ڕیزبەندی.**

ئەم ژمارانەی کە پۆلبەندی و ڕیزبەندی نیشان دەدەن و بەوەرگرتنی (ەم، ە، مین، هەم، هەمین) ژمارەی بنجینەیی پێکدێنن، لەگەڵ بزوێنگۆڕین لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی، دەردەکەون، وەکو:

یەک: یەکە، یەکەم، یەکەمین.

دو: دوه، دوەم، دوهەم، دوەمین، دوهەمین.

سێ: سێیە، سێیەم، سێهەم، سێیەمین، سێهەمین.

چوار: چوارە، چوارەم، چوارەمین، چوارهەمین.

پێنج: پێنجە، پێنجەم، پێنجەمین، پێنجهەمین.

شەش: شەشە، شەشەم، شەشەمین، شەشهەمین.

هەوت ـ هەفت: هەوتە، هەوتەم، هەوتەمین، هەوتهەمین.

هەشتەمین، نۆیەمین، دەیەمین، سەدەمین، دوسەدەمین، سێسەدەمین، چوارسەدەمین، پێنسەدەمین، نۆسەدەمین، هەزارەمین، دەهەزارەمین، سەدهەزارەمین، میلۆنەمین، میلاردەمین...تاد.

**.ژمارەی بنجی .ڕیشەیی:**

ئەم ژمارانەی کە بڕگە و کەرت ناکرێن و لە بنجینەوە ڕیشەیی و گشتگر و بنەڕەتین و ژمارەی سەرەکی بیرکاری و ژماردنن و لە ژمارە ١ دەست پێدەکات، تاکو ژمارە ٩ و دەبنە بنج بۆ هەمو ژمارەکانی دیکە، وەکو:

١, ٢, ٣, ٤ , ٥, ٦, ٧, ٨, ٩

**.ژمارەی لێکرداو:**

بەبێ هیچ هامرازێکی لێکدراو، لە دو ژمارەی بنجی ساز دەبن، واتا لە ژمارە ١١ تاکو ١٩، وەکو:

١١, ١٢, ١٣, ١٤, ١٥, ١٦, ١٧, ١٨, ١٩

**.ژمارەی لێکدراو:**

بەوەرگرتنی هامراز، لە دو ژمارەی بنجی و هامرازی بەستنەوە ساز دەبن، وەک ژمارەی ٢١ تاکو ٢٩، واتا ژمارەی نێوان گرێ، (٢٠,، ٣٠، ٤٠، ٥٠، ٦٠، ٧٠، ٨٠، ٩٠، ئەمانە گرێن)، وەکو:

بیست و یەک تاکو بیست و نۆ.

سی و یەک تاکو سی و نۆ.

چل و یەک تاکو چل و نۆ.

پەنجا و یەک تاکو پەنجا و نۆ.
شێست و یەک تاکو شێست و نۆ.
هەفتا و یەک تاکو هەفتاو نۆ.
هەشتا و یەک تاکو هەشتا و نۆ.
نەو و یەک تاکو نەود و نۆ.

**.ژمارەی سەرگرێ:**

ئەم ژمارانەی کە لەپاش ژمارە ٩ لەنێوان گرێیەکان دەردەکەون و ژمارەی سەر گرێن، وەکو:
١٠, ٢٠, ٣٠, ٤٠ , ٥٠, ٦٠, ٧٠, ٨٠, ٩٠, ١٠٠
دە، بیست، سی، چل، پەنجا، شێست، هەفتا، هەشتا، نەوەد، سەد...تاد.

**.ژمارەی دابەشی:**

بەشێوەی وشەی دوپاتەیی دەردەکەوێت و ژمارەی دابەشی و هاوەڵگوزارەی چەندێتی نیشان دەدات، وەکو:
یەکیەک، دودو، سێسێ، چوارچوار، پێنجپێنج، دەدە، سەدسەد، دوسەددوسەد، سێسەدسێسەد، چوارسەدچوارسەد، هەزارهەزار، دەهەزاردەهەزار، سەدهەزارسەدهەزار، میلۆنمیلۆن...تاد.

**.ژمارەی کەرتی:**

ژمارەیەکی ناتەواون و بەشێوەی کەرتی بۆ مەبەستی وردژماردن و ڕێکوپێکی و جێناو لەڕوی چەندێتی و دو ژمارەی سەرەکی بەکار دێن، وەکو:
نیو (١/٢)　　　سێ یەک (١/٣)　　　چوار یەک (١/٤)

یەکێک ـ یەکیەک: یەککەس، یەک شت، نیوەی شتێک.
دویەک: دوکەس، دوشت، دویەکەمی شتێک.
سێیەک: سێکەس، سێشت، سێ یەکەمی شتێک.
چوارێک: چوارکەس، چوارشت، چوار یەکەمی شتێک.
پێنجێک، شەشێک، هەوتێک، هەشتێک، نۆیەیەک، دەیەک، سەدێک، هەزارێک،

میلۆنێک...تاد.

★**تێبینی:** لە زۆر ناوچەی کوردستان ژماران لە ١١ تاکو ١٦ بەشێوەی جیاجیا بێژە دەکردرێن و بەکار دێن، وەکو:

(یانزە، یانزدە، یازدە، یانگزە، دوانزە، دوانزدە، دوانگزە، دوازدە، سێنزە، سیانزە، سیانزدە، سیانگزە، سێزدە، چواردە، چاردە، پانزە، پانزدە، پانگزە، پازدە، شانزە، شانزدە، شانگزە، شازدە) بەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی و ئەردەلان و جافایەتی و هەندێک ناوچەی دیکەی کوردستان، پیتی (د) کلۆڵ هاوشێوەی وشەی (مناڵ، خوا، تەنور) لە وشەی (یانزە، دوانزە، سیانزە، پانزە) دەقرتێنن و بێژەی دەکەن، بەڵام ئەم دیاردەی فۆنەتیکیە هەر تایبەت بەناوچەی سلێمانیە و ئەردەلانە و گشتی نیە.

ـ ژمارە ٧ بەشێکی کورد بەهەوت و هەفت بەشێک بەهەڤت و هەفت بێژەی دەکەن، ئەم ژمارە لە بنجینەی مێژویی خۆی، بەشێوەی هەفت، بێژەکراوە، سەرەڕای ئەمەی کە، ژمارەیەکی ئاینی و تایبەت بەم بەشەوەیە.

**.ژمارەکان لەسەرهاستی فۆنەتیکی زوانی کوردی،**

**بەم شێوەیەن:**

ـ یەک، دو، سێ، چوار، پێنج، شەش، هەفت، هەوت، هەشت، نۆ، دە.

ـ یازدە، دوازدە، سێزدە، چواردە، پانزدە، شازدە، هەڤدە، هەژدە، نۆزدە.

ـ بیست، سی، چل، پەنجا، شێست، هەفتا، هەشتا، نەوەد.

ـ بیست و یەک، سی و یەک، چل و یەک، پەنجا و یەک، شێست و یەک، هەفتا و یەک، هەشتا و یەک، نەود و یەک تاکو دەگاتە نەود و نۆ.

ـ سەد، دوسەد، سێسەد، چوارسەد، پێنجسەد، شەشسەد، هەوسەد ـ هەوفتسەد، هەشتسەد، نۆسەد.

ـ سەد و یەک، دوسەد و یەک، سێسەد و یەک، چوارسەد و یەک، پێنجسەد و یەک، شەشسەد و یەک و هەوسەد و یەک، هەشتسەد و یەک، نۆسەد و یەک...تا دەگاتە نۆسەد و نەوەد و نۆ.

ـ هەزار، یەک هەزار، دو هەزار، سێ هەزار، چوار هەزار، پێنج هەزار، شەش هەزار، هەوت هەزار، هەفت هەزار، هەشت هەزار، نۆ هەزار. دە هەزار، بیست هەزار، سی هەزار، چل هەزار، پەنجاە هەزار، شێست هەزار، هەفتا هەزار، هەشتا هەزار، نەوەد هەزار، سەد هەزار، دوسەد هەزار، سێسەد هەزار، چوارسەد هەزار، پێنجسەد هەزار، شەشسەد هەزار، هەوفتسەد هەزار، هەشتسەد هەزار، نۆسەد هەزار...تاد.

ـ هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، دو هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، سێ هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، چوار هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، پێنج هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، شەش هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، هەوت هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، هەشت هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ، نۆ هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ.

ـ میلۆن، یەک میلۆن، دو میلۆن، سێ میلۆن، چوار میلۆن، پێنج میلۆن، شەش میلۆن، هەوت میلۆن، هەشت میلۆن، نۆ میلۆن.

ـ ملیارد، یەک ملیارد، دو ملیارد، سێ ملیارد، چوار ملیارد، پێنج ملیارد، شەش ملیارد، هەوت ملیارد، هەشت ملیارد، نۆ ملیارد، دە ملیارد، سەد ملیارد، هەزار ملیارد، یەک ملیۆن ملیارد...تاد.

**.مێژوی ژمارەکان:**

ئەم بەشە بابەتێکی هەرەگرنگ و تایبەت لەنێو زوان و ژیانی مرۆڤان بوە، مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی شارستانیەت و گەشەی پەیوەندی گرتنی خۆی بەتایبەت بۆ باری پەیوەندی ئابوری و بازەرگانی، پێویستی بەداڕشتنی هامرازێک بۆ سەروبەرکردن و کۆکردنەوەی بەرهەمی خۆی بو و پەنای بۆ داڕژتنی ژمارەکان بردوە.

"ژمارە"کان یەکجار زۆر بەربڵاوبونەتەوە، بەڵام لەنێو زوانەئێرانی کۆنەکان وەکو خۆیان ماوەتەوە و زۆر نەگۆڕاوە، ئەم نزدیکی و مانەوەیەش وای کردوە کە زۆرجار ناکۆکی ساز بێت کە ئەم ژمارە کوردیە و ئەمە فارسیە!

بەهۆی ناشارەزابونی تاکی ناشارەزای وشەناسی و ڕیشەناسی، لەنێو هەر زوانێک، بەهەڵە و باری نازانستی وشەکان بەزوانێکی دیکە یان زوانی خۆیان دەناسێنن، کەچی ژمارەکان هاوبەشن لەنێو زوانەئێرانیان، بەهۆی دیاردەگەلی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیایی، ژمارەکان توشی سوان و قرتاندن و لێکچوون فۆنی و مۆرفیمی بونە و هێستا بەشێوەی تەواو هاوبەش بەکاریان دێنن.

بەم شێوەیە لەم زوانەکۆنانە بۆ ئەم زوانانە وەکو میراتگر و گەیەنەر هاتون و تاکو گەیشتوتە هێستای زوانەکەمان:

ئەڤێستایی ــ> پارتی ــ> پەهەلەوی ــ> دەری و فارسی و کوردی نوێ:

(یەک)

(ēvak/ yak/ēw/ aēva/ aiva/ yek)

(دو)

(ō/ dō/ dō/ dva/ duva/ dû/ dudu)

ئەم وشەیە بەتێکڕایی زوانەهیندوئەوروپیان بڵاو بوتەوە و لە ئینگیزی شێوەی /Two/، ئەفریکی /twee/، دانیمارکی /To/، ئەرمەنی /Երկու/، فەرەنسەیی /Deux/، گرێکی / Δύο/، ئیتالی /due/، هیسپانی /Dos/ و زۆرینەی زوانەکانی دیکە.

(سێ)

(sê/ hrē/ sē/ çi/θri/ sê/ sêsê)

ئەم ژمارەیە لە بنجنەیی ئەڤێستایی ( θri) چووتە زوانی گرێکی و فەرەنسەیی و ئینگلیزی و بەشێوەی بێژەکردنی /three/ چووتە نێو زوانەکانی دیکەوە.

(چوار)

(çaθwar/ çafār/ çahār/ çahār/ çiwar/ çar)

(پێنج)

(panća/ panj/ panj/ panj/ pinc/ pêncî)

(شەش)

(xšvaš/ šaš/ šaš/ şeş)

(هەوت)

(hapth/ haft/ haft/ heft/ ħewit)

ئەم ژمارەیە هەردەم لە ژیانی مرۆڤ لە دێرەوە، وەکو ژمارەیەکی پیرۆز بەتایبەت لەلای ئاینەکان گرنگی پێدراوە، وەکو: هەوت ڕۆژی هەفتە، هەوت نهۆمی ئاسمان، هەوتوی منداڵ، هەوتوی مردنی کەسێک، سفرەی هەوت سین...تاد.

(هەشت)

(ašta/ hašt/ hašt/ heşit)

(نۆ)

(nava/ nah/ nah/ no)

ئەم ژمارەیە لە وشەی ئەڤێستایی /nana/ چووتە نێو زوانی گرێکی و ئینگلیزی و بەسەر زوانانی دیکەوە بڵاو بوتەوە.

(دە)

(dasa/ das/ dah/ de)

(بیست)

(vĪsaiti/ wĪst/ vist/ bist/ bîsit)

(سی)

(θrisat/ hrist/ sih/ si/ sî)

(چل)

çihil/ çehel/ çil

(پەنجا)

(pançāsat/ pançast/ pançah/ pançah/ penca/ pencî)

(شێست، شەست)

(xšvašti/ šaš/ šast/ şêsit)

(هەفتا)

(haptāiti/ haftād/ haftāt/ haftād/ ħefta/heftê

(هەشتا)

(aštāti/ haštād/ haštat/ haštad/ heşta/ heştê)

(نەوەد)

(navaiti/ nahvat/ navad/ neved/ nehvêd)

وەکو گریمانە، سۆمێریان ژمارە (شەست)یان بۆ بنجی ژمارەکان دارشتبو، هەروەک چۆن هێستا کۆی کات و کاتژمێرێک ٦٠ خولەکە و هەر خولەک ٦٠ چرکەیە، بابلیان بەرەچاوگرتن لە بنجینەدارژتنی سۆمێریان بۆ یەکەمجار شێوەی ژمارەیان دارشت.

## .بەسەریەکنوسین (Incorporation)

لەم بەشە، باس لە دەوری نیمەمەودا لەنێو زوان دەکەم.

زوانی کوردی، هاستێکی مۆرفۆسینتەکسی پەیڕەو دەکات، یەک وشە دەتوانێت بەچەندین شێوە بنوسرێت و کەچی هیچ بەڵگەیەکی زمانەوانیش نیە کە بڵێت، ئەمە هەڵەیە و ئەمە دروستە، ئەم دیاردە و ڕێسایەش هەم لێڵی سازکردوە و هەمیش باری نازانستی ڕێنوسپارێزان ئاشکرا دەکات، هاستی گردانکردن لەنێو زوانی کوردی بەچەن دشێوە دەتوانین بەکاریان بێنین:

(دەتانبینم، دەتان بینم.     بەکارمانهێناوە، بەکارمان هێناوە.     دەتانپارێزم، دەتان پارێزم.

ڕایکرد، ڕای کرد.          سەوداسەریکردن، سەوداسەری کردن، سەودا سەری کردن.

جێبەجێکردن، جێبەجێ کردن، جێ بە جێ کردن).

لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆژی، کاتێک بخوازرێت بەشێوەی ڕێسایی و پارێزراوانە بەردەوام بن و لە چوارچێوەی هاستێکی لۆژیکی ئۆرتۆگرافی و ڕێزمانی زوان پێکبێنن و سازی بکەن، وەکی زۆرجار باسکراوە ڕێنوس هەردەم خەریکی گۆڕانکاریە، بەڵام دەبێت بۆ پێشکەوتن و هاستێکی مۆدرێنیتەکردنی زوان، لە ڕێسای ئەلفوبێی و ڕێزمانی زوان کەڵک وەربگیرێت و دەبێت خاڵەکانی لێکسیکی و ڕێزمانی و مۆرفۆسینتەکسی و فۆنۆلۆژی و فۆنۆمۆرفۆلۆژی و مۆرفۆفۆنۆلۆژی و فۆنۆمۆرفیم و پێکهاتەکانی وشە، وەکو (گیرەک، نوسەک، بنج، قەد، ڕەگ، نێوبەند، نێوگر، دولاگر، پێشگر، پاشگر، هاستی کرداری داڕێژراو، وشەی لێکدراو داڕێژراو، هاوەڵکرداری داڕێژراو، هاوەڵناوی لێکدراو، وشەی داڕێژراو و چاوگی داڕێژراو...تاد). ڕەچاو بگیرێن و لەم چوارچێویە بەشێوەی لۆژیکی بەرەوپێش هەنگاو هەڵبێنن. ئەوەی ئاشکرا و زۆر ڕونە، ئەمەیە کە بەگشتی ڕێسا و شێوەیەک بەناو نیوەمەودا لە دو هاستی سینتەکس و مۆرفۆلۆژی، لەگەڵ ڕێسای زوانی کوردی یەکتر ناگرنەوە نەک زوانی کوردی، بەگشتی ئەلفوبێ ڕاستچینەکان. ئەم بەشە ئاشکرایە کە لە ڕێزمانی فارسی کە ئەوانیش بەشێوەی نوێ دایانڕشتوە، تەنیا بۆ ئەمەی کە خۆیان لە ڕێزمانی عەرەبی جیا کەنەوە، وەرگیراوە. لە بەشی ڕێزمانی فارسیش کۆمەڵێک زمانەوان دژی ئەم ڕێسایەن، چون ئەم شێوەنوسینە کە لە زوانەپۆلیسینتێتەکان و

بەگشتی ئەلفوبێی چەپچین و لاتین وەرگیراوە، لەگەڵ مکانیزمی ئەلفوبێی ڕاستچین یەکگرتنەوەیان نیە و لەڕێگەی ئەم ئەلفوبێیە هاتوتە نێو ڕێنوسی ڕاستچین، هەرچەند زۆرینەی ئەوانەی کە ڕێچکەگری ئەم ڕێنوسەن لەنێو زوانی کوردی و فارسی بەزۆر و تەواو بەهەڵە بەکاری دێنن. لە هاستی نەحوی و مۆرفۆلۆژیەوە ئەم شێوەنوسینە تەنیا لەگەڵ کرداری داڕێژراو و هاوەڵکرداری داڕێژراو دەردەکەوێت، وەکو: (نان + خواردن = نانخواردن، کارکردن + دا = کارکردندا...تاد)، بەڵام داتاکانی مکانیزمی زوانی کوردی و ڕێنوسەڕاستچینەکان، بەتێکڕای فارسی و عەرەبی و کوردی و بەلوچی و تاجیکی...تاد، لەگەڵ ئەم شێوەنوسینە یەکتر ناگرنەوە، چون ئەم ئەلفوبێیە، لە بازنە و هێزی پیتی تایبەتی لکاو و نەلکاوی پەیڕەو دەکەن. پیتی نەلکاوی (ا، و، وو، ۆ، ۉ، ۊ، ۋ، د، ر، ڕ، ز) لەگەڵ پیتەلکاوەکانی وەکو: (ب، ت، س، ن، ڵ، ل، ێ، ی، خ، ح، ت ...تاد) واتا زۆرینەی نەبزوێنان و تەنانەت بزوێنانیش، توانایی لکاندنیان هەیە، کەچی ئەلفوبێی چەپچین ئەم توانایەی نیە. تەواو تێکۆشان و کەتی زمانەوانی، لە بەشی ڕێنوسەوە، جواننوسی و سانانوسینە. ئەم شێوەنوسینە، بێجگە لە هەڵەی لۆژیکی ڕێزمانی کوردی و ئەلفوبێی ڕاستچین، هیچ ڕێسای جواننوسی ڕێنوسیش پەیڕەو ناکات و کاتێک لە چوارچێوە و تەختەنوسراوەی کامپیوتێر و مۆبایل و لەپتاپ بێتەدەر و لەسەر هاستی پراگماتیکیەوە بێتە سەر کاغەز، سیمایەکی تەواو ناشیرین و ناحەزی دەبێت و لە چوارچێوە و بنەمای سایکۆلینگۆستیکی ڕێنوسی ڕاستچین ئەم ڕێسایە پەیڕەوی ناکردرێت. ڕێزماننوسانی فارس، بۆ هاناهاتن و ڕزگاری ڕێزمانەکەیان، هەردەم خەریکی ڕێسادارشتنی نالۆژیکی و سەیروسەمەرە بۆ زوانەکەیانن، هەندێک بەرەی زمانەوانی کوردیش، ڕێچکەگری ئەم ڕێزماننوسانەن. یەکێک لەم ڕێسایانەش ڕێسای نیوەمەودایە، نیوەمەودا لەسەر هاستی پراگماتیکی لەگەڵ گشت وشە لێکدراو و داڕێژراوەکان دەردەکەوێت و بەکار دەهێندرێت، کەچی ئەم ڕێسایە وەکی لە زوانی فارسی بە (فاصله مجازی) ناسراوە، تایبەت بەتۆڕەکۆمەڵایەتی و هاستی تایپی دیجیتاڵیە و لە بازنەی پراگماتیکی و هاستی نوسینی سەر کاغەز، سیمایەکی ناشیرین و ناحەزی هەیە و تەواو کەتی زمانەوانانیش، لە بەشی ڕێنوس، جواننوسی و سانانوسینە. ڕێسای نیومەودا لەنێو زوانی کوردی و فارسی، لە هاستی ڕێسای لۆژیکی مۆرفۆلۆژی و سینتەکسی خۆی کە تایبەت بە ئەلفوبێی چەپچینەکان، لایداوە. چون لەسەر زانستی ڕێسای نیومەودا و ڕێسای نوسینەکەی کە لە ئەلفوبێی چەپچینە، دەبێت گشت وشەلێکدراوەکان، نیومەودا وەربگرن، واتا وشەی (یارمەت‌ی/ جوان‌نوس‌ی/ توک‌ن/ باوک‌ەجوانەکەم/ بەران‌بەر/ سەران‌سەر، گیان‌ەکەم/ گیان‌م/ جوان‌ی/ باش‌ی/ دەنگ‌وباس‌ی/ دایک‌م/ بێ‌ئارام‌ی/ ب‌هات‌بایە/ ب‌گرت‌ایە/ ب‌ڕۆشت‌ایە/

لەتەنیشتەوە/ بێ پێش یێیەوە(بێپێشەیەوە)، بەشینەوە) گەر لەسەر ئەم هاستە و هاستی ڕێسای سەرەکی و دروستی ئەم دیاردەیە بچینەپێش و بیپارێزین، ڕێک دەبێت بەم شێوەیە دەربکەون. بەپێی هاستی سینتەکسی، نیومەودا ڕێسای ستانداردی خۆی پەیڕەو دەکات و ئەم نیومەودایە، مەودای تەواوی ڕستەییە و لەگەڵ هاستی مۆرفۆلۆژیکی دەردەکەوێت کە تایبەت بە ڕێنوسی چەپچینە، واتە ڕێسای ئەم شێوەنوسینە، تایبەت بەئەلفوبێی چەپچین و لاتینەکانە، لەگەڵ ڕێسای ئەلفوبێی ڕاستچین، یەکتر ناگرێتەوە و ئەگەر بەشێوی ستانداردی سەرەکی ئەلفوبێی خۆی، بەکاری بێنینەوە، ڕێک بەم شێوە نوسراوانەی سەرەوە دێنەدەر.

# . پریپۆزیشن (Preposition)

پریپۆزیشن، دەستەکیەکی سینتەکسی بچوک و داخراون، لەپێش ناو و جێناو دەردەکەون و ڕستە بەیەکەوە دەبەستن و فریز ساز دەکەن. واتا ئەرکی گرێدان و لێکدەری ڕەستە دەگرنە ئەستۆ، لەنێو زوانی کوردی، تاڕادەیەک ناوی نزدیکی دەبێتە پێشبەند. لەنێو زوانی کوردی، پریپۆزەیشنەکان لە دەستەی (لە، بۆ، بە، بێ، تا، ە) پێکدێن، هەرچەند مۆرفیمی (پێ، تێ، لێ) گۆڕاوی ئەم پریپۆزەیشێنانەن.

پێنۆسەکەم لە تۆ وەرگرت: (لێوەرگرتن).

پەرتوکەکەم لە تۆ وەرگرت: (لێوەرگرتن).

نامیلکەزانستیەکەم لە ڤێرسین وەرگرت: (لێوەرگرتن).

پەرتوکەکەم بە ڤێرسین دا: (پێدان).

نوکی پێنوسم لە کاغەزەکە گرت: (تێگرتن).

ـ هەرچەندە پرۆپۆزیشیون یان تاڕادەیەک واتای نزدیک لەم چەمکە، هامرازی گرێدەر لەڕیزی وشەی ناتەواوە، بەڵام لەنێو ڕستە وەک بەشێکی وشەی سەربەخۆ، خۆی دەنوێنێت و لە زوانی کوردی بەشێکی چالاک و کارا لە بەکارهێنانە.

ـ کاتی بەکارهێنانی ئەم هامرازانە بەپێش و پاشی وەشەکەیانەوە نالکێندرێن واتا ناچەسپێن بۆ وێنە:

ـ یادگار پوڵەکەی نادات بە من.

ـ مامۆستا ئەم پەرتوکە بدە بە من.

ـ کەسێک پوڵی دا بە سابیری.

ـ دایکم نانی دا بە من.

ـ کوردستان لە دێرەوە مەڵبەندی ژیان بوە.

ـ نیشتیمانێک لە خۆر و ئاگر.

ـ دەچی بۆ نێو شاری؟

ـ لەگەڵ هاوڕێیەکەی ڕۆیشتن بۆ بازاڕ.

ـ پەرتوکەکەم بۆ کردەوە.

ـ لەگەڵ هەڤاڵەکەم تا بازاڕ دەچین.

ـ مامۆستا لە فێرگە تا وانەی سێی پێوتوین.

ـ بەڵێنی داوە تا نەیەتەوە هیچ ناخوات.

ـ ئەم نیشتیمانە لە کۆنەوە خاوەن شارساتەنیەت بوە.

ـ دایکم سۆز و خۆشەویستی دا بەه من و بەنیانی و بەجوانی فێری کردم مرۆڤ بم.

ـ لە هاستی مۆرفۆلۆژیەوە، ئەم مۆرفیمەسینتەکسیانە دەوری بەیەکەوەبەستنی فرێز و ڕستە دەبینن، کە هاتنە بازنەی وشەسازی، لە ئەرکی ڕێزمانی دێنەدەر و لە هاستی لێکسیکی و فەرهەنگی، دەچنە سەر زۆربەی پۆلەڕەگەزەکان، وەکو:

**ـ لە...**

قسەلەڕو، چاولەدەر، جامانەلەسەر، خاڵلەڕو، سەرلەبەیانی...تاد.

**ـ بێ...**

بێزانیاری، بێناز، بێهۆش، بێکەس، بێوەفا، بێدین، بێتام...تاد.

**ـ بە...**

ژنبەژن، دمبەپێکەنین، بەجەرگ، بەسۆز، چرکەبەچرکە...تاد.

**ـ بۆ...**

بۆچوون، بۆگەن، بۆگەڕان...تاد.

**ـ تا...**

سەرتاپا، سەرتاپێ، سەرتاسەر...تاد.

**ـ ە ...**

بردنەسەر، خستنەسەر...تاد.

## .هامرازەکان

ئەم بەشە، بەشێکی چالاک و بەهێزی هەر زوانێکە. زوانی کوردی لەسەر هاستی وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازی، بەڕێژەیەکی بەهێز کەڵک لە هامراز وەردەگرێت. هامرازەکان دەورێکی بەهێزیان لە وشەسازی و ڕستەسازی هەیە، وەکو:

**.هامرازی (خۆزگە)**

وشەیەکی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی سەربەستن و هاستی سینتەکسی هەیە. ئەم هامرازە بەزۆر لەگەڵ کاری ڕابردو و بەتایبەت لەگەڵ ڕابردوی بەردەوام بۆ مەبەستی خۆزگە و ئاواتخواستن بۆ کارێکی کە ڕویداوە و ئاواتی بۆ دەخوازرێت کە ڕوی نەدابا و یان بگەڕێتەوە و لەگەڵ کاری ڕانەبردو، کەم دەردەکەوێت و دەوری بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و هاوەڵکرداری چۆینەتی وەردەگرێت، وەکو:

ئەلۆمۆرفیمەکانی (بریا، ئاوات، ئارەزو، هیوا، حەز، خواستن، داوا، پاڕانەوە، کاش، هەناسەهەڵکێشان).

| | | |
|---|---|---|
| خۆزگە لەخۆڕاییە. | خۆزگە مەخوازە. | خۆزگە کەمە. |
| خۆ بەخۆزگەی تۆ نیە. | خۆزگە تۆش لەگەڵم بای. | ئاواتم هەبو. |
| خۆزگەم هەبو. | زانست بەخۆزگە نیە. | سەد خۆزگەم بەخۆت. |
| بریا تۆش هاتبای. | کاش تۆش هاتبای. | |

هیتر هەناسەهەڵکێشان سودی نیە. — هیتر پاڕانەوە سودی نیە.

هیتر خۆزگە خواستن سودی نیە. — سەد خۆزگەم بەپار.

ئاوات و ئارەزوی زانستی زۆرم هەبو.

**.هامرازی (جگە)**

ئەم هامرازە، ناو و ڕودان و ڕونەدانی ڕوداو لەنێو ڕستە نیشان دەدات و لەگەڵ ڕستەی ئەرێ و نەرێ و ڕستەی کرداری دەردەکەوێت، ئەلۆمۆرفیمی (جگە، بێجگە، بێجگێ، بەجگە، بەجگێ،

له، جگه له) لەم هامرازەن که ساده و ناساده ساز دەکەن و وەکو ئەلۆمۆرفیمی تەواو بۆ هامرازی (بێجگه له، جگه له، بێ، بەبێ، تەنیا، تەنها، بەس، هەر، وێڕای، تێکڕای، لەگەڵ، هاوڕای) لەگەڵ هامرازی (بێجگه) شێوەهامراز دەگرن، وەکو:

بەشی سادەی ئەم هامرازە، دەبنە (جگه، بێ، بەس، وێڕای، تەنها، تەنیا)

و

بەشی ناساده دەبنە (بێجگەله، بێجگێ، بەجگه، بەجگەم، بێجگه، جگه له، بەبێ، لەگەڵ، هاوڕای)، وەکو:

- جگه له من و تۆ کێی دیکەی لێبو؟ - بێجگه له من و تۆ کێی دیکەی لێبو؟
- بێجگه له ئێمه، ئوستادیش هات. - وێڕای من و تۆ، ئوستادیش هات.
- لەگەڵ من و تۆ، ئوستادیش هات. - تێکڕای ئێمه، ئوستادیش هات.
- هاوڕای ئێمه، ئوستادیش هات. - تەنیا کوردستان خۆشه.
- تەنها کوردستان خۆشه. - هەر کوردستان خۆشه.
- بێجگه له کوردستان، هیچکوێ خۆش نیه. - جگه له کوردستان، هیچکوێ خۆش نیه.

**.هامرازی (ئاگادارکردنەوە)**

ئەم هامرازانەی بۆ وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوە له ڕوداو و کردەوەیەک بەکار دەهێندرێن، وەکو: (ئەها، ئەهـ، ئادەی، هەی، وا، وای، ئەی، هۆی، هەی، وەی، ئاوا، هێی، ئەوە، ئەمە) ئەمانەش هاستی سادەیی و ناسادەیان هەیه، هەندێکجار بۆ سوکایەتیش بەکاریان دێنن، وەکو:

- ئەهـ خرا بو. - ئەها ئاگاداری خۆت به. - هەی ئاگادار به.
- ئادەی وشیار به. - هۆی وشیار بن. - هەی ئەم بەردە نەکەوێت.
- وا دێن بۆ ئێره. - ئەوە دێن بۆ ئێره. - ئەمە دور دەبنەوە.

**.هامرازی (ئادەی)**

**لەگەڵ کرداری داخوازی دەردەکەوێت، وەکو:**

- ئادەی بۆم باس بکه. - ئادەی قسه بکه. - ئادەی دەرکەوە.
- ئادەی ڕا که. - ئادەی وەره بزانم. - ئادەی بچوو.

**.هامرازی (مەرج)**

کار و کردەوە بەڕودانێکی دیکە دەبەستنەوە یان کارێک بەهۆی ئەم هامرازانەی مەرج دەبن بۆ کارێکی دیکە، هاستی سیمەنتیکیان هەیە و واتادار و مۆرفیمێکی ئازاد و سەربەخۆن، وەکو (ئەگەر،گەر، ئەگەرکو، مەرج بێت، بەڵێن بێت، بەڵێن، مەرج، شەرت بێت، شەرتە، تا، هەتا)

ـ شەرت بێت، لە یادت نەکەم. ـ مەرج بێت، لە یادت نەکەم.

ـ بەڵێن بێت زانست لە یاد نەکەم. ـ ئەگەر بێت و ڕاست بێت.

ـ گەر بێت و ڕاست بێت. ـ ئەگەرکو بێت و ڕاست بێت.

**.هامرازی (تەئکید)**

ئەم هامرازانە بۆ تەئکید و جەختکردنەوە و دڵنیابون و پێداگری ڕودان و ڕونەدانی کار و کردەوە لەلای قسەکەر بەکار دەهێندرێت، وەکو (با، دەبا، دە، دەی، کە، هەر، وا، دەسا، جا) لەسەر هاستی پێکهاتن، دوشێوەی سادە و ناسادەیان هەیە، وەکو:

ـ با بێت. ـ با بڕۆین. ـ دەبا بێت. ـ دەبا بڕۆین.

ـ دەی با بێن. ـ دەی با بڕۆین. ـ سا بڕۆ. ـ هەر دێتەوە.

ـ جا دێتەوە. ـ هەر دێت و دەڕوات. ـ جا دێت و دەڕوات.

**.هامرازی (گومان)**

ئەم هامرازانە گومان لە جێبەجێبون و کردنی ڕوداو و ڕونەدانی و کار و کردەوە دیاری دەکەن. لەگەڵ کرداری ڕابردو دەردەکەون و هەروەتر هاستی کرداری نەرێ دەگرنەوە و مۆرفیمێکی سەربەخۆ و ئازادن. ئەم هامرازانە بریتین لە (بەڵکو، بەشکو، بەشکم، دەبێت، دەشێت، ببێت، لەوانەیە، دەبێ، گەر، ئەگەر، ڕەنگە، دەگونجێت، ناگونجێت، سا)، لە هاستی شێوەی دروستبونیان دەبنە سادە و ناسادە، وەکو:

ـ بەشکو ئەم قسە ڕاست بێت. ـ لەوانەیە ئەم قسە ڕاست بێت.

ـ ئەگەر ئەم قسە ڕاست بێت. ـ دەبێت ئەم قسەیە ڕاست بێت.

ـ گەر ئەم قسەیە ڕاست بێت. ـ بەڵکو ئەم قسە ڕاست بێت.

**.هامرازی (وێکچواندن)**

ئەم بەشە بۆ وێکچوونی دو ناو و وشە و کار بەکاریان دێنن و چۆینەتی و تایبەتمەندی و کردەوەی وەک یەک دەچوێنن و نزدیکایەتی نیشان دەدەن و لەڕوی پێکهاتەوە سادە و ناسادەن. ئەم هامرازانە بریتین لە (وەک، وەکو، وەکیەک، دەڵەی، دەڵێی، کوتومت، هەروەکو، هاوشێوەی)، لەنێو ڕستە بەم شێوەی دەردەکەون، وەکو:

- هەروەک ئوستادەکەی زانایە. - وەک ئوستادەکە زانایە. - وەکو ئوستادەکەی زانیایە.
- ئوستاد کتومت زانایە. - دەڵەی ئوستادەکەیەتی. - هەروەکو ئوستادەکەی زانایە.

**.هامرازی (بانگکردن)**

هامرازی بانگکردن لەگەڵ ڕستە دەردەکەوێت و لەگەڵ کار بەکاری دێن یان دەوری کار لەنێو ڕستە دەگرێت. ئەم هامرازانە بۆ بانگکردنی گیانلەبەران بەکار دەهێندرێن و لەڕوی سیمەنتیکیەوە دیاریکراوە کە بۆ چ گیانلەبەرێک بەکار بهێندرێن، چ مرۆڤ و یان ئاژەڵ و گیانلەبەران، ئەم هامرازانە بریتین لە سادە (هۆ، ئەرێ، ئەی، هۆش، هۆی، یخە، وەحە، تەس، هێش، پشە، هس، ختە، چغ) ناسادە (هۆو، هڕە، هسە، پشە، پشپش، کوتکوت، کوچکوچ، جوجو، کشەکش، ختەخت)، لەنێو ڕستەوۆە بەم شێوەیە دەردەکەون، وەکو:

- ئەرێ بۆ گوێت لێنیە! - ئەرێ لەگەڵ تۆمە! - ئەرێ بۆ وەڵام نادەیەوە.
- هڕە مەڕەگێژ. - کوتکوت توتەکەم. - پشپش مامە پشیلە.
- هسە مەڕەکە. - هێش کەرەکە. - هش بزنە گەڕ.
- چغە توتکەسەگ. - کشەکش، مریشکە ڕەشە.

**.هامرازی (سەرسووڕمان)**

ئەم هامرازانەی کە بۆ سەرسووڕماندن، پێسەیربون و واقماندن لە کار و کردەوەی نائاسایی لە گیانلەبەر و سروشت و کەس ڕوی دەدات و هاستێکی ئەرێنی و نەرێنی دەرونی و پسکۆلۆژی و سایکۆلۆژی دەگەیەنێت و خۆش و ناخۆشی نیشان دەدات و دەردەخات. ئەم هامرازانە لەڕوی ڕەواڵەتەوە دەبنە دو بەشی سادە و ناسادە کە بریتین لە (پەکو، تەح، حەکو، ئای، وەی، حەک، ئۆف، ئاخ، داخ، وای، تەک، حەی، حەیحەی، ئایئای، ئۆیئۆی، ئۆخ، ئۆخەی، ئۆخەیش، ئافەرین، بژی، هەیهو، هەیهۆ، هەی، هەیهەی، هەو، ئەیرۆ، ئایاڕۆ)، هاستی سەربەخۆیی و

سەربەستی ئەم مۆرفیمانە لە ڕستەوە دەردەکەون، وەکو:

- پەکو، ئەمە چ ڕویدا.
- تەک لەم تەرزەی.
- ئای لەم زانستەی.
- بژی، چەندە شارەزایە.
- تەکو، ئەمە چ ڕویدا.
- تەح، ئەم زانستەی.
- هەی لەم زانستەی.
- ئۆخەی زانست چەندە خۆشە.
- ئۆخەیش زانست چەندە خۆشە.
- هەیهو لەم سەرمایەی.
- ئای لەم سەرمایەی.
- حەک لەم سەرمایەی.
- تەک لەم سەرمایەی.
- ئۆف لەم سەرمایەی.
- تەکو لەم سەرمایەی.
- ئایاڕۆ لەم سەرمایەی.

**.تایبەتمەندیەکانی هامرازی سەرسووڕمان**

لە هاستی پراگماتیک و ڕێنوس، کردەوە و ڕێنوس و بازنەی سەرڕستەی، کاتێک ڕستە بو بەڕستەی سەرسووڕمان، هامرازی خاڵبەندی سەرسووڕمانی (!) وەردەگرێت و زۆرجار لەگەڵ ڕستەی کرداری ناتەواو دەردەکەوێت و لەگەڵ کاریش پەیدا دەبێت.

**.جۆرەکانی هامرازی سەرسووڕمان**

لەڕوی بەکارهێنانەوە، هامرازی سەرسووڕمانی سەیر و پێسەیربون دەبێتە (ئەها، پەح، پەکو، تەکو، تەک، پیاح، تیاح، حەی، وەی، هەو، دەک، تەک، ئەک، هەک، دەبێ، بەدی).

بۆ هامرازی سەرسووڕمانی خۆشی بەشێوەی (ئۆخەی، ئۆخەیش، ئای، ئافەرین، بژی، بەهەبەهە، ئۆیئۆی، دۆیدۆی، ئایئای، هەیهو، هەیهۆ، دەیهو) دەردەکەوێت.

بۆ پەژارە و ناخۆشی، مۆرفیمی (ئاخ، ئۆف، ئۆخ، ئۆی، مخابن، وەیش، وەی، داخ، ئاخ و داخ، داد، ئایئای، هەیهۆ) دەردەکەوێت.

**.هامرازی (نەرێ)**

ئەم جۆرەهامرازانە، وەکو مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەردەکەون و جەخت لە کردارێک دەکەن کە ڕوینەداوە و ئەم هامرازانە دەگرنەوە، شێوەی سادە و ناسادەیان هەیە، وەکو:

سادە: هەرگیز، قەت. ناسادە: هەرگیزاوهەرگیز، قەتقەت.

- ئەم بەشە هەم بەشێکی ڕستەسازی و هەم بەشێکی وشەسازی دەگرێتە ئەستۆ بۆ نەرێ کردن

لەنێو زوانی کوردی. ئەم مۆرفیمانە بریتین لە (نە، مە، نا، نی)، وەکو:

**ـ (نە) هامرازی نەرێنیە بۆ هەمو کارێک کە ڕەگەکەی لە کاتی ڕابردوە بێت، وەکو:**

ـ خەوت

دەخەوتین نەدەخەوتین دەڕۆیشتین نەدەڕۆیشتین

دەهاتین نەدەهاتین بهاتباینایە نەهاتباینایە

بڕۆیشتباینایە نەڕۆیشتباینایە

**ـ هامرازی نەرێ بۆ کاری کاتی داهاتو، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| بخۆم | نەخۆم | بخۆین | نەخۆین |
| بێت | نەیێت | بێین | نەیەین |
| بچم | نەچم | بچین | نەچین |
| بکەم | نەکەم | بکەین | نەکەین |

**ـ هامرازی (نا) بۆ کاری کاتی داهاتو، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دێم | نایێم | دەنوسین | نانوسین |
| دەڕۆین | ناڕۆین | دەخوێنم | ناخوێنم |

**.هامرازی نەرێنی (مە)**

**بۆ کاری داخوازی، وەکو:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بکە | مەکە | بخۆ | مەخۆ | بنوسە | مەنوسە |
| بڕۆ | مەڕۆ | بخەوە | مەخەوە | بستێنە | مەستێنە |

**.هامرازی (نی)**

**بۆ کاری بون کاتی هێستا، وەکو:**

| | |
|---|---|
| من شارەزام | من شارەزا نیم. |
| من درۆزنم | من درۆزن نیم. |
| ئێمە تینومانە | ئێمە تینومان نیە. |

**.هامرازی (بە)**

هامرازی (بە) کاتێک لە دەوری پێشبەندی کەوت و دەوری کاری گرت، هیتر پریپۆزیشن و هامرازی پەیوەندی هەژمار ناکرێت، دەبێتە گیرەک لە کاتێک کە ئەرکی کرداری لەنێو ڕستە بەئەستۆوە دەگرێت، بەپێش وشەکەی خۆی دەلکێت و دەبێتە پێشگر، وەکو:

.بەگریانەوە ماڵاوایی کرد.

.مامۆستا بەشێنەیی وانەی دەوت.

.یارم بەناز و بەجوانی جلی کوردی دەپۆشی.

.ئاسۆ بەخێرایی گەیشتەوە ماڵێ.

.بەئاسپایی وەڵامی دامەوە.

.دایک زۆر بەدلۆڤانی و بەنەرمی و بەنیانی لەگەڵت دەدوێت.

لەم وشانە هامرازی (بە) پریپۆزیشن نیە، دەگۆڕدرێت و دەبێتە پێشگر و لە دەوری هاوەڵکاری چۆینەتی کاری خۆی نیشان دەدات.

لە ڕستەی یەکەمەوە، چۆن ماڵاوایی کرد؟

بەگریانەوە، بەکردوە و کاری گریان ماڵاوایی کردوە.

.لە ڕستەی دوەمەوە مامۆستا بەشێەنی وانەی دەوت.

مامۆستا چۆن وانەی دەوت؟

بەشێنەیی.

هەندێکجار هامرازی (بە، لە) پریپۆزیشن نین و دەبنە (postposition) پۆستپۆزیشن و وەک پێشگر دەور دەگێرن. کاتێک هامرازی (بە) کەوتە پێش هاوەڵناوی چۆینەتی، دەبێتە پێشگر بۆ داڕژتنی هاوەڵناو. ناوی دیاریخەر، وەکو:

(بەهێز، بەتوانا، بەجوانی، بەشادی، بەخۆشی، بەتوندی، بەشێنەیی، بەهاسپایی، بەسانایی، بەساکاریی، بەخێرایی، بەپەلە، بەسەربەرزی، بەهێواشی، بەژیری، بەگورجی، بەگوڕ، بەکوڵ، بەهێمنی، بەهێدی، بەهێوری، بەئارامی، بەهێژایی، بەڕێزی، بەڕندی، بەگریان، بەهەڵە، بەپیسی، بەقیزی، بەگەرمی، بەساردی، بەفینکی، بەنازەوە، بەکزی، بەهەژاری، بەنەداری، بەشای، بەخراپی، بەبزە، بەپێکەنین، بەخور، بەنیانی، بەنەرمی، بەکاوەخۆ، بەکووڕی، بەقوری، بەتەپی، بەپتەو، بەشێوەی، بەتایبەت، بەتوڕەیی، بەڕقەوە، بەحیزی، بەنزمی، بەبەرزی، بەسەرشۆڕی، بەفیڕۆ، بەتەمەن، بەساڵاچو، بەدین، بەتین، بەدرۆ).

**.هامرازی (بە)**

**ئەرکی نێوبەند دەگرێت، وەکو:**
(سەربەسەر، دەربەدەر، گۆڕبەگۆڕ، جاربەجار).

**.هامرازی (لە)**
**بەزۆر سەربەخۆ دەردەکەوێت، وەکو:**
خۆشەویستی بەشێک لە ژیانە. مەرگ بەشێک لە ڕێسای ژیانە.
هێستا لە وانان تەواو نەبوینە. ئەو لە منی پرسی؟
مامۆستا لە ئێمە دەپرسێت.

**.هامرازی (لە)**
**زۆرجار دەبێتە پێشگر و بەزۆر لەگەڵ هاوەڵکردار دەردەکەوێت، وەکو:**
(لەکوێ، لەسەر، لەژێر، لەبن، لەلا، لەنێو).

**.هامرازی (تا)**
ئەرکی هامرازی پەیوەندی و لێکدەری سینتەکسی هەیە و ئەرکی مۆرفۆلۆژیایش دەگرێتە ئەستۆ، دەبێتە هامرازی پەیوەندی ڕستەی سادە و هاڵۆز، وەکو:
- تا نێوشاری دەچم. - تا بەیانێ بۆی دەخوێنم.
- کارەکەمان تا ئێوارێ دەمێنێت. - تا ماوم لە ژیان، زانست لەبیر ناکەم.
- لە شارەوە تا گوند بەپێیان ڕۆیشتم. - بەیانێ تا ئێوارێ تەواو دەبین.
- خۆی خستە پاڵ دیواری کۆڵان تا کەس نەیبینێت. - من و هەڤاڵێکم تا نێوشار دەچین.
- تا دەگەمەوە و تا تۆ ئامادە دەبیت تا گوند دەچین و تا بەیانێ دەینەوە.

**.هامرازی (تا)**
**وەکو ئەلۆمۆرفیمی هامرازی (هەتا) و (تاکو) و (هەتاکو) پێکدێنێت، وەکو:**
- هەتا خوارێ دەچم. - هەتاهەتایە تۆ لەبیر ناکەم.
- من و هەڤاڵێکم هەتا نێوشاری دەچین. - تاکو خوارێ دەچم.
- تاکو دەگەمەوە، ئامادە بە. - من و هەڤاڵێکم تاکونێوشاری دەچین.

ـ من و هەڤاڵێکم هەتاکو نێوشاری دەچین.　　ـ من و هەڤاڵێکم تا نێوشاری دەچین.

**وێنەی دیکە بۆ هامرازی (لە):**

(لەگەڵ، لەژێر، لەپاڵ، لەسەر، لەکن، لەلا، لەبن، لەدور، لەپێناو، لەڕو، لەبەر، لەتەک، لەمڕ، لەبر، لەملا، لەولا، لەوێ، لەژێر، لەنێو).

**.هامرازی (بۆ)**

ئەم هامرازە، هامرازێکی سینتەکسیە و لەنێو ڕستە چەندین ئەرک بەستۆوە دەگرێت، بەڵام تەنیا دو ئەرکی ئەم مۆرفیمەم هەڵبژاردوە. ئەرکی هاوەڵکرداری شوێن و ڕستەی پرسیاری دەگرێت و لەگەڵ کات و کارەکانی تێپەڕ و تێنەپەڕ و ڕابردو و ڕانەبردو دەردەکەوێت، وەکو:

ـ بۆ کوێ دەچیت؟　ـ بۆ نەهات؟　ـ بۆ سوتا؟

ـ بۆ ڕۆیشت؟　ـ بەم شەوە بۆ کوێ چوو؟　ـ نازانم بۆ نایدۆزمەوە؟

ـ بۆ گوند دەچم.　ـ بۆ شاری دەچم.　ـ دەچم بۆ نێو شاری.

ـ فێرخوازان دەچن بۆ فێرگە.　ـ پەرتوکەکەم بۆ بێنە.　ـ نامەکەم بۆ نارد.

ـ پەرتوکەکەت بۆ کێ برد؟

**ـ مۆرفیمی (بۆ) لەگەڵ جێناوی پرسیاری (چی) تێکەڵ دەبێت و هاستی پەیوەندی خۆی لە ڕستەوە دەردەخات، وەکو:**

ـ بۆچی منداڵەکانت لەگەڵ خۆت نەدێنا؟　ـ بۆچی بەتەنیا هاتویت؟

ـ بۆچی وانەکانت نەنوسیوەتەوە!

**ـ مۆرفیمی (بۆ) لەگەڵ جێناوەسەربەخۆیەکان، مۆرفیمی خۆیی ساز دەکات، وەکو:**

بۆ + خۆم: بۆخۆم　بۆ + تۆ: بۆتۆ　بۆ + من: بۆمن

بۆ + ئەو: بۆئەو　بۆ + مە (ئێمە): بۆمە　بۆ + وە (ئێوە): بۆوە.

★**تێبینی:** ئەگەر مۆرفیمی (بۆ) کەوتە هاستی سینتەکسی و ئەرکی سەربەخۆیی لە دەوری مۆرفیمی کەسی دەکەوێت و دەکەوێتە دەوری پرسیاری و چۆینەتی لەنێو ڕستە و دەبێتە ئەلۆمۆرفیمی (بۆچی)، وەکو:

بۆ خۆم بچم ـ بۆچی خۆم بچم.　بۆ من بێم ـ بۆچی من بێم.

**ـ بۆ + ناو + جێناو + هاوەڵکردار + پاڕانەوە.**

بۆ سەرەوەی داگرە. بۆ خوارەوە بێنە. بۆ ژێرەوەی پاڵ دە.
بۆ دەرەوە ببە. بۆ کوردستان کردم. بۆ ڕزگاری کردمان.
بۆ ئێوەم هێنا. بۆ ئێمەیان هێنا. بۆ ئەوتان هێنا؟
بۆ ئێوەی هێنا؟ بۆ ئەو کردی. بۆ ئەوان خواردی.
بۆ فلان کەس. بۆ فلان و فیسار. بۆ خاتری خودای.
بۆ خاتری ئێوە.

**.هامرازەکانی (تێ، لێ، پێ، بێ)**

**ـ هامرازی (تێ، لێ) ئەم هامرازانە پرپۆزیشن و پێشبەندی (لە)ن و گۆڕاون، وەکو:**

ـ لە کار کەوتم ـ لێکەوتم. ـ لە دار درام ـ لێدرام. ـ لە سەریان دام ـ لێیان دام.
ـ لە تۆم پرسی ـ لێم پرسی. ـ لە تۆ دەدەم ـ لێت دەدەم. لە تۆ ناگەم ـ تێت ناگەم.
لە تۆ دورم ـ لێت دورم. ـ بۆ لە ئەو دەدەی! بۆ لێی دەدەی!
ـ تۆ ئاگر لە ئەو بەردەدەیت ـ تۆ ئاگری تێبەردەدەیت.

**.هامرازی (پێ)**

**پریپۆزیشێنی (بە)یە کە گۆڕدراوە بە (پێ):**

ـ بەمنیان وت ـ پێیان وتم. ـ نامەکەی دا بەتۆ؟ ـ نامەکەی پێدای؟
ـ بەمامۆستا دەڵێم ـ پەی دەڵێم. ـ بەڕێگەوە دەڕۆم ـ پێیدا دەڕۆم.
ـ ئەوان بەتۆی نادەن ـ ئەوان پێت نادەن.ئەم پەرتوکە نادەم بەتۆ ـ ئەم پەرتوکە نادەم پێت.

**.هامرازانی (پێ، لێ، تێ)**

زۆرجار تەنیا پێشگر نین و وشەیەکی سەربەخۆن، وەکو (پێ) مەبەست لە "پێ" یان (قدم)ی عەرەبیە، وەکو (پێ شێل)، (م. مەسعود مەحمەد) و ئەگەر گۆڕانکارییان بەسەر کردار هێنا، جیا دەکرێنەوە، هەرچەند چ بەجیا بنوسرێن و چ بەسەریەکەوە هەڵە نین، وەکو:

ـ تا بەیانی لەسەر پێ بو. ـ تۆ پێ شێلت کرد.

ـ کارەکەم بەجوانی پێ کرد.
ـ بەپێ لێنان گڵەکەی خرا کرد.
ـ وای ڕا کرد و پێ لێ هەڵبڕی.
ـ مامۆستا وانەی پێ وت.
ـ یاری پێ کرد.
ـ گوریسەکەم تێ بەست.
ـ هۆرەکە هەموی تێ نەچوە.
ـ پێ شیلێ گرت.
ـ کارێکی زۆری لێ کێشا.
ـ نانەکەی بەجوانی پێ کرد.
ـ بەپێ لە تۆپی دا.
ـ زۆر جوانی پێ هەڵوت.
ـ فێڵم لێ کرد.
ـ داری لێ دا.
ـ دارەکەی تێ ڕواکە.
ـ دەستی لێ هەڵگرت.
ـ داوای لێ کرد.

هامرازی (پێ، لێ، تێ) هەموکات پێشگر نین و زۆرجار پێشبەند و زۆرجاریش وشەیەکی سەربەخۆن و ئەگەر دەوری کرداریان گرت بەجیا دەنوسرێن، وەکو:

ـ کارەکەی بەجوانی پێ کرد، (پێ) دەوری کرداری بینیوە.
ـ کارێکی زۆری لێ کێشا، (لێ) دەوری کرداری بینیوە.
ـ دارەکەی تێ ڕوا کرد. کاری کردوە و (تێ) کردەوەی کارەکە نیشان دەدات.

**ـ هامرازی (لێ، تێ، پێ) لەسەر هاستی سینتەکس و پڕاگماتیک واتای کردار و کاریان گۆڕی لەیەک جیا دەنوسرێنەوە، کەچی لەسەر هاستی مۆرفۆلۆژی دەبنە گیرەک، وکو:**

(پێگە، تێڕامان، تێمیسکە، تێپەڕ، پێنوس، لێنوس، تێنوس، پێشور، پیخۆر، پێشگر، پێشەکی، پێزانین، بێوێنە، بێکەس، بێخاوەن، بێخاک، بێهێز، پێشمەرگە، پێشانگە، پێشین، لێزان، پێشکەش، پێنجشەمە، لێدوان، پێشکەوتو، تێکۆشین، تێکۆشان، تێلدڕو، تێراو، پێرار، پێرێ، تێگرا، پێکەوە، لێوان، لێواولێو، لێوار، پێخواسی، بێبەش، لێجکە، پێشو، پێناسە، بێژینگ، بێستان، بێوێنە).

**ـ هامرازی (بێ) یان (بەبێ) ئەگەر دەوری پێشگری گرت، بەزۆر لەگەڵ ناو،هاوەڵناو دروست دەکات، وەکو:**

(بێهۆش، بێهێز، بێتوانا، بێکەس، بێماڵ، بێیار، بێتام، بێپوڵ، بێخاڵ، بێدەسهەڵات، بێتاوان، بێخانو، بێوڵات، بێبەش، بێئەغیار، بێسەواد، بێپارە، بێدەر، بێتۆ، بێسەرەوبەر، بێیار، بێجەرگ).

**ـ هامرازی (بە، بێ) بۆ دو مەبەست لە داهێنانی هەندێک وشە بەکار دێن، یەک ئەرێنی و دو نەرێنی، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەدین ـ بێدین | بەهێز ـ بێهێز | بەجەرگ ـ بێجەرگ | بەناموس ـ بێناموس |
| بەکار ـ بێکار | بەماڵ ـ بێماڵ | بەکەس ـ بێکەس | بەغەم ـ بێغەم |
| بەدڵ ـ بێدڵ | بەشۆخی ـ بێشۆخی | بەشوێن ـ بێشوێن | بەسۆز ـ بێسۆز |
| بەڕادە ـ بێڕادە | | بەسەروەبەر ـ بێسەرەوبەر | |

**ـ هامرازی (بێ) لە هاستی سینتەکسیەوە، زۆرجار دەبێتە مۆرفیمی سەربەخۆ، وەکو:**

ـ باش با وا بێ ـ بێت. ـ تەنیا لەگەڵ تۆ بێ ـ بێت.

ـ چ بێت و چ نەبێت تۆم بێ بەسە. ـ شەو بێت، ڕۆژ بێت، سارد بێت، گەرم بێت...

**هامرازی (لێ)**

ئەم هامرازە هەندێکجار بەشێوەی کار و کردار بەواتای لەیەک جیابونەوەی دێت، وەکو:

ـ بەجوانی وازی لێ هێنا. ـ کراسەکەی لێ کردەوە.

ـ لێی گەڕێ و وازی لێ بێنە. ـ پەرتوکەکەی لێک کردەوە.

**ـ لەگەڵ (لێ) کە باس لە لێزانبون و شارەزابون دەکات، لەم دۆخەوە دەبێتە گیرەک:**

ـ ئەو مامۆستایەکی لێزانە. ـ یاریزانێکی لێهاتویە.

ـ کچێکی لێهاتو و لێزانە. ـ فێرخوازێکی لێهاتویە.

**.هامرازی (دا)**

ـ ئەم هامرازە، هامرازێکی چالاک لە هاستی ڕستەسازیە، زۆرجار لە هاستی مۆرفۆلۆژیەوە دەردەکەوێت (بگەڕێوە بەشی وشەسازی، دولاگری ئەم کتێبە).

**ـ مۆرفیمی (دا) بەزۆر ئەم (دا)یەیە کە باس لە ڕابردوی (داین، دانە) دەکات، وەکو:**

ـ لە ماڵدا نیم. ـ لەنێو شاریدا دیتم.

ـ لە فێرگەدا بیستم. ـ لەگەڵ هەڤاڵەکەم بەکۆڵاندا ڕۆیشتین.

ـ لە فێرگەدا دەستم لە پەرتوکەکە دا. ـ لەنێو ژورەکەمدا دەستم لە دەلاقە دا.

**تێبینی:** هەرکات بەدوای پیتی لکاو و نەلکاو دەربکەوێت، دەلکێندرێت وەکو:

ـ لە ماڵدا لە ژوردا. لە فێرگەدا لە شەقامدا

له ڕێگەدا          له پۆلدا          له فێربوندا

ـ ئەم مۆرفیمه لەسەر بنەمای سینتەکس و هاستی پراگماتیک، لەگەڵ پاشگر زۆر جیاوازه و یەکتر ناگرنەوه، کاتێک دەوری کرداری گرت، بەجیا دەور دەگێرێت، واتا ئەگەر لەنێو ڕسته دەوری کرداری گرت و کارێک کرا بێت (دا)یەکه جیا دەنوسرێت و دور دەکرێتەوه، لەم وێنانه، هامرازی (دا) ئەرکی کردار و کاری (فعل)ی گرتوه و هەرکات، ئەم ئەرکەی گرت، له بنجی سەرەکی جیا دەبێتەوه، وەکو:

ـ بەشەق له تۆپی دا.          ـ له فێرگەدا دەستی له پەرتوک دا.

ـ له ژورەکەیدا گەسکی لێ دا.          ـ دەستم له سەری دا.ـ ئەو لێرەدا بەمستی لەی دا.

ـ نامەکەی پێ دا.          ـ له تۆپێندا بەشەق له تۆپی دا.

ـ له کۆڵاندا بەبەردی له شوشەی دا.          ـ له بەڕێوبەرایەتیدا نامەکەی نارد و مۆری لێ دا.

**تێبینی:** بەزۆر کرداری (دا) لەگەڵ پێشگری (لێ، تێ، بێ) دەردەکەوێت، وەکو:

ـ لێدان.          ـ تێدان.          ـ پێدان.

**ـ هامرازی (دا) له دەوری (بون)دا خۆ نیشان دەدات، وەکو ئەوەی که (هەم) بۆ وێنه:**

ـ له خزمەتدام          ـ لەگەڵتدام          ـ له دڵتدام

ـ له فێرگەدام          ـ له ماشێندام          ـ له یاریدام

**تێبینی:** پاشگر دو ئەرکی سەرەکی هەیه له هاستی مۆرفۆلۆژی و لێکسیکی، دەبێت بەشێکی سەرەکی لەنێوان وشه و واتای وشه بگۆڕێت. مۆرفیمی (دا) ئەم توانایەیەی نیه که وەکو گیرەکێکی سەربەخۆ خۆ نیشان بدات و دەبێته ئەلۆمۆرفی گیرەکی (ەوه، ی، ە) له هاستی پراگماتیک و سینتەکسیەوه. وەکی ئامانجی گشت زمانپارێزان سانانوسین و جواننوسینه و نابێت سەر له نوسەر و فێرخواز له بازنەی نوسین و ڕێنوسەوه بشێوێت. بەم پێوەر و چوارچێوەیەش ئەرکی (دا) وەکو پاشگر زۆر لاوازه تاکو بەهێزبونی، له هاستی سینتەکسیەوه بەم شێوەیه دەردەکەوێت:

لهماڵەوه دەخولێمەوه ـ له ماڵدا دەخولێمەوه ـ له ماڵ دەخولێمەوه.

له له زانستگەوه دێم و دەچم ـ له زانستگەدا دێم و دەچم ـ له زانستگه دێم و دەچم.

له سەرەوه دیاره ـ له سەرەوەدا دیاره.

لە سەری دیارە ـ لە سەریدا دیارە.

لە ژورەکەم پەرتوک دەخوێنمەوە ـ لە ژورەکەمدا پەرتوک دەخوێنمەوە ـ لە ژورەکەمەوە پەرتک دەخوێنمەوە.

لە ڕستە دەردەکەوێت ـ لە ڕستەوە دەردەکەوێت ـ لە ڕستەدا دەردەکەوێت.

ـ دەوری (دا) وەکو پێشگری مۆرفۆلۆژی و لێکسیکی، لە زوانی کوردی بەزۆر لەسەر هاستی پراگماتیک بەشێوەی (ڕۆچون) واتا کردارێکی لەلای سەرەوە بۆ لای خوارەوە دەدات و بەکار دێت، وەکو:

(داچاندن، داچەقاندن، داڕوشەکاندن، داڕمان، داسەپاندن، دامەزراندن، داڕزاندن، داشکاندن، داهێنان، داگرتن، داماڵین، دابڕان، دامران، داوەشان، دانان).

**.هامرازی (و) واو پەیوەندی.**

ئەم هامرازە وەکو گرێدان و بەیەکەوە بەستنەوەی دو وشەی سەربەخۆ و واتادار و هەندێکجاریش بەبەستنەوی دو فرێز یان دەستەوشە دێتە گۆڕەپانی ڕستە و نوسین. کاتێک بکەوێتە نێوان دو وشەوە، خۆی وەکو یەک وشەی سەربەخۆ نیشان دەدات و دەنوێنێت. ئەم مۆرفیمە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە. مۆرفیمی (و) کە دەور و ئەرکی نێوبەندی گرت، لەڕوی وشەسازییەوە ئەرکێکی تایبەتی هەیە و دو مۆرفیمی سەربەخۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و وشەیەکی لێکدارو پێکدێنێت، وەکو وێنە وشەی لێکدراوی هاوواتایی ساز دەکات (بگەڕێوە بەشی وشەسازی و نێوبەندی ئەم کتێبە).

**تێبینی**: لە هاستی سینتەکسی و دەوری پەیوەندی ئەم مۆرفیمە، مۆرفیمی (و) بەپێش یان پاش وشەکەوە نالکێت و لەنێوان دو وشە کە خۆیان خاوەن واتای تایبەتن، مۆرفیمی (و) وەکو وشەیەک یان هامرازێکی سەربەخۆ بەکار دێت، وەکو:

ـ منو تۆ ـ من وتۆ= من وِ تۆ، من + تۆ.

ـ دارو بەرد ـ دار وبەرد = دار وِ بەرد، دار + بەرد.

ـ دایکو خوشک ـ دایک وخوشک = دایک وِ خوشک، دایک + خوشک.

ـ باوکو برا ـ باوک وبرا = باوک وِ برا، باوک + برا.

ـ کۆڵانو شەقام ـ کۆڵان وشەقام = کۆڵان وِ شەقام، کۆڵان + شەقام.

ـ مۆرفیمی (و) لە هاستی سینتەکسی دەوری هامرازی پەیوەندی دەگرێت و کاتێک بکەوێتە نێوان دو فرێز، ئەرکی بەستنەوە دەگرێت، وەکو:

ـ لەگەڵ هەڤاڵێکم چووینە بازاڕ و زۆر زو هاتینەوە.

ـ گەلێک زیندو و لەسەرپێیانە کە زوانی ئاخاڤتنەکەی زیندو بێت!

ـ من و هەڤاڵێکم و مامۆستا چووینە فێرگە.

ـ من و تۆ و ژیانێکی زۆر خۆش و پڕ لە زانست.

**تێبینی**: ئەم مۆرفیمە لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی، وەکو ئەلۆفۆنی (وە) دەردەکەوێت و بەکاری دێنن کە لە بنەمای سینتەکس و فۆنۆلۆژی، لە زوانی عەرەبی وەرگیراوە.

*کاتێک ئەم مۆرفیمە لەدوای وشەیەک کە پیتی کۆتایی بزوێن بێت، دەربکەوێت، شێوەی دەنگەکەی دەچێتە هاستی تواندنەوە و شێوەی نیوەبزوێنی (و) دەگرێت و ئەم مۆرفیمە دەکەوێتە هاستی فرێز، وەکو:

ـ شنۆ و نەغەدە، شنۆ + نەغەدە. ـ ڕێ و دێ ،ڕێ + دێ. ـ سێ و چوار، سێ + چوار.

ـ بانە و مەریوان، بانە + مەریوان. ـ شایی و شین، شایی + شین.

**.هامرازی (چ)**

پیتی (چ) لەنێو زوانی کوردی، زۆرجار، وەکو هامراز و مۆرفیمێکی سەربەخۆ لەنێو ڕستە دەردەکەوێت، وەکو:

**ـ بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردن دەکەوێتە پێش ناو و هامرازی نەناسراوی (ێک)، (یەک) لەپاش ئەم وشانەی کە بەبزوێن و نەبزوێن کۆتاییان هاتبێت، وەکو:**

چ کاتژمێرێک؟ چ پەرتوکێک؟ چ ڕەنگێک؟ چ وڵاتێک؟

**ـ دەکەوێتە پێش کردار:**

چ دەخۆیت؟ چ لێ دەنێیت؟ چ لەبەر دەکەیت؟ چ دێنیت؟

چ دەبەیت؟ چ دەخوێنیەوە؟

**ـ وەکو پرسیار لەبری وشەی (چی) بەکار دێت، وەکو:**

ئەوە چ ڕوداوێکە؟چ شتێک ڕویداوە؟ چ بوە و چ هاتوتەپێش؟ چ ئاوای بەسەرهاتوە؟

**ـ لەبری سەرسووڕمانبون جێگر دەبێت، وەکو:**

ئەی ئەمە چ هێزێکە! چ جوانە! چ باش بوە! چ دەکات ئەم زانستە!
چ شیرینە؟ چ خۆشە!

**ـ لەبری بەراوەردکردن و یەکبون، دەوردەگێرێت:**

چ ئەمە چ ئەوە جیاوازیان نیە بۆم. چ بونت چ نەبونت گرینگ نیە بۆم.
چ کز بێت چ قەڵەو جیاوازی چیە؟ چ بێت و چ نەیەت، داری تەمەن هەر دەڕزێت.

**.هامرازی (دە).**

ئەم مۆرفیمە بەزۆر لە ناوچەی موکریان بەکار دێت. بەپێی هاستی پراگماتیک و سیمەنتیکی هامرازێکی کردارییە و کردەوە و جوڵە و کارێک بەرەو سەرەوە و ژورەوە نیشان دەدات، وەکو:

ـ دەستم دە گیرفانم نا. ـ لاقم دە ئاو نا. ـ دەستم دە هەگبە نا.
ـ پوڵم دە هەژماری بانکی کرد. ـ خوێم دە چێشت کرد. ـ خۆم دە نێو ئاوی هاویشت.

**ـ پێچەوانەی ئەم هامرازەش، مۆرفیمە (لە)یە کە هێما و ئاماژە بۆ کارێکی بەرەو دەرەوە دەکات، وەکو:**

ـ دەستم لە گیرفانم دەرهێنا. ـ لاقم لە ئاو دەرهێنا. ـ سەرم لە کارەکەی دەرهێنا.
ـ پوڵم لە حیسابی دەرهێنا. ـ دەستم لە هەگبە دەرهێنا.

**ـ لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژی، لێکچوونی فۆنیمی (د) بۆ (ت) لە زوانی کوردی باوە، وەکو:**

ـ سەت ـ سەد ـ دایەن ـ تایەن ـ بژاردن ـ بژارتن
ـ مەهاباد ـ مەهابات ـ بردتان ـ برتتان ـ کردتەوە ـ کرتتەوە

هەر لەڕوی ئەم لێکچوونی دەنگیە، گۆڕینی دەنگی (د) بە (ت) لە هامرازی (دە) دەردەکەوێت و کردەوە و کارێک دیاری دەکات و مۆرفیمی (دە) دەوری وەک هامرازی (تێ) کە کرداری (تێ)یە، وەکو:

ـ کچەکە دە ئاو کەوت ← (کچەکە تێ کەوت)
ـ دەستی دە زاری نا ← (دەستی تێنا)

ـ پوڵەکەی دە گیرفان نا ← (پوڵەکەی تێ نا).
ـ خوێی دە چێشتەکە کرد ← (خوێی تێ کرد).
ـ پوڵی دە هەژماری بانکی کرد ← ( پوڵی تێ کرد).

**.هامرازی (ە)**

مۆرفمێکی چالاک و بەهێز لە هاستی مۆرفۆلۆژی و سینتەکسی زوانی کوردیە، ئەم مۆرفیمە وەکو هامراز لەنێو زوانی کوردی دەورێکی چالاک و ئەکتیڤ دەبینێت و لە بەشە جیاجیاکانی وشەسازی، ئەرکەکانی ئەم مۆرفۆفۆنیمەمان دیاری کرد و هێستاش چەند ئەرکی دیکەی دیاری دەکەین.

**ـ ناو بچوک دەکاتەوە:**

ناو بۆ خۆشەویستی و نازکێشان و ڕێزلێنان یان بۆ بێڕێزی و سوکایەتی کردن بچوک دەکرێتەوە، لە بەشی وشەسازی، باسی ئەم بازنەیم کردوە و هێستا تەنیا دەوری مۆرفیمی (ە) نیشان دەدەین، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| جوان ـ جوانە | ناسک ـ ناسکە | نازدار ـ نازە |
| قادر ـ قالە | سەعید ـ سەعە | خوشک ـ خوچە |

**ـ لە چاوگەکان، ناوی دانایی بۆ دەنگەسروشتیەکان دادەڕێژێت، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| گرماندن ـ گرمە | شریقاندن ـ شریقە | هاڕاندن ـ هاڕە | زریکاندن ـ زریکە |
| باراندن ـ بارە | جریواندن ـ جریوە | گریاندن ـ گریە | جولاندن ـ جولە |
| تەقاندن ـ تەقە | فیقاندن ـ فیقە | کۆخین ـ کۆخە | نەڕاندن ـ نەڕە |
| پژمین ـ پژمە | قۆقاندن ـ قۆقە | مڕاندن ـ مڕە | قیژاندن ـ قیژە |
| بۆڕاندن ـ بۆڕە | | | |

**ـ دەبێتە هامرازی پەیوەندی بەهۆی جێگرکردنەوە لە هاستی ڕستەسازی دەوری کرداری گواستنەوە دەگرێت و دەوری هامرازی (بە) و (بۆ) دەگێرێت، وەکو:**

تۆ چووی بۆ بازاڕ ـ تۆ چوویە بازاڕ. پەرتوکەکەی دا بەتۆ ـ پەرتوکەکەی دایە تۆ.
ئەوان چوون بۆ شار ـ ئەوان چوونە شار.

**هامرازی (ی)**

مۆرفۆفۆنیمی (ی) دەورێکی چالاک و بەهێزی لەنێو زوانی کوردیەوە لەسەر هاستی سینتەکس و بازنەی مۆرفۆلۆژی هەیە. هەندێک لە ئەرکەکانی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی ئەم مۆرفۆفۆنیمان نیشان داوە و هێستاش چەند ئەرکێکی دیکەی نیشان دەدەین، وەکو:

**ـ بەشێوەی جێناوی لکاوی کەسی:**

سێیەم کەسی تاک لەگەڵ کاری ڕابردو، بەدوشێوەی (ی، ـی) دوای پیتی نەلکاو و لکاو لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژی دەردەکەوێت، ئەگەر بزوێن بێت بەم شێوەیە دەردەکەوێت، وەکو:

(کردی، بردی، ڕشتی، خواردی، ناردی، پڕژاندی، ڕژاندی، خیکاندی، بەستی، مژتی، گەزتی).

**ـ ئەگەر کارەکە بەبزوێن کۆتایی هاتبێت، بەشێوەی نەبزوێن خۆ دەردەخات، وەکو:**

(هێنای، ڕۆی، دروی، دای).

**ـ دەچێتە سەر ناو بۆ لکاندنی نەسەب بەهۆی شوێنەوە، وەکو:**

ـ کوردستان + ی: کوردستانی. ـ مەهاباد + ی: مەهابادی. ـ سلێمان + ی: سلێمانی.

ـ دیاربەکر + ی: دیاربەکری. ـ قامیشلو + یی: قامیشلویی. ـ جیهان + ی: جیهانی.

ـ ناوچە + یی: ناوچەیی.

**ـ لەگەڵ ناو دەردەکەوێت و ناوی پیشەیی ساز دەکات:**

ـ شوان + ی: شوانی. ـ گاوان + ی: گاوانی. ـ باغەوان + ی: باغەوانی.

ـ پاسەوان + ی: پاسەوانی. ـ بەیتاڵ + ی: بەیتاڵی. ـ بەزاز + ی: بەزازی.

ـ جوتیار + ی: جوتیاری.

**ـ بەشێوەی کاری ڕابردو خۆ دەردەخات، وەکو:**

پەرتوکەکەم کڕی. ـ پەڕۆیەکەم دڕی. ـ پەتکەکەم بڕی.

ـ وانەکانیان نوسی. ـ ماڵەکەیان کڕی. ـ کۆترەکە هەڵفڕی.

**ـ دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاک، وەکو:**

ـ تۆ دەچی بۆ ماڵە ئێمە. ـ تۆ باش دەخوێنی. ـ چاکی دەخۆی.

ـ باشی لێ دەزانی. ـ تۆ ناوی دەزانی.

**ـ دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ، وەکو:**

ـ نانەکەی خوارد. ـ بارەکەی بار کرد. ـ شوێنەکەی بەجێهێشت.
ـ ئەو بردی. ـ ئەو کڕی.

**ـ دەبێتە هامرازی خستنەسەر و دەچێتە سەر هەمو ناوێک، وەکو:**

ـ خانوی گەورە ـ گەلی کوردستان ـ خزمایەتی ئێوە ـ نزدیکایەتی ئێوە.
ـ چاوی تۆ ـ کچی جوان ـ شوانی ئێمە ـ زریانی زستان

**ـ دەچێتە سەر ژمارەکان و پێناسەی ڕێکەوت دەکات، وەکو:**

ـ دوی ڕێبەندان ـ بیسەت و هەوتی ڕەشەمە ـ بیست و یەکی جۆزەردان
ـ یەکی نەورۆز ـ بیست و دوی پوشپەڕ

**ـ دەوری هامرازی دانەپاڵ، خستنەسەری پێناسە و وەسف دەگرێت، وەکو:**

ـ گوڵ + ی: گوڵی جوان ـ کچ + ی: کچی جوان ـ کوڕ + ی: کوڕی ئازا
ـ کچی + ی: کچی ژیر ـ پەرتوک + ی: پەرتوکی باش ـ یاریزان + ی: یاریزانی زیرەک
ـ نیشتیمان + ی: نیشتیمانی پیرۆز

لەسەر هاستی فۆنۆلۆژی و پراگماتیکی، بۆ گشتی ئەم هاوەڵناوانەی کە ناوی واتایی و چۆینەتیان لێوەردەگرین، کاتێک فۆنی دواوەیان بەمۆرفۆفۆنیمی (ی) کۆتایی هاتبێت، فۆنی (ی) بزوێن دەردەکەوێت، وەکو:

ـ جوانی + ی: جوانیی ـ ئازایەتی + ی: ئازایەتیی ـ نوێنەرایەتی + ی: نوێنەرایەتیی
ـ کزی + ی: کزیی ـ سپی + ی: سپیی

ئەگەر کۆتایی وشەکە پیتی بزوێنی (ۆ، وٙ، ۋ، و، وو، ە، ێ، ی، ێ، ا) دەرکەوتبن، وەکو وشەی (ئازا، دوڕو، دەستەمۆ، کرمێ، ڕوتە، خەنە)، پیتی (ی) بزوێن دەبێتە پیتێکی پەیوەندی نێوان ئەم پیتەبزوێنانە و فۆنی (ی) زۆر دەکردرێت و دەبێتە: (ئازایی، دوڕویی، دەستەمۆیی، کرمێیی، ڕووتەیی، خەنەیی، پەمۆیی، قاوەیی).

ـ ئەم چاوگە یایانەی کە لە کاتی گردانکردن بۆ کاری ڕابردو لە هاستی سینتەکسی، مۆرفیمی (ی) لە دۆخی خاوەندارێتی کەسی سێیەمی تاک و کۆ وەردەگرێت، بەشێوەی (یی)

دەردەکەوێت، وەکو:

**-نوسین**

نوسیم نوسیمان
نوسیت نوسیتان
نوسیی نوسییان

**-کڕین**

کڕیم کڕیمان
کڕیت کڕیتان
کڕیی کڕییان

**-بڕین**

بڕیم بڕیمان
بڕیت بڕیتان
بڕیی بڕییان

**-دڕین**

دڕیم دڕیمان
دڕیت دڕیتان
دڕیی دڕییان

**-فڕین**

فڕیم فڕیین
فڕیت فڕین
فڕیی فڕین

**-خزین**

خزیم خزیین
خزیت خزین
خزیی خزین

-بەپێی هاستی فۆنۆلۆژی، دیاردەی پەیدابونی ڤاوڵی (ی) لەم بەشە، فۆنی (ی) دەردەکەوێت و بەکەڵکوەرگرتن لە ڕێسای تواندنەوە، ئەم فۆنە دەقرتێندرێت. دەرکەوتنی فۆنی (ی) وەکو نسبیەت سەر لە نوسەر دەشێوێنێت و توشی کێشەی نوسین و دەرکەوتنی ڕێسای دەکات. هاستی فۆنۆلۆژی ڕێگەی سانانوسین دەکاتەوە و قرتاندن و تواندنەوەی ئەم (ی) کە نابێتە ئەرکێکی واجی، کاتێک دەوترێت:

(سیگاری نیە و سیگاریی نیە)، لە مەبەستی یەکەم، مەبەست لە ئەمەیە کە (سیگاری) نیە، بۆ داگیرساندن یان کڕین، لە مەبەستی دوەم، مەبەستی ئەمەیە کە، (سیگاریی) نیە، کەسێک کە سیگار دەکێشێت، بەپێی ڕێسای قرتاندنی پیتی زۆرکراو و باری ڕێزمانی و لێکسیکی، وەکی ئاماژەم بۆکرد، پیتێکی (ی) دەقرتێنین و هەردو چەمکەکە، هەر بەیەک (ی) دەنوسینەوە:

سیگاری نیە، سیگاری نیە.

کەسیی نیە، کەسی نیە.

هەندێک کات وەکو هێزی دانەپاڵ و خستنەسەر لەسەر هاستی سینتەکسی بەکاری دەهێنن کە ئەمەی کە پیتی یەکەم (ی) پیتی بنجەکە و پیتی دوەم (ی) ئەرکی خستنەسەر و دانەپاڵی هەیە، کەچی بەزۆر ئەم وشانەی کە بەبزوێن کۆتاییان دێت، سترێس و هێزی فۆنەتیکیان هەیە و هێزی فۆنەکە دەخەنە سەر فۆنی دوای وشەکە، دەرکەوتنی ئەم دیاردەفۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیە بوە هۆکاری ئەمەی کە زۆرکردنی فۆنی (ی) وەکو پیت بەدوای ئەم وشەی کە خۆی بە (ی) کۆتایی هاتوە، هەست بکرێت، سروشتی فۆنی بزوێن لەدواوە و کۆتایی وشە، هێزی فۆنیمیکی خۆی دەکێشێتەوە و گشت ئەم بزوێنانەی کە لەدوای وشەوە دەردەکەون، هێزی فۆنی دەگرن، بەشێوەی خۆزا و ئۆتۆماتیک هێزی فۆنیان دەخەنە سەر فۆنی پێشەوەیان، ئەم دیاردەیە لەگەڵ دەرکەوتنی فۆنی (ی) بزوێن، توشی لێڵی فۆنەتیکیمان دەکات و هەست دەکرێت کە دەبێت دوای فۆنی (ی) بزوێنێکی (ی) زۆرتر بکرێت، بۆ وێنە زۆرمان ئەم شێوەنوسینەمان: (زمانی کوردیی) و (زمانی کوردی)مان، بۆ یەک مەبەست و یەک شێوە و یەک واتا لەم و لەو بینیوە، هێستاش ڕون نیە چ کاتێک (زمانی کوردی) دروستە و چ کات (زمانی کوردیی) و بارێکی نازانستی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیە، دەبوایە کورد گیر و گرنگی بە یەک ڕستە و بەڵام دو چەمک و هاستی سینتەکسی (مامۆستای زانا) و (مامۆستای زانا) دابا، کە لە ڕستەی یەکەم (مامۆستا)یەکە خۆی ناوی (زانا)یە و لە ڕستەی دوەم (مامۆستا)، مامۆستای فێرخوازێکە کە ئەم فێرخوازە ناوی (زانایە)، لێرە چ جیاوازی لەنێوان (پەرتوکفرۆشیی زانا) و (پەرتوکفرۆشی زانا)وە هەیە! هۆکاری دابەزینی هێزی فۆنەتیکی بزوێنە کە لەم وشەیە پیتی (ی) "مامۆستا"ی فۆنێکی کۆنسۆنانت و وەستاوە و هێزی فۆنەتیکی نەماوە.

**(نییە، نیە) (چییە، چیە).**

ـ مۆرفۆفۆنیمی (ی) دەورێکی چالاک و بەهێزی لە هاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی دەگرێتەبەر و خاوەن هێزێکی ئەکتیڤ و بەربڵاو لەنێو داتاکانی زوانی کوردی دەگرێتە ئەستۆ. ئەم فۆنە لەگەڵ فۆنی (و) لە بازنەی فۆنەتیکی و چوارچێوەی فۆنۆلۆژی زوانی کوردی و سروشتی خۆی خاوەن و جێگری سێ فۆنیمکی تایبەتن بۆ بەکارهێنانی هاستێکی فۆنەتیکی. فۆنی (ی) و (و) شێوەی پیتی ئەم فۆنە لەنێو زوانی کوردی و ڕێنوسی ڕاستچین یەکنیگارن و هاستی فۆنەتیکی جیاوازیان هەیە و توانایی سێ فۆنیمیان هەیە و دەبنە واج. ئەم فۆنە لە وشەی (پیر، شیر، میر)، (دایک، سەیر، سەیوان)، (کورد، گورگ، کوند)، (مەودا، دەوا، وەدوا) هەرکام دو فۆنی جیاواز و ئەرکی واجیان هەیە و هەرکام دایتایەکی فۆنی دەگرنەبەر. لەم بازنەیەوە بەرەو بازنەیەکی کراوەی فۆنیمیکی، فۆنی (ی) و (و) هاستێکی نیمەبزوێن دەگرنە ئەستۆ، واتا ئەم دو فۆنە توانایی ئەمەیان هەیە، لەسەر هاستەکانی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و دیاردەی تواندنەوە فۆنی بەشداری هاستی جوانوسی ڕێنوس بەهێزتر لە فۆنەکانی دیاردەی پەیدابون و زۆربونی فۆنی (Epenthesis) دەردەکەون، لەم بازنەیە ئەگەر دو فۆنی (ئوووو, u) و (ئیییی, î) وەکو هێڵێکی زنجیرەفۆنیەوە بەدوای یەک بیانبەستین و قەتارەیان بکەین و بەشێوەی ئاهەنگێکی فۆنی درێژ بێژەیان بکەین و دەریانبڕین و لەنەکاوڕا خێرا و یەکجێ دەنگەکان ڕابگرین و ڕابوەستین، بەپێی هاستی فۆنەتیکی زوان، ئەم فۆنانە لەسەر هاستێکی خۆزا بەشێوەی (و، w) و (ی، y) نیوەبزوێن دەبیسترێن، واتا ئەم سروشتە بزوێنەی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبنە هاستێکی بزوێن و نەبزوێن و بەشێوەی فۆنێکی نیمەبزوێنی دەردەکەون.

فۆنانی بزوێنی فۆنۆلۆژی زوانی کوردی، ئەرکێکی تایبەتیان هەیە و بەجێیدێنن، بەشێوەی بناغەیەک بۆ دانانی دیوارێک دەور دەگێرن، کاتێک کە تۆ سیمانی بۆ ڕادەخەیت، لە بنەڕەتەوە تاکو کۆتایی شوێن و کاریگەریەکەی لەنێو و لەسەر دیوار ئاشکرا دەمێنێتەوە و بزوێنیش بەم شێوەیە کاتێک لەنێوان دو کۆنسۆنانت جێگر دەبێت، بێئەمەی کە زنجیرەکەی بپسێت، دو نەبزوێنەکە پێکەوە گرێ دەدات، وەکو وشەی:

ـ ش + ی + ر: شیر ـ پ + ی + ر: پیر ـ ق + ی + ر: قیر ـ ج + ی + ر: جیر

ـ م + ی + ر: میر ـ س + ی + ر: سیر ـ ت + ی + ر: تیر ـ گ + ی + ر: گیر

**ـ کاتێک بزوێن لەنێوان نەبزوێن و بزوێنێکەوە جێگر بێت، هیتر پەیویست ناکات زنجیرەی چینی یەکەم بۆ چینی دویەم وەکو سیمانێک ڕابخەین، بەم شێوەیە:**

ـ گ + ی + ا: گیا ـ چ + ی + ا: چیا ـ ج + ی + ا: جیا

ـ گ + ی + ا + ن: گیان ـ ژ + ی + ا + ن: ژیان ـ ن + ی + ا + ن: نیان

لەم بەینەوە، ئەم دەنگ و فۆنەی کە لەدواوەی زنجیرەی یەکەم دەبیسترێت، نەک بەجێماوی دەنگی جیا لە بزوێنەکەیە، بەڵکو پاشماوەی قەتارەی زنجیری یەکەم و نیشانەی قرتانی ئەم زنجیرەیە، واتە بریتیە لە گۆڕانێکی دەنگسازی کە بەپێی (Context) کانتێکس، ئاخاڤتنە بەرهەم هاتوە و پەیویست ناکات بنوسرێت و بدرکێندرێت.

کاتێک زنجیرەفۆنێکی کۆنسۆنانت بەشێوەی زنجیرەی دو یان سێ یان پتر لە فۆنێکی نەبزوێن بێئەمەی کە بزوێنێک لەنێوانیان پەیدا بێت "هێشو" (Cluster) دەوترێت و هەروەتر بێجگە لە جوتەبزوێن، نیمەبزوێن یان کورتەبزوێنیش دەردەکەوێت. وشەی (نییە)،(نیە) و (چییە)،(چیە) لێرە (نی) و (چی) قەد و (ە) گیرەکە و گەر لەم نێوەیە لە هاستی دیاردەی دیفتۆنگ بەینەدەر و بڕوانینە هێزی نیمچەبزوێنی بزرۆکە (i) لەپێش کۆنسۆنانتی (ی) دەردەکەوێت کە هێزی بزرۆکە لەم وشەیە پتر لە فۆنی (ی) بزوێنە. دیاردەی تواندنەوە لەم مۆرفیمە چالاک دەبێت و سەر لە نوسەر ناشێوێت، کە کەی (ی) و کەی (یی) دەبێتە بنج بۆ وەرگرتنی گیرەکی (ە) بۆ داڕژتنی وشەیەکی وەکو (نیە)، (نییە)، (نییە) و (چیە)، (چییە)، (چییە)، لەسەر هاستی فۆنۆلۆژیەوە نیمچەبزوێنی (i) بزرۆکە، دێتە نێوان نەبزوێن و گیرەکی بزوێنی (ن) و (چ) و (ە) و پیتی یارمەتیدەدەری (ی) نەبزوێن.

ئەم ڕێسافۆنۆلۆژیە دەبێتە بنج بۆ هاستی ڕێنوس و ڕێزمان و مۆرفۆلۆژی و لە بازنەی ئەکۆنۆمیکی زوانیەوە پتر چالاک دەبێت، لە وشەی وەکو:

**ـ دۆخی نەبزوێن:**

ڕاست + ی + ی + ە + کان: ڕاستییەکان جوان + ی + ی + ە + کان: جوانییەکان

یەک + ی + ی + ان: یەکییان کرد + ی + ی + ان: کردییان

برد + ی + ی + ان: بردییان کورد + ی + ی + ی + ە + کان: کوردییە

**ـ دۆخی بزوێن:**

سەرەتا + ی + ی + ی + ە + کان: سەرەتاییەکان

ڕەشا + ی + ی + ی + ە + کان: ڕەشاییەکان

وشە + ی + ی + ی + ە + کان: وشەییەکان

خەنە + ی + ی + ی + ە: خەنەییە

کۆتا + ی + ی + ی + ە: کۆتاییيە

چوو + و + وە: چووووە

خوێندوو + و + وە: خوێندووووە

پێکهاتوو + وە: پێکهاتووووە

ڕۆیشتوو + وە: ڕۆیشتووووە

بوو + و + وە: بووووە

خواردوو + وە: خواردووووە

کردوو + وە: کردووووە

وەکی باسمکرد، لەم دۆخە کەڵک لە هێزی نیمەبزوێنی پیتی (و) و (ی) وەدەگرین.

**ـ لە ناوچەی موکریان و سلێمانی و هەندێک ناوچەی دیکەی کوردستان، لە مۆرفیمی (نێ) کەڵک وەردەگیرێت:**

ـ ماڵم نێ ـ ماڵم نیە. ـ کەسم نێ ـ کەسم نیە. ـ جێگەم نێ ـ جێگەم نیە.

ـ وانەمان نێ ـ وانەمان نیە. ـ پۆلتان نێ ـ پۆلتان نیە. ـ پۆلیان نێ ـ پۆلیان نیە.

## دیفتۆنگ Diphthong، جوتەبزوێن

ـ ئەم بازنە مۆرفۆلۆژیە باسێکی زۆر و لۆژیکی دەگرێتەوە و هاستێکی لێڵ و ناڕونی گرتوتە ئەستۆ و زۆر بەربڵاو بوە، بەتایبەت لەنێو زوانی کوردی و هاستی فۆنیمکی ئەم زوانە. دیاردەی دیفتۆنگ واتا زایەڵەی دو دەنگ، دو فۆنیمی بزوێن و جوتەبزوێن کە بەدوای یەک دەبیسترن و دەدرکێندرێن. ئەم دەنگە لە کاتی دەربڕینی هەستکردنی دو دەنگی سەربەخۆی ئاخاڤتنی تێدا دەردەکەوێت. دیاردەیەکی دیکەی ئەم بازنە زمانەوانیە و چوارچێوەی فۆنۆلۆژیە بەناو تریتۆنگ (Triphthong) لەنێو زوانی کوردی دەرناکەوێت و نیە، ئەگەر هەشبێت تاکو هێستا هەستی پێنەکراوە، واتا تا هێستا نەبیستراوە کە تریتۆنگ واتا زایەڵەی سێ بزوێن لەنێو زوانی کوردی دەرکەوتبێت، ئەم دیاردەفۆنتەگیانە، دەبێت بەشێوەی خۆزا و ئۆتۆماتیک لە مکانیزمی دەنگسازیەوە، توانایی سەربەخۆیان هەبێت، نەک بەشێوەی زنجیرەفۆن و قەتارەبەستنی ناسروشتی خۆیان و سازکردنیان لەپاڵ یاک یان چەند فۆنی دیکە، دو یان چەند فۆن ساز بکەن.

لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژی و دیاردەی دیفتۆنگی لە زوانی کوردی ئەم چەند شێوەدیفتۆنگە دەردەکەون:

ـ و + ە: زوە، بوە، گووە، دوە. چووە، خوە، نوە.

ـ و + ا: دوان، موان، کوان، خوان.

ـ و + ە: دوە، خوەت، دوەت، ڕوەک.

ـ و + ا: ڕوانین، دواندن، ژوان، جوان، کوا، خوا.

ـ ی + ە: نیە، نیەر، دیە، سیە، چیە.

ـ ی + ا: چیا، ژیان، نیان، سیاسەت، جیاواز، گیان.

ـ ی + ێ: ژییێن، ڕییێن، جییێن، دییێن، وییێن.

ـ ی + ۆ: نیۆن، تیۆری، میۆ، نیۆ.

ـ ـە + ی: پەیجە

ـ ـا + ی: چای، نای، کای، حای، وای، ئای.

ـ و + ی: چووی، خوی، دوی، کوی.

ـ ۆ + ی: بڕۆین، نەڕۆین.

ـ ـە + و: خەو، شەو، کەو، حەو.

ـ ـا + و: تاو، چاو، ئاو، ناو، ڕاو.

ـ و + ێ: زوێک (زویەک)، شوێک (شویەک)، دوێک (دویەک).

زۆرترین و بڵاوترین سرنج و تیشک لە زمانەوانی کوردی خستراوەتە سەر دو دەنگی (وێ) و (وی) کە بەدیفتۆنگ ناسراون، واتا (و) کورتەبزوێن و (ێ) و (ی) بزوێن، ئەم سێ مۆرفۆفۆنیمانە کە لە فۆنی (و) کۆنسۆنانت و ڤاوڵی (ێ) و (ی) بزوێن پێکهاتون، لەسەر هاستی زنجیرەبەستنی نائۆتۆماتیکی مکانیزمی دەنگسازیەوە دەردەکەون، کە دو دەنگی خۆزا و ئۆتۆماتیکی نین. ئەم وشانە لێڵی ئەم بەشە دەردەخەن، چون فۆنێکی ڕەسەن و گۆڕانکاریەکی پەتی خستراوەتە سەر ئەم وشەگەلە (نوێژ، جوێن، خوێن، سوێر، خوێندن، تەشوێ، توێژاڵ، دوێنێ، پەسوێ، توێژ، کوێر، بوێر، خوێری، خوێ، کوێ، گوێ، گوێجکە، گوێز، توێ، دەروێش، شوێن، کوێڕا، نوێن، ڕوێز، سوێند، توێکڵ، کوێخا، قوێرە، چوێدار، نوێ، نوێنەر، گوێنی، وێڕا، وێران، زوێر، بزوێن، بلوێر، کەڵوێ، زویر، سویر)، ئەم دەنگە بەهاستی دایتای دەنگی خۆی و شێوەی سازبونی لە چوارچێوەی مکانیزمی دەنگسازی کە لێوەکان تەیدا چالاک دەبن و پشتەوەی زمان بەرز دەبێتەوە و کەمێک بەرەوپێشەوە دەچێت، لەنیوەی نێوەڕاستی زارەوە تێناپەڕێت، ئەم شێوەسازبونە، لە فۆنی (ۊ) نزدیکە.

هەرچەند هاستی فۆنەتیکی ناوچەی سلێمانی و موکریان و هەندێک بەشێکی دیکەی کوردستان، بەهۆی تواندنەوەی فۆنی ڕەسەن و سروشتی خۆی، ئەم وشانە بەم شێوەیە بێژە دەکەن:

ـ خێن، خێندن، سۆر، سۆیر، نۆژ، نۆیژ، چۆر، چۆیر، چۆ، چوێ، پەسۆ، خێ، خویێ...تاد

**.بزوێنی تێکەڵی (وا):**

ئەم بزوێنە دەبێتە تێکەڵی (و) کورتەبزوێن و (ا) بزوێنی درێژ، ئەم دو دەنگەش لێڵی تێدایە و هەندێکجار دەردەکەوێت کە هێزی فۆنەتیکی و سترێس بێت و هەندێکجار خۆ بۆلای دیفتۆنگ دەشکێنێتەوە، بزوێنی تێکەڵ لەم وشانەی خوارەوە بەم شێوەیە:

ـ خوا، کوا، دوا، شوان، کوان، دوان، جوان، خوار، چوار، گوارە، سوار، بوار، جوار.

دوان: د + وا + ن: دودانە، دودەنک، دوشت، دوکەس...تاد.

دوان: د + i + و + ا + ن: (دوان) واتا دواندن، قسەکردن، وتووێژکردن.

ـ جوان: ج + i + و + ا + ن: لاو، جوان، گەنج.

ـ جوان: ج + وا + ن: جوان، ڕەنگین، ژیکەڵە.

خوان: خ + و + ا + ن: خویەکان، عادەتەکان.

خوان: خ + i + وا + ن: خودان.

**.دودەنگی (ی)**

وشەگەلی (گیا، چیا، جیا، نیان، گیان، ژیان، ڤیان)، هەست بەبیستنی دو دەنگی (ی) بزوێن و نەبزوێن دەکردرێت و ئەم دو دەنگە دەبیسترێن. لە وشەی (گیا)وە، باسێکی جیاوازە و وشەیەکی سادەیە و هاستێکی داڕێژراوی نیە. پێش فۆنی (گ) پیتی (ی، î) بزوێن دەرکەوتوە و نیمچەبزوێنی (i) بزرۆکە هێزی نیە، ئەگەر ئەم هێزە بخرێتە سەر وشەی: (شوان، ژوان، خوا، کوا، دوان، بڕوا، دوا)، وشەی (چیا) دەکرێت بە (چی + یا) کە دێتەوە سەر هاستی تواندنەوە و قڕتاندن و نەقڕتاندنی هیچ واتای وشەکە ناگۆڕێت، بەپێ چوارچێوەی پراگماتیکی، لە کەسێک بخوازیت، ئەم وشانەی کە وەکو ئاخاڤتنی ڕۆژانە بێژە دەکرێت، بەشێوەی ئاهەنگێک بێژە و بڕگەبەندی بکات، وشەیەکی وەکو (پیشتیوان) پیش + تی + وان یان (نیشتیمان) نیش + تی + مان، بەشێوەی قەتارە و زنجیرەیی بەدوای یەک بیانبەستێت و بێژەیان بکات، بەسانایی دەتوانێت بێهیچ کێشە و گرفتێکی دەنگی دەریانببڕێت و هیچ کێشەیەکی دەنگی نایەتەپێش، کەچی لە وشەی وەکو (چیا، جیا، گیا)، ئەم دەنگانە وەکو زنجیرەفۆن و ئاهەنگێک، بێقڕتاندنی هەناسە و بێپێشودان بێژەیان بکەین بەشێوەی (چیییا، جیییا، گیییا) لەنەکاوڕا، ئەم هێڵ و زنجیرەفۆنە بپچڕێنین و بیانقرتێنین و پێش دەنگی بزوێنی (ا)، دەنگەکە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی بەپێی مکانیزمی دەنگسازی بەدەنگی (ی) نەبزوێن دەبیسترێت. کەچی لە بازنەی پراگماتیکی لە وشەی (دڕندەیان، پەیوەندیان) لە دو مۆرفیمی جیا ساز دەبن، (دڕندە، پەیوەند + یان) لەگەڵ (دڕندەییان، پەیوەندییان) جیاوازە، چون لێرەدا فۆنی (ی) ئەرکێکی واجی هەیە.

واتە لە وشەی (چیا)، پشکنینی مۆرفۆلۆژیکی و فۆنۆلۆژیکی بۆ بکەین، دەبێتە (چ) + (i) + (ی) نەبزوێن، + (ا)، ئەمە بەهێزکردنی، هێزی نیمچەبزوێنی بزرۆکەیە، بۆ فۆنی ڤاوڵی (ی)، کە وشەی وەکو (چیا، جیا، نیان، گیان، دیان، ڤیان، نیە، چیە، کوردیە، جوانیە، باشیە) بەشێوەی بێژەکردن، دێنێتە هاستی دو فۆنی (ی) بزوێن و (ی) نەبزوێن، لەم وشانە.

# فەرهەنگۆک

| | کوردی | فارسی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| ئ<br>- | ئەندامانی ئاخاڤتن | اندامهای گفتار | Organs of speech |
| | ئەلفوبێی | الفبا | Alphabet |
| | ئێرگەتیڤ / ئەنجامدەر | کنائی | Ergative |
| ب | باری واتایی | بار معنایی | Semantic load |
| | باشور | جنوب | South |
| | باکور | شمال | North |
| | بڕگە | هجا | Syllable |
| | بزوێن | واکه | Vowel |
| | بەشانی ئاخاڤتن | اجزای کلام | Parts of speech |
| | بەردەوام | استمراری | Continuity |
| | بەرکار | مفعول | passive |
| | بکەر | فاعل | subject |
| | بنج، بناغە | پایه | Base |
| | بنچینەیی | پایه ای/واژگانی | Lexical |
| | بەربەست | مانع | Block |
| | بەرز | بلند | Long |
| پ | پاشگر | پسوند | Suffix |
| | پێشگر | پیشوند | Prefix |
| | پێشبەند | حرف اضافه | Prepostion |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Incorporation | انضمام | بەسەریەکەوەنوسین | |
| Particels | پارتیکل | پارتیکل | |
| Psychology | روانشناسی | پسکۆلۆژیکی/دەرونزانی | |
| Pathology | آسیب شناسی | پاتۆلۆژی/خەسارناسی | |
| Letter | حرف | پیت | |
| Alveolar | لثوی | پوکی | |
| Interrogative | پرسشی | پرسیاری | |
| Singular | مفرد | تاک | ت |
| Stress | تکیه | تەوژم | |
| Transitive | معتدّی | تێپەڕ | |
| intransitive | لازم | تێنەپەڕ | |
| Pronoun | ضمیر | جێناو | ج |
| Gender | جنس | جنس | |
| Infitinive | مصدر | چاوگ | چ |
| Phon, Sound | آوا | دەنگ | د |
| Circumposition | پیر اضافه | دولابەند | |
| Phonetics | آواشناسی | دەنگناسی | |
| Case | حالت | دۆخ | |
| Derivation | اشتقاق | داڕشتن | |
| Modifier | وابسته | دیارخەر | |
| Psycholinguistics | روانشناسی زبان | درونزانی زوان | |
| Dental | دندانی | ددانی | |
| Bilabial | دولبی | دولێوی | |
| Conversion | تبدیل | ڕاگوێزان | ڕ |
| Bound root | بن | ڕەگ | |
| Sentence | جمله | ڕسته | |
| Lexeme formation | کلمه سازی | ڕۆنان | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Grammar | دستور ، قواعد | ڕێزمان | |
| Reference | منبع | ڕێفرێنس، سەرچاوە | |
| Mood | وجه | ڕێژە | |
| Value | بُعد | ڕەهەند | |
| Roots of verb | بن فعل | ڕەگی کردار | |
| Etymology | ریشه شناسی | ڕیشەناسی | |
| Hard palate | سخت کام | ڕەقەمەڵاشو | |
| Language | زبان | زوان | ز |
| Tongue | زبان | زمان | |
| Linguistics | زبانشناسی | زمانەوانی، زماناسی | |
| Linguistic | زبانشناس | زمانەوان، زماناس | |
| Agglutinating languag | زبان پیوندی | زوانی پەیوەندی | |
| Fusional language | زبان تلفیقی | زوانی بەراوەردی | |
| Historical linguistics | زبانشناسی تاریخی | زمانەوانی مێژویی | |
| Diachronic linguistics | زبانشناسی ساختاری | زمانەوانی پێکهاتەیی | |
| Parent language | زبان مادر | زوانی دایک | |
| Indo_European language | زبانهای هند و اروپایی | زوانەهیندوئەورووپیان | |
| Iranian languages | زبانهای ایرانی | زوانەئێرانیان | |
| Semasiography uvula | ملازم، زبان کوچک | زمانبچکۆڵە | |
| Numeral | شماره | ژمارە | ژ |
| Voiced | واکدار | ژێدار | |
| Voiceless | بیواک | ژێنەدار، بێژێیی | |
| Wind pipe, tranchea | نای | ژێیە | |
| Syntax | نحو | سینتەکس | س |
| semantics | معناشناسی | سیمەنتیک | |
| Lung | شش | سیە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ش | شێوەمۆرف | تکواژگونه | Allomorph |
| ف | فەرمانی | امری | Imperative |
| | فرێز | کلمه بندی | Phrase |
| | فیزیۆلۆژی | فیزولوژی | physiology |
| | فتۆمۆرفۆلۆژ | فتومورفولوژی | phytomorphology |
| | فۆنۆلۆژی، دەنگناسی | واجشناسی | Phonology |
| | فۆنەتیک، دەنگسازی | آواشناسی | Phonetics |
| | فۆن، دەنگ | آوا | Phon |
| ق | قەت | ستاک گذشته | Past stem |
| ل | لێوی ددانی | لب و دندانی | Labio _ dental |
| | لێوی | لبی | Labial |
| | لێکدان | ترکیب | Compounding |
| | لایەن | جهت | Antecedent |
| | لێکسیکی، فەرهەنگی | فرهنگی | lexicon |
| ک | کار، کردار | فعل | Verb |
| | کات | زمان | Tense |
| | کارا | فاعل | Subject |
| | کپ | بیواک | Voiceless |
| | کەرت | قطعه | Segment |
| | کۆ | جمع | Plural |
| گ | گرێی ناوی | گروه اسمی | Noun phrase |
| | گشتگیر | عمومی | Generality |
| | گەردان | تصریف | Inflection |
| | گیرەک | وند | Affix |
| | گیرەکی لکاندن | وندافزایی | Affixation |
| | گیرەکی وشەداڕێژ | وند اشتقاقی | Derivational affix |
| م | مۆرفیم | تکواژ | Morpheme |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Baund morpheme | تکواژه وابسته | مۆرفیمی بەند | |
| Functional morpheme | تکواژ دستوری | مۆرفیمی ڕێزمانی | |
| Morphology | جملەسازی | مۆرفۆلۆژی، وشەناسی | |
| Feminine | مونث | مێ | |
| Propper noun | اسم خاص | ناوی تایبەت | ن |
| Action noun | اسم مصدر | ناوی چاوگ | |
| Derivational noun | اسم مشتق | ناوی داڕێژراو | |
| Compoud noun | اسم مرکب | ناوی لێکدراو | |
| Simple noun | اسم بسیط | ناوی سادە | |
| Material noun | اسم مادی | ناوی مادی | |
| verbal noun | اسم فعل | ناوی کرداری | |
| Collective noun | اسم جمع | ناوی کۆمەڵ | |
| Common noun | اسم عام | ناوی گشتی | |
| Abstract noun | اسم معنوی | ناوی واتایی | |
| Definite | معرفه | ناسراو | |
| Passive | مجهول | نەناسراو | |
| Soft palate | نرم کام | نەرمەڵاشو | |
| Noun | اسم | ناو | |
| Ambiguous | مبهم | نادیار | |
| Masculine | نر | نێر | |
| Semi vowel | نیمه واکه | نیمەبزوێن | |
| Consonant | همخوان | نەبزوێن | |
| Clitic | واژه بست | نوسەک | |
| Interfix | میانجی | نێوبەند | |
| Phoneme | واج | واج | و |
| Word | کلمه | وشە | |
| Lexicon | واژگان | وشەنامە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Simplex word | كلمه ساده | وشەی سادە | |
| Complex word | كلمه ناساده | وشەی ناسادە | |
| Autosemantice word | كلمه تمام | وشەی تەواو | |
| Syntactic word | كلمه ناقص | وشەی ناتەواو | |
| Compound word | كلمه مركب | وشەی لێکدراو | |
| Derivational word | كلمه مشتق | وشەی دارێژاو | |
| Synonym | مترادف | وشەی هاوواتا | |
| Homonyum | هم آوا | هاوبێژ | هـ |
| Valency | ظرفيت | هێز | |
| Conjuciton | حرف ربط | هامرازی پێوەندی | |
| Interjecti | حرف تعجب | هامرازی سەرسوورمان | |
| Adverb | قيد | هاوەڵکردار | |
| Adjective | صفت | هاوەڵناو | |

# سەرچاوەی هەردو پەرتوکەکە:

**.بەشی کوردی.**


شەرفنامە، شەرفخانی بەدلیسی، وەرگێڕ هەژار، چاپخانەی نعمان، بەغداد ١٩٧٢.

مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، شاسوار هەرشەمی، دەزگای ڕۆشەنبیری جەماڵ عیرفان، تاران ٢٠١٨.

رشید احمد جمال، لیکولینەوەی زمانەوان دەربارەی مێژووی وولاتی کوردەواری، بغداد ١٩٨٨.

کورد کێیە، سۆران حەمەڕەش، ٢٠١٣چاپخانەی YPS_publishing

زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، فوئاد حەمە خورشید، دەزگای ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی، زنجیرەی ژمارەی ١٢٩.

وشەسازی، یوسف شەریف سەعید، هەولێر ٢٠١٣.

وشەسازی زمانی کوردی، عەبدولواحید موشیر دزەیی، کۆلێژی زمان، هەولێر ٢٠١٢.

واتاسازی، عەبدوالواحید مشیر دزەیی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.

بەرەو وشە ڕۆنان لە زمانی نوسیندا، شێرکۆ بابان، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاڕاس، هەولێر ٢٠٠٨.

زمانی نووسینی ڕێزماندار، شێرکۆ بابان، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.

هەندێک لە ئاکارە ڕەنگینەکانی ڕێزمانی کوردی، شێرکۆ بابان، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.

دیوە تیۆریەکانی گرێی دەنگسازی، شێرکۆ بابان، گۆڤاری زماناسی ٢٠٠٩.

واتاسازی، کلۆد جێرمان، ریمو لۆبلان، وەرگێرانی یوسف شەریف سعید، ٢٠٠٦.

کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، ڤیان سلێمان حاجی، هەولێر٢٠٠٩.

ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، وریا عومەر ئەمین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراز، هەولێر ٢٠٠٤.

لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی، وریا عومەر ئەمین، هەولێر ٢٠١٥، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی.

هەندێک لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، سارا عەبدوڵڵا سەعید، هەولێر ٢٠١٤، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی.

هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، تالێب حوسێن عەلی، هەولێر ٢٠١٤، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی.

زانستی زمان و زمانی کوردی، تاڵێب حوسێن عەلی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤.

چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، مەسعوود محەممەد، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦.
شەکۆی زمان، مەسعوود محەمەد، سایتی مامۆستا.
بەرەو ڕاستەوشەقامی ئاخاوتنی کوردی، مەسعوود محەممەد، کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨.
هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەولێر ٢٠١٣.
وشەسازی زمانی کوردی، ڕەفیق شوانی، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١١.
ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، ڕەفیق شوانی، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.
زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک، ڕەفیق شوانی دەزگای تۆژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.
توێژینەوەیەک لەسەر دەنگناسی زمانی کوردی، پەروین میرزایی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١٦، ٢٠١٤.
مۆرفۆفۆنیمی (ی) لە زمانی کوردیدا، زانیار مەحمود عەلی، گۆڤاری زمانناسی ژمارە ١٦، ٢٠١٤.
هێندێ بابەتی زمانەوانیی و وێژەیی، حوسێن محەممەد عەزیز، چاپخانەی سیما سولەیمانیی ٢٠٠٦.
ڕێزمانی ئاخاڤتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ئینتیشاراتی زانستگەی کوردستان، ١٣٩٦.
ڕێکەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی ٢٠٠١.
فەرهنگی ئیتیمۆلۆژی ڤێرسین، سابیر ژاکاو، ٢٧١٨، لەژێرنوسینە.
زاراوەی کوردی، کامل حسن بصیر، زانکۆی سلێمانی ١٩٧٩
مەحمەدئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازوی بەراوەرددا، بەغداد، دەزگای ڕۆشەنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
مەبەستناسی، جۆرج یوڵ، وەرگێرانی ڕەحیم سورخی، دەزگای جەماڵ عیرفان، ٢٠١٦.
گەردانی ناو لەناو زمانی کوردیدا، مەحموود زامدار، دەزگای بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١١.
وشەناسیی زمانی کوردی، سەعید کەریمی، پەخشانگای زانستگای کوردستان، ١٣٩٦.
وشەنامەی هەورامی، جەماڵ حەبیب ئەڵڵا بێدار، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٠.
فۆنمیکانی زمانی کوردی، کەماڵ فوئاد، ئەرزان ١٩٩٥

**.بەشی فارسی.**

تاریخ ماد، دیاکونوف، ترجمه علی کشاورز، تهران ١٣٤٥.
سراغاز جغرافیای عمومی وفیق خشّاب و همکاران، ترجمه سعید خضری ١٣٧٨.
جغرافیای طبیعی کردستان، موکریان، سعید خضری، انتشارات ناقوس ١٣٧٩.
جغرافیای استان کردستان، سعید خضری و همکاران، چاپ و نشر کتابهای درسی ایران ١٣٧٩
زبده تاریخ کرد و کردستان، ترجمه یدالله روشن اردلان، تهران، ١٣٨١، توس.

آواشناسی، علی محمد حق شناس، تهران: آگه.
آواشناسی و دستور زبان کردی، علی رخزادی، ترفند ۱۳۷۹.
دستور زبان کردی گویش کرمانشاهی، وحید رنجبر، تهران ۱۳۹٤، هرمس.
گویش مهابادی، ایران کلباسی، تهران ۱۳٦۲، موسسه مطالعات و تحقیقاتی فرهنگی.
ساخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز، ایران کلباسی، تهران ۱۳۹۱.
مقدمات زبانشناسی، مهری باقری، تهران ۱۳۷۸، قطره.
زبانشناسی عمومی، فردینان دوسوسور، ترجمه کورش صفوی، تهران ۱۳۹۵ هرمس.
ثمره یدالله، آواشناسی زبان فارسی، نشر دانشگاهی، تهران.
روح الله مفیدی، تحول نظام واژه‌بستی در فارسی میانه و نو، فرهنگستان زبان و ادب، ۱۳۸٦.
غلامحسین کریمی و دوستان، کردی ایلامی و بررسی گویش بدره، سنندج، انتشارات دانشگاه کردستان، ۱۳۸۰.
ارگتیو در زبان کردی، فاطمه دانش پژوه، نشر داستان، ۱۳۸۹.
واژشناسی، فرانسیس کاتامبا، جان استونهام، جلال رحیمیان، ۱۳۹۱، دانشگاه شیراز.
نگاهی به زبان، جورج یول، مترجم نسرین حیدری، سمت، تهران ۱۳۷٤.
بررسی زبان، جورج یول، مترجم علی بهرامی، ۱۳۹۵.
زبانشناسی و دستور زبان کردی لهجه سقزی، مصطفی کاوه، احسان، ۱۳۸٤.
آواشناسی و آکوستیک و شنیداری، کیث جانسون، ترجمه زهرا محمودزاده، رحیمه روحپرور، ایرانداک، تهران ۱۳۵۷.
آواشناسی بررسی علمی گفتار، گلناز مدرسی قوامی، سمت ۱۳۹۸.
دستور زبان کردی کرمانجی، ژویس بلو، ویسی باراک، ترجمه علی بلخکانلو، ۱۳۸۷.
دستور زبان کرمانجی، افراسیاب شکفته، ۱۳۸۹.
دستور زبان لکی، امین دادستان، تارنمای پالایش زبان پارس
راهنمای زبان پارتی، حسن رضایی باغ بیدی، تهران ققنوس ۱۳۸۵.
تاریخچه واجهای ایرانی، بارتولومه کریستین، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران ۱۳۸٤.
واج‌شناسی تاریخی زبان فارسی، مهری باقری، نشر قطره ۱۳۸۰